

# پیری دێموکرات

## جەلیل گادانی

(١٣١٢ - ١٣٩٩)

# پیری دێموکرات

**ژیان و کەسایەتیی کاک جەلیل گادانی**

**بۆ ڕێزگرتن لە تەمەنێك خەبات و**
**تێکۆشانی سیاسی و نەتەوەیی نەمر گادانی**

**ناسنامەی کتێب**

**ناوی کتێب:** پیری دێموکرات

(بۆ ڕێزگرتن لە تەمەنێک خەبات و تێکۆشانی

سیاسی و نەتەوەیی نەمر گادانی)

**ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی:**

کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی

حیزبی دێموکراتی کوردستان

**ساڵی چاپ:** ڕێبەندانی ١٣٩٩ی هەتاوی

**چاپخانە:** چاپخانەی ڕۆژهەڵات

**دیزاین:** ئەیوب شەهابیڕاد

# پێرست:

**پێشەکیی کتێب (٧)**
**بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی بەبۆنەی کۆچی دوایی**
**کاك جەلیل گادانی (٩)**
**کورتەیەك لە ژیاننامەی کاك جەلیل گادانی (١٣)**

**بابەتە سیاسییەکان**
کەلێنێکی گەورە/ م. عەبدوڵڵا حەسەنزادە (٢١)
کاک «جەلیل گادانی»م چۆن ناسی/ مستەفا مەولوودی؟ (٢٥)
ڕێزێک لە حەفتا ساڵ تێکۆشانی جەلیل گادانی/ عومەر ئیلخانیزادە(٣٣)
کاک جەلیلی گادانی، ئاوێنەی باڵانوێنی شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە/
حەسەن ڕەستگار (٣٩)
جەلیل گادانی، قوتابخانەیەک بۆ فێربوون و ئەرکوەخۆگری/
عومەر باڵەکی (٥١)
نیشتمان و نەتەوە لە ئاوێنەی بیرکردنەوەی جەلیل گادانیدا/
حەسەن شەڕەفی (٥٧)
پیاوی دەگمەن!/ سەعید بەگزادە (٦١)

زێڕنگەر و قەدری زێڕ/ قادر وریا (٧٧)
وانەکانی هەرگیز لە بیر ناچن/ مستەفا شەڵماشی (٩١)
بەیادی «ئەسیری فریشتەوەش»/ د. ئاسۆ حەسەنزادە (٩٩)
بنەماڵەی پەهلەوی (باب و کور) و زیندانیی سیاسیی کورد، کاک جەلیل گادانی بە نموونە (١٣٥٧-١٣٣٨)/ د. سمایل بازیار (١٠٩)
بۆ کاک جەلیلی گادانیی تێکۆشەر و ماندونەناس/
د. شۆڕش حاجی(١٢٧)
جەلیل گادانی ڕۆشنبیرێک پڕ بە خواستی ئەم زەمانە/
سەرۆ قادر(١٢٩)
جەلیل گادانی تێکۆشەرێک لە ڕۆژگاری سەختدا/
د. کاوە مەحموود (١٣٧)
پیری حیزبی دێموکرات/ د. عوسمان دەشتی (١٤١)
جەلیل گادانی، پڕی تەمەنی پڕاوپڕ لە تێکۆشانی نەتەوەیی/
مومتاز حەیدەری (١٤٧)
کاک جەلیلی تاسەر ئیسقان دێموکرات و کوردپەروەر/
عەلی مێهرپەروەر (١٥٣)
تەبایی و یەکڕیزیی ماڵی کورد ئاواتی هەرە گەورەی کاک جەلیل بوو/ ئاکۆ هەباس ئاغا (١٥٧)
گرینگیی بڕیاری حیزب لەلای کاک جەلیل/ تەیموور مستەفایی (١٦٣)
ڕچەشکێن لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا/ عەبدوڵڵا مامعەلی (١٦٩)
بۆ ڕۆژهەڵات، ڕەنگی شەفەق شەوقی بەرخودانی/

لەسەر سەری باواجیش، تاجی نەمریی، گادانی/
د. فازیل شەوڕۆ (١٧٣)
جەلیل گادانی، شۆڕشگێڕی هەموو کورد/
کرمانج عیزەت دەرگەڵەیی (١٨١)
وەفایەک بۆ کاک جەلیلی خۆشەویست/ ئەنوەر سوڵتانی (١٨٥)
مامە جەلیل و ئەمن/ د. کوێستان گادانی (١٩١)
بنەما فکرییەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کاک جەلیل گادانی/
مەنسوور مروەتی (٢٠٧)
کاک جەلیلی گادانی، کەسێک بۆ هەموو وەرزەکان/
فەیسەڵ ئیراندوست (٢١٣)
قوتابیی ڕاستەقینەی پێشەواکەی/ بێبەش پیرۆتی (٢٢١)

**بابەتە ئەدەبییەکان**

بۆ ئاشقێکی شەیدای نیشتمان/ هاشم ڕۆستەمی (٢٢٥)
خەمی بێ تۆیی/ ئاشق ئیسماعیلی (٢٣٧)
خەمنامەیەک بۆ جەلیل گادانی/ زیرەک کەماڵ (٢٤١)
دڵۆپێک لە دەریایەک پەژارە بۆ تیشکەیەک لە ڕزگاریخوازی: کاک جەلیلی گادانی/ پیاوێک لە ڕۆژهەڵاتەوە (٢٤٣)
ماندێلایەکی دیکەی کورد بەجێی هێشتین/ عەبدولکەریم شێخانی(٢٤٥)
بۆ ئینسانێک، بۆ قۆناغێک لە تێکۆشان، بۆ جەلیلی گادانی/
سەباح غالب (٢٤٩)

بۆ یادگارەکەی کۆمار/ کوێستان عومەرزادە (٢٥١)
پۆلووی خەمەکان دەگەشێنەوە/ ئەحمەد ڕەحمانی (٢٥٥)
پێم بڵێی تۆ کێی گەورەم/ هەمزە ئاگوشی (٢٥٧)
بۆ ڕۆحی مامۆستا گادانی/ هاوژین سلێوە (٢٥٩)
جەلیل گادانی/ فەرەیدوون سامان (٢٦٠)
سیمایەک لە کاڵنەبوونەوە/ ئاکۆ ئەلیاسی (٢٦١)

**سپاسنامەکان**

سپاسنامەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بە شەپۆلێک هاوخەمی بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی (٢٦٥)
سپاسنامەی بنەماڵەی گادانی لە دەرەوەی وڵات (٢٦٩)
پەیامی پیزانینی خاتوو ئامینە شێخە دێگەیی، هاوژینی کاک جەلیل گادانی (٢٧١)

**پەیام کوردی (٢٧٣)**
**پەیام فارسی (٣٧٥)**
**ئاڵبۆمی وێنە (٣٨٣)**

# پێشەکی

زۆر بەداخـەوە ڕۆژی ١٦ی گەلاوێـژی ١٣٩٩ بەڕێـز کاک جەلیل گادانـی، خەباتـکاری دێرینـی کـورد و یـەک لـە سـیما هـەرە دیارەکانـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان دوای زیاتـر لـە حـەوت دەیـە خەباتـی بێوچـان و بـەردەوام کۆچـی دوایـی کـرد.

کۆچـی دوایـی ئـەم کەسـایەتییە تێکۆشـەرەی کـورد و حیزبـی دێموکـرات شـەپۆلێکی بەربـڵاوی هاوخەمیـی لـە هەمـوو بەشـەکانی کوردسـتان بـەدوای خۆیـدا هێنـا، بـەڵام بەداخـەوە لـە بـەر بارودۆخـی تایبەتـی و نەخـوازراوی کۆرۆنـا نەکرا ڕێوڕەسـمێکی شـیاوی کەسـێتیی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـی کاک جەلیـل، بـۆ ماڵاوایـی و سـپاردەکردنی بـە خاکـی نیشـتمان بەڕێـوە بچـێ. هەروەهـا هەتـا ئێسـتاش هـەر لەبـەر ئـەو بارودۆخـە نەکراوە کۆڕیادێکـی شـایان بـۆ ڕێزگرتـن لـە تەمەنێک خەباتـی سـادقانە و دڵسـۆزانەی مامـە جەلیـل بەڕێـوە بچـێ.

حیزبی دێموکراتـی کوردسـتان بە ئەرکـی خـۆی دەزانـێ لە داهاتـوودا و لـە هەلومەرجێکـی گونجـاودا ئەرکـی سەرشـانی خـۆی لـەو پێوەندییەدا بەجـێ بگەیەنـێ. چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـەم کتێبەش هەوڵێکی دەسـتپێکە لـەو پێنـاوەدا.

ئـەم کتێبـە لـە چەنـد بـەش پێک هاتـووە. لـە بەشـی یەکـەمدا کۆمەڵـە وتارێـک بـە قەڵەمـی کۆمەڵـە کەسـایەتییەکی سیاسـی، ڕووناکبیـری و ئاکادیمیـی کـورد لەسـەر ڕەهەنـدە جۆراوجۆرەکانـی ژیانـی سیاسـی و تایبەتمەندییە کەسییەکانی کاک جەلیل گادانی لەخۆ دەگرێ. بەشـێکی دیکـەی کتێبەکـەش بـۆ کۆمەڵێـک دڵنـووس و دەقـی ئەدەبـی تەرخـان کـراوە کـە لیژنـەی ئامادەکردنـی ئـەم کتێبـە لـەو سـەدان بەرهەمـە هەڵیـان بـژاردوون کـە کاتـی کۆچـی دوایـی کاک جەلیـل بـۆ بەشـی ڕاگەیاندنـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان نێردرابـوون. لـە بەشـەکانی دیکـەی کتێبەکـەدا بەشـێک لـەو شـەپۆلی هاوخەمـی و پەیامـی پرسـە و سەرەخۆشـیی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی چوارپارچەی کوردسـتان، کەسـایەتییە سیاسـی، کۆمەڵایەتـی، ڕووناکبیـری و ئاکادیمییەکانـی کوردستان بەبۆنـەی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی جێ کراوەتـەوە. دوابەشـی کتێبەکـەش بـۆ کورتـە ئەڵبۆمێکـی وێنـە تەرخـان کـراوە کـە ژیانـی سیاسـیی کاک جەلیـل لـە قۆناغـە جۆراوجۆرەکانـی تەمـەن و پێگـەی سیاسـیی بەڕێزیـان وێنـا دەکـەن.

چاپی ئـەم کتێبە هەوڵێکی بچووکە بۆ ڕێزگرتـن لـە تەمەنێک خەباتـی سیاسـیی پڕ بەرهەمـی نەمر کاک جەلیل گادانـی.

هەیئەتی ئامادەکردنی کتێبی پیری دێموکرات

# بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی
# بەبۆنەی کۆچی دوایی نەمر جەلیل گادانی

# کۆستێکی گەورە

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!
خەڵکی دێموکراتپەروەری کوردستان!
ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان!

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە ڕادەگەیەنێ لەکاتێکدا تێکۆشەرانی دێموکڕات خۆیان بۆ گرتنی یووبیلی ئەڵماس جێژنی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبەکەیان ئامادە دەکرد ئەمڕۆ بەیانی تێکۆشەری ناوداری کورد و

ئەندامی بەوەجی حیزبی دێموکڕات کاک جەلیلی گادانی دوای نیزیک بە دوو حەوتوو ململانە دەگەڵ فایرۆوسی کۆرۆنا گیانی لەدەست دا.

لەدەستدانی کاک جەلیل نەک هەر بۆ حیزبی دێموکرات، بەڵکوو بۆ هەموو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد خەسارەتێکی گەورەیە. ئەو لە یەکەمین تێکۆشەرانی حیزبەکەیەتی و تەمەنی تەنیا ١٣ ساڵ بوو کە لە دەورانە زێڕینەکەی کۆماری کوردستاندا تێکەڵ بە کاروانی پڕسەروەریی حیزبی دێموکرات بوو و تا دواهەناسەی ژیانیشی غەمی گەورەی پێشکەوتنی حیزبەکەی و سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی بوو.

لە خەباتی دوورودرێژ و پڕهەوراز و نشێوی خۆی و حیزبەکەیدا جەلیلی گادانی هەموو شێوەکانی خەباتی گرتە پێش و هەموو نەهامەتییەکانی لەخۆی گرت. ئەو بێجگە لە دەورانێکی کورتی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب، تەواوی تەمەنی خۆی لە خەباتی نهێنی و کار لە نێو جووتیاران و زەحمەتکێشانی کوردستان، زیندان و دوورخرانەوە و دەربەدەری و چەرمەسەریدا بەسەر برد. چوار جار گیرا و بە هەموویەوە نیزیک بە پازدە ساڵ تەمەنی لە زیندانەکانی ڕێژیمی پاشایەتیدا بەسەر برد و بە دەیان جار لە ڕۆژانی خەباتی چەکدارانەدا شاهیدی بۆمباران و تۆپباران و هێرشی نیزامیی هێزە دژی گەلییەکانی کۆماری ئیسلامی بوو و زۆرجار لە سنووری مەرگ گەڕایەوە.

کاک جەلیلی نەمر لە حیزبەکەشیدا هەموو قۆناغەکانی بڕین. لە ئەندامەتیی شانەیەکی نهێنییەوە تا بەرپرسایەتیی ئۆرگانە جۆراوجۆرەکان لە هەموو مەیدانەکاندا بەلێوەشاوەیی کاری کرد و نموونەی مرۆڤێکی شێلگیر و پشوودرێژ و ماندوویینەناس بوو. بە دەیان ساڵ بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕات و

لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕدا دەوری ٧ ساڵ سکرتێری ئەو بەشە لە حیزبەکەی بوو.

کاک جەلیلی گادانی لە بواری کۆمەڵایەتیدا خاوەنی گەورەترین پلە و بەرینترین پێوەندیی کۆمەڵایەتی بوو. ئەو دەگەڵ چین و توێژەکانی کۆمەڵ: جووتیاران،کرێکاران، کارمەندان، بازاڕیان نووسەران و شاعیران و سیاسەتمەداران و... لە پێوەندیدا بوو و لەلای هەمووانیش ڕێز و جێگەوپێگەی تایبەتیی هەبوو. لە نێو حیزب و لە نێو کۆمەڵ لە غەمی هەمواندا بوو، بەپێی دەرەتان لە خۆشی و ناخۆشیی هەمواندا بەشدار بوو، بەشداری پرسەی هەموان و لە بن سەری هەموو نەخۆشەکان بوو. سەرباری ئەوانە، یار و یاوەر و غەمخۆری هەموو ئەوانە بوو کە تووشی گیروگرفتێک دەبوون و لە یارمەتی ماددی و مەعنەوی بەو کەسانەی پێویستییان بە کۆمەک هەبووایە درێغیی نەدەکرد.

لەبەر هەمووی ئەو خەسڵەتانە، لەدەستچوونی کاک جەلیل کۆستی هەموانە و هەموو بۆی بەپەرۆشن و یادی بەزیندوویی ڕادەگرن.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنە غەمناکەوە وێڕای غەمناکبوون بە لەدەستدانی ئەو کەسایەتییە قەدرگرانە سەرەخۆشی گەرمی خۆی پێشکێشی هەموو ئەندامانی بنەماڵە بەڕێزەکەی، سەرجەم هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی، تێکڕای دۆست و هاواڵە بێئەژمارەکانی، خەڵکی شارە قارەمانپەروەرەکەی مەهاباد و سەرانسەری کوردستان دەکا و بۆهەموان سێبووری و تەمەندرێژی و بۆ گیانی نەمری کاک جەلیل بەهەشتی بەرین و باوەشی لێبووردەیی خوا داوا دەکا.

کۆمیتەی ناوەندی و هەموو تێکۆشەرانی دێموکڕات بۆ پاداشی کاک جەلیلی گادانییش وەک تەواوی ڕێبەران و تێکۆشەرانی لەدەستچوو،

بـە درێژەدانـی ڕێگاکەیـان و شـەکاوەڕاگرتنی ئـاڵای خەباتەکەیـان دەزانێ و جارێکی دیکە دەگەڵ گیانی کاک جەلیل و هەموو شـەهیدان پەیمـان نـوێ دەکاتـەوە کـە هەتاسـەر درێـژەدەری ڕێبازەکەیـان بێ و لـەو پێنـاوەدا لـە هیـچ فیداکارییـەک درێـغ نـەکا.

هـەر لێرەشـدا ڕادەگەیەنیـن کـە بەهـۆی بڵاوبوونـەوەی پەتـای کۆڕۆنـا سـەرەخۆشـی دانانـرێ و دۆسـتان لـە ڕێگای تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـەوە هاودەردیی خۆیـان ڕادەگەیەنن.

سڵاو لە گیان و یادی گەورەتێکۆشەری دێموکڕات
کاک جەلیلی گادانی
نەمری بۆ یاد و ناوی خۆی و بەرقەراری بۆ ئامانجە پیرۆزەکانی

کۆمیتەی ناوەندیی
حیزبی دێموکڕاتی کوردستان
١٣٩٩/٥/١٦ (٢٠٢٠/٨/٦)

# کورتەیەک لە ژیاننامەی
# نەمر کاک جەلیل گادانی

**■ ئامادەکردنی: سەعید باختە**

ڕۆژی ١٢ی مانگی ١٢ی ساڵی ١٣١٢ لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی لە گەڕەکی قوڵەقەبرانی شاری مهاباد لەدایک بووە. دەورانی منداڵیی وەک زۆربەی منداڵانی کورد بە شێوەیەکی ئاسایی تێپەڕ کردووە.

لە سەردەمی (کۆمەڵەی ژ ک)دا لە شانۆی «دایکی نیشتیمان»دا ڕۆڵی گێڕاوە و بە تاوانی بەشداریکردنی لەم شانۆپە، لە لایەن بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیەوە فەلاقە کراوە.

ساڵی ١٣٢٤ (سەردەمی کۆماری کوردستان)کە قوتابخانەی سەرەتایی گەلاوێژ لە ماڵی ئەوان دادەمەزرێ، کاک جەلیل تیایدا دەنێردرێتە بەر خوێندن. کاک جەلیل یەکێک لەو منداڵانە بووە کە لە ڕۆژی سوێندخواردنی پێشەوا لە چوارچرای مهاباد، لە کۆڕی سروودا بەشداری کردووە. پۆلی یەکەمی سەرەتایی دەبێ کە هەواڵی لە سێدارەدانی پێشەوا قای محەممەد و هاوڕێیانی دەبیستێ و دەگەڵ برا گەورەکەی (کاک خەلیل) بۆ ماڵاوایی لە پێشەوا و هاوڕێیانی بەرەو چوارچرا وەڕێ دەکەون و چاویان بە تەرمی قازی محەممەدی نەمر و هاوڕێیانی دەکەوێ.

لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٢٧ لە لایەن کاک ئەحمەد تۆفیقەوە کە هاوکلاس بوون، دەبێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان. هەرچەندس تەمەنی کەم بووە بەڵام بە هۆی ئەوەی لە چەندین کار و چالاکیی وەک شوعار نووسین و نامە هێنان و بردن و بڵاوکردنەوەی ئیعلامیەدا چالاک بووە، کردوویانەتە ئەندامی حیزب و لەو کاتەوە ڕاستەوخۆ تێکەڵ بە کاروباری حیزبی بووە.

بۆ یەکەمین جار کاک جەلیل وەک قوتابی لە ساڵی ١٣٣٢ لە ماڵی شەهید کاک سولەیمان موعینی چاوی بە شەهید دوکتور قاسملوو دەکەوێ و ڕێنوێنی پێویستی بۆ کاروباری حیزبی و سیاسی لێ وەردەگرێ و بە ناوی موستەعاری «حەبیبزادە»وە قۆناغێکی دیکە لە کار و چالاکیی سیاسیی دەست پێ دەکا.

ساڵی ١٣٣٢ بە هۆی بڵاوکردنەوی ئیعلامیە و تەبلیغ بۆ حیزب، بۆ ماوەی ٣ مانگ دەستبەسەر و ڕەوانەی بەندیخانە دەکردرێ و دوای ئازادبوونی بە هۆی کاری سیاسییەوە لە دەبیرستان دەری دەکەن و

مافی درێژەدان بە خوێندنی لێ زەوت دەکردرێ. بەڵام واز لە بیر و باوەڕەکانی خۆی ناهێنێ و درێژەی بە کاری حیزبیدا و دیسان بۆ جاری دووهەم دەگیرێ و ماوەی ٦ مانگ لە زینداندا دەمێنێتەوە.

کاک جەلیل بۆ سێهەم جار ساڵی ١٣٣٧ لە گوندی گوێکتەپە لە کاتی تێکۆشانی حیزبی و کاری شانەبەندیدا بە هۆی خۆفرۆشێکەوە ڕاپۆرتی لێ دەدرێ و دەستبەسەر دەکرێ. دوای ٧ جەلەسە دادگایی، بە ئیعدام مەحکوم دەکرێ و دوای ئیعتراز و داوای پێداچوونەوەی دادگا، حوکمەکەی بۆ ١٢ ساڵ زیندان کەم دەکرێتەوە. لە زیندان زمانی عەرەبی لای مەلا خدر سارتکێ دەخوێنێ و لە فێربوونی زیاتری زمانەکانەکانی ڕووسی و فەڕانسەوی بەردەوام دەبێ و هەر لە بەندیخانە نەخوێندەوارەکانیش فیری خوێندن و نووسین دەکا و دوای نۆ ساڵ و نیو ئازاد دەبێ. دوای ئازاد بوونی، ساڵی ١٣٤٧ لە سەر داهاتی کتێبەکانی توانی یەکەم کودەکستان لە شاری مهاباد دابمەزرێنێ و تا دەستبەسەرکردنی بۆ جاری چوارەم درێژەی بە خزمەت و چالاکییە سیاسی و فەرهەنگییەکانی دەدا.

ساڵی ١٣٤٩ کاک جەلیل دوای پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لە گەڵ خاتوو ئەسمەر بەدری، بۆ شاری تاران دوور دەخرێتەوە کە وێڕای کار و هەوڵدان بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانی بنەماڵەکەی و تێکۆشانی حیزبی و سیاسیی خۆی بە شێوەی نهێنیی و نێوە ئاشکرا، لە ڕشتەی زمانی فەڕەنسیدا درێژە بە خوێندن دەدا و ساڵی ١٣٥١ لیسانسی زمانی فەڕەنسی لە زانکۆی تاران وەردەگرێ.

پێش ڕووخانی حکومەتی پەهلەوی لە تاران، کاک جەلیل بە هاوکاریی خوێندکارە کوردەکان، ڕێکخراوی «جمعیت کردهای مقیم

مرکز» دادەمەزرێنێ.

لە جەریانی ئازادبوونی کاک عەزیز یوسفی لە ساڵی ١٣٥٦ و پێشوازیکردنی لە گەڕانەوەیدا بۆ شاری مهاباد کاک جەلیل و چەند کەسی دیکە ڕۆڵی بەرچاویان دەبێ. لە جۆزەردانی ١٣٥٧دا کاک عەزیز سەردانی کاک جەلیل لە تاران دەکا و بە هۆی نەخۆشیی دڵ کۆچی دوایی دەکا. تەرمەکەی دەبەنەوە مهاباد و کاک جەلیل یەکەم کەس دەبێ کە قسەی لەسەر دەکا و بە هاندانی خەڵک یەکەمین ڕێپێوان لە مهاباد وەڕێ دەخا. هەر ئەم ناڕەزایەتی دەربڕینە دژ بە نیزامی پاشایەتی بوو بە سەرەتا و بناغەی خۆپێشاندانەکانی خەڵکی شاری مهاباد و شارەکانی دەوروبەر کە دواتە ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتییان لێ کەوتەوە.

بە هۆی بیروباوەڕی سیاسی و ئەندامبوون لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەڵسوڕانی لە ناوچە جۆراوجۆرەکان وەک کادرێکی تێکۆشەر و ماندوویی نەناس، دوای ٤ جار ئاشکرابوون و گیران لەسەر یەک ١٣ ساڵ تەمەنی خۆی لە بەندیخانەکانی ڕێژیمی پاشایەتیدا بەسەر برد.

دوای هاتنەوەی ڕێبەریی حیزب و خۆڕێکخستنەوەی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دۆخی دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی کاک جەلیل بە ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێردرا.

لە ١١ی ڕەشەممەی ١٣٥٧دا کاک جەلیل بەڕێوەبەری گەورەترین میتینگی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری مهاباد بوو کە تیایدا بە بەشداری و سوخەنڕانیی، شەهید دوکتور قاسملوو، حیزبی دێموکرات خەباتی ئاشکرای خۆی ڕاگەیاند.

لـە ڕەوتـی وتوێژەکانـی هەیئەتـی حیزبـی دێموکـرات و نوێنەرانـی خەڵکی کوردستان لە گەڵ ئایەتوڵڵا خومەینی و هەیئەتی نوێنەرایەتیی دەوڵەتـی تـاران، کاک جەلیـل لـە چەنـد دانیشـتن و چاوپێکەوتـن‌دا حـزووری هەبـووە.

لە یەکەم کۆنگرەی حیزب دوای ڕووخانی پاشایەتی‌دا کە لە مهاباد بەڕێوە چوو، کاک جەلیل بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دواتر بە ئەندامـی دەفتـەری سیاسـیی هەڵبژێـردرا و بەرپرسـایەتیی تەشـکیلاتی حیزبـی پـێ سـپێردرا کـە ڕۆڵێکـی کارا و بەرچـاوی لـە کۆکردنـەوەی خەڵـک لـە دەوری بەرنامەکانـی حیـزب و پەیوەسـتبوونیان بـە ڕێکخراوەکانـی حیـزب‌دا گێـڕا.

دوای کۆنگرەی ٥ پێنجەمی حیزب، بە مەبەستی گرینگیدان بە پرسە کۆمەڵایەتییـەکان کاک جەلیـل پێشـنیاری دامەزرانـی کۆمیسـیۆنێکی تایبـەت بـە کاروبـاری کۆمەڵایەتـی بـە دوکتـور قاسـملوو دەکا کـە دوای موافقەتـی دەفتـەری سیاسـی، لـە سـەر داوای شەخسـی دوکتـور قاسملوو کاک جەلیل بۆ دامەزرانی ئـەم کۆمیسیۆنە و وەئەستۆگرتنی بەرپرسـایەتییەکەی ڕادەسـپێردرێ. ئـەم کۆمیسـیۆنە کـە چەنـد لقێکـی وەک پێڕاگەیشـتن بـە کێشـە کۆمەڵایەتییـەکان، کێشـەی زەوی و زار، گرینگیدان بە پەروەردە و سەرپەرەستیی قوتابخانەکان و پێڕاگەیشتن بـە ڕێـگا و بانەکانـی کوردسـتانی لـێ دەکەوێتـەوە، لـە لایـەن کاک جەلیلـەوە بـە باشـترین شـێوە مودیرییـەت دەکـرێ.

دوای کۆنگـرەی شەشـەمی حیـزب کاک جەلیـل بەرپرسـایەتیی تەشکیلاتی حیزب لـە دەرەوەی وڵاتـی پـێ دەسـپێردێ و بۆ ماوەیـەک لە وڵاتی فەڕانسە دەمێنێتـەوە و هـاوکات لە لایـەن ڕێبەریـی حیزب و

شەخسی سکرتێری حیزب، دوکتور قاسملووەوە، وەک نوێنەری حیزب لە «شورای ملی مقاومت» دیاری دەکرێ.

لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزبدا بۆ جارێکی دیکە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵدەبژێردرێتەوە و لە گەڵ ئەوەی نابێتەوە بە ئەندامی دەفتەری سیاسی، بەڵام بە هۆی لێهاتووییەوە بۆ جارێکی دیکە بەرپرسایەتیی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دەخرێتەوە سەر شان.

لە ڕەوتی کێشە و گرفتەکان نێوخۆییەکانی حیزب لە کۆنگرەی هەشت دا کاک جەلیل لەگەڵ باڵی جیابۆوە (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران_ ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر) کەوت و لە کۆنفڕانسی چواردا وەک سکرتێر هەڵبژێردرا. لە کۆنگرەکانی ٩ و ١٠ی حیزبی دێموکراتی کوردستان_ ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و سکرتێری گشتی هەڵبژێردراوەتەوە.

دوای تێکەڵبوونەوەی ڕیزەکانی حیزب، لە کۆنگرەی یازدەهەمدا کاک جەلیل بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و پاشان بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرا و بەرپرسایەتیی کۆمیسیۆنی ماڵیی حیزبی پێ ئەسپێردرا.

ساڵی ١٣٧٦ کاک جەلیل لە گەڵ خاتوو ئامینە شێخە دێگەیی ژیانی هاوبەشی پێک هێنا و تا کۆتایی ژیانی پێکەوە ژیان.

لە کۆنگرەی دوازدەهەمی حیزبدا کاک جەلیل بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و بەرپرسایەتیی بنیاتی ڕێکخراوە سینیفی و دێموکراتییەکانی حیزبی پێ ئەسپێردرا و لە کاراکردنی ڕێکخراوەکانی یەکیەتیی ژنان و یەکیەتیی لاواندا ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەری هەبوو.

لـە ڕەوتـی کێشـە نێوخۆییەکانـی حیـزب لـە کۆنگـرەی سـێزدەهەمی حیـزبدا کاک جەلیل لـە گـەڵ ئـەوەی هەولێکـی بەرپرسـانەی لـە پێنـاو پاراسـتنی یەکێتیـی ڕیزەکانـی حیـزب دا، لـە جەریانـی لێکترازانـی ڕیزەکانی حیزبدا لـە گـەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان درێژەی بـە خەبـات و تێکۆشـانی خـۆی دا.

لـەم قۆناغـە لـە ژیانـی سیاسـی و خەباتکارانـەی خـۆیدا کاک جەلیل گادانـی وەک سـیمایەکی دیـار و بەرچـاوی حیـزب، ڕۆڵێکـی گـەورە و ئەساسـی لـە خۆگرتنـی حیـزب و تێکۆشـانی حیـزبدا گێڕا.

دوای کۆنگـرەی پازدەهەمـی حیـزب لـە لایـەن کۆمیتـەی ناوەندییـەوە بـە ڕاوێژکاری دەفتـەری سیاسـی و بەرپرسـی کۆمیسـیۆنی پارێـزگاری لـە پێڕەوی نێوخـۆی حیـزب هەڵبژێـردرا.

کاک جەلیل نـە تەنیـا لـە بـواری سیاسـی و کۆمەڵایەتـیدا شـارەزا و کەسـێکی لێهاتـوو بـوو، بەڵکـوو لـە بـواری نووسـین و وەرگێڕانیـشدا قەڵەمێکـی ڕەوان و پـاراو و دەروەسـت بـوو. ناوبـراو زیاتـر لـە ٢٠ بەرهەمـی چاپکراوی لـە دوای خـۆی بـە یـادگار بەجـێ هێشـتووە. دوایین نووسـینی نەمرکاک جەلیل وتارێـک بـوو بـە نـاوی «حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان و پرسـی کۆمەڵایەتـی» کـە دوای کۆچـی دوایـی خـۆی لـە کتێبێکـی تایبـەت بـە یـادی ٧٥ سـاڵەی دامەزرانـی حیـزب لـە ژێـر نـاوی «حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان، قـەڵای خۆڕاگـری ناسـنامەی نەتەوەیـی» چـاپ و بـڵاو کرایـەوە.

بـە داخــەوە ڕۆژی پێنجشــەممە، ڕێکەوتـی ١٦ی گەلاوێـژی ١٣٩٩ی هەتـاوی بەرانبـەر بـە ٦ی ئاگوسـتی ٢٠٢٠ی زایینی، تێکۆشـەری ناسـراو و دێرینی بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان، نەمر کاک

جەلیل گادانی، بە هۆی تووشبوونی بە پەتای کۆرۆنا و حەوتوویەک بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەم بەڵایە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان، لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکرات لە شاری کۆیە بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا.

# کەلێنێکی گەورە

■ عەبدوڵڵا حەسەنزادە

چوارەمین ڕۆژی کۆستی گەورەی حیزبی دێموکڕاتە، چوار ڕۆژە گەورە خەباتگێڕی کورد جەلیلی گادانی بە دنیایەک تاسە و ئاواتەوە سەری ناوەتەوە و پاشماوەی ئەرکەکانی بەهاوڕێیانی سپاردوە. ناڵێم هێشتا باوەڕم نەکردوە، چونکی ڕاستی هەرچەندیش تاڵ بێ هیچی دەگەڵ ناکرێ و دەبێ قبووڵی بکەین. بەڵام بەڕاستی هێشتا ژانی ئەو زەبرە بەسامە کە لە کۆشکی ئاواتەکانم دراوە بەری نەداوم. دەمەوێ بەشێک -هەرنەبێ بەشێک- لە غەمەکانم دەربڕم، کەچی ئەو مۆتە سامناکە بەرم نادا. مردنی کاک جەلیل یان بە قەولی هاوڕێ گەنجەکان «مامە گیان» بۆ هەموو ئەوانەی لە دوورونیزیک ناسیویانە خەسارێکی گەورەیە. ئەو، کە لە بەرەبەری جێژنی ٧٥ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا بەجێی

هێشتین تەمەنی خەبات و تێکۆشانی _نەک تەمەنی ئەندامەتی_ ڕاست بەقەد تەمەنی حیزبەکەی بوو. ڕۆژنامەی «کوردستان»ی سەردەمی کۆماری کوردستان بەڵگەی ڕاستی و دروستیی ئەم قسەیەمانە. کەوایە سەیر نیە هەموو دڵسۆزانی کورد و بەتایبەتی هاوحیزبییەکانی بۆی بەپەرۆش بن.

بەڵام بۆ من و کەسانی وەک من کە دەیان ساڵ لە نیزیکەوە هاوکاری بووین، دەیان بیرەوەریی خۆش و ناخۆشمان دەگەڵی هەیە و سەدان ڕووداوی تاڵ و شیرینمان پێکەوە تێپەڕاندوە، خەساری لەدەستچوونی ئەو تێکۆشەرە مانایەکی قووڵتری هەیە. باسی خەسڵەتە شۆرشگێڕانە و ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکانی کاک جەلیل لە وتارێک و دوو وتاردا جێی نابێتەوە. ڕابردووی خەبات و تێکۆشانیشی لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە تا دواهەناسەی ژیانی هەرچەند هەقی خۆی نەدراوەتێ و زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ بەڵام هەر ئەم ڕۆژانە زۆری لەسەر نووسراوە و گوتراوە. بۆیە لێرەدا تەنیا لە دوو لایەنی ژیانی حیزبی و کۆمەڵایەتیی ئەو سەرمایە لەدەستچووەمان دەدوێم:

یەکەم، شێلگیری و پشوودرێژی و مکوڕی لەسەر بەڕێوەبردنی هەرچی زووتر و چاکتری کاروباری حیزبی _جا لە هەر بوارێک_دا لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی کاک جەلیل بوو کە بەڕاستی شیاوی ئەوەیە هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕات دەرسی لێوەربگرن و لێیەوە فێر بن. ئەو نەک هەر بۆخۆی نەیدەزانی و نەیدەتوانی چووکترین دەرفەتەکان بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبار بەفیڕۆ بدا، بەڵکوو لە هاوڕێ و هاوکارەکانیشی قبووڵ نەدەکرد کات بە فیڕۆ بدەن و کارەکان وەدرەنگ بخەن. شاهیدم زۆرن کە دەگەڵ ئەو هەموو ڕێز و خۆشەویستییەی لەلای هەموو تێکۆشەرانی حیزب هەیبوو، زۆرجار کادرەکان بۆیان ئاسان نەبوو کاری دەگەڵ

بکەن چونکە بەپانەوە دەیانگوت دەگەڵی دەرنابەین. ئەمن بێجگە لە هاوڕێیەتیمان لە دەفتەری سیاسی، دەوری ساڵێکیش لە دەفتەری سیاسیی ژمارە ۱ لە ناوەندی کوردستان لە خزمەتی‌دا بووم و بەخۆشییەوە نەشمهێشتوە گلەییم بێتەوە سەر، بەڵام هەقە پێی لێبنێم کە دوو جارم بەبیر دێن بۆخۆشم لەبەری بەزیوم:

۱-ساڵی ۱۳۵۸ لە ماوەی سێ مانگدا دوو جار بۆ چارەسەری هێندێ گیروگرفتی نێو کۆمیتەی شاستانی بۆکان لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە چووینە بۆکان و چونکە ڕۆژانە هاتوچۆکەر زۆر بوون کارەکەمان دەخستە دوای شێوخواردن. هەردوو جارەکە سەعات ٤ی بەیانی دەبەزیم و دەمگوت کاک جەلیل ئیزن دەخوازم بڕۆم. ئەمن دەڕۆیشتم و ئەو درێژەی بە کۆبوونەوەکە دەدا کە نازانم بۆ سەعات چەند تەواو دەبوو. با ئەوەش بڵێم کە ئەوکاتە -دوور لە ئێستا- گوڕوتینێکیشم لەبەردا بوو.

۲-ساڵی ۱۳٦۲ لە دەفتەری سیاسیی ژمارە ۱ لە ناوچەی مەنگوڕی مەهابادەوە بە پێیان دەچووینە دەفتەری ژمارە ۲ لە ناوچەی ئالانی سەردەشت. چونکە ناوچەی نەڵێن بە بنکە و پێگەی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم تەنرابوو ناچار بووین لە چیای «پانەسەر و دووسەر»ەوە هەتا پشتی گوندی «ئەحمەدبریو» کە لە دەست پێشمەرگەدا بوو، بە شەو بڕۆین. مەودایەکە بەکەمەوە ۳ بۆ ٤ سەعاتە ڕێیە و لە جادەی پیرانشار-سەردەشتیشەوە تا پشتی گوندی «ئەحمەدبریو» هەورازێکی کووڕە بە ناوی «هەوارسوێسن». هاوین و گەرما و ڕێگاش کە «کاروانەڕێ» بوو هەتا گوێزینگی بنیادەم تۆزوخۆڵ بوو و ئاویش بۆ خواردنەوە نەبوو، پرزەم لێبڕابوو، چەندجار داوام کرد چەند دەقیقەیەک دانیشین، بە عادەتی خۆی هەر دەیگوت نا کاکە، ورە بەرمەدە هێندەمان نەماوە. ئاخرەکەی گوتم ئەرێ کاک

جەلیل منت هەر بۆ ئەم سەفەرە دەویّ یان پێت وایە بۆ وەختی دیکەش بەکەلک دێم؟ دیسان سوودی نەبوو، هەتا خواوڕاستان لە پێگەی «شێلمان» ڕا «نورافگن»ێکان هەڵدا کە دنیای کردە ڕۆژی ڕووناک و کاک جەلیل لەبەر باری ئەمنیەتی دووسێ دەقیقە دانیشت.ماڵیان -لەقەدەر ئەوەندە- ئاوەدان بێ، هەر هەستاین بڕۆین وەڕێ کەوینەوە دیکەشیان دەحەوا کرد و بە هەمووی ٦،٧ دەقیقە دانیشتین و هەناسەیەکم هاتەوە بەر.

دووەم لایەن، پتر باری ئینسانی و دەهەندەیی و کۆمەڵایەتیی هەیە. وا دیار بوو بەتەنیا نانی بە گیانی ناکەوێ. هەمیشە میوانی هەبوو، نەک هەر ئەوانە کە سەریان دەدا. بەڵکوو -بەموناسەبەت و بێموناسەبەت- خەڵکی بانگهێشتن دەکرد، زۆرجار لە جێژنەکاندا ژمارەیەکی زۆر لەکادر و پێشمەرگەکانی بانگهێشتن دەکرد. بە کورتی لە غەمی هەمووانیدا بوو،و ماڵەکەی «پەنای بێ-پەنایان» و «ئەنوای بێئەنوایان» بوو.

زۆر جارم گوتوە کەلێنی کەسمان پڕ نابێتەوە، چونکە خەباتەکەمان پێویستیی بە هەوڵ و هیممەتی هەمووانە، بەڵام بەڕاستی کاک جەلیل کەلێنێکی گەورەی بەجێ هێشتوە کە پڕکردنەوەی زۆری دەوێ.

لە پەسنی ئەو پیاوەدا چەندی بگوترێ تەواو نابێ. بۆیە بۆ ئەمجارە بەوەندە واز دێنم و ئاواتەخوازم کۆڕۆنای نەفرەتی، قاتڵی کاک جەلیلی گادانی بە زوویی جارەسەری بنەڕەتیی بۆ پەیدا بێ موخلیسانی ئەو گەورەپیاوە بتوانن ڕێورەسمێکی شیاوی بۆ پێک بێنن تا لەوێدا زۆرتر یادی سەروەرییەکانی بکرێتەوە چونکە بەڕاستی زۆر بە غەریبی و بێنازی بەڕێ کرا کە ئەمە غەمی هەموو هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانیەتی.

ڕووحی شاد و یادی پایەدار.

(ئەم وتارە چوار ڕۆژ دوای مەرگی کاک جەلیل گادانی نووسراوە)

# کاك جەلیلی «گادانی»م چۆن ناسی؟

■ مستەفا مەولوودی

تازە شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی حکوومەتی پاشایەتی سەر کەوتبوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە یارمەتیی کۆمەڵێک ئەفسەر و دەرەجەداری کورد گەلاڵەی کۆنترۆڵ کردنی پادگانی مەهابادیان داڕشتبوو. ئەو کارە گەورەیە ئەوەندی من لەبیرم بێ، زۆر بە ڕێکوپێکی سەری گرت و خەڵکی مەهابادیش پێشوازیی باشیان لێ کرد. شەو لە ڕادیۆ مەهاباد کەسێک قسەی دەکرد و بە گشتی قسەکانی بریتی بوون لەو خاڵانە:

یەکەم، موژدەی بە خەڵک دەدا کە پادگان بێ زیان و خوێنڕشتن کەوتۆتە دەست پێشمەرگە. دووهەم، داوای لە خەڵکی دەکرد هێدی و لەسەرەخۆ بن. سێهەم، خەڵک لە چوون بۆ نێو پادگان خۆ بپارێزن. چوارەم، خەڵکی ڕادەسپارد کە بڕیار و ڕێنوێنییەکانی پێشمەرگەکان

لەبەرچاو بگرن و هەروەها داوای لە پێشمەرگەکانیش دەکرد لەگەڵ خەڵک بەئارامی و نەرمی بجووڵێنەوە.

ئەمن قسەکانیم زۆر پێ خۆش بوو، بەکوردییەکی زۆر پاراو و بە ورە و دڵسۆزییەوە بۆ خەڵک دەدوا. زۆر بە تاسەوە بووم بزانم ئەو کەسە کێیە کە ئاوا ڕەوان، کوردانە، خۆماڵیانە و نیشتمانپەروەرانە لەو سەرکەوتنە گەورەیە و ئەو دەسکەوتە مەزنە دەدوێ. لە ئاخری بەرنامەکەدا بەڕێوەبەری بەرنامەکە لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی مەهاباد، ناساندی و گوتی کە ئەوە کاک جەلیلی گادانی، ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. لەو ڕۆژەوە کاک جەلیلی گادانیم لە زۆر بۆنە و ڕێوڕەسم و کۆڕ و کۆبوونەی حیزبی وەک بەرپرسێکی دیاری حیزب دیتۆتەوە، چاوم پێی کەوتووە و لە خزمەتیدا بووم. لە هەموو ئەو ماوەیەدا کاک جەلیلم وەک تێکۆشەرێکی ماندوویینەناس، پێشمەرگەیەکی چالاک و ڕێبەرێکی هەڵکەوتوو، لەنێو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ناسیوە و جێگای ڕێز و ئیحتڕام و لێفێربوونی من و سەدانی وەک من بووە.

قۆناغەکانی ژیانی سیاسیی کاک جەلیلی گادانی و تێکۆشانی ناوبراو ئەوەندە زۆر و درەوشاوە و جێی شانازین، کە لە نووسینێکی لەم چەشنەدا بە ئاسانی جێ ناکرێتەوە. بۆیە من ناچارم هەر وەک بە دەستپێکی ئەو بابەتەوە دیارە، هیندێک سەربردە و قۆناغی تایبەت لە ژیانی سیاسیی بەڕێزیان باس بکەم کە لێی فێر بووم و بۆ من ئولگوو بووە.

جارێ با ئەوەم لەبیر نەچێ: لە هەر کۆبوونەوە، کۆڕ و کۆمەڵێکدا کاک جەلیل حزووری هەبا و بەشداری باسەکان بوایە، ڕاوبۆچوونی خۆی لەسەر مەسەلە و بابەتەکان دێنایە بەر باس کە هەمووی سەرنجڕاکێش و بەسوود و بۆ لێفێربوون دەبوون.

ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی ئەمن بەرپرسی کۆمیتەی شارەستانی ڕەبەت بووم. ڕۆژێک هاوڕێیەکی پێشمەرگە هات گوتی کەسێک هاتووە دەڵی کارم بۆ کاک جەلیل کردووە، بەڵام کرێیەکەم وەرنەگرتوە. منیش پرسیارم کرد کارەکە چی بووە و کرێیەکەی چەند بووە؟ کابرا گوتبووی کاتێک کاک جەلیلی گادانی لە دەفتەری سیاسیی ژمارە (١) بووە، لە ناوچەی کاڵەشینی ڕەبەتڕا چەند بار کتێبی بە مندا ناردووە بۆ لای ئالانی سەردەشت، بۆ دەفتەری سیاسیی ژمارە (٢)، بەڵام کرێیەکەم وەرنەگرتوە. ئێمەش مەسەلەی کرێی کابرامان چارەسەر کرد. دیارەئەوکات زۆرم بیر لەوە نەکردەوە کە بۆ دەبێ ئەو بارانەی کاک جەلیل بۆ دەفتەری ژمارە دووی بەڕێ کردوون، هەموویان هەر کتێب بووبن، بەڵام ساڵانێکی زۆر دواتر، واتە ڕۆژی ١٦ی خەرمانانی ١٣٩٩، کاتێک دوای نوژەنکردنەوەی کتێبخانەی قەڵای دێموکرات، بە دوای مووشەکبارانەکەی دوو ساڵ لەوە پێش دا، ڕێوڕەسمێک گیرا و لەو ڕێوڕەسمەدا باسێکی سەرنجڕاکێش لەسەرکتێب و خوێندنەوە و کتێبخانە لە حیزبدا دەکرا، ئەوەم بیر هاتەوە و بۆم دەرکەوت کە ساڵی ١٣٦١ یان ١٣٦٢ی هەتاوی، ئەو دەمەی کاک جەلیلی گادانی بەرپرسی دەفتەری سیاسیی ژمارە (١) ی حیزبی دێموکرات لە دۆڵی دێموکرات بووە، کاتێک ڕێژیم هێرشی کردووەتە سەر ئەو ناوچەیە، زۆر کەلوپەل و کەرەسەی حیزب، هەروەها کەلوپەلی بنەماڵەکان یەک لەوان ماڵی کاک جەلیل خۆشی، تێدا چووە، بەڵام کاک جەلیل خەمی گرینگ و گەورەی دەرباز کردنی کتێبەکان بووە. هەمووشمان دەزانین کاک جەلیل چەندە ئوگری کتێب و خوێندنەوە و برەودان بە کولتووری موتاڵا لە نێو پێشمەرگەکان و هاندانیان بۆ نووسین و خوێندنەوە بوو. دیارە بۆ خۆی لە نووسین و کتێب لە چاپدانیشدا زۆر هەڵسووڕ بوو. بە تایبەت کارێکی کاک جەلیل کە زۆر سەرنجڕاکێش بوو، ئەمە بوو

کە هەموو ئەو کتێب و بابەتانەی لەسەر حیزب و مێژووی حیزب دەنووسران و بڵاو دەبوونەوە، دەیخوێندنەوە و ئەگەر پێویست با، تێبینی و ڕوونکردنەوەی لەسەر دەدان و تەنانەت ئەگەر زیاتر پێویستیی بە وەڵامدانەوە با، قۆڵی لێ هەڵدەماڵی و لە تویێی کتێب و نووسینی تایبەتیدا و بە تێروتەسەلی، وەڵامی دەدانەوە و لەسەری دەنووسین.

بڕگەیەکی دیکەی ژیانی کاک جەلیلی گادانی و ناسیاویی قوڵتر و زۆرتری من لەگەڵ بەڕێزیان پێوەندیی هەیە بە ڕووداوەکانی کۆنگرەی ٨ی حیزبی دێموکرات کە لە مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویدا گیرا. باشم لەبیرە کاک جەلیل زۆر بە حەماسەتەوە بۆ ڕوانگەکانی خۆی لێکدانەوەی دەکرد و بەڵگە و فاکتی دەهێنانەوە. بەتایبەت کە پێداگریی زۆری لەسەر سیستم و نیزامی دێموکراتیک بۆ هەڵبژاردنی ئازاد دەکرد. کاک جەلیل بایەخ و ڕێزی لە دەنگی ئازاد دەگرت و بە تەنیا پێوەر و ڕێگا بۆ یەکلا کردنەوەی پرسەکانی دادەنا.

ڕەوتی ڕووداوەکان بەو جۆرە بوو کە دوای کۆنگرەی هەشت ڕیزەکانی حیزب تووشی لێکترازان هاتن و کاک جەلیل و من لە ڕیزی تەشکیلاتی حیزبیدا بەیەکەوە نەماینەوە. دوو ساڵ دوای کۆنگرەی ٨ی حیزب ئەمن لە ناوچەی گەورکایەتی لە گوندی کاولانی سەرێ میوانی پیاوێکی زۆر بەڕێز و قەدرگران بووم، پیاوێکی ڕەند و دڵسۆز بۆ خەڵکی کوردستان، خەمخۆر بۆ حیزبی دێموکرات و ناسیاوی زۆربەی کادر و بەرپرسە دیارەکانی حیزب. لەو مانەوە و دانیشتنە نیزیک بە دوو سەعاتە دا کە ئەمن لە خزمەت ئەو بەڕێزەدا بووم، ئەو نیگەرانیی خۆی لە ئاکامی کۆنگرەی ٨ی حیزب نەشاردەوە. کاتێک لە قسە کردندا، زۆر بابەتمان بە یەکەوە شەن و کەو کرد و باسەکە هاتە سەر کاک جەلیل گادانی و ئەمن بە

ڕێزەوە ناوی کاک جەلیلم هێنا، مامۆستا بزەیەکی هاتێ و فەرمووی زۆر خۆشحالم کادرێکی حیزبیی وەک جەنابت هەرچەندە لەگەڵ کاک جەلیلی گادانیش لە یەک حیزبدا نەماون، ئاوا بە ڕێزەوە ناوی کاک جەلیل دێنی؛ چونکە هەر من دەزانم جەلیلی گادانی چەندە بەو چیا و دۆڵانەدا سەر کەوتووە و عەودالّی حیزبایەتی و تێکۆشەرانی دێموکرات بووە. ئەو لە درێژەدا فەرمووی کەشکۆڵی کاک جەلیل بۆ گوندنشینان و خەڵکی زەحمەتکێش بە دایم پڕ بووە لە پەیام و دەنگ و باسی حیزب. ئەو هیوا و ئومێدی بە خەڵک دەبەخشی، داوای لێ دەکردن لە دەوری حیزبی دێموکرات کۆ ببنەوە و پشتیوانی لە بزووتنەوە ڕەواکەیان بکەن.

قۆناغێکی دیکەی ژیانی کاک جەلیلی گادانی کە من لە نیزیکەوە شاهیدی بوومە و لە خزمەتیدا بووم، دەگەڕێتەوە بۆ نێوان کۆنگرەی ١١ تا ١٢ی حیزبی دێموکرات کە من وەک نوێنەری حیزب لە هەولێر کارم دەکرد. کاک جەلیل هەر کاتێک سەردانی هەولێری کردبا، لیستەیەکی دوور و درێژی لە جانتاکەی دەستی دابوو کە لەو ماوەیەدا پێویستە چ بکا و بەرنامەکانی چۆن داڕێژێ بۆ ئەوەی حیزب و لایەنی سیاسیی جۆراوجۆر، کەسایەتیيە سیاسی، ئەدەبی و فەرهەنگییەکان، نووسەران، شاعیران، مافناسان، پیاوماقوولان و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییە ناوبەدەرەوەکان ببینێ و ناوەندە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی وەک تی وی، ڕۆژنامەکان و چاپی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە جۆراوجۆرەکان بەسەر کاتەوە. جیا لەوانەش هاوڕێیانی حیزبیشی لەبیر نەدەکرد و سەری هەموو ئەوکەسانەی دەدا، کە نەخۆش بوون یان تازیەبار دەکەوتن و بەکورتی هەمووی بەسەر دەکردنەوە و لە شایی و شینی هەمووان دا بەشدار بوو. زۆر جار کات بۆ سەردان و چاوپێکەوتن بەشی کاک جەلیلی نەدەکرد و ئەوانەش کە لەگەڵی دەبوون ماندوو

دەبوون و دەوەستان، کە دیارە لەو بارەیەوە بیرەوەریی زۆر خۆش و بەسەرهاتی سەرنجڕاکێش لە زمان هاوسەنگەرانی کاک جەلیلەوە گێڕدراوەنەوە.

بەڕاستی ئینسان سەری لەو هەموو توانا، حەوسەلە، حیکمەت و مشوورخورییەی ئەو گەورە پیاوە سوورِ دەما. ئەگەر قوتابییەکی ئەمەگناس بین دەبێ ئێمەش ئەوانە لە بەڕێزیان فێر بووبین. ئیلهامیان لێ وەربگرین و بیانکەین بە تێشووی ڕێگەی خەباتمان. لەبەر ئەوەی ئەو تایبەتمەندییە بەرزانە کاک جەلیلیان کردبوو بە تێکۆشەرێکی خەڵکی و خۆشەویست کە سەری لە نێو سەراندا بەرز و دیار بوو.

ڕەنگە هێندێک کەس کە کاک جەلیلی گادانی باش ناناسن و لە دوورەوە قۆناغەکانی ژیانی سیاسیی بەڕێزیان هەڵدەسەنگێنن، پێیان وابێ ئینشعاب و لەتبوونەکان لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا سووچی ئەو گەورە پیاوەی پێوە دیار بێ و پشکی لەو دابڕانانە بەر کەوێ. بەڵام ئەگەر بەوردی سەیری ڕەفتاری کاک جەلیل دەکەین و سەرنج دەدەینە لێدوان، قسە، ڕاسپاردە و ئامۆژگارییەکانی بەڕێزیان و بەباشی و بە ئینسافەوە قەزاوەت بکەین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەو تێکۆشەرە چەندە بۆ یەکیەتی و یەکڕیزیی کورد و هێزە سیاسییەکان لە کوردستان و یەکیەتیی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات بەپەرۆش بووە و هەمیشە هاوار و بانگەوازی بۆ یەکیەتی و یەکڕیزی کردوە. لە بەرامبەریشدا چەندە بێزار بوو لەو هەمووە جیایی و لێکترازانانە. بە شایەتیی زۆر لە هاوڕێیان کە خۆم یەک لەوانم، لە دوای کۆنگرەی ١٣ و کاتێک ئیمکانی بەیەکەوە بوون لەگەڵ بەشەکەی دیکەی دێموکرات زۆر کەم و ئاستەم مایەوە، ئامۆژگاری و تکای کاک جەلیل ئەوە بوو تا بە ئەندازەی داوە دەزوویەک ئیمکانی بەیەکەوە بوون و مانەوە و نەپسان مابێ، هەر دەبێ بیر لە

بەیەکەوە بوون بکرێتەوە، نەک دابڕان و لێکترازان.

ئەرکوەخۆگری و هەست بە بەرپرسایەتی کردن یەکێک لە تایبەتمەندییە دیار و هەرە بەرچاوەکانی تێکۆشەری بەڕێز کاک جەلیل بوو. کاک جەلیل لە «ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ»دا نیزیک بە ٨ ساڵ سکرتێری ئەو بەشەی حیزبی دێموکرات بوو، بەڵام هەر ئەوکات لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا گۆڕانکاری لە بەرپرسایەتیی یەکەمی ئەم حیزبەدا دەکرێ، کەچی کاک جەلیل زۆر بەرپرسانە هاوکاریی سکرتێری تازە دەکا و بەرپرسایەتیی جێگری سکرتێری حیزب وەردەگرێ. ئەم ڕوحی شۆڕشگێڕی و ئەرکوەخۆگرییە لە قۆناخەکانی دواتری ژیانی سیاسیی کاک جەلیل دا بە شێوەی جۆراوجۆر دەردەکەن و دەبینین هەرکات ئاڵوگۆڕ لە بەرپرسایەتیی کاک جەلیلدا ڕووی دابێ، بەڕێزیان وەک تێکۆشەرێکی دێموکرات، زۆر بەرپرسانە جووڵاوەتەوە و ئامادەی وەرگرتنی هەر ئەرک و بەرپرسایەتییەک بووە کە حیزب بۆی دەستنیشان کردووە.

ئەوانەی شارەزای مێژووی حیزبی دێموکراتن، دەزانن بە هەر هۆیەک بووبێ _ کە کەمتر سیاسی و فیکری بووە_ بەداخەوە بە یەکەوە نەحاوانە و وێکهەڵنەکردن و دابڕان و لەتبوون چەند جارێک لە حیزبی دێموکراتدا ڕوویان داوە. ئەمن لام وایە ئەگەر هەڵسوکەوت و جۆری بیرکردنەوە، قبوڵی مەسئوولییەت و بەرپرسایەتی و بڕوا بە دێموکراتبوون و ڕێزگرتن بۆ دەنگی خەڵک، لە چەشنی خەسلەتەکانی کاک جەلیلی گادانیمان کردبا بە کولتوور و نەریتی خۆمان، بێئەملا و ئەولا ڕوحی وێکهەڵکردنمان زیاتر دەبوو و کەمتر ڕێزەکانمان دەترازان و لێک دوور دەکەوتینەوە.

لە کەس شاراوە نیە کەسایەتیی کاک جەلیل جۆرێکە چەندی لەسەر بدوێین و بنووسین هەر کەمی دێنین و دەبینین هێشتا زۆر کەلێن و قوژبنی ئەو باسەمان شەن و کەو نەکردوە. ئەمەش

سروشـتییە، چونکـە ژیانـی کاک جەلیـل خـۆی بەشـێکە لـە دیرۆکـی حیزبـی دێموکـرات. چونکـە کاک جەلیـل هـەر لـە مێرمنداڵیـەوە تێکـەڵ بـە کاری سیاسـی و حیزبـی بـووە. ئەزموونـی ژیـان کاک جەلیلـی فێـر کردبـوو کـە بەدایمـە خاکـەڕا و خەڵکـی بـێ، شـیلگیر و بـە ورە بـێ، هیـچ کات ناهومێـدی نەناسـێ و بەگـژ نەهامەتییەکانـدا بچێتـەوە. ئـەو تایبەتمەندییانـە کاک جەلیلی گادانیـان کردبـوو بـە کادرێکـی تەشکیلاتیی شـارەزا، تێکۆشـەرێکی ماندوویینەنـاس، پێشـمەرگەیەکی هەڵسـووڕ، دیپلۆماتێکی شـارەزا، خەباتکارێکـی خەمخـۆر و سـەرئەنجام ڕێبەرێکـی دیـار و خۆشەویسـتی بزووتنـەوەی کـورد بـە گشـتی و بـە تایبـەت بزووتنـەوەی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان.

ئێسـتا کـە بەداخـەوە کاک جەلیلـی گادانـی بـە جەسـتە لـە نێوانـدا نەمـاوە، پێویسـتە قوتابیـان و هاوبیرانـی لـە هەمـوو ئاسـتەکاندا لێـی فێـر بیـن و ئیلهامـی لـێ وەربگریـن. ئەمـن لـە شـوێنێک و لـە کۆبوونـەوەی ڕەسـمی دا هیـوام خواسـتووە کـە خۆزیـا بـە ئەنـدازەی ناوبـراو کۆمەڵایەتـی و خاکـی و هەڵسـووڕ بوایـەم.

پوختـەی مەبەسـت: ئـەوەی مـن زیاتـر لـەو چـل سـاڵەدا لـە کاک جەلیلـی گادانیـم وەرگرتـوە و لێـی فێـر بـووم ئەوەیـە کـە لـە ڕوانگـەی منـەوە ژیانـی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـی کاک جەلیـل قوتابخانەیەکـە بـۆ فێربـوون لـە هەمـوو ڕەهەندەکانـی ژیانـی سیاسـی، حیزبـی، تەشـکیلاتی و کۆمەڵایەتیـدا، کـە ڕێبوارانـی ڕێگـەی خەباتـی کوردایەتـی و قوتابیانـی دێموکـرات دەبـێ لێـی فێـر بیـن و بیکەیـن بـە تێشـووی ڕێگای خەبـات و تێکۆشـان بـۆ ئێسـتا و داهاتوومـان.

ڕوحـی کاک جەلیلی گادانی شـاد بێ، ڕێگاکەی پڕ ڕێبوار و سـەنگەری خەباتـی هەمیشـە ئاوەدان بێ و خەونەکانی وەدی بێن.

# ڕێژێك له حه‌فتا ساڵ تێكۆشانی جه‌لیل گادانی

عومەر ئیلخانیزادە

گەلی کورد و خەباتەکەی زۆر کەسایەتی لێهاتووی تێدا هەڵکەوتوە، بە داخەوە یان کەم ناسێندراون یان بە هۆی ستەمی لەمێژینەی نەتەوەیی و نەهامەتییەکانی وا بەسەر کورددا هاتوون، ناو و دەوریان وەک شیاوی خۆیانە باس ناکرێ و هەشە کە هەر ناوی سڕاوەتەوە. بزوتنەوەی کوردستان لە هەلومەرجی زۆر نابەرابەردا بۆ مافەکانی جەنگاوە، بۆیە تێکۆشەرانیشی تووشی زۆر سەختی و تەنگ و چەڵەمەی ژیان بونەتەوە. کاک جەلیل گادانی یەکێک لەو

کەسانەیە کە بێسرەوتن ٧٠ ساڵی ئازگار ڕێبواری ڕێگای ئازادی و ڕزگاری بووە و، سەرەڕای هەموو گرفت و ئازارەکان کۆڵی نەداوە و شل نەبۆتەوە.

تەنیا بە زار خۆشە بە سەروماڵەوە و بێ چاوەڕوانی، تەمەنێکی ئاوا لەگەڵ ئەشکەنجە، زیندان، دووریی ئازیزان و تاراوگە و دڕەندەیی داگیرکەر، بە سەربەرزی سەر بکەی. ئەو کەسانە دەتوانن لە وەها تاقیکردنەوەیەکدا دەرچن کە قاڵبووی کوورەی خەباتن. مەخابن لە نێو ئێمە دوای مەرگیان ڕێزیان لێدەگیرێ. شاعیر زۆر جوان دەڵێ:

«چو بر خاکم بخواهی بوسه دادن
رخم را بوسه ده اکنون همانیم»

جیا لە ناسیاوی و دۆستایەتی، کتوپڕبوونی گیانلەدەستدانی چاوەڕوانکراو نەبوو و بێبەهرە بوونی ئێمە و ئازیزانی لە دیداری ئاخر، مەرگی کاک جەلیلی بۆ هەمووان قورستر کرد. ئاشنایەتی و ناسیاویی من لەگەڵ کاک جەلیل گادانی لە سەرەتای شۆڕشی ئیرانەوە دەستی پێکرد. یەکەمجار ناوی ئەوم لە دوکتور جەعفەر کە خزمی بوو، بیست. دواتر کە وردە وردە بۆخۆم لەگەڵی ئاشنا بووم زۆرترم ناسی. ساڵ هات و ڕۆیی و بزاوتی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە ڕۆژهەڵات زۆر شتی تێدا ڕووی دا. کاک جەلیل و منیش لە دوو ڕەوتی جیاوازی نێو ئەو شۆڕشەدا دەورمان هەبوو و بە زۆر هۆکار شانمان وەشانی یەکدی دەکەوت.

بەڵێ لە خۆشی و ناخۆشییەکانی نێو کۆمەڵە و دێمۆکراتدا، لە وتووێژی کاتی گرژییەکان و لە دیالۆگ بۆ ئاشتیدا پێکەوە دواوین.

لـە زۆر دانیشـتنی پێکەوەیـی و دۆسـتانەدا بـە بەشـداریی خەڵکـی دیکـە کەوتوینەتـە یـەک، زۆر جـار لـە بـاس و لێکدانـەوەی سیاسـیدا سـەرگەرمی دەمەتەقە و ڕاوێژ بووین، جاری وابووە هاودەنگ بووین و، هەشبووە کە زۆر جیاواز بیرمان کردۆتەوە. بە هەموو ئەو هەوراز و نشـێوی نێـو شـۆڕش و پێوەندیـی حیزبەکانـی ئێمـە و دۆسـتایەتیی شەخسـی خۆشمان، دەتوانم کاک جەلیل گادانی لە ڕوانگەی خۆمەوە ئـاوا پێناسـە بکـەم:

**پابەند بوون بە لۆژیك:**

هەرکات چ لە وتووێژی دەورەی گرژیی نێوانمان، چ لە باسی ئاشتی و چ لـە دیالۆگی مەجلیسـی، ئینسـان زۆر بـە ڕۆشـنی لێی تێدەگەیشت. گـەر لـە ڕوانیندا لێک دوریش بوایەین هەمیشـە هەسـتم بـەوە کردوە کـە سـەرەڕای هەڵچوونـی جاربەجـاری، بـەڵام لۆژیـک و مەنتیـق لای کاک جەلیل جێگای هەبوو، زۆریش لەمبارەیەوە ڕاستگۆ و سـەمیمی بـوو. بۆیـە لـە ناخۆشـترین دەورەکان و توندتریـن باسـی نێوانمـان، قـەت هەسـتی ناخـۆش بەرانبـەری تێمـدا پەیدا نەبـووە. پێموایـە ئـەوە بۆ ڕابەرێکی سیاسـی و کەسایەتییەکی کاریگەر و لە وەها پێگەیەکدا، خیسـڵەتێکی زۆر باشـە کە متمانـە پێکدێنێ. بەڵێ کاک جەلیل متمانـەی کەسـی بەرانبـەری وەدەسـت دێنـا. ئـەو یەکێـک لـەو کەسـانە بـوو کـە بۆ ئاگربـڕی نێـوان کۆمەڵـە و دێمۆکـرات کاری کـرد و، هەوڵـی باشـی خسـتە گـەڕ و، بـۆ باشکردنـی پێوەندییەکانـی نێوانمـان دەوری هەبـوو.

**هەڵسوڕ و ماندوو نەناس:**

هـەم مـن بۆخـۆم لێـم دیـوە، هـەم بیسـتوومە لـە هاوڕێیانـی حیزبـی دێمۆکـرات کـە لـە نیزیکـەوە کاریـان لەگـەڵ کـردوە و، هـەم ژیانـی سیاسـیی کاک جەلیـل، دەری دەخـا کـە چالاکوانێکـی نەسـرەوتوو و پەیگیـر بـووە. لـە دانیشـتن و دیالۆگیشـدا مانـدوو نەدەبـوو، تاقەتـی هەبـوو بـدوێ هەتـا چارەسـەر دەدۆزرێتـەوە. ئـەو هەمـوو وزە و ئێنێرژییە لە عیشقی بە کار و وەزیفەی سەرچاوەی دەگرت. لە بیرمە لـەو سـاڵانەی دواییدا چەندین جار هاتـە لای هەموو حیزبـەکان و بـە تایبەتـی کاری هاوبەشـی کۆمەڵـە و دێمۆکراتـی بـەلاوە گرینگ بوو، تـا بەشـکەم شـتێک وەڕێ بخـرێ. لەو هاتن و چونانـە بـە ڕۆشـنی دەبیندرا وەک دڵسـۆزیکی بزووتنەوەکە، نـەک وەک حیزبییـەک دەدوا و ڕاوێژی لەگـەڵ هەموومـان دەکرد و هاندەر بـوو بۆ هەنگاو هەڵگرتن. پێموایـە هەوڵەکانیشـی بێئـاکام نەبـوون. دەمارگرژیـی سـێکتی و حیزبـی زاڵ نەبوو بەسـەر ڕوانینیدا، بەرژەوەندیی گشـتیی بزوتنەوەکە لای گرینگ بـوو. ئـەو هـەوڵ و دڵسـۆزی و هەڵسـووڕانانەش ئامـاژەن بـۆ بـڕوا بـە خەباتـی ڕەوای گەلـی کـورد. جەلیـل گادانـی بۆیـە دەیتوانـی لـە دەوروبـەری خـۆی تـۆوی خەبـات و کۆڵنـەدان بـڵاو کاتـەوە و جوڵـەی زۆرتـر بەرێتـە نێـو جیلـی نـوێ.

### بێ فێڵ و ڕاستگۆ بوو

هەر کەس لەگەڵی کاری کردبێ و دیتبێتی ئەوە دەسەلمێنێ کە ڕەنگە لەگەڵی هاوڕا نەبووبێ و جیاوازی لە نێوانیاندا هەبێ، بەڵام نیگەران نەبووە کە ناڕاستی و شیلە و پیلەی لە کاردا بێ. قسە و قەولی ڕاستت لێ دەبیست. لەگەڵ کەس و لایەنی جیاواز دەحاواوە و هەڵی دەکرد. بۆیەشە توانیبووی پێوەندیی زۆر لەگەڵ کەس و لایەنی جیاواز پێکبێنێ و ڕێگای پێکەوە کار کردن بهێڵێتەوە.

### سادە و ساکار، خۆبەخش و لێبوردوو

کاک جەلیل لە هەموو هەڵسوکەوتیدا سادە، سەمیمی، زوو ئاشنا و لە ژیانی خەباتکارانەی هەرچی بووی و نەیبوو لەسەر لەپی دەستی دانابوو. لە هەوەڵین دیداردا هەستت دەکرد بڕێک مۆن دەردەکەوت، بەڵام هەر زۆر زوو لەگەڵی خۆیی دەبوویەوە و خۆشت دەویست. ورە و باوەڕی بە خەبات و ڕزگاریی نەتەوەکەی وای لێکردبوو کە سەروماڵی تێوەچێ و سڵ نەکاتەوە لە لەمپەری سەر ڕێگا و کەند و کۆسپی ژیان، هەمیشە گەشبین و هیوابەخش بوو، ئەو خیسڵەتەش ڕێز و ئیحتیرامی بۆ دابین دەکرد. ئینسانێکی بەهەست بوو کە تۆ زوو دەتتوانی کاردانەوەی بە خۆشی و ناخۆشی، لە ڕواڵەتیدا ببینی. حەیفێ لە نێو نەریتی حیزبی ئێمەدا ڕێزگرتن لە یەک زوو و، دوای بچووکترین ناتەبایی، جێی پێ لێژ دەبێ. با ئەو یادە بکەینە دەرفەتێک بۆ ڕێز دانانی پڕاوپڕ لە هەموو تێکۆشەرانی خەبات بۆ ڕزگاری. کاک جەلیل لە ناومان نەما، بەڵام هەوڵ و تێکۆشانی دیارە و ناسڕێتەوە، زەحمەت و کاری جێی ڕێز و پێزانینە. با لە باشییەکانی

فێر بین و پەرەیان پێبدەین و بیکەینە وانە بۆ جەلیلەکانی داهاتوو.
با یادی بکەینە دەرفەتێک بۆ لێکتێگەیشتن و دیالۆگ لە پێناو ئامانجە بەرزەکانی بزاوتی دادپەروەرانە و خەباتی مێژوویی گەلی کورد.

یادی بەڕێز و بەرز ڕادەگرین تا هەموان بزانن ئەو کاروانە وەفادارە بە هاوکاروانیانی.

# کاک جەلیلی گادانی
# ئاوێنەی باڵانوێنی شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە

■ حەسەن ڕەستگار

وابزانم هێشتا کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی مەحەممەد ڕانەگەیەنرابوو لە بەر دەرگای شارەوانیی ئەوکاتدا بڵیندگۆیەک داندرابوو کە ڕۆژانە جاروبار خەڵکانێک هەواڵی ڕۆژانە و دەنگ و باسیان بڵاو دەکردەوە. زۆر جاریش لاوان سروودی نیشتیمانی و شێعر و بابەتی ڕۆژیان لێ بڵاو دەکردەوە.

ڕۆژێک لەم ڕۆژانە دەگەڵ چەند منداڵێکی هاوتەمەنم بە جادەی بەر شارەداریدا ڕادەبردین، گەنجێک لە پشت بڵیندگۆکە ڕاوەستابوو

و شێعری نیشتیمانی دەخوێندەوە، ئێمەش بەوبەری جادەکەوە ڕاوەستاین بەرامبەری بڵیندگۆکە. بۆمان جێی سەرسووڕمان بوو کە گەنجێکی کەم تەمەن لە پشت بڵیندگۆوە بتوانێ قسە بکا یان سروودی نیشتیمانی بە دەنگی خۆش بخوێنێتەوە. بۆ من نائاشنا بوو. پرسیارم کرد ئەوە کێ یە؟ وڵامیان دامەوە ئەوە جەلیلی گادانی، کوری حاجی ئەحمەدی گادانی‌یە.

زەمان هات و ڕابرد هەر لە چوارچرای پێش ئەو شارەداری‌یە، کۆماری کوردستان لەو مەیدانە گەورەیە بە بەشداریی عەشیرەتەکانی دەوروبەری ورمێ و سەڵماس و خۆی و ماکۆ و هەروەها عەشیرەتەکانی دەوروبەری مەهاباد و بۆکان و سەقز و پیرانشار و شنۆ بە ئامادەبوونی مەلا مستەفای بارزانی و بارزانییەکان و هەموو خەڵکی مەهاباد و دەوروبەری، لە لایەن پێشەوا قازی مەحەممەد ڕاگەیەندرا.

بە دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان و گەڕانەوەی دەسەڵاتی ڕێژیمی پاشایەتی بۆ مەهاباد، ئێمەی منداڵ زۆر نارەحەت بووین. سەرەڕای چاوپێکەوتنی لە دار دانی پێشەوا قازی و هاوڕێکانی حەمەحوسێن خان و سەدری قازی و پۆلێک لە ئەفسەرانی کۆمار و سەرکردەکان لە بۆکان و سەقز، دەبوایە دیسان بە فارسی دەست بە خوێندن بکەینەوە.

بەدوای ئەو کارەساتە دڵتەزێنە من ئاگام لە چارەنووس و خودی کاک جەلیلی گادانی نەما. بە تێپەڕینی زەمان زۆری نەخایاند شەڕی بارزانییەکان و ئەرتەشی ئێران لە شنۆ و دەوروبەری دەستی پێکرد. هێشتا پێشەوا و هاوڕێکانی لە دار نەدرابوون خەڵکی مەهاباد دەستەودوعا ڕادەوەستان و لە خودایان تەڵەب دەکرد بارزانییەکان

بە سەروکایەتیی مەلا مەستەفا بە سەر لەشکری شایدا سەرکەون، کە تەرمی سەرگورد کەلاشیان هێناوە بۆ مەهاباد، خەڵک و ئێمەی منداڵیش زۆر بەوە دڵخۆش بووین کە لەشکری ئێران تێک شکاوە. هەرچۆنێک بوو بە ڕادیو خەبەر بڵاوبۆوە کە بارزانییەکان لە ڕووباری ئەرەس پەڕینەوە بۆ سوڤیەتیی ئەوکات.

دوو ساڵ دوای ئێعدامی پێشەوا و کۆمەڵێک لە کاربەدەستانی کۆماری کوردستان، لە تاران تەقە لە شای ئێران کرا، شا بریندار بوو بەلام نەکوژرا. دیسان لە کوردستان گرتن و هەلاتن و زەبروزەنگ دەستی پێ کردەوە. لەو ماوەیەدا کە نیزیک حەوت ـ هەشت ساڵی خایاند هیچ هەواڵێکم لە کاک جەلیلی گادانی نەبوو تا ئەو کاتەی دوکتور محەممەدی موسەدیق بوو بە سەرۆکوەزیرانی ئێران و نیمچە ئازادییەک بۆ خەڵک هاتە ئاراوە. خۆپیشاندان لە شارەکانی ئێران بە تایبەتی لە شاری گەورەی تاران دەستی پێکردبوو. لەو سەردەمەدا شاری مەهابادیش وەجووڵە کەوتبوو. ناوی کۆمەڵێک گەنج و لاوی مەهابادی کەوتبووە سەرزار و زمانان وەکوو، عەزیز حیسامی، عەبدوڵلای ئیسحاقی و جاروبار ناوی جەلیلی گادانیش دەهاتە گۆڕێ. من خەریکی خوێندن بووم و زۆر ئاگام لە کاری سیاسی نەبوو، جگە لە خوێندن ڕووم لە وەرزش کردبوو و تێشیدا سەرکەوتوو بووم.

بە دوای کودتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی هەتاوی بە دژی سەرۆک وەزیران دوکتور موسەدیق و گەڕانەوەی محەممەد ڕەزاشای هەلاتوو، گرتن و ڕاونانی تێکۆشەرانی کورد لە شاری مەهاباد و شارەکانی دیکەی ئێران دەستی پێ کرد. بێجگە لەو کەسانەی لە شاری مەهاباد گیران کۆمەڵێکی زۆری دیکە بەرەو گوندەکانی دەوروبەری

مەهاباد و پیرانشار و سەردەشت ڕایان کرد و خۆیان حەشار دا کە زۆربەیان بۆ خەڵکی مەهاباد و لاوانی ئەم شارە ناسراو بوون.

بە دوای ئارام بوونەوەی کەش‌وهەوای کودتا و ئازادیی زیندانییە سیاسییەکان و گەڕانەوەی زۆربەی هەڵاتووەکان بۆ شاری مەهاباد، کەم تا کورتێک نیوەئارامییەک کەوتەوە ئاراوە.

ماوەی دوو-سێ ساڵی بە سەردا تێپەڕی، قسە هەبوو کە عەبدوڵڵای ئیسحاقی و جەلیلی گادانی و هاشمی ئەقەلوتولاب هەر لە دەرەوە ماون و خۆیان تەسلیمی حکوومەتی شای ئێران نەکردۆتەوە و تێکۆشانی حیزبی دەکەن لە گوندەکان.

هەست دەکرا لە نێو شاری مەهابادیش جموجوڵی سیاسی هەیە و لەم کاتانەدا بوو منیش بە هۆی مەحموودی مەنگوڕی، برای مامۆستا جەعفەری مەنگوری و هاشمی حوسێن‌زادە بووم بە حیزبی و ساڵی ١٣٣٦ ئاشنایەتیم دەگەڵ هێندێک لە بەرپرسانی حیزبی دێمۆکڕات پەیدا کرد و زۆریش هەڵسوور بووم. ماوەیەک ئەسعەدی خودایاری بەرپرسم بوو، دواتر دەگەڵ یوسفی ڕێزوانی ئاشنای کردم، یوسف بوو بە بەرپرسم. کەریمی حیسامی دوای ئازاد بوونی لە زیندان، ماڵی هاتبووە مەهاباد و بە هۆی یوسفی ڕێزوانی یەک-دووجار چاوم پێی کەوت و داستانی چوونی بۆ بوخارست پێتەختی ڕۆمانی بۆ دەگێڕامەوە کە چەند لەوێ بووە و چی دیوە و چۆن لە گەڕانەوەدا لە مەرزی ئێران هەموویان گیراون.

کودیتای ١٤ی تەمووز لە عێراق و هاتنە سەر دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ١٩٥٨ی زایینی ڕێژیمی حەمەڕەزا شای تاساند، بە تایبەتی کە حکومەتی تازەی عێراق لە پەیمانی بەغدای دژی کورد هاتە دەر و بڕیاری گەڕانەوەی مەلا مستەفای بارزانی

بۆ عێراقی دا. ئەوەندەی من بزانم کوردەکانی ئێران بەم ئاڵوگۆڕ و پێشهاتە زۆر خۆشحاڵ بوون. بە زەقی دیار بوو بووژانەوەی حیزب بە تایبەتی لە شاری مەهاباد بەرەو پێش دەروا.

بەهار و هاوینی ١٣٣٨ی هەتاوی دەنگۆی ئەوە بوو چەند کادرێکی حیزبی لە لایەن ژاندەرمەکانی حەمەڕەزا شاوە دەستگیر کراون.

ڕۆژێک یوسفی ڕێزوانی کە بەرپرسی ڕاستەوخۆی من بوو لە حیزبدا، بە دوایدا ناردم چاوم پێی بکەوێ. ڕۆیشتم بۆ چاوپێکەوتنی، بە دوای چاک و چۆنی بۆی باس کردم کە کاک جەلیلی گادانی گیراوە و هێناویانە بۆ سەربازخانەی مەهاباد و لە پاستارخانە زیندانییە. نامەیەکی کاک جەلیلی لە گیرفان دەرهێنا و بۆی خوێندمەوە کە نیوەرۆکەکەی بەم جۆرە بوو «لە شارویران گیراوم هێناویانم بۆ پادگانی مەهاباد، بەڵام من شوناسنامەیەکم هەیە بە ناوی کەریم و گوتوومە من جەلیلی گادانی ناناسم. ئەگەر ئێوە هیمەت بکەن دەتوانن بە هۆی گروبانێکی سەرۆکی شەوانەی پاستارخانە من ڕزگار بکەن». یۆسف گوتی ئەتۆ لەو هاوڕێیانەی ئەرتەشی کەست پێ شک دێ یارمەتی بکا؟ گوتم ئەگەر ڕەسوڵی پێشنەمازی ئامۆزام لێرە با بە ئاسانی دەمتوانی. چونکی ئەو چەند ڕەفیقی گروبانی ئازەریی هەیە و دەیانتوانی ئەو کارە بکەن. گوتی ڕەسوڵ لە کوێیە؟ گوتم نەقڵی شاری شنۆ کراوە. گوتی بزانە هەوڵێکت بۆ نادرێ نەقڵی مەهابادی بکەنەوە. گوتم زۆر باشە. پێوەندیم بە کاک ڕەسووڵەوە گرت کە هەوڵ بدا بەڵکوو بۆ مەهابادی نەقڵ کەنەوە. ڕەسووڵ ئێوارە پێنج شەمۆیەک پەیدا بوو. داستانەکەم بۆ گێڕاوە، گوتی هەوڵم داوە داوای سەت تمەن بەرتیلم لێ دەکەن بۆ نەقڵەکەم بۆ مەهاباد. سەت تمەنی ئەو کات زۆر بوو،

نـە خۆمـان هەمـان بـوو، نـە کەسـیش بـە قـەرز دەیـدا بـە ئێمـە. چەنـد کەسـی سـەر بـە ڕێژیمـی شـایان لـە مەهاباد بردبوو بۆ زیندان، ئەوان لـە دوورەوە کاک جەلیلیان ناساندبوو و گوتبوویـان بەڵێ ئـەوە جەلیلی گادانـی، خەڵکـی مەهابادە و کوڕی حاجی ئەحمـەدی گادانییـە. بـە دوای ئـەو پێشـهاتەدا کاک جەلیلیـان ڕاگواستبوو بۆ شـارێکی دیکـە کـە ئێمـە نەماندەزانـی بـۆ کـوێ ڕاگوێـزراوە.

مانگـی خەزەڵـوەری پاییـزی ١٣٣٨ ئێمەمانانیـش لـە مەهابـاد و پیرانشـار و سـەردەشـت و بانـە و سـنە و کرماشـان و شـنۆ و ورمـێ و گوندەکانی دەوروبـەری ئـەم شـارانە لـە لایـەن سـاواکی حەمـەڕەزا شـاوە گیرابوویـن. بـە دوای ئـەزیـەت و ئەشـکەنجەیەکی زۆر لـە شـاری تەوریـز و شـارەکانی دیکـە هەموومانیـان لـە شـاری تـاران و زیندانـی بەناوبانگـی ئەوکاتـی « قـزل قـەڵا » کـۆ کردنـەوە و وەزعێکـی زۆر ناخۆشـمان هەبـوو. دوای ماوەیـەک سـێ کەسـیان لـێ ڕاگواسـتین بـۆ زیندانـی دیژبانـی تارانـێ کـە نیزیـک دادگای ئەرتەشـی بـوو.

بـە دوای دادگای سـەرەتایی و پێداچوونـەوە کاک ڕەحمەتـی شـەریعەتی خەڵکـی سـنە، کاک عەزیـزی یوسـفی و کاک غەنـی بلووریـان خەڵکـی مەهابـاد، کـە ئـەو دووانـەی دوایـی فەوتیـان کـردووە، بـە ئێعـدام حوکـم دران و باقـی هاوڕێیـان کـە ڕادەمـان سـی و چەنـد کـەس دەبـوو بـە زیندانـی هەتـا هەتایـی و ١٥ سـاڵ و ١٠ سـاڵ حوکـم دران. بـە دوای ئـەوەدا ئـەو سـێ کەسـەی سـەرەوەیان لـە ئێمـە جیـا کردبـۆوە، ئێمەیـان بـۆ زیندانـی بـە ناوبانگـی قەسـری قەجـەر لـە تـاران گواسـتەوە کـە هاوڕێکانـی دیکەشـیان هـەر هێنابوو بـۆ ئـەو زیندانـە. کاک جەلیلی گادانیش هەر دەگەڵ ئەو دەستەیە بوو. بە ئێمەیان -کە دەستەی یەکەم بوویـن- گوتبـوو کـە دەتوانیـن بـە نامـە پێوەنـدی بـە بنەماڵەکانمانـەوە

بکەیـن و چاوپێکەوتـن دەگـەڵ بنەماڵـە و خزمانیـش ئـازادە. سـەرەتا نەیاندەهێشـت سـەردانی کاک جەلیـل و ئـەو دەسـتە زیندانییـە بکەیـن کـە لـە حەوشـەیەکی دیکـە بـە چەنـد هـۆدەوە ڕاگیرابـوون. دواتـر کـە دادگای پێداچوونـەوەی ئەوانیـش تـەواو بـوو، هاتووچـۆی ئەوانیـش ئـازاد بـوو. لـەو نێوەدا کاک جەلیل سـەردانی  هەمـوو لایەکی دەکـرد و بـە کاروبـاری زۆر لـە خەڵکەکـە ڕادەگەیشـت.

جێژنـی ڕێبەندانێکمـان هـەر لـەو زیندانـە گـرت کـە بـۆ زیندانیانـی سیاسـیی ئـەودەم کـە زۆرتـر ئەفسـەری توودەیـی کادرەکانـی حیزبـی تـوودە بـوون، سـەرنجڕاکێش بـوو کـە کاک جەلیـل لـەو جێژنـەشدا دەورێکـی بەرچـاوی گێـڕا بـە خوێندنـەوەی سـروودی نیشـتمانی بـە دەنـگ کـە ئێمەمانانیـش هاوڕێیەتیمـان دەکـرد و ئـەوە لـەو کاتـەدا بـوو کە حوکمی ئێعدامی سێ کەسـەی باسکراو شکابوو و ببوو بە زیندانی هەتاهەتایی و تـرس شـکا بـوو و دەمێـک بـوو ئەوانیشـیان هێنابۆوە بۆ زیندانـی قەسـری قەجـەر.

سـاڵ و نیوێـک تێپـەڕی و کۆمەڵێـک لـە زیندانیـی کـورد ئـازاد کـران و حوکمـی زۆر لـە زیندانییەکانـی ئێمـەش کـەم کرانـەوە و وەزعـی سیاسـیی ئێرانیش هەتـا ڕادەیـەک بـەرەو کرانـەوە دەڕۆیشـت. جیبهـەی میللـی گۆیـا خۆپێشـاندانێکی سـەد هـەزار کەسـییان بەرێـوە بردبـوو.

سـاڵێک و چەنـد بـە دوای ئـەو کۆمەڵـە زیندانییـە کـوردە کـە ئـازاد کرابـوون، ئێوارەیـەک نـاوی چل-پەنجـا کەسـی دیکەیـان خوێندەوە بۆ ئـازاد کـردن کـە نـاوی مـن و کاک فەتاحـی کاویـان و میـرزا مەحەممـەدی کەریمـی « قاقـە « (بـرای کاک هاشـمی کەریمـی و باوکـی کاک کەماڵـی کەریمـی) و کۆمەڵێـک لـە خەڵکـی بانـە و شـار و گوندەکانـی دیکـەی تێدا بـوو. ئیـدی مـن ڕاسـتەوخۆ ئـاگام لـە زینـدان و کاک جەلیـل و برادەران

برا.

ساڵی ١٣٤٢ من لەگەڵ چەند کەس لە هاوڕێیانم، کاک حوسێنی مەدەنی، کاک ڕەسووڵی پێشنماز، فەتاح قادری و سمایلی نمەشیری هاتین بۆ گەرمێنی کوردستانی عێراق کە باسی ئەو ساڵانەش دوور و درێژە.

ساڵی ١٣٥٢ کاک هاشمی کەریمی کە لە تاران هەم مامۆستای قوتابخانە بوو و هەم دەیخوێند بۆ وەرگرتنی لیسانس، بە دوای شەهید بوونی مەلا قادری وێردی؛ ڕایکردبوو بۆ گەرمێنێ و لە شاری سلێمانی یەکترمان بۆ یەکەم جار چاو پێکەوت. من لە زیندان دەگەڵ میرزا مەحەممەدی برا گەورەی کاک هاشم زۆر دۆست بووین. داستانی ژیانی خۆی بۆ گێڕامەوە و کوتی ئەتۆ سەید مەحەممەدی کولیجی ئەناسی خەڵکی سابڵاغە و پێی ئەڵێن سەید «کەڵەک»؟ گوتم زۆر چاک، گوتی ئەمە لە تاران ڕەییسی دەبیرستانێک بوو کە من و کاک جەلیلی گادانی بە قاچاغ لەو دەبیرستانە دامەزراندبوو و دەرسمان دەکوتەوە.

ساڵ هاتن و ڕۆیشتن. ساڵی ١٣٥٧ کە ڕێژیمی شای وەلەرزە کەوتبوو، زیندانییانی سیاسی زوو ئازاد دەکران. ناو و ناوبانگی کاک جەلیلی گادانی لە کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و دەفتەری سیاسی هاتبووە گۆڕێ کە عەزیزی یوسفی دوای ئازادبوونی لە تارانەوە هێناوەتەوە مەهابادێ و پێشوازییەکی گەورەی لە لایەن خەڵکی مەهابادەوە لێ کراوە. هەروەها بە دوای نەخۆش کەوتنی کاک عەزیزی یوسفی کە بردوویانە بۆ تاران هەر لە ماڵی کاک جەلیل بووە و هەر لە ماڵە کاک جەلیلیش بە نەخۆشیی دڵ فەوتی کردووە. لە تارانەوە کاک جەلیلی گادانی و کۆمەڵێک لە خەڵکی دڵسۆز و

تێکۆشەر تەرمی کاک عەزیزی یوسفی دەهێننەوە بۆ شاری مەهاباد و پێشوازییەکی بێ وێنە لە تەرمی کاک عەزیزی یوسفی و هاوڕێیانی دەکرێ. بۆ ناشتنی تەرمی کاک عەزیز لە گۆڕستانی مەهاباد خەڵک بەکۆمەڵ ئامادە دەبن، مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسێنی ئیمامی هەینی ئەو کاتی مەهاباد قسە لە سەر تێکۆشانی عەزیزی یوسفی دەکا. خەڵکەکە بە دروشم و خۆپێشاندان دژی ڕێژیمی پاشایەتی دەگەڕێنەوە بۆ نێو شار. لە ڕۆژی سێهەمی دوای بە خاکسپاردنی تەرمی کاک عەزیز دیسان خەڵکی شاری مەهاباد تێکرا دێنەوە سەر گۆڕی کاک عەزیز و شەهیدانی دیکەی کورد و لەم کۆبوونەوە گەورەیەدا کاک جەلیلی گادانی لە ماشێنێکدا بە بڵێندگۆی قسە بۆ خەڵکەکە دەکا، دیسان خەڵک بە دروشمی دژی ڕێژیم و خۆپێشاندان دەگەڕێنەوە ناو شاری مەهاباد.

چەند ڕۆژ بە دوای ناشتنی کاک عەزیز و خۆ پێشاندانەکانی خەڵک، ساواکی حەمەڕەزا کۆمەڵێک لاو و کەسانی چالاکی سیاسی شاری مەهاباد دەگرێ کە یەک لەوان کاک جەلیلی گادانی دەبێ. بوونی کاک جەلیل لە نێو زیندانییەکان کە پێشینەیەکی زۆری لە زیندانەکانی حەمەڕەزا شا دەبێ، دەبێتە هۆی وره بەرزیی هەموو گیراوە سیاسییەکان و پێشەنگی زیندانییەکان.

ئەم هەواڵانە بە زوویی دەگەیشتنە بەڕێوەبەریی حیزب لە گەرمێن و جێگای هومێدی ڕێبەری حیزب بوون. هەر ئەو ساڵەش شەهید دوکتور قاسملوو لە ئورووپا گەڕابۆوە بەغدا و ئامادەگی ڕاگەیەندرا بۆ گەڕانەوە بۆ نێوخۆی وڵات و دابەش کردنی شوێنی ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندی.

بە دوای گەڕانەوەی دەفتەری سیاسی و زۆربەی کومیتەی ناوەندی

بۆ نێوخۆی وڵات لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی گۆیا ماوەیەک شەهید دوکتور قاسملوو هەر لە ماڵی کاک جەلیلی گادانی بوو لە تارانێ پێش ڕاکردنی شا و ڕووخانی ڕێژیمی پەهلەوی. من و کاک مەلا ڕەسوولی ئامۆزام و کاک یوسفی ڕێزوانی لە مانگی ڕەشەمەی ١٣٥٧ گەیشتینەوە شاری مەهاباد کە ڕێژیمی حەمەڕەزا شا نەمابوو.

لە کۆبوونەوەیەکی کومیتەی ناوەندی کە ساڵی ١٣٥٨ لە شاری مەهاباد گیرا بە هۆی تێکۆشانی بەرچاوی کاک جەلیلی گادانی و کاک دوکتور سادقی شەرەفکەندی لە تاران بە ئەندامی موشاویری کومیتەی ناوەندی دیاری کران، هەروەکوو دوکتور ڕەحیمی سەیفی قازیش بە موشاویر وەرگیرابوو.

لە کۆنگرەی چواری حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران کە دوای شەڕی سێ مانگە لە مەهاباد پێک هات، کاک جەلیلی گادانی بوو بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی و یەکجار چالاکیش بوو. لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبیش کە لە ساڵی ١٣٦٠ پێک هات دیسان بۆ کومیتەی ناوەندی و هەروەها بۆ دەفتەری سیاسیی حیزب هەڵبژێراوە. ماوەیەک بەرپرسی کومیسیونی کۆمەڵایەتی بوو، دواتر بوو بە بەرپرسی دەفتەری سیاسی ژمارە یەک، کە زۆرتر لە نێوخۆی وڵات کاری دەکرد. سەرەرای هێرشی بەردەوامی هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامی بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە و بە تایبەت دەفتەری سیاسیی ژمارە یەک کە کاک جەلیل بەرپرسی بوو، بە ناچار چەند جار شوێنی دەفتەری سیاسییان ئاڵوگۆڕ کرد کە دوژمن نەتوانێ زەفەری پێ بەرێ.

لە کونگرەی شەشەمدا بە پێی ئاڵووگۆڕێک کە لە دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندییشدا پێک هات، منیش دەگەڵ کاک جەلیل

لـه دەفتـەری سیاسـی بووینـە هاوئـۆرگان. کاک جەلیـل لـە پۆسـتی بازرەسـی‌دا بـە ڕادەیـەک هەڵسـووڕ بـوو کـە هەمـوو کادرەکانـی ئـەو کومیسـیونە ماندوویيـان پێوە دیـار بـوو، هینـدەی بـە شـەو و ڕۆژ بۆ ئەمـلاو ئـەولا بـرۆن و لـە کۆبوونـەوەدا بـن.

کاک جەلیل دوای کۆنگرەی شەشـەم بۆ مـاوەی شـەش مانگ بـوو بە بەرپرسـی دەفتـەری حیزب لە پاریـس و بەرپرسـی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکڕاتـی لـە شـوڕای نیشـتمانیی بەرگریـی ئێران کـە ناوەندەکـەی لـە شـاری پاریـس بـوو.

لـە کۆنگـرەی حەوتـەم‌دا کـە لـە سـاڵی ١٣٦٤ بەسـترا هـەر لـە گونـدی چۆڵکـراوی گەورەدێـی باشـووری کوردسـتان بـە ئەندامـی کومیتـەی ناوەنـدی هەڵبژێردرایـەوە، بـەڵام بـۆ دەفتـەری سیاسـی کاک مسـتەفای هیجـری جێگای کاک جەلیلـی گرتـەوە.

لــە کۆنگــرەی هەشــتەمدا کــە لــە ســاڵی ١٣٦٦دا گیـرا کاک جەلیلـی گادانـی و چەنـد کەسـی دیکـە بـە ناڕەزایەتـی دەربڕیـن بـە لیسـتەی فیکسـی پێشـنیارکراو نـاوی خۆیـان لـە لیسـتەی فیکس دەرهاویشـت و خۆیـان بەربژێـر نەکـردەوە بـۆ کومیتـەی ناوەنـدی.

بـە دوای کۆنگرەی هەشـتەم‌دا کـە بـە داخـەوە جیابوونـەوە لـە حیزبی دێمۆکراتـی کوردسـتان‌دا ڕووی دا، کاک جەلیـل گادانـی بـۆ مـاوەی نیزیـک هەشـت سـاڵ بـوو بـە سـکرتێری گشـتیی (حیزبـی دێمۆکڕاتـی کوردستانی ئێران- ڕێبەرایەتیی شۆڕشـگێر). کاک جەلیل لـە دەورانـی سـکرتێریی خـۆی‌دا هەمیشـە لایەنگـری ئاشـتی و برایەتـی بـوو و لایەنگـری لـە بیـروڕای ئـازاد و دێمۆکراسـی دەکـرد.

لــە دەورانــی وەســەریەک کەوتنــەوەی حیزبــی دێمۆکراتیــش‌دا کــە لـە دەفتـەری سیاسـی و کومیتـەی ناوەنـدی‌دا بـوو، ئـەم بۆچوونـەی

پاراستبوو. سەرەرای ئەمەش هەرکارێک و بەرپرسایەتییەکی پێی ئەسپێردرابا بێ ماندووبوون بەڕێوەی دەبرد.

مەخابن لە مانگی گەلاوێژی ئەمساڵدا بە هۆی پەتای کۆرۆنا کۆچی دوایی کرد و دوای تەمەنێکی دوور و درێژ تێکۆشان، ئەرکی دوارۆژی بۆ ئازادیی کورد و کوردستان بە هاوڕێیانی دوای خۆی و نەوەی نوێ سپارد.

# جەلیل گادانی،
# قوتابخانەیەك بۆ فێربوون و ئەرك‌وەخۆگری

■ عومەر باڵەکی

دەست بردن بۆ پێنووس بۆ ئەوەی لەسەر کەسایەتیی کاک جەلیل گادانی بنووسی کارێکی گەلێک سەخت و دژوارە، چونکە کەسایەتیی کاک جەلیل گادانی هەڵگری زیاتر لە ٧٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانە لە ڕێی وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زیاتر لە ٧٠ ساڵ وەک پێشمەرگەیەک مانەوە لە سەنگەری دیفاع لە خاک و نیشتمان و زمان و کولتووری نەتەوەیەک، زیاتر لە ٧٠ ساڵ وەک سیاسییەک تێکۆشاوە لە ڕیزی ڕێبەرانی سیاسیی گەلی کورد بۆ بردنەپێشی پرسی کورد و ئازادی و دێموکراسی لە کوردستان و ئێران، هەر بۆیە زەحمەتە بتوانرێ بە وشەکان سەنگ

و قورسایی ئەو ماوە دووورودرێژە لەخەبات و تێکۆشانی ڕەوانشاد کاک جەلیل و کاریگەریی ئەو لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان لە حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تەواوی دەربخرێ و حەقی خۆی پێ بدرێ. لەگەڵ هەموو ئەو ڕاستییە منیش بەو چەند دێڕە هەرچەند بە لەنگولۆری بێت دەمهەوێ ڕێز و وەفادارییی خۆم بۆ ئەو ماوە دووورودرێژە لە خەبات و تێکۆشان و ماندووبوونی ڕەوانشاد کاک جەلیل گادانی دەرببڕم.

سەرەتاکانی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بوو کە لە نزیکەوە کاک جەلیل گادانیم ناسی. هەر لە یەکەم دیداردا بۆ من کە لە هەڕەتی لاویەتیدا بووم و هەڵسووڕان و قسەکردن و کاریگەریی کاک جەلیل لەسەر دەوروبەری جێگای سەرنج و تێرامان بوو. کاک جەلیل بە هەڵسوکەوتی جوان و دڵسۆزانە و تایبەتمەندییەکی کۆمەڵایەتی کە هەیبوو زۆر زوو خەڵکی دەوروبەری دەخستە ژێر کاریگەریی خۆی و ئەو هەستەت لا دروست دەبوو کە لە دڵەوە خۆشت بوێ و لەخۆتی بە نیزیک بزانی. بە داخەوە ئەو دەورانە بۆ من بە هۆی داسەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستان زۆر کەموکورت بوو. شەڕ لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە بەسەر کوردستاندا سەپا و منیش وەک لاوێکی تینووی ئازادی و پاراستنی نیشتمان شانازیی پێشمەرگایەتیم لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا پێ بڕا. وەک پێشمەرگەیەکی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو جار بە دائیم لە بۆنە و کاری جۆراوجۆری حیزبیدا گوێبیستی ناوی کاک جەلیل گادانی دەبووم. کات بە خێرایی تێپەڕ دەبوو و ئێمە بە هۆی سەرقاڵبوونمان بە خەباتی پێشمەرگانە هەستمان بە تێپەڕبوونی کات بەو خێراییە نەکردبوو دوای نیزیک بە بیست ساڵ بەهۆی کار و بەرپرسایەتیی حیزبی شانازی ئەوم پێ بڕاوە کە بۆ

جارێکی دیکە ببمەوە هاوکاری نیزیکی کاک جەلیل، بەو جیاوازییە لەگەڵ ئەوەدا کاک جەلیل تەمەنی هەڵکشابوو و منیش هەروا، بەڵام کاک جەلیل هەمان گوڕوتینی جارانی هەبوو، بەڵام من هەستم بە شەکەتی دەکرد.

کاک جەلیل بێجگە لەوە کە وەک ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب ئەرکەکانی ڕادەپەڕاند، لەهەمان کاتدا ئەرکی ئۆرگانێکی پڕ کاری وەک کۆمیسیۆنی ماڵیی لە ئەستۆ بوو و ڕۆژانە لەگەڵ ئێمە خەریکی ڕاپەڕاندنی کارە جۆراوجۆرەکانی خەدەماتی و تەدارۆکاتیی ئەو ئۆرگانە بوو، لەهەموو بەشەکانی دەپرسییەوە و ڕاسپاردەکانی دەسپارد، لەگەڵ هەموو ئەو پڕکارییە لە بچووکترین فورسەت کە هاتبا پێش لە خوێندنەوە و نووسین غافڵ نەدەبوو، و لەهەمان کاتدا بە دایمە هاندەری ئێمەمانان بوو، بۆ نووسین و خوێندنەوە و گەلێک جاران هاندانەکانی تێکەڵ دەبوون بە گلەیی وگازندە لە ئێمە و کەسانی وەک ئێمە کە بۆچی دەست بۆ قەڵەم نابەن و ئەگەر لەسەر پرسە سیاسییەکان نانووسن لانیکەم بیرەوەرییەکانتان بنووسن، ژیانی پێشمەرگایەتی ئێوە پڕە لە خۆشی و ناخۆشی، کارەسات و خوێن و قوربانیدان، ماندوویی و برسیەتی، شەکەت و هیلاکی، بۆیە پێویستە ئەو ژیانە بنووسرێتەوە و چ کەسێک باشتر لەخۆتان هەیە بۆ نووسینەوەی. هەموو کات ڕەوانشاد کاک جەلیل ئەوەی وەبیر دەهێنایەوە و دەیگوت کەم نەتەوە هەیە ڕۆڵەی وەک پێشمەرگەی کوردستانی فیداکار و لەخۆبوردووی هەبێ حەیفە ئەو هەموو تیکۆشانە بەخۆشی و ناخۆشییەوە نەیەتە سەر لاپەڕەکانی کاغەز و بەدێکۆمینت نەکرێ. هەر بۆیە یەکیک لە ئەرکەکانی کە بۆ خۆی دیاریی کردبوو کۆکردنەوەی ئەو ڕووداوانە بوو کە لە زمانی پێشمەرگە و فەرماندەرانی پێشمەرگە باسیان لێوە دەکرا، باشم لە بیرە من یەکێک لەو کەسانە بووم کە کاک جەلیل بانگهێشتی

کـردم بـۆ نووسـینی یادەوەرییەکانـی پێشـمەرگایەتی لەبـەر ئـەوە لـە هەلومەرجی ئێستاماندا بـاوەڕم بـە نووسـینی بیرەوەرییـەکان نەبـووە و نییـە خـۆم لـە داوای کاک جەلیـل بـوارد و ئەویـش زۆرم لـێ بـە گلەیـی بـوو. هـەر بۆیـە کاتێـک کۆبەنـدی کۆمەڵێـک بیرەوەریـی دوژمـن شـکێنی پێشـمەرگە لـە دووتوێـی کتێبێـک لـە ژێـر نـاوی کەشـکۆڵی پێشـمەرگە بـە هیمەتـی کاک جەلیـل چـاپ و بـڵاو بـۆوە بۆخـۆی بـۆی هێنـام و گوتـی بۆیـە بـۆم هێنـاوی ئـەوە جـاری پێشـوو نییـە دەبـێ ئـەو جـار بنووسـی. ئیـدی دەسـتم کـورت و بێدەسـەڵات مامـەوە و هـەر تەنیـا ئەوەنـدەم گـوت: بـە چـاوان کاک جەلیـل و بـۆ بەرگـی دووهەمـی کەشـکۆڵی پێشـمەرگە بابەتێکم لەژێـر سـەردێڕی بیرەوەریـی یەکشـەو لـە ژیانـی پێشـمەرگایەتی نووسـی. مەبەسـتم لـەو باسـە ئەوەیـە کـە بڵێـم کاک جەلیـل لـە هەمـان کاتـدا کـە خـۆی نوسـەر و وەرگێڕێکـی بەتوانـا بـوو، هەمـوو کات هەوڵـی ئـەوە بـوو کـە کادر وپێشـمەرگە و ئەنـدام و منداڵانـی بنەماڵەکانـی حیـزب لـە خەتـی نووسـین و وەرگێـڕان وداهێنانـی نوێدا بـن بـۆ دوو مەبەسـت هـەم لـەو ڕێگایـەوە خزمـەت بـە دەوڵەمەنـد بوونـی زمانـی کـوردی بکـرێ وهـەم ئـەو ڕابـردووە پـڕ لـە شـانازی و لـە خۆبوردووییـە بگوازرێتـەوە بـۆ نەوەکانـی داهاتـووی کوردسـتان و لـە فەوتـان ڕزگاریـان بـکا.

نموونەیەکـی دیکـە هـەر لـە بـواری هاندانـی کاک جەلیـل بـۆ نووسـین و دەسـت بـۆ قەڵـەم بـردن بـۆ کەسـانی وەک ئێمـە کـە لەبـەر ڕاپەڕاندنـی ئەرکـی پیـرۆزی پێشـمەرگایەتی کەمتـر پڕژابووینـە سـەر نووسـین و وەرگێـڕان. کاتێـک سـاڵی ١٣٨٣ی هەتـاوی (٢٠٠٤م) لـە شـوێنی کار سـەردانی کاک جەلیلـم کـرد و باسـی ئـەوەم کـرد کـە کۆمەڵێک ڕووداوی مێژووی نیزیـک بـە چوارسـەد سـاڵەی ڕابـردووی شـاری مەهابـادم بـە کەڵـک وەرگرتـن لـەو سـەرچاوانەی بەردەسـتن گوڵبژێـرم کـردوون و کـۆم کردوونەتـەوە و دەمهـەوێ لـە دووتوێـی کتێبێکـدا لەژێـر نـاوی

«مەهاباد و کورتە مێژوویەک»دا چاپی بکەم، داواکارم بە چاوی ڕەخنەگرانەوە چاوی لێ بکەی و ئەگەر پێت باش بوو وەک پێشەکی هەرچەند کورتیش بێت شتێکی لەسەر بنووسی. کاک جەلیل بەپێی تایبەتمەندی خۆی بەو جۆرەی باس کرا بە دڵئاوەڵەییەوە لێی وەرگرتم ولە ماوەی نیزیک بە دوو حەتوودا نەک بە کتێبەکەدا هاتەوە و چەندین ڕێنوێنیی بەنرخی لەسەر نێوەڕۆکی کتێبە کردم و پێشەکییەکی جوانیشی بۆ نووسی، کە ئەو کارەی کاک جەلیل لەو سەردەمەدا بۆ من پاڵپشتی و دڵگەرمییەکی زۆر بوو، بۆ ئەوەی ئارام ئارام لەو بوارەشدا متمانە بە خۆم بکەم.

هەر سەبارەت بە هۆگریی ڕەوانشاد کاک جەلیل بە زانستی فێربوون و خوێندنەوەی کتێب و ناساندنی خەباتگێڕان بە نەوەی ئێستا و داهاتوو هەتا ئاخری ڕۆژەکانی تەمەنی و دواهەناسەی ژیان وەک ئامانجی پیرۆز دەستی لێ هەڵنەگرت. دوو ڕۆژ پێش گیانلەدەستدانی کە لەسەر تەختی نەخۆشخانە بەدەست نەخۆشیی ماڵوێرانکەری کۆرۆناوە دەینالاند، بەپێی وەزیفە بە تەلەفوون ڕۆژانە چەند جار هەواڵم دەپرسی، ئەو جارەیان دەتگوت خۆی دەزانێ دوا سەفەریەتی، لەگەڵ ئەوەدا لە وەزعی هەموو هاوڕێیانی لە حیزب کە تووشی هەمان نەخۆشی ببوون پرسیاری کرد و داوای ئەوەی ڕایسپارد کە هەموو هەوڵی خۆمان بدەین بۆ ئەوە خەڵکی زۆرترمان تووش نەبێ، فەرمووی ٥٠ بەرگ کتێب کە باس لە ژیان بەسەرهاتی شەهیدی فەرماندە چرچەی بارام میرزا دەکا و تازە چاپ بووە لە فلان شوێنی ماڵی دانراون تکایە بلاویان بکەنەوە با ئەو گەنج و لاوانە بیخوێننەوە. دەبوایە زۆتر بلاویان بکەمەوە بەلام نەخۆشی مەودای نەدا ئێوە ئەوکارم لەجیاتییان بکەن. ئەو جارەش هەر وەک یەکەم جار کە چاوم بە کاک جەلیل کەوت بەو شێوە بیرکردنەوە و لە فکردابوونەی بە بابەتەکانی دەوروبەری بە تەواوی سەرسام

بووم کە دەبێ ئەو مرۆڤە چەندەی ئیمان بەخۆی و ڕێبازەکەی هەبێ کە لە کۆتا هەناسەکانیدا بەجێگای باسکردن لە بابەتی دیکە هەر لە بیر و فکری ئەوەدایە ئەو ڕێبازەی بەخۆینی شەهیدان پاراو کراوە چۆن هەتا سەر لووتکەی سەرکەوتن درێژەی پێ بدرێ و ڕێز لەوانە بگیرێ کە لەو ڕێبازەدا شەهید بوون.

ئەو چەند نموونەیە سەرەوە تەنیا دڵۆپێک بوون لە دەریای بیروباوەڕی ڕەوانشاد کاک جەلیل گادانی بە پەروەردە و بارهێنان لە ڕەهەندی نووسین و خوێندن و خوێندنەوە. ئەگەر بمانهەوێ کەسایەتیی کاک جەلیل باش بناسین و بزانین لە ماوەی زیاتر لە ٧٠ ساڵ چۆن توانیویەتی لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد دەوام بێنێ و هەموو ناخۆشی و ئاوارەیی و زیندان و چەرمەسەریی ڕۆژگار لە ڕێگای ڕێبازی کوردایەتی تەحەمول بکا و قەت بۆ جارێکیش کەس لێی نەبیست کە بڵێ ماندوو بووم و یا گلەیی لە ژیان هەبێ، بەڵکوو هەمووکات ڕووی لەو کەسانە دەکرد کە کاریان لەدەست دێ بەڵام مەسئوولییەت و بەرپرسایەتی قەبووڵ ناکەن، ئەرک و بەرپرسایەتی لە بەرامبەر جووڵانەوەی وەبیر دێنانەوە و هانی دەدان بۆ کارکردن و مەسئوولییەت قەبووڵ کردن.

پێویستە و دەخوازێ لە بوارەکانی لایەنی سیاسی و نەتەوایەتی، ئەدەبی و فەرهەنگی، مرۆڤدۆستی و کۆمەڵایەتی، لێکۆڵینەوە لە ژیان و سەربوردەی کاک جلیل بکرێ و تایبەتمەندییەکانی کاک جەلیل لە بوارە جیاوازەکان بخرێتە بەردەستی نەوەی داهاتووی کوردستان بۆ ئەوەی ئەو هەمووە فیداکاری و لەخۆبوردووییەی کاک جەلیل ببێتە ڕێنیشاندەری ڕێی خەباتی ئەوان.

یاد و ناوی کاک جەلیل گادانی هەروا بەزیندوویی بمێنێتەوە و ڕێگا و ڕێبازی خەباتی پڕ ڕێبوار بێ.

# نیشتمان و نەتەوە
# لە ئاوێنەی بیرکردنەوەی جەلیل گادانیدا

■ حەسەن شەڕەفی

چەند ناخۆش و بەژانە کە ئاماژە بە ژیان و تێکۆشانی تێکۆشەرێکی ناسراوی نەتەوەکەمان کاک جەلیل گادانی بکەی کە لە ڕەوتی دەیان ساڵ خەبات و تێکۆشاندا چەندین جار پیلانی دوژمنان و مەترسیی گیان لەدەستدان ڕووی تێکردبێ و گیانی بە سلامەت دەرکردبێ، بەڵام بەهۆی دوژمنێکی وردیلەی نەبینراو وەک ویرووسی کۆرۆناوە ماڵئاوایی یەکجارەکی لێکردبین. لەوەش دژوارتر ئەوەیەکە کۆی ڕابردووی تێکۆشان و ساڵانی خەباتی بەڕێزیان و تایبەتمەندییەکانی ژیان و کەسایەتییەکەی لە چەند دێڕێک یا لاپەڕەیەکدا کورت بکەیەوە کە نە شیاوی ئەم ڕابردوویە و نە تایبەتمەندییە کەسایەتییەکانیەتی

و نـه ڕەزامەندیـی دەروونـی خۆشـت پێکـدێنـێ. بەوحاڵـەش بەکورتـی ئاماژە بـە کەسـایەتی سیاسـی تێکۆشـەری ناسـراوی نەتەوەکەمان کاک جەلیل گادانـی و کۆمەڵایەتیی بـوون و خەمخۆری خەڵک بـوون و پڕ جووڵەبوونـی دەکـەم.

**باری نیشتمانی و کوردپەروەریی کاک جەلیل**

کاک جەلیل گادانی لـە تەمەنی مێرمنداڵیدا لـە قوتابخانەکانی کوردیی سـەردەمی کۆمـاری کوردسـتاندا بـە خوێندنـی کـوردی ڕاهـات و هەسـت و بیـری کوردایەتـی و نیشـتمانپەروەری لـەدڵ و مێشـکیدا جێـی گـرت.

لـە سـاڵانی پـاش جوانەمەرگکردنـی کۆمـاردا بـەردەوام هەڵـوەدای بیـری نیشـتمانی و کوردپەروەرییەکـەی خـۆی بـوو و هـەر بـەو هۆیـەش لەژێـر چاوەدێـری و تاقیبـی دەزگا پۆلیسـییەکانی ڕێژیمـی پاشـایەتیدا بـوو. بەمحاڵـەش تەمەنـی لاویـی خـۆی بـۆ گـەڕان بـە ئاواییەکانـی ناوچـەی موکریـاندا تەرخـان کـرد کـە هـەم خـۆی حەشـاردابێ و هـەم خزمەتـی بـە بووژانـەوەی ڕێکخراوەکانـی حیـزب لـە ئاواییـەکان کردبـێ.

بـەردەوام بوونـی کاک جەلیـل گادانـی لـە کاری حیزبـی و ئەرکـی نەتەوەیـیدا چەندجـار ڕێـگای بەندیخانـەی خسـتە بـەر کـە هەرجـارە و پـاش ئازادبـوون بـۆ چالاکـی نوانـدن لەپێنـاو باوەڕەکانـیدا تێ هەڵ دە چـۆ و ە.

بـە ڕووخانـی ڕێژیمـی پاشـایەتی و ئاشـکرابوونی تێکۆشـانی حیـزب کاک جەلیـل ئەمجـارە بـە گوڕوتینێکـی زیاتـرەوە لـە خزمـەت حیزبـی دێموکـرات و ئامانجەکانـیدا تێکۆشـا و وەک ئەندامێکـی ڕێبەرایەتیـی حیزب ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بـە ئەنجـام دەگەیانـد و کـەم ئۆرگانـی حیـزب هەبـوون کـە کاک جەلیل کاری تێیدا نەکردبـن.

کاک جەلیل گادانی لەڕەوتی چالاکی نواندنەکانی حیزبدا بە یەکێک لە ماندوویی نەناسەکانی ئەندامانی ڕێبەری حیزب دەناسرا.

### کاك جەلیل وەك کەسایەتیی کۆمەڵایەتی

ئەوەی کاک جەلیلی لە بەشێک لە هاوڕێکانی جیا دەکردەوە کۆمەڵایەتیبوونەکەی بوو، کاک جەلیل باوەڕی وابوو کە پێویستە بە خەم و ئازارەکانی خەڵکەکەیەوە بێ، بۆیە لەسەردانی دۆستان و هاوڕێیانیدا پێش هەنگاو بوو. کەم بریندار و نەخۆش لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبدا هەبوون کە کاک جەلیلیان لە نەخۆشخانە یا لە ماڵ یا لە بنکەکانی حیزبدا لەبان سەری خۆی نەدیبێ.

زێدە کۆمەڵایەتی بوونی کاک جەلیل وایکردبوو کە لە ڕەوتی کاری حیزبییشدا لە چوارچێوەی کومسیۆنی کۆمەڵایەتیدا گرینگییەکی تەواو بدا بە دروستکردنی ڕێگاوبان، نەخۆشخانە، کردنەوە و سەرپەرەستی کردنی قوتابخانەکانی شۆڕش و... .

کاک جەلیل پێش ڕووخانی ڕێژیمیش ئۆگرییەکی زۆری بە کاروباری خزمەتە کۆمەڵایەتییەکان هەبوو. بۆ نموونە جارێک پاش ئازادبوونی لە زیندان و گەڕانەوە بۆ مەهاباد یەکەم کارێکی کردی کردنەوەی « کوودەکستان» بۆ ئەو منداڵانە بوو کە تەمەنیان نەگەیبووە چوون بۆ قوتابخانە. ئەو داهێنانەی کاک جەلیل بۆ یەکەم جار لە شاری مەهاباد دەنگدانەوەی زۆری هەبوو، ئێمە مانانیش بۆ پێشوازی لەو داهێنانەی کاک جەلیل منداڵەکانی خۆمانمان لەو کوودەکستانە دانا.

بیرەوەریی منداڵەکانی ئەو سەردەمی ئەو کوودەکستانە کە ئێستا خاوەن تەمەنن بە زیندوویی ماوەتەوە.

**ماندوویی نەناسی، لەسەرپێ بوون و بە گوڕبوونی**

ئـەو هاوڕێیانـەی لـە مەئموورییەتەکانـی حیزبیـدا لەگەڵـی بـوون، سـەرەڕای ئـەوەی زۆر لـە کاک جەلیل کـەم تەمەنتـر بـوون لەگەڵیـان دەرنەدەبـرد. دەڵێـن ڕۆژی وابـوو چەنـد ئاوایـی و لـە ناوچەیـەکڕا بـۆ ناوچەیەکـی دیکـە ڕێگامـان دەبـڕی کـە دەمانگـوت کاک جەلیـل بـا لێـرە بحەسـێینەوە، دەیگـوت ئـەو ئاواییەشـمان مـاوە، تـازە لـە هەمـوو شـوێنێکیش سـەردانی چەنـد شـوێنی لـەو جێیـە دەکـرد.

کۆچـی دوایـی کاک جەلیـل خـۆی دەنگدانەوەیەکـی بەرینـی هەبـوو و هـەر ئـەوەش نیشـانەی نیشـتمانپەروەری و کوردپـەروەری و تایبەتمەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـی بـوو، لەدەسـتچوونی کاک جەلیـل خەسـارێکی گەلێـک بەرچـاو بـوو بـۆ بزووتنـەوەی کـورد و یـادی ئـەو کەسـایەتییەش لـە دڵـی هەمـوو ئەوانـەدا کـە دەیانناسـی یـا لـە ژیـان و تێکۆشـانی ئاگاداربـوون دەمێنێتـەوە.

# پیاوی دەگمەن!

**سەعید بەگزادە**

ژیان، یان کەسایەتیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کاک جەلیلی گادانی، بە ڕادەیەک پڕ لە خوو و خدە و خەسڵەتی جوان و باش و گەورەیی و، ئینسانیی و شۆڕشگێڕانەیە، کە باسکردن و لەسەر نووسینی، بەڕواڵەت نابێ زۆر گران و بەزەحمەت بێ. لەگەڵ ئەوەش لانیکەم بۆ منی کە ساڵانێک لێی نزیک بووم و کارم لەگەڵ کردووە و هاتوچۆی بنەماڵەییمان دەنێوانێدا هەبووە، ئێستا کە دەمهەوێ لانیکەمی ئەرکی سەرشانی خۆمی بۆ ئەنجام بدەم و کورتەیەکی لەسەر بنووسم، نەک هاسان و لە دەستان خۆش نییە، بگرە زۆریشم بۆ گران و سەنگینە. ناتوانم لە نووسین لەسەر کاک جەلیل خۆ ببوێرم، سەهلیش نییە هەروا تاو بدەمە قەڵەم و دەست بە نووسین

بکەم. ترسم لەوەیە قەڵەمی ساکاری من نەتوانێ ئەگەر تەواو حەقی خۆشی پێنەدا -کە دەشزانم دەرەقەتی دەرخستنی تەواوی ڕوخساری کاک جەلیلی نایە- لە کەمەکەش‌دا ڕوو سوور دەرنەچێ. بەم نیگەرانییەشەوە هەوڵ دەدەم ئەوەندەی خۆم لێی دەزانم و ناسیوومە، لەگەڵ ئەوەش پێویستە ئەو سەرنجەشم هەبێ کە چ باسێک بۆ نووسین و بڵاوکردنەوە دەگونجێ، ئەو کات بە کورتییش بێ باسێک لە نەمریان بکەم. مەبەستم لەوەی کە دەڵێم چ باسێک بۆ نووسین دەگونجێ ئەوەیە کە هەروەک باسم کردووە، من زۆر لە نزیکەوە کارم لەگەڵ کاک جەلیل کردووە و بەرێزیان سکرتێرم بووە. لە چەند ئۆرگانی حیزبی‌دا بەرپرسی یەکەمم بووە. زۆر کاری پێ سپاردووم یان بۆ زۆر جێگا و مەئمورییەت ناردوومی، یان دە زۆر دیدار و چاوپێککەوتنندا لەگەڵی بووم کە بەداخەوە ئێستاشی لەگەڵ بێ، هەلومەرجی خەباتی ئێمە دەرفەت و ئیزنی ئەوە نادا تەواو سفرەی دڵ بکەینەوە و هەموو شتێک هەڵبرێژین و باسیان بکەین. ئاشکرایە ئەو دەردەش هەر تەنیا لە من نییە، بەڵکوو زۆربەی ڕازداران و خەباتکارانی ئێمە دەگرێتەوە.

مێر منداڵ بووم کە لەگەڵ ئەندامانی ئەو بنەماڵە خۆشناو و بەڕێزە ئاشنا بووم. پێش کاک جەلیل، نەمر کاک محەممەدی گادانیم ناسی. بەڵام یەکەم جار کە ناوی کاک جەلیلم وەبەرگوێ کەوت لە ماڵی خزمێکی زۆر نزیکم بووم کە بۆ سەردانیان چووبووم. خزمەکەم پیاوێکی هێدی و لەسەرە خۆ بوو. بەپێی تەمەنم، لە ڕوانگەی ئەوانەوە بۆ باس و بیستنی شتی نهێنی و مەترسیدار، نەدەبووم! دەگەڵ ئەوەش گوێم لێ‌بوو ژن و مێرد باسی هێندێک کەل‌وپەلیان دەکرد کە کاک جەلیل لە ماڵی ئەوان حەشاری دابوون. چوونکە پێشتر کاک محەممەدم دەناسی زۆرم پێ خۆش بوو لەو

باسـەدا کـە نـاوی گادانـی دەهـات، لـە باسـەکە حاڵـی بـم. هـەر توانیـم ئەوەنـدە تێبگـەم کـە ئـەو کـەڵو پەلـەی کاک جەلیل لای ئـەوان داینابوون، نەدەبـوو کـەس پێیـان بزانـێ! بەهـۆی ئـەوەی کـە لەبنەماڵەمـانـدا، خاڵـم پێشـمەرگە بـوو و دەمێـک بـوو لـە وڵات قاچـاخ ببـوو، و زۆریشـیان باس دەکرد؛ تێگەیشـتم کـە ئـەم نهێنیکارییـەی ئـەو خزمانـەی مـن هـەر دەبـێ شـتێکی وەک باسـەکانی خاڵـم بـێ. لـەو کاتـەوە هەسـتێکی پـڕ لـە ڕێـزم بـۆ کاک جەلیـل تێـدا دروسـت بـوو، بـێ ئـەوەی دیتبێتـم. پاشـان کـە برێـک باوخۆشـتر ببـووم و برێکیـش سـەربزێو، زیاتـر لـە ژیـان و کەسـایەتی ئـەوم دەپرسـی و زۆریشـم لەسـەر دەبیسـت و، باشـترم ناسـی. چەنـد جارێکیـش لـە نزیکـەوە بـە خزمـەتـی گەیشـتم.

پاشـان کـە دەرکـەوتن و نـاڕەزایەتییـەکان دژی دەسـەڵاتی سـەرەڕۆی پاشـایەتی لـە وڵات دەسـتیان پـێ کـرد، نـاوی کاک جەلیـل بـۆ هەمـوو گەنجەکانـی هاوتەمەنـی مـن تـەواو ناوێکـی دیـار و ئاشـنا بـوو.

لـەو سـەردەمدا ،گەنجانـی مەهابادیـش وەک هەمـوو شـوێنەکانی دیکەی وڵات چالاک و دیار و بەدەرەوە بوون. ڕۆژ نەبوو شـەقامەکانی شـار پـڕ نەبـێ لـە گەنجانـی خوێنگـەرم و بەهەسـت و تینـووی ئـازادی ودەنگـی لەگوڕیـان ڕۆژانـە بـە گوێـی کاربەدەسـتانی دەسـەڵاتدار نـەگا. تەنانەت شـەوانە شـەقام و کۆڵانەکانی شـار بەدەسـت گەنجانی شـارەوە بـوو. خۆیـان کێشـکیان دادەنـا و چاوەدێریـی وڵاتیـان دەکـرد. شـا، گرێژنـەی کارەکانـی لەدەسـت دەرچـوو بـوو. هـەر ماوەیـەو سـەرۆک وەزیرێکـی دەگـۆڕی و هومێـدی ئـەوەی دەکـرد بـەو جـۆرە – کـە لـە نزیـک ٣٧ سـاڵ دەسـەڵاتی نابەرپرسـانەیدا، ئەنجامـی دابـوو- لەبـەر چـاوی خەلـک ونـی بـکا و وەزعەکـەی بـۆ ئـارام ببێتـەوە.

پاشـان ئەڕتەشـبود غوڵامـڕەزا ئەزهـاری –سـەرۆکی سـتادی هاوبەشـی هێـزە نیزامییـەکان- باوکـی کۆنـەزاوای خـۆی کـە ماوەیەکیش

وەزیـری دەرەوەی ئێـران بـوو، لـە ١٥ی خەزەڵـوری ١٣٥٧کـرد بـە سـەرۆک وەزیر. ئەزهـاری لـە یەکـەم ڕۆژی هاتنـە سـەر کاری خۆیدا، حکوومەتـی نیزامـی لـە سەرانسـەری ئێـران ڕاگەیانـد. ئەمـەش بـەو مانایـە بـوو کـە نەتەنیـا کێشـکی شـەوانەی گەنجـان، بەڵکـوو هەمـوو کۆبوونەوەیەکـی بەکۆمەڵیـش یاسـاخ دەکـرا. سـەرەرای ئـەم حوکمـە تونـدە، یەکـەم ڕۆژی هاتنـە سـەر کاری حکومەتـی نیزامـی ئەزهـاری مـن لەگـەڵ کۆمەڵێـک لـە گەنجانـی شـار لـە مزگەوتـی هەبـاس ئاغـا کۆبووینـەوە و بێ گوێدان بە بڕیاری توندی دەوڵەتی نیزامی، شار و جادەکانمـان لەنێـوان خۆمانـدا بـۆ کۆنتـرۆڵ کـردن، دابـەش کـرد.

هـەر گروپێکمـان، جێگایەکـی شـار و جادەکانـی قـەراخ شـارمان بـۆ کۆنتـرۆڵ و چاوەدێـری پـێ ئەسـپێردرا. مـن لەگـەڵ چەنـد کەسـی دیکە جـادەی مەهابـاد میاندواومـان وەبـەر کـەوت. درەنگانـی شـەو کە جادەمـان کۆنتـرۆڵ دەکـرد، ماشـێنێکی فەرماندەهیـی ئەرتـەش کـە مـن دەمهەویست بـە گۆپـاڵ کـە تەنیـا چەکـی دەستمان بـوو! ڕایبگـرم، دوو جـاری لێدام. بـەم شـێوە مـن یەکـەم لاوی مەهابـاد بـووم کـە ئەرتـەش لێـی دا و ماوەیەکـی زۆر لـە نەخۆشـخانەکانی مەهابـاد و تەورێـز مامـەوە. ئـەم ڕووداوە لـە دواییدا بوو بە هـۆی زیاتـر نزیک بوونـەوەم لـە کەسـایەتیە سیاسـییە دیارەکانـی ئـەم سـەردەمەی مەهاباد، کە کاک جەلیـل یەکێـک لـەوان بـوو. دەگـەڵ ئـەوەش کـە ئـەو کات کەمتـر، لـە مەهابـاد دەمایـەوە.

دواتـر بـە هـۆی ئەندامێکـی دەفتـەری سیاسـیی ئەوکاتـی حیـزب بـەر لـە ڕووخانـی ڕێژیـم، یەکـەم مەئموورییەتـی حیزبیـم پـێ ئەسـێردرا کـە هێنانـەوەی ئەندامێکـی حیـزب لـە شـومالی ئێـران ڕا بـوو. بـەم جـۆرە منیـش لەحیزبـی دیمۆکراتدا دەسـتم بـەکار کـرد و زیاتـر لـە نزیکـەوە لەگـەڵ کاک جەلیل بوومـە هـاوکار و ئاشـنا و لـە زۆر ئۆرگانـی حیزبیدا

هـاوكاری بـووم یـان دەژێـر بەرپرسـایەتی بەرێزیانـدا كارم كـردوە. هـەر بۆیـەش ئەمجـار زیاتـرم كاك جەلیـل و ڕابـردووی تێكۆشـانی و شـوێندانەری ئـەوم لەسـەر ڕووداوەكان زانـی.

كاك جەلیـل مێرمندالّـی دەورانـی كۆمـاری كوردسـتانە. لەگـەڵ ئـەوەش كـە بێگومـان كۆمـاری كوردسـتان و مەهابـاد وەک پایتەختـی كۆمـار، شـوێندانەری بـاش و ئەرێنییـان لەسـەر كۆمەڵگـەی كوردسـتان بەتایبـەت گەنجـان و تەنانـەت مێرمندالانـی ئەوكاتـی كوردسـتان بەگشـتی و مەهاباد بەتایبەتـی دانـاوە، بـەڵام بـۆ كاك جەلیل كـە تەمەنـی تەنیا ١٢ سـاڵە بـووە، زۆر زیاتـرە. ئـەوەش ڕۆژنامـەی كوردسـتان- لە سـەردەمی كۆمـار دا - شـاهیدی بـۆ دەدەن. لـەو سـەردەمدا، لـەو بەسـتێن و ژینگـە كۆمەڵایەتـی و سیاسـییەدا، مێرمنداڵێكـی دوازدە سـاڵە پوڵگیرفانیـی خـۆی بكاتـە یارمەتـی بـۆ حكوومەتـی كـوردی و حیزبـی دێموكـرات، خـۆی بەتەنیـا بابەتێكـی گرینگـە بـۆ لـێ وردبوونـەوە و هەڵسـەنگاندنی بیـر و هـۆش و زەكاوەتـی ئـەو كەسـە. بۆیـە كاك جەلیل لەگـەڵ ئـەوەش كـە كوردایەتـی و بیـری ڕزگاریخـوازی لـە باوكـی خـۆی بـە میـرات وەرگرتـووە، بـەڵام تیژبیـری و وشـیاریی پتـر لـە تەمەنـی، ئـەو لـە هاوتەمەنەكانـی خـۆی و بگـرە لـە خەڵكـی بەتەمەنتریش جیـا دەكاتـەوە و جێگایەكـی زۆر تایبەتـی و شایسـتەتری دەداتـێ.

پـاش ڕووخانـی جێـی داخـی كۆمـاری كوردسـتان، لـە تـەواوی ڕووداوە سیاسـییەكانی ئێران و كوردسـتان‌دا، لـە زۆربـەی هـەرە زۆری بەربەرەكانییەكانـی دژی سـەرەڕۆیی و دیكتاتـۆری‌دا، ئەگـەر جەلیلـی گادانـی لـە پێشـاهەنگان نەبووبـێ، لـە سـیما هـەرە دیار و بەرجەسـتەكانی ئـەو مەیدانارییانـەدا بـووە. ئـەوەی كـە لـەو سـەردەمەدا، بـاوە كـە دەڵێین: دەبـێ خەباتـی ئێمـە بـۆ ڕزگاریـی، فـرە ڕەهەنـد و هەمەلایەنـە بـێ، ڕاسـت ئەوەیـە كـە زیاتـر لـە نیوسـەدە بـەر لـە ئێسـتا، كاك جەلیـل ڕچەشـكێنی

بوو. کاک جەلیل یەکەم باخچەی ساوایان (کودکستان)ی لە مەهاباد بۆ ساوایانی شار بونیاد نا. لەبەر ئەوەی کە ساواک ئیزنی کاری نەدەدایە، نزیکان و ئاشنایانی خۆی کردوونە بەڕێوەبەریان. لە تاران و لە زانکۆکان خوێندکاران و ڕووناکبیرانی کوردی بۆ ڕزگاری هان دەدا و ڕێکخراوی لێ دروست دەکردن. ساواکی شای ئێران زۆری هەوڵ دا بە زیندان و ئەشکەنجە و لێدان و کار لێ ئەستاندنەوە و دوور خستنەوە چاو ترسێنی بکا. کاک جەلیل چەندین جار و لەسەر یەک زیاتر لە ١٢ ساڵان لە زیندانەکانی شای ئێراندا بوو. بەڵام ئەو ڕۆڵە کوردە چاونەترس و جەسوورە، هەر پاش شکەنجە و ئازار و لێدان کە دەگەڕایەوە نێو بەندییەکانی دیکە، دەستی دەکرد بە قسەوباس و ڕەوشەنگەریی سیاسی و ڕێکخستنی زیندانییان. هەر لە زینداندا لەگەڵ زۆر لە تێکۆشەرانی سیاسیی غەیری کورد ئاشنا دەبێ و پەیوەندیی دۆستانەیان لەگەڵ پێک دێنێ کە ئەم دۆستایەتییانە دواتر دەبێتە هەوێنی نزیکی و هاوپەیمانیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ حیزبەکانی غەیری کورد و تێکۆشەرانی نەتەوەکانی دیکەی ئارایی لە ئێراندا.

لە هەمان کاتدا هەر لە زینداندا دەرسی بەو کەسانە دەگوتەوە کە نەخوێندەوار یا کەم خوێندەوار بوون. کاک جەلیل خوێندکاری کلاسی چواری دەبیرستان دەبێ کە دەیگرن و ڕەوانەی قەڵا (زیندان) ی برازجانی نزیک بووشێهری دەکەن. هەر لە زیندانی بەرازجانیش دیپلۆم وەردەگرێ. دوایی کە ئازاد دەکرێ، زۆر ناخایەنێ کە دیسان ڕەپێچی زیندان دەکرێتەوە. ئەو لەگەڵ هەموو ئەشکەنجە و ئازارەکانی زیندان دەست لە خۆپەروەردە کردن هەڵناگرێ. هاوکات کە دەرس بە نەخوێندەواران دەڵێتەوە خۆشی خەریکی خوێندنی زمانەکانی ڕووسی و فەڕانسەوی بووە.

پاش ماوەیەکی کورتی دوای ئازادکرانی هەوڵی تەواو کردنی زمانی فەڕانسەوییەکەی دەدا و لیسانسی زمانی فەرانسەوی هەر لەو سەروبەندەدا، تەواو دەکا و سەرکەوتووانە تاقیکارییەکان تێدەپەڕێنێ و بڕوانامەی خۆی وەردەگرێ. لە زینداندا، خەریکی وەرگێرانی ڕۆمان لە زمانی فەڕانسەویڕا دەبێ و تێشیدا سەرکەوتوو دەبێ. «اسیر فرشتەوش» یەکێک لە وەرگێڕانەکانیەتی. مشوورخۆری و توانایی و ئازایی کاک جەلیل، کە دەرفەتی بەشێک لە چالاکییەکانی دەزیندانندا لێ دەگیرێ، ڕێگەگەلی دیکەی خەبات دەدۆزێتەوە و لە هەر دەرفەت و دەرەتانێک کەڵک وەردەگرێ و ناهێڵێ کات بە فیرۆ بڕۆن. کاک جەلیل، هەوڵ دەدا خوێندن و نووسینی نابینایان فێر ببێ، تەنیا بۆ ئەوەی نابینایەکی تێکۆشەری دێموکرات فێری نوسین و خوێندنەوە بکا.

بۆ جارێکی دیکەش کە لە زیندان دێتەدەرێ، هەوڵی ڕێکخستنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی دەدا. لە بزوتنەوەی جووتیارانی موکریاندا ڕۆڵگێر دەبێ. یارمەتیی پێشمەرگەکانی ساڵانی ٤٦-٤٧ دەدا و ڕێخۆشکەری بەرنامە و پلانەکانیان دەبێ. لەگەڵ ڕێبەرانی بزووتنەوەکە پێوەندی چڕ و بەردەوام دروست دەکا. پاش نسکۆی شۆڕشی باشوور لەسەر داوای نەمر جەلال تاڵەبانی هەم یارمەتیدەرێکی باشی ماڵییان دەبێ و هەم ڕایەڵکەیەکی دۆستایەتی و پەیوەندییان لەگەڵ تێکۆشەرانی ڕۆژهەلات بۆ پێک دێنێ.

کاک جەلیل هەر لەو ساڵانەدا بە بڕوای تەواو هەوڵ دەدا هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری بە گەنج و لاو، بەهەر دووک ڕەگەزی پیاو و ژن، لە هەموو بوارەکاندا ڕێک بخا و لە هەموو دەرفەتەکان، وەک لە زیندان، هەتا کێڵگەی جوتیاران، لەوێشرا هەتا شەقامەکان و بگرە ژووره نهێنییەکان، لە کادێن و

قوژبنی گوندەکان‌ڕا، هەتا شریخەی فیشەکی ڕۆڵە قارەمانەکان، بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەی هەمووان ڕێک‌بخا و لێکیان گرێ بدا و بەپێی ئیمکان، مەیدان بۆ هەموویان هەموار بکا بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەی و کەڵکیان لێ‌وەربگیرێ. ئەمانە بیر و ڕێچکەی ئەم مرۆڤە بوون. بۆیەش زیادیم نەگوتوە ئەگەر بڵێم کاک جەلیل ڕچەشکێنی مەیدانی خەباتی هەمەلایەنە و فرە ڕەهەند بوو.

کاک جەلیل لەهەر جێگە و شوێن و شارێک بووبێ، لە مەهاباد، لە تاران، هەتا گوند و شاخە سەرکەشەکانی کوردستان، ماڵیان، جێگای حاوانەوە و زۆر جاریش سەرەڕای مەترسییەکانی سەرخۆی لە لایەن دوژمن و جاسوسەکانەوە، حەشارگە و میوانداری تێکۆشەران بووە. ئەوکاتانە کە خەباتکارانی دێمۆکرات لە مەهاباد، سەقز، بانە، سنە، هەورامان، شیمالی ڕۆژهەلاتی کورستان و... تەنانەت کەسانی سیاسیی دیکەش کە هاوبیری کاک جەلیلیش نەبوون، بەلام دژی دەسەلاتی پاشایەتی تێ‌دەکۆشان و ناچار بە بەجێ‌هێشتنی شار و ماڵ و زێدی خۆیان دەبوون، ڕوویان دەکاک جەلیل دەکرد کە شوێنی حەوانەوە وکاریان بۆ پەیدا بکا. ئەوەندەی دۆست و ئاشنا و ڕێز و هەروەها کەسایەتییەکی ئەوەندە سەنگین و بەرزی لەنێو کۆمەڵگەدا هەبوو کە کەم کەس دەیتوانی دەست بە سینگیەوە بنێ و داواکانی ڕەد بکاتەوە. بۆیە ببووە پشت و پەنای تێکۆشەران و ئازادیخوازان و خوازیاران. ئەم خەسڵەتە ئینسانی و بەرپرسانەیەی هەتا کۆتایی تەمەنی دەگەڵی بوو.

ئەوکاتانەی کە لە دەرەوەی ڕۆژهەلاتی کوردستان، دێموکرات بە شەهیدان و نەمران قاسملوو، ئەحمەد تۆفیق و موعینی، حیسامی و ئاوارە و شەریفزادە و زەنگەنە و قادر شەریف و وێردییەکان دەناسرایەوە، لە نێوخۆی ڕۆژهەلاتیش دێموکرات بە مقاومەت،

خۆڕاگریی، فیداکاری، نەبەزین و وشیاری هەڵسووڕێنەرانی ڕێکخستنە نێوخۆییەکان کە سەرتۆپ و ناوی دیاریان کاک جەلیل بوو، دەناسرایەوە. کاک جەلیل ببووە جێگای متمانەی هەزاران ئەندام و هەستەی حیزبی و، هەروەها جێگای ئومێدی بەرزی کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

لە کاتی وتووێژ و دانوستان لەگەڵ دەسەڵاتی دوای شا لە ئێراندا، چەند جار لەگەڵ هەیئەتی جۆراوجۆر بەشداری وتووێژەکان بووە. زۆری هەوڵ دا لە ڕاستای سیاسەتی حیزبەکەیدا کوردستان لە هێرش وکوشتار و شەڕی داسەپاو و نەخوازراو بپارێزی. کاک جەلیلی دێموکرات تەنانەت بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبەکەی داوە بە ئایەتوڵڵا خومەینی  کە بەڵکوو باشتر لە سیاسەت و داخوازییەکانی دێمۆکرات تێ بگا. بەداخەوە ئەو هەوڵانەی حیزب ئاکامی دڵخوازی وەرنەگرتەوە و شەڕێکی گران و پڕتێچوو، لە لایان کۆماری سەرەڕۆی ئیسلامییەوە توشی خەڵکی کوردستان کرا. بۆیە کاک جەلیلیش وەک باقی ڕێبەرانی دیکەی حیزب خەباتێکی سەخت و خوێناوییان بۆ پاراستنی خاک و خەڵکی کوردستان لەو ماوەدا، کەوتە سەر شان و ئیدارە و ڕێبەرییان کردوە. هەر ئەوەش جێگە و شێوەی خەباتی کاک جەلیلی بۆ ڕزگاری و ئازادی خەڵکەکەی تەواو گۆڕی. بەڕێزیان لە خەباتی شار و زیندانەکان و کوێرە دێیەکانی کوردستان، لە دەورانی دەسەڵاتی پاشایەتیدا تەواو ڕووسوور و سەرکەوتوو هاتبووە دەر. خەباتی بەرگریی پێشمەرگانە و ژیانی سەختی شاخ و ئەشکەوتەکان مەیدانێکی نوێ بوو بۆ درێژەی خەباتی بێوچانی ئەم ڕۆڵە بە ئەمەگەی کورد.

کاک جەلیل لە تەواوی ماوەی خەباتی توند و چەکدارانەی پێشمەرگانەدا،کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەسەر کوردیاندا

سەپاندبوو، لە ناوەندی بریار و دەسەڵاتی حیزبی دێمۆکراتدا بوو. لەو دەورانەشدا کە بەهۆی هێرشە توند و پەیتا پەیتاکانی دەسەڵاتی سەرەڕۆی مەزهەبی‌دا، دەفتەری سیاسیی حیزب ناچار بوو بەش ببێ و ببێتە دوو ناوەند بە ناوەکانی دەفتەری سیاسیی ژمارە یەک و دەفتەری سیاسیی ژمارە دوو؛ کاک جەلیل وەک بەرپرسی دەفتەری سیاسیی ژمارە یەک کە لە جەرگەی شەڕ و هێرشەکان‌دا بوو، لەبەرانبەر دوژمن‌دا زۆر ئازایانە و لێبڕاوانە مایەوە. لە هەل‌ومەرجێک‌دا کە هەم کاری زۆر، مەترسی و هێرشی پەیتا پەیتای دوژمن، بریاری قورس و چارەنوسساز، لەگەڵ هەموو ئەوانەش پاراستنی ئوسوول و نەزم و دیسیپلینی حیزبی، نیشاندەری توانایی و لێزانی و جەسووری و بڕوای پتەوی کاک جەلیل و هاوڕێیانی بە ڕێبازیان و دانانی نەزم و قاعیدە بۆ فێرکردنی هەموو لایەکمان و بۆ دواڕۆژی نیشتیمانەکەمان بوو.

ئەو لەو ماوەیەدا، لە زۆربەی بەشەکانی حیزبی و کارە جیاواز و کۆمیسیۆنەکانی سەربە دەفتەری سیاسی‌دا ئەرکی سەنگین و قورسی وەرگرتن. لە کۆمیسیۆنەکانی تەشکیلات، بازرەسی و کۆمەڵایەتی ڕا بگرە، هەتا نوێنەرایەتیی حیزب لە دەفتەری پاریس و لە شوڕای بەرگری نیشتیمانیی‌دا. ئەو نەیهێشت لە هیچکامیان‌دا گلەیی بۆ بگەڕێتەوە یان لەکەسی پێش خۆی و نەفەری دوای خۆی‌دا کەمتر سەرکەوتوو ببێ. ئەو لە ئەندامی سادە ڕا هەتا قورس و گرانترین بەرپرسایەتیی حیزبی کە پۆستی سکرتێرییە، وەری گرتووە و سەرکەوتووانە بەڕێوەی بردووە.کاک جەلیل نە قەت بە کارێکی چوکەی کە دەیدرایە و دەشیزانی کاری گەورەتری پێ‌دەکرێ، دڵگران دەبوو، نەقەت بە پۆستی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کۆمیسیۆنێک یان تەنانەت بە پۆستی سکرتێری، ئیفادە و فیزی لێ دەبیندرا.

كاك جەلیل بڕوای قایم و قوڵی بە بەرانبەری و یەكسانیی ژن و پیاو لە هەموو بوارەكاندا هەبوو. بۆیەش چ دەبنەماڵەدا و چ دەنێو حیزب و كۆمەڵگەدا، هەوڵی زۆری دەدا كە ژنان ئازاد و سەربەخۆ بن و ڕێكخراوی چالاكی خۆیان هەبێ. هەمیشە دەكاردا بن و كەس نەبێتە كۆسپ و، بەربەستیان بۆ دروست نەبێ. كاك جەلیل لە كۆڕی پەروەردەی حیزبدا و بۆ پێگەیاندنی مامۆستایانی شۆڕش نەخشی گرینگ و بەرچاوی هەبوو. ئەو بەرپرسێكی پێشمەرگە و پێشمەرگەیەكی بەرپرس و ڕێبەرێكی خاكی و دڵسۆز و بێ چاوەڕوانی بوو. ئەو بەتەنێ هەر بڕیاردەر نەبوو، بەڵكوو گرانترین ئەركەكانیشی دەخستە سەر شانی خۆی و خۆی ڕایدەپەڕاندن. قەت جارێك نەبیندرا لە دابەشكردنی ئەركە گرانەكاندا، نەفەری یەكەم نەبێ بۆ خۆ پاڵاوتن و ڕاگەیاندنی ئامادەگی بۆ ئەنجامی ئەركەكان. بۆیەش بەدەر لە ڕێنوێنییەكانی، هەڵسوكەوت و كردەوەكانیشی بۆ هەمووان هاندەر و وانە بوون. كەسێكی بە دیسیپلین و مونەززەم بوو. بۆیەش بێ نەزمی و بێ دیسیپلینی لە كەس قبووڵ نەدەكرد.

زۆر جار دیتراوە لە هەوڵی شەو ڕا هەتا تاریك و ڕوونی بەیانی لە كۆبوونەواندا بووە. پاشان كە هاوڕێیانی شەكەت و ماندوو بوون، ئەو لە جێگایەكی دیكە، دەگەڵ دەستەیەكی دیكە، بۆ كارێكی جیاوازتر، كۆبوونەوەیەكی دیكەی دەست پێ كردۆتەوە. بۆیە ئەگەر تاقەكەسێك بۆ ماندوویی نەناسی هەڵبژێردرێ، بەحەق ئەوە كاك جەلیلی گادانی بوو، كە ماندوویی نەدەناسی. پشوودرێژی و وەفاداری و پشتگەرمی و قایمی بە ڕێبازی دێمۆكرات و كوردانەی، خۆی بۆ لێ فێر بوون دەبوو. لەكاری سیاسیدا، كەسێكی سادق، ڕاستبێژ، بێباك و نەترس بوو. لە كاتی سەخت و ناهەمواردا خۆی نەدەدۆڕاند و بڕیاردەرێكی بوێر و چاونەترس بوو. كەسێكی داوێن

پاک، دەست پاک و تەواو وەک دەڵێن مەردومی و خەڵکی بوو. ئەو لەگەڵ دێموکرات گەورە ببوو. کاک جەلیل ژیانی خۆی دەگەڵ حیزبی دێموکرات دەست پێ کرد و هەتا کۆتایی تەمەنیشی پێی وەفادار مایەوە. حیزبی دێمۆکرات و کاک جەلیل دووانەیەکن لە تەواوی ژیانیاندا بەبێ یەکتر نەبوون.

ئەو، هەمیشە پابەندی ئەو ئوسول و یاسایانە بوو کە حیزبەکەی دیاریی کردبوون. لەگەڵ ئەوەش کاک جەلیل بۆ بیری کوردانەی و بۆ بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەکەی زۆر «فەراحیزبی» و کراوە بوو. زۆر جار هەڵکەوتووە لەگەڵ کەسانی گەورەی سیاسیی کورد و نا کورد، لەگەڵ نوێنەرانی وڵاتان، لەگەڵ سەفیری وڵاتان، بۆ وێنە سەفیری یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو، سەفیری فەرانسە، سەفیری بریتانیا، سەفیری چین، سەفیری ئەفغانستان و سەفیری تورکیە و زۆر جێگە و وڵاتی دیکە، لە بەغدا و لە دەرەوەی وڵات لە خزمەتیدا بووم. لەو جێگا و شوێنانەدا ئەو تەنیا بەرپرس و نوێنەری حیزبی خۆی نەبوو، بەڵکوو سەفیرێکی ڕاست و حەقبێژی نەتەوەکەی بوو. قەت نەمدی لە ڕوانگە و باسەکانیدا بەرژەوەندی و خێری حیزبەکەی بۆ ساتێکیش وەپێش قازانجی گشتی میللەتەکەی بکەوێ.

با لێرەدا ئەمەشی لێ بگێرمەوە کە ساڵی ١٣٧٥دا، کە وەک سکرتێری حیزب سەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکا، لە دانیشتن دەگەڵ بەرپرسانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا، بەرپرسی ئەم بەشە ڕوو لە کاک جەلیل دەکا و لێی دەپرسێ: بەرێز گادانی جەنابت وەک سۆسیالیستێکی دوێنێ چۆنە ئێستا سەردانی وڵاتی ئیمپریالیستی ئەمریکات کردوە؟! هەستت چۆنە؟!! کاک جەلیل دەولامدا دەڵێ: «من ئێستا لەپێشدا وەک کورد و دوایەش وەک سۆسیالیست هاتوومە ئێرە، چوونکە یەکەم، ئێوەش

ئەو ئیمپریالیستەی کە کودێتای ٢٨ گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢تان هیدایەت کرد، نەماون. دووهەمیش، ئێستا ڕاست بەهۆی سیاسەتەکانی ئێوەوە ئێران توشی هەلومەرجێک بووە کە بەرژەوەندیی هاوبەشمان دەخوازێ زیاتر لێک حالی ببین و باشتر لێک تێ بگەین!» بۆیەش لەم بارەوە هەمیشە کەسێکی سەرکەتوو و ئازا و بوێر دەردەکەوت.

کاک جەلیل بۆ یەکیەتی و یەکدەنگی کورد هەوڵی زۆریدا. زۆر جاران لە چەندین حیزب و ڕێکخراوی کوردی هەیئەتی نوێنەرایەتیی پێکهێناوە و لەگەڵ وڵاتان و کەسانی ناسراوی جیهانی دیداری کردوون. بۆ چارەسەریی کێشەی نێوان حیزبە کوردستانییەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، هەمیشە دەستپێشخەر بووە.

کاک جەلیلی گادانی لەگەڵ ئەوەی کە ڕێبەرێکی پڕکاری سیاسی بوو، قەت لە خوێندنەوە غافڵ نەبوو. کتێبخانەی تایبەتی کاک جەلیل سەرەڕای ئەوەش کە چەندین جار کەوتە بەرهێرش و ناچار بوو بەشێکیان لێرولەوێ بەجێ بێڵێ، هەمیشە دەوڵەمەندترین و زیادترین کتێبی لەلا دەست کەوتووە و سەرچاوەیەک بووە بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان بۆ هەموو لایەکمان، هەرکات ویستبێتمان. جیا لە خوێندنەوە خۆیشی قەت لە نووسین و وەرگێران ڕانەوەستاوە و بەرهەمیشی لە هەردووک بواری نووسین و وەرگێراندا زۆرن. ئەو قەڵەمێکی بەهێز و ڕاستگۆیانەی هەبوو. لە نووسین و ڕاستکردنەوەی هەڵەی کەس کە دەگەڵ ڕوانگەکانی خۆی، یان لەگەڵ ڕووداوەکان یەکی نەگرتباوە، بۆ پاراستنی ئەو ڕاستیانەی کە خۆی بڕوای پێی هەبوون، تەنانەت لە نزیکترین دۆستانیشی نەدەبورا. ئەو بڕوای قایم و پتەوەی ئەوە بوو کە: دەبێ ڕاستییەکان بۆ نەوەی داهاتوو، وەک ڕوویان داوە بگوازرێنەوە. بڕوای وابوو هەر کەس دەست بۆ قەڵەم دەبا، دەبێ ئەو ڕاستگۆییەی تێدا بێ. دەنا نابێ تەنیا بۆ ئەوەی

بنووسێ و خۆی ڕابنێ تاو بداتە پێنوس و شێواندنی مێژوو و ڕاستیی ڕووداوەکان. تەنیا نووسین و وەرگێڕانەکانی کاک جەلیل ئەوەندەی کات دەوێ کە کەسێکی ئازا و بەکار تەواوی وەختی خۆی بۆ تەرخان کردبا. بەلام ئەو زەمان و کاتی ڕێکدەکوشی و کاتی خۆی لێ پەیدا دەکرد و هەوڵی دەدا بە هەموو ئەوکارانەی دەیویستن ڕایانپەڕێنێ، ڕابگا. هەمیشە هەوڵی دەدا نزیکانی بۆ خوێندن وخوێندنەوە هان بدا. ئەوکاتانە کە دونیای مەجازی و ئینترنێت وەک ئێستا لای ئێمە ڕەواجی نەبوو، هیچ کاتێک نەبووە، من بچمە لای و پەرتووک و نوسراوم بۆ خۆم و بۆ خەڵک و بۆ گەنجان وێ نەدا. هەمیشە باشترین و زیادترین دیارییەکانی کاک جەلیل بۆ نزیکان و دۆستانی، قەڵم، کتێب و پەرتووک بوون.

لایەن و خەسلەتێکی زۆر باش و گرینگ و بەکەڵکی دیکەی کاک جەلیل، هەڵگرتنەوەی یادداشت و کۆکردنەوەی ئەسناد و دێکۆمێنت بوو. تەنانەت ئەو دەورانەش کە بەڕێزیان ئەندامی ڕێبەری نەبوون بەلام بە حوکمی شوێن و جێگا و کەسایەتیی سیاسی و تەشکیلاتییان هەمیشە بەشداری کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی دەکران، تەئکیدی زۆریان لەسەر هەڵگرتنەوەی پەیام و بریار و باسەکان دەکرد. پێی وابوو یەکێک لە هەڵەکانی ئێمەی کورد بەگشتی لەبیر کردنی ڕابردوو و نەچوونەوە و بەسەرنەکردنەوەی بڕیار و تەسمیمەکانی پێشوومانە. ئەوەش ئەرکی ئێمەیە ئەم کەمایسییە چارەسەر بکەین و کۆتایی پێ بێنین.

کاک جەلیل کەسایەتییەکی بەهێز و گیرای کۆمەلایەتیی هەبوو، تێکۆشەرێک بۆ هەموو بوار و وەرزەکان بوو. لەگەڵ گەنجان، کوڕان و کچان، لەگەڵ سیاسیکاران، لەگەڵ هونەرمەندان، نووسەر و قەڵەمبەدەستان، هیچ چین و توێژێکی کۆمەڵی کوردەواری نەبوو

کـە بەڕێزیـان زیاتریـن و بەهێزتریـن پەیوەنـدی و دۆسـتایەتیی لەگـەڵ دانەمەزراندبن. هەمـوو لایەکیش بە ڕێزەوە دەیانڕوانیە ئـەم پەیوەندی و بەسـەرکردنەوانەی ئـەو. لەگـەڵ ئـەوەی کـە خـۆی بەڕابردووتریـن ئەنـدام و بەرپـرس و چالاکـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان بـوو، هەمیشـە جۆرێـک هەڵسوکەوتـی لەگـەڵ ئەندامـان، بەرپرسـان و پێشـمەرگەکانی دێمۆکـرات دەکـرد، وەک ئـەوەی هەموویـان لـە خـۆی زیاتریـان زەحمـەت کێشـاوە و ئـەو دەبـێ سپاسگوزاریان بـێ. کـەس بـە ڕادەی کاک جەلیل بریـندار و کـەم ئەنـدام و بنەماڵـەی شـەهیدان و بەسـاڵداچوانی دێمۆکراتـی بەسـەر نەکردۆتـەوە. قـەت نەبـوو سـەردانی شـوێنێک بکا و لـەو بنەماڵانـە نەپرسـێتەوە و سـەردانیان نـەکا. هەبـووە بـە دەیـان فەرسـەخ و لـە کاتـی زۆر پڕکاریـدا بـۆ سـەردانێکی چەنـد چرکەیی وەڕێ کەوتـووە و بەقەولـی خـۆی ئەرکی ئەمەگناسیی خـۆی بەجـێ گەیانـدووە.

هەبـوون هـەر لـە هـاوڕێ و هاوقەتارانـی کاک جەلیل لـە حیزبـی دێمۆکراتـدا کـە لـە هێندێـک بـوار و خەسـڵەتدا بەتواناتر و کاراتر لە کاک جەلیل بـوون. بـەڵام نـەک ئـەوەی تەنیـا مـن ئـەو شـاهیدییەی بۆ بدەم، بەڵکـوو هەمـوو لایـەک دەزانـن کـە هەتـا ئـەوڕۆ هیـچ کـەس بـە ڕادەی کاک جەلیلـی گادانـی کـۆی خەسـڵەتە باشـەکانی تێـدا نەبـووە. کـەس ئـەو هەمـوو خەسـڵەت و خـوو و خـدەی وەک، پاکـی، سـادقی، داوێـن و دەسـت پاکـی، ڕاسـتگۆیی، ماندوییـنەناسـی و ئینسـانی بەتـەواوی مانـای باشـی و خەباتکارانـەی لەخۆیدا کۆ نەکردۆتـەوە. هـەر بۆیـەش ئـەو یەکێـک لـە بەهێزتریـن کۆڵەکـەکان و پێناسـەی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان بـوو. بۆیـە بەڕاسـتی حەقـی خۆیەتـی کـە بڵێیـن کاک جەلیل دەگمـەن بـوو.

لـە بنەماڵـەی بەرێزی گادانـیدا لەگـەڵ ئـەوەش کـە ناسـراوترینیان

هەتا ئێستا هەر کاک جەلیلە، بەڵام بەگشتی بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و خەباتکارن و چ لە دەورانی ڕێژیمی پاشایەتیدا و چ لە دەورانی ڕەشی کۆماری ئیسلامی‌دا. لەو بنەماڵە هەڵکەوتە و بەرێزانەی کوردستانن کە زیاترین بەشداری و نرخیان بۆ ڕزگاریی کوردستان و تێکۆشانی حیزبی دێمۆکرات داوە. نەمران کاک خەلیل و کاک محەممەد و کوبڕا خانم و شەهیدان دڵشاد و موحسینی گادانی، هەتا دوا هەناسەیان بۆ کورد و دێموکرات ژیان.

شەهید دڵشاد ئێستاش لەنێو ڕەفیقان و هاوسەنگەرانی‌دا بە نموونەی ئازایی باسی لێ دەکرێ. دڵشاد کە بریندار دەبێ و دەزانێ دڵڕەشان بە برینداری دەیگرن، نارنجۆکێک دەخاتە ژێر سینگی کە دەگەڵ جوڵاندنی دەتەقێتەوە و تۆڵەی خۆی و ڕەفیقانی دەکاتەوە. پاش شەهید بوونی دڵشادی بوێر و ئازا، موحسینی برا بچووکی کە کەم تەمەنیش بوو، ناهێڵێ چەکی دڵشاد بکەوێتە سەرزەوی و دێتە ڕیزی شاسوارانی خەبات و دەبێتە پێشمەرگە لە هێزی پێشەوادا. ئەویش لەگەڵ کۆمەڵێک لە قارەمانان لە دەشتی شارویران لە شەڕێکی حەماسی‌دا گیان بەختی کوردستان دەکا.

لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامییش‌دا برای گەورەی کاک جەلیل لەگەڵ کچی گەنجی لەبەر چاوی یەکتر سوکایەتییان پێ دەکرێ. ئەم بنەماڵە بە گشتی دێموکرات و خەباتکاری ڕێگای ڕزگاری بوون و هەن و ئەم میراتەشیان لە باوکی ڕەحمەتییان حاجی ئەحمەدی گادانی بۆ بە میرات مایەوە کە هەتا هەن پێی سەرفەرازن.

کاک جەلیل وەک ئەستێرەیەکی پاکی و سەداقەت و مێرخاسی و وەک ڕێبەرێکی هەڵکەوتووی کورد لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی میللەتەکەمان‌دا، دەدرەوشێتەوە.

یادی هەرمان بێ.

# زێڕنگەر و قەدری زێڕ
## (هەڵوێستەیەك لەسەر ڕەهەندی ڕۆشنبیرانەی ژیان و خەباتی نەمر جەلیل گادانی)

■ قادر وریا

نەمر كاك جەلیل گادانی كەسایەتییەكی تایبەتی هەبوو، لە بوار و ڕەهەندی جیاوازدا، خاوەن خزمەتی بەرچاو بوو و، شوێن پەنجەی دیار بوو. ڕابردوویەكی دەوڵەمەندی تێكۆشان و خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی لە هەلومەرجی جیاوازدا (ژیانی سیاسی و حیزبی بە نهێنی، پشوودرێژی و خۆپێگەیاندن لە نێو بەندیخانە، خەباتی جەماوەری و سەرشەقامەكان، ڕاوەستان و بەرخودانی پێشمەرگانە لە شاخ و چیای كوردستان، دیار بوون و چالاكی لە كۆڕ و كۆمەڵی

ڕۆشـنبیری و دیپلۆماتیـک لـە کوردسـتان و دەرەوەی وڵات و هتـددا) هەبـوو. ئەویـش نـەک هـەر وەک ئەندامێکـی سـادەی حیزبـی، بەڵکـوو وەک سـەرکردە و بەڕێوەبـەر و ڕێکخەرێکـی مەیدانـی.

لـە مەیدانـی نووسـین، وەرگێـڕان، ڕۆژنامەنووسـی، پاراسـتنی دۆکیۆمێنـت و ڕاگرتنـی ئەرشـیڤ لـە جەرگـەی خەباتێکـی سـەخت و هەلومەرجێکی نائاسـاییش‌دا، نموونـە بـوو. بـەو هۆیـەوە کـە باس‌کـردن لـە تێکـڕای بوارەکانـی خزمەتەکانـی کاک جەلیـل گادانـی، کتێبێـک هـەڵ دەگـرێ و، لـە وتارێکـی لـەم چەشـنەدا ناگونجـێ، مـن لـەم نووسـینەمدا تەنیـا لـە سـەر خەرمانـی ژیـان و خزمەتـە ڕۆشـنبیرییەکانی ئـەو کەسـایەتییە، لەنگـەر دەگـرم و، لـەم دەرفەتـەدا، ئـاوڕ لـە هێندێکیـان دەدەمـەوە:

## غافڵ نەبوون لە نووسین و وەرگێڕان:

چەنـد جـاری دیکـەش ئـەوەم نووسـیوە کـە بێ‌بەهرەیـی و بێبـەری بوونـی تێکۆشـەرێکی سیاسـی بـە تایبەتـی لـە ئاسـتی ڕێبەریـی حیزبێـک و بزووتنەوەیـەک‌دا لـە توانـای نووسـین، کەمایەسـییەکی گەورەیـە. بەهـرەی نووسـین یارمەتیـی خـاوەن بەهرەکـە دەدا دیـد و بۆچـوون و لێکدانـەوە و ئەزموونـی خـۆی باشـتر گەڵاڵـە بـکا و، بیانخاتـە بـەر سـەرنجی خوێنەرانـی و، بـۆ لای خـۆی ڕایـان بکێشـێ. جگـە لەمـەش نووسـین دەمێنێتـەوە، لـە ئەرشـیڤەکان‌دا دەپارێـزرێ و، کەسـانی جۆراوجۆر لـە قۆناغی جیاوازدا دەگەڕێنـەوە سـەری و، لـە توێژینەوەی خۆیـان‌دا پشـتی پـێ دەبەسـتن.

کاک جەلیـل بـە ئـاگاداری لـەو پێوەندییـەی نووسـین دەتوانـێ لـە نێـوان نووسـەر و بەردەنـگ‌دا دروسـتی بـکا، هـەر وەهـا بـە تێگەیشـتن

لـە ڕۆڵـی نووسـین لـە بڵاوکردنـەوەی بیروبـاوەڕی ئازادیخـوازی و نیشـتمانپەروەری لـە نێـو خەڵـکدا، هـەر لـە بەندیخانـەوە گرنگـی بـە فێربوونـی زمانـی بێگانـە و وەرگێـڕان دەدا. بـە وەرگێـڕان دێتـە نێـو دنیـای نووسـین و نووسـەری. ئـەو بەرهەمانـەی وەری گێـڕاون، لـە ڕاسـتای بـاوەڕی پێشـکەوتووانە و ئازادیخوازیـی خـۆی و، دژایەتـی لەگـەڵ سـتەم و دواکەوتوویـی و نابەرابـەری دان.

نووسـینەکانی کاک جەلیـل، دەتوانیـن بکەیـن بـە دوو بـەش: یەکـەم، ئەوانـەی وەک وتـار لـە چاپەمەنیی حیزبی‌دا بڵاوی کردوونەوە کە زیاتر دەچنـە خانـەی شـیکردنەوە و بەرگـری لـە سیاسـەت و هەڵوێسـتەکانی حیـزب، یـا ڕوانگـە و بۆچوونەکانـی خـۆی لـە پێوەنـدی لەگـەڵ ئـەو سیاسـەت و هەڵوێسـتانەدا بـوون. دووهـەم، ئـەو نووسـینانەی وەک کتێب بڵاوی کردوونـەوە کە لـە نێوان مێژوو و بیـرەوەری‌دان. گادانی لـە کتێبەکانی‌دا، تێ دەکۆشـی بـە یارمەتی وەرگرتـن لـە حافیزەی خۆی و دۆکیۆمێنت، مێژوو یا ڕووداوە مێژووییەکان بگێڕێتەوە. بەشێک لـە کتێبەکانـی، هەڵسـەنگاندنێکی ڕەخنەگرانـەی ئـەو کتێبانـەن کـە لەبـارەی مێـژووی حیزبـی دیموکـرات و بزووتنـەوەی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان نووسـراون. نامـەوێ لـەم نووسـینەدا، بەرگـری یـا تەنانـەت داوەری لـە بـارەی نێوەرۆکـی کتێبەکانـی کاک جەلیـل بکـەم، بـەڵام پێـم باشـە قامـک لـە سـەر ئـەو خاڵـە بەهێـزە دابنێـم کـە کاک جەلیـل نووسـینەوەی بیـرەوەری و نووسـین لەسـەر ڕووداوە مێژووییەکانـی هـەڵ نەدەگـرت بـۆ داهاتـوو. ئەگـەر ڕەخنـەی لـە کتێبێـک و نووسـینی کەسـێک هەبـا، هەتـا کەسـەکە خـۆی لـە ژیان‌دایە، لـە سـەری دەنووسـی. ئـەم نووسـینانەی کاک جەلیل دەبوونـە هـۆی ئـەوە، کەسـەکان- ئەوانـەی پێوەندییـان بـە ڕووداوەکان هەیـە، تـا لـە ژیـان‌دان، قسـەی خۆیـان بکـەن

و  ئەگـەر زانیارییەکـی نـەدرکاو و نەگوتراویـان هەیـە، یـا تێبینـی و گێڕانەوەیەکـی جیاوازیـان لایـە، بیخەنـەڕوو.

گێڕانـەوە و نووسـینی کاک جەلیل لـە بارەی ڕووداوەکانی سـەردەمی کۆماری کوردسـتان و، ئەو تێکۆشـەر و کەسـایەتییە کورد و ئێرانییانەی لـە بەندیخانـە یا ڕەوتـی خەبات و تێکۆشـان‌دا ناسـیبوونی، یارمەتیدەری توێـژەران بـووە لـە ڕوونکردنـەوەی بەشـێک لـە قوژبـن و پەسـیوە تاریـک و ناڕوونەکانـی ئـەو مێـژووە. بەمـەش توانیوێتـی خزمـەت بـە تۆمارکردنـی مێژووییـەک بکا کە بۆ خۆی تێی‌دا ژیاوە.

## بایەخدان بە تۆمارکردنی بیرەوەریی پێشمەرگە:

«خاطـرات یـک پیشـمرگ»(بیرەوەرییەکانی پێشـمەرگەیەک) کـە یادداشـتەکانی فەرماندەری بە ناوبانگی هێزی پێشـمەرگەی دێموکرات شـەهید شـاپوور فیرووزیـی گرتووەتـە خـۆ، لەوانەیـە ئەگـەر دوای تێـرۆری کاک شـاپوور، نەکەوتبانـە دەسـت کاک جەلیـل گادانـی، تێداچووبـان. ئەگـەر ئـەم یادداشـتانە فەوتابـان، بێگومـان دۆکیۆمێنتێکـی بەنـرخ لـە بـارەی قارەمانەتییەکانـی هێـزی بێسـتوون و ڕووداوە سیاسـی و نیزامییەکانـی ناوچـەی کامیـاران و دەوروبـەر (لـە سـاڵی ١٣٥٨ تـا نێوەڕاسـتەکانی دەیـەی ٦٠ی هەتـاوی)، لـە دەسـتمان دەچـوون. بـەڵام کاک جەلیل ئـەو یادداشـتانەی کـە بیرەوەریـی ڕۆژانـەی ئـەو فەرماندە لێهاتوویـە بوون، وەک گلێنـەی چـاو پاراسـت و، هـەر لـە  کۆتایی دەیـەی ٩٠ی زایینـی‌دا لـە توێـی کتێبێکـی دوو بەرگییـش‌دا، چـاپ و بـڵاوی کردنـەوە. ئـەم دوو بەرگـە  هـەر ئێسـتا بـە هیممەتـی مامۆسـتا عاشـق ئیسـماعیلی، خەریکـە لـە فارسـییەوە دەکرێـن بـە کـوردی.

کاک جەلیـل، دەیزانـی نووسـینەوە و تۆمارکردنـی بیرەوەریـی شـەڕ

و تێکهەڵچوونە گەورە و حەماسییەکانی هێزی پێشمەرگە، بایەخێکی تایبەتیان هەیە. بۆیە بەردەوام فەرماندەران و پێشمەرگەکانی بەشدار لە شەڕ و تێکهەڵچوونە گرینگەکانی هان دەدا، ئەم جۆرە بیرەوەرییانەی خۆیان بنووسنەوە. بەڵام چونکە دەیدی هێندێک لەو هاوڕێیانەی توانای نووسین و ئامادەکردنی بیرەوەرییەکانی خۆیان نییە، کارهاسانیی بۆ دەکردن، کەسانێکی دیکەی ڕادەسپارد هاوکارییان بکەن بۆ ئەوەی هەر نەبێ کاکڵەی ڕووداوەکە بێننە سەر کاغەز، دوایە بۆ خۆی پێیاندا دەچۆوە. لە ڕیزی کتێبەکانی کاک جەلیلدا، کتێبێک بە ناوی «کەشکۆڵی پێشمەرگە» هەیە کە کۆکراوەی چەندین بیرەوەریی فەرماندە و پێشمەرگەیە. گومانم نییە ئەگەر مردن، کاک جەلیلی لێ نەئەستاندبایەن، ئەم پرۆژەیەی درێژە دەدا و، زۆر بیرەوەریی بەنرخی دیکەی پێوەندیدار بە حەماسەکانی پێشمەرگەی لە پەتای فەرامۆشکران و لە بیرچوونەوە، ڕزگار دەکرد.

«چرچەی فەرماندە لە بیرەوەریی هاوڕێیانیدا» کتێبێکە لە بارەی ژیانی کورت بەڵام پڕ لە قارەمانەتیی فەرماندەری شەهید حەمەدەمین بارام میرزا(چرچە). ئەو کتێبە بیرەوەریی ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوسەنگەران و هاوڕێیانی ئەو فەرماندە شەهیدەی گرتووەتە خۆی. کاک جەلیل دوای دیتنەوە و دەستنیشانکردنی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی شەهید «چرچە»، بیرەوەرییەکانی خۆیان لە بارەی ئەو فەرماندەیەی پێ نووسیونەوە و، دوای پێداچوونەوە و ئامادەکردن، کتێبێکی باشی لێ پێک هێناون. ئەم کتێبە، دوایین بەرهەمی چاپکراوە کە بە هاوکاری و زەحمەتی کاک جەلیل هاتبێتە بەرهەم.

**ئەمەگناسی لەئاست کەسایەتی و تێکۆشەرانی قۆناغەکانی پێشووی خەبات:**

کاک جەلیل، ڕێزێکی تایبەتی بۆ ئەو کەسانە دادەنا کە لە قۆناغ و بڕگەکانی ڕابردوودا، بەشداریی خەبات و تێکۆشانی ئازادیخوازی، نەتەوەیی و حیزبی بوون. بە هەر زەحمەتێک بایە جێگا و شوێنی نیشتەجێ بوونی دەدۆزینەوە و پێوەندیی لەگەڵ دادەمەزراندن. لە هەر دەرفەتێکدا سەردانی دەکردن، چەندی بۆی کرابا، هاوکاریی دەکردن و، لە کاتی گرفتاری و لێقەوماندا مشووری دەخواردن. ئەوەندەی قسەی ڕۆیشتبا لای دەزگا حیزبی و حکوومەتییەکانی هەرێم، قسەی خێری بۆ دەکردن و، بۆ هاوکاری و ئاگا لێبوونیان، هانی دەدان. هاوکات بە بەرپرسان و هاوڕێیانی حیزبیی خۆی دەناساندن کە لە گەڵیان لە پێوەندیدا بن و ڕێزی ئەو خزمەتانەیان بگرن کە ڕۆژگارێک پێشکەشی حیزبی دێموکرات و نەتەوەکەی خۆیان کردوە.

شانبەشانی ئەم جۆرە بەسەرکردنەوانە، هاوڕێیانی بەشی ئەرشیڤ و ڕاگەیاندنی حیزبی هان دەدا بچنە دیداری کەسایەتی و تێکۆشەرانی لەو چەشنە بۆ ئەوەی بیرەوەرییەکان و زانیارییەکانی ئەوان لە بارەی ڕووداوەکانی سەردەمانی پێشوو تۆمار بکەن و، بەم جۆرە لە فەوتان و لەبیرچوونە، بیانپارێزن. لەبیرمە جارێک دەمانەویست لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا ئاوڕ لە خزمەتەکانی کۆمار لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا بدەینەوە. پێویستمان بە پێوەندی گرتن بە نەمر محەممەدی شاپەسندی کارمەندی چاپخانە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا هەبوو کە ئەو کات هێشتا لە ژیاندا بوو و، لە شاری سلێمانی دەژیا. بۆ ئەو مەبەستە پێوەندیمان بە کاک جەلیلەوە گرت. کاک جەلیل دەستبەجێ کاسێتیکی لەقسەکانی شاپەسندی داینێ کە

هەر بۆ خۆی لێی زەبت کردبوو و زۆر زانیاریی بەنرخی لە بارەی کاروباری چاپخانە و چاپەمەنی لە سەردەمی کۆماری کوردستان‌دا، تۆمار کردبوو. کەسانێک لە نزیکەوە لە گەڵ کاک جەلیل هاوخەبات و هاوکار بووبن، لەم جۆرە نموونانەیان زۆر لێ دیتوە.

**هاندان بۆ خوێندن و خۆ پێگەیاندن و،**
**ڕێزگرتن لە قوتابیان و خوێندکارانی سەرکەوتوو:**

کاک جەلیل بە هۆی گیران لەسەر کاری سیاسی و مانەوە لە بەندیخانە، هەر لە قۆناغی ناوەندیی خوێندنەوە لە دەرس خوێندن بە شێوەی ئاسایی و چوونە قوتابخانە بێبەش بوو، بەڵام لە بەندیخانەش دەرفەتی بۆ خۆپێگەیاندن لە کیس نەدابوو. بە شێوەی دووراودوو(مکاتبەای) دەرسی خوێندبوو، لە تاقیکردنەوەکان سەرکەوتبوو. جگە لە وەرگرتنی دیپلۆم، توانیبووی لیسانسی زمانی فەرانسە وەربگرێ و، هەر لە بەندیخانە چەند کتێبی لە فەرانسەییەوە وەرگێڕابووە سەر زمانی فارسی. ئەم ئەزموونەی خۆی پاڵپشت بوو بۆ هاندانی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی، هەر وەها کچان و کوڕانی بنەماڵە حیزبییەکان کە لە خوێندن و خۆپێگەیاندن لە هەر هەلومەرجێکدا، غافڵ نەبن.

لە ژیانی سیاسی و خەباتگێڕانە و لە کارنامەی بەرپرسایەتییە حیزبییەکانی کاک جەلیل‌دا، بایەخدان بە قوتابخانە، خوێندن و پەروەردە، کتێبخانە و خوێندنەوە، چ لە ناوچە ئازادەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، چ لە نێو کەمپ و بنکە حیزبییەکان، جێگەیەکی تایبەتی هەبوو. گرنگیی بە داواکاری و چاوەڕوانییەکانی بەرپرسانی ئەو بەشە و مامۆستایان دەدا، لە سەردانی خوێندنگەکان غافڵ نەبوو.

ئـەو قوتابـی و خوێندکارانـەی سـەرکەوتووانە پلەکانـی خوێندنیـان بڕیبوو، بـە سـەری دەکردنـەوە. زۆر جـار لـە گیرفانی خۆی دیارییەکی سـەمبولیکی بۆ دەکڕین. لەم یا ئەو شـار و ئیدارە و بنکەی ڕۆشـنبیری، ئەگـەر کۆمەڵـە کتێـب یـا گۆڤارێکـی بەکەڵکـی دەسـت کەوتبـا، لەگـەڵ خـۆی دەیهێنانـەوە و، وەک خـەڵات پێشکەشـی ئـەو منداڵانـەی دەکـرد کـە زیـرەک بـوون.

چەندیـن جـار ئـاگادار بـووم بـە پـۆل ئـەو قوتابـی و خوێندکارانـەی ئاسـتێکی خوێندنیـان بـە باشـی بڕیبـوو، لـە ماڵـی خـۆی بانگهێشـتی دەکـردن و جێژنـی بـۆ دەگرتـن. لـە پەرەپێدەرانـی کولتـووری کتێـب خوێندنـەوە و کتێب پاراسـتن بـوو. لـەو پێوەندییانـەی لەگـەڵ یەکیەتیی نووسـەران و هێندێـک ناوەنـدی ڕۆشـبیری و دەزگای چـاپ و بـڵاو کردنـەوەی هەیبـوو، بـۆ ئەسـتاندنی کتێـب سـوودی وەردەگـرت. ئـەو کتێبانـەی پەیـدای دەکـردن بـە سـەر بنکـە حیزبییـەکان‌دا بـڵاوی دەکردنـەوە و، بـەم جـۆرە کتێب و چاپکراوی نوێی دەگەیاندە دەسـتیان.

## هەستیاربوون لە ئاست بڵاوبوونەوەی چاپەمەنیی حیزب:

جـاران کـە هێشـتا ئینترنێت و پێوەندیـی ئەلێکترۆنـی نەهاتبوونـە نێـو خەبـات و تێکۆشـانی حیزبـی و ژیانـی سیاسـی، چاپەمەنیـی حیـزب ئەڵقـەی هـەرە گرینگـی پێوەندیـی نێـوان حیـزب و بەردەنگەکانـی لـە باشـووری کوردسـتان بـوون. کاک جەلیل کـە بۆخـۆی بـە تەنیـا زیاتـر لـە چالاکتریـن ڕێکخراوەکانـی حیـزب دۆسـتی بـۆ حیزبـی دێموکـرات و خەباتـی شـۆڕشـگێرانەی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان پەیـدا دەکـرد، چاپەمەنیی حیـزب بـە تایبەتـی ڕۆژنامەی «کوردسـتان»ی بە ڕێکوپێکی بـەو دۆسـتانە دەگەیانـد. دیـارە ئـەو دۆسـتانەی پەیدای دەکـردن، دوای

ماوەیـەک بـە بەشـی پێوەندییەکانـی حیـزب لـە شـارەکانی باشـووری کوردسـتانی دەناسـاندن و ڕاشی‌دەسـپاردن کە چاپەمەنیی حیزبیـان پێ بگەیەنن. هـەر جارێکیش سـەردانی ئـەم دۆسـتانەی کردبا، پرسـیاری لێ دەکـردن کـە چاپەمەنیـی حیزبیـان بـە ڕێکوپێکـی پـێ گەیشـتوە؟ یەکێک لـە ڕەخنەکانـی کاک جەلیـل لـە پێوەندییەکانـی حیـزب کەمتەرخەمییـان لـە نەگەیانـدن یـا درەنـگ گەیاندنـی چاپەمەنـی بـەو دۆسـتانە و،کـەم بایەخـدان بـەو جـۆرە پێوەنـدی و بەسـەرکردنەوەیە بـوو. بـە هەوڵـی کاک جەلیـل، ژمارەیەکـی بەرچـاو لـە کەسـایەتییە دیارەکانـی هەرێمـی کوردسـتان، ببـوون بـە خوێنـەری چاپەمەنیـی حیزبـی دێموکـرات و، لـە هەڵوێسـت و سیاسـەتەکانی حیـزب ئاگادارییەکـی باشـیان هەبـوو.

هـەر لـە جێدا سـەردەم و پێشـکەوتنەکانی بـە تایبەتـی پێشـکەوتن لـە بـواری پەیدابوونـی سـەرچاوەی نوێ بۆ دەسـتڕاگەیشـتنی تاکـی حیزبـی بـە زانیـاری، نەیبـوون بـە هـۆی ئـەوە کاک جەلیـل نـرخ و کاریگەریـی چاپ و بڵاوبوونـەوەی ڕێکوپێکـی چاپەمەنیـی حیزبەکـەی لەبیر بچێتەوە. ئـەو کـە حیزبایەتیـی لـە شـانەی حیزبـی و تێکۆشـان وەک کادری نهێنیـی حیـزب دەسـت پـێ کردبـوو، لـە سـەر پێویسـتیی دەسـتڕاگەیشـتنی کادر و پێشـمەرگە و ئەندامانـی حیـزب بـە ئەدەبیاتـی نووسـراو (سـەر کاغـەز) زۆر پێداگـر بـوو. چونکـە ڕاهێنـان و ڕاهاتـن بـە خوێندنـەوەی ئەدەبیاتـی حیزبـی بـە یەکێـک لـە پێداویسـتی و مەرجەکانـی پـەروەردەی حیزبـی دەزانـی، بۆچوونێک کـە ناکرێ گومـان لـە دروسـتبوونەکەی‌دا بکەیـن.

**دیاربوون لە نێو کۆڕ و چالاکیی ڕۆشنبیریی نێو حیزب و، شارەکانی کوردستان:**

یەکێک لە پێوەرەکانی ڕۆشنبیربوونی کاک جەلیل و ڕەهەندی ڕۆشنبیریی ژیانی ئەو، گرنگیدانی بوو بە بەشداریی چالاکانە لە کۆڕ و کۆبوونەوە و چالاکیی کولتووری و ڕۆشنبیری لە نێو حیزب و لە دەرەوەی حیزبدا. مەبەستم لە بەشداریی چالاکانە، هەم جۆراوجۆریی ئەو چالاکییانەیە کە تێیاندا ئامادە دەبوو، هەم ئەکتیڤ بوونی بوو لە نێو کۆڕ و چالاکییەکاندا. ئەو، لە دەرفەتی گونجاودا بە تایبەتی ئەو کاتەی دەرفەت دەدرا بە بەشداران، سەرنج و تێبینییەکانی خۆی لەسەر ئەو باسانەی پێشکەش دەکران، ئەو بەرنامانەی پێشان دەدران و بەڕێوە دەچوون، دەخستە ڕوو. کەم پێشانگەی کتێب، کۆڕی شێعر، سمینار و فستیڤاڵی ڕۆشنبیری، یادکردنەوەی نووسەران و هونەرمەندان هەبووە لە نێو حیزب یا لە شارەکانی هەرێمی کوردستان پێک هاتبن و کاک جەلیل بانگهێشت کرابێ و، نەچووبێ.

دیارە ئەگەر چالاکی و بەرنامەکان پێوەندییان بە ژنان و منداڵانەوە هەبا، کاک جەلیل پتر خۆی بە ئەرکدار دەزانی کە تێیاندا بەشدار بێ. ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ڕوانینی ئەو کەسایەتییە لە بارەی منداڵان و ژنان و، ئەرکی کەسایەتییە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکان لە پشتیوانیکردنی ئەو دوو توێژەدا.

ڕوویەکی گەشی دیکەی بەشداریی کاک جەلیل لەو جۆرە چالاکی و بەرنامانەدا، ڕێزلێگرتن و هاندانی ڕێکخەرانی بەرنامەکان، کۆڕگێڕان و خاوەن بەهرەکان بوو. کاک جەلیل ڕێزی لێ دەگرتن، دڵگەرمی دەکردن و وای دەکرد هەست بە گرنگیی کار و زەحمەتەکەی خۆیان

بکەن و، لەو بوارەدا بەردەوام بن.

**سینگفرەوانی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەخنەی پێوەندیدار بە نووسین و کارە ڕۆشنبیرییەکانی:**

نامەوێ لەجیاتی هەموو ئەو کەسانەی کاک جەلیل بابەتی ڕەخنەگرانەی لەسەر نووسیون، یا بە پێچەوانە ئەوان لەسەر کاک جەلیل نووسیویانە، بڕیار بدەم. دیارە ئەوەندەی کاک جەلیلم لە نووسینەکانی و لە قسە و دەربڕینەکانیدا ناسیوە، هەر وا کە ڕەخنەگرتن لە سەر کتێب و نووسینی کەسانی دیکەی بە مافێکی سروشتیی خۆی و بە شتێکی ئاسایی و تەنانەت پێویست لە ژیانی ڕۆشنبیریدا دەزانی، ڕەخنەگیران لە خۆی و نووسینەکانی خۆشی بەو مەرجەی موغریزانە نەبان، بە شتێکی ئاسایی دەزانین. ئەگەر بە ناواریدیشی زانیبان، پێی وابوو دەبێ بە نووسین وڵامیان بداتەوە، نەک بە دوژمنایەتی کردن. ئەوە ناسیاویی منە لە کاک جەلیل بە گوێرەی ئەوەندە هەڵسوکەوتەی لەم بوارەدا لێم دیتوە، لێم بیستوە و لێم خوێندووەتەوە. بۆچوون و ئەزموونی خەڵکی دیکە چیە و چۆنە؟ بۆ خۆیان دەزانن. بەڵام پێم باشە ئەزموونێکی خۆم لە ڕەخنەگرتن لە نووسینێکی خۆی و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی ئەو کەسایەتییە بەرامبەر ڕەخنەکانم بگێڕمەوە:

لەم ساڵانەی دواییدا، ڕۆژێک کاک جەلیل گەورەیی نواند و لە ژووری کارەکەم لە قەڵای دێموکرات، هاتە سەردانم. لە کاتی هەستان‌دا، گوتی ڕەخنە و ڕوونکردنەوەکانی خۆم لە سەر کتێبەکەی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە (باش لەبیرم نییە «ئەزموونی خەبات»ی مەبەست بوو یا وڵامدانەوەی مامۆستا بە کتێبی «نسکۆ

و دابـران»ی کاک مسـتەفا هیجـری) نووسـیوە. دەمـەوێ پێـش چـاپ بیدەم بـە خـۆی بیخوێنێتـەوە، بزانـم نـەزەری چیـە. منیش عـەرزی کاک جەلیلـم کـرد، سـوودی ئـەو کارە چییـە؟ وای دادەنێیـن مامۆسـتا ڕوون کردنـەوە و ڕەخنەکانـی جەنابتـی بـەدڵ نابـن و بـە نارەوایـان دەزانـێ. قابیلـە بڵـێ کاک جەلیـل بڵاویـان مەکـەوە؟! دوای کەمێـک بیـر کردنـەوە فەرمـووی: جـا باشـە ئەگـەر وایـە نووسـینەکە دەدەم بـە خـۆت، بـۆ خـۆت بیخوێنـەوە و دوایـە تێبینییەکانـی خۆتـم پـێ بڵـێ. منیـش گوتـم زۆر باشـە، بـە چـاوان. چەنـد ڕۆژێکـی خایانـد تـا نووسـینەکەی کاک جەلیلـم خویندەوە و تێبیننەکانی خـۆم لـە بارەیـان یادداشـت کـردن. ئێوارەیـەک نووسـینەکەیم وێـڕای تێبینییەکانـی خـۆم هەڵگـرت و چوومـە ماڵیـان. چونکە لەوە دڵنیا بووم کە کاک جەلیل دەزانێ ڕێز و خۆشەویستییەکی زۆرم بـۆی هەیـە، زۆر ڕاشـکاوانە ڕەخنەکانـی خـۆم لەگـەڵ بـاس کـرد. یەکێـک لـە ڕەخنەکانـم ئـەوە بـوو: کاک جەلیـل! بەڕێـزت و زۆربـەی هاوڕێیانی دیکە کە بیرەوەریتان نووسیوە، بە مامۆستا و کاک مستەفا هیجـری و کـێ و کێـی دیکەشـەوە، ئایـا لـە ژیانـی حیزبایەتیتـان‌دا هیـچ هەڵەیەکتـان نەکـردوە؟ ئـەدی بـۆ چـی لـە هیـچ کوێیەکـی بیـرەوەری و نووسـینەکانتان‌دا ددان بـە هەڵەیەکـی خۆتـان‌دا نانێـن و ڕەخنەیـەک لـە خۆتـان ناگـرن و، بـەم جـۆرە نابـن بـە سەرمەشـقێکیش بـۆ مەمانـان؟ هەروەهـا گوتـم: بەڕێـزت لـەم نووسـینەت‌دا، کـە ڕووداوەکانـی ڕابـردوو دەگێڕییـەوە، لـە حاڵێـک‌دا بـۆ خـۆت ئەندامـی دەفتـەری سیاسـیی حیـزب بـووی، لـە ناوەنـدی بڕیـاری حیـزب‌دا بـووی و بەرپرسـێکی بـە دەسـەڵاتیش بـووی، بەرپرسـیارەتیی کۆمەڵێـک لـە بڕیـارەکان لـە خـۆت دوور دەکەیـەوە و ، هـەر دەنووسـی «وایـان کـرد»، «وایـان بڕیـار دا»! باشـە دەکـرێ هـەر چـی بڕیارێکـی ڕابـردووی ئـەو حیزبـە کـە مەمانـان

یا خەڵکی دیکە ئەمڕۆ بە خراپ و نادروستی دەزانین، هەر کەسانی دیکە لێی بەرپرسیار بووبن و هیچیان پێی بەڕێزیشت نەگرنەوە؟!

دیارە کۆمەڵێک ڕەخنەی دیکەشم لە نووسینەکەی کاک جەلیل بۆ خۆی باس کرد کە نامەوێ لێرەدا بیانهێنم. ڕاستییەکەی بۆ خۆم باوەڕم نەدەکرد کاک جەلیل، سەرەڕای ڕەق و ڕاشکاوبوونی ڕەخنە و تێبینییەکانم، ئاوا بە وردی، بە حەوسەلە و بێ هیچ هەڵچوونێک، گوێم لێ بگرێ و تەنانەت سوپاسیشم بکا کە بە وردی خوێندوومنەوە و، ڕەخنەکانی خۆشم بێ پێچ و پەنا لە گەڵی باس دەکەم. پێم وایە کاک جەلیل ڕەخنەکانمی -وەک دەڵێن - زۆریش»بە دیدەی ئیعتیبار» وەرگرت. بۆ خۆم پێم وایە هەر ئەوە کە ئەم نووسینەی لە نوێترین کتێبی دوای ئەو دیدارە، «ولامدانەوە و ڕوونکردنەوە»دا نەگونجاندبوو، پێوەندیی بە ڕەخنە و تێبینییەکانی منەوە هەبوو. هەر چۆنێک هەیە، من ئەو ڕۆژە جوانترین نموونەی سینگفرەوانی بەرامبەر ڕەخنەم لە کاک جەلیل گادانی دیت.

**دوا قسه:**

وەک لە سەرەتاوە ئاماژەم پێ کرد باسکردن لە هەموو ڕەهەندەکانی تێکۆشان و کەسایەتیی کاک جەلیل گادانی و تایبەتمەندییە بەرزەکانی، کتێبێک هەڵ دەگرێ. تەنانەت بە تێر و تەسەلی نووسین لە سەر تەنیا ڕەهەندێک لە ژیان و خەباتی ئەویش- ڕەهەندی ڕۆشنبیری، کە لەم نووسینەدا مەبەست بوو- چەندین لاپەڕەی دیکەی پێویستە. وەک دەڵێن:

«آب دریا را اگر نتوان کشید هم بە قدر تشنگی باید چشید.» (ئەگەر هەموو ئاوی دەریاشمان بۆ هەڵنەگیرێ، لانیکەم دەبی بەشی شکاندنی تینوێتی لێی بخۆینەوە.)

گرنگ ئەوەیە ڕەوشتە جوان و تایبەتمەندییە بەرزەکانی ئەم سەرکردە بە فەرهەنگە و، ئەم خەباتکارە ماندوویینەناسە، هەموو کات لە بەرچاومان بێ، لێیان فێر بین و، بیانکەین بە ڕێنوێنی ژیانی سیاسی و خەباتکارانەی خۆمان و، بەم جۆرە یادی کاک جەلیل گادانی هەمیشە بەرز ڕابگرین.

# وانەکانی هەرگیز لە بیر ناچن

■ مستەفا شەڵماشی

بەبۆنەی کۆچی دوایی هاوڕێی سەرکردە کاک جەلیلی گادانی، لە بنەماڵەی سەربەرزی گادانی، لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە بنەماڵەی گەورەی دێموکرات، لە هەموو دۆست و ئاشنایانی هاوڕێی تێکۆشەرمان کاک جەلیل و لە هەموو گەلی کورد بە تێکڕایی سەرەخۆشی دەکەم. هیوادارم بە هاتنە دی ئەو ئامانجە پیرۆزانەی کە کاک جەلیلی ماندوویی‌نەناس، لە ماوەی زیاتر لە حەفتا ساڵدا بە هەر ڕێگایەکی مومکیندا هەوڵی بۆ دەدا، ڕوحی گەورەی کاک جەلیل و هەمو تێکۆشەرانی کۆچکردووی ئەو ڕێگایە شاد بێ.

قسەکردن لەسەر ڕابردووی کەسێک کە تەواوی تەمەنی خۆی بە شێوەیەکی سادقانە و ڕاستگۆیانە خستبێتە سەر تەبەقی ئیخلاس بۆ خزمەتکردن بە دۆزی ڕەوای نەتەوەکەی کارێکی ئاسان نییە. لەوەش گرنگتر باسکردن لە ڕابردووی کەسێک کە لە هەمو

کەلێـن و قوژبنێکـی نیشـتمانەکەیدا جێپەنجـەی دیـار بـێ و لـە لایـەن کۆمەڵانـی میلیۆنیـی خەڵکـی وڵاتەکەیـەوە ناسـرابێ، دیسـان ئەرکێکـی قورسـتر دەخاتـە سەرشـانی مرۆڤ. بـەو حاڵەشـەوە کاک جەلیلـی نەمـر ئەوەنـدە تایبەتمەندیـی بـاش و جێـگای پەسـندی هەبـون و ژیانەکـەی ئەوەنـدە دەوڵەمەنـد بـە تایبەتمەندیـی جێـگای شـانازییەوە بـوو، کـە هەرکـەس دەتوانـێ لـە و دەریـا بێبڕانەوەیـە هێندێـک بەهـرە هەڵێنجـێ و بەپێـی توانـای خـۆی چیرۆکێکـی شۆڕشـگێڕییان لـێ سـاز بکا کـە بەسـەر بڵێندیـەوە بـۆ ڕێبوارانـی ڕێگای ڕزگاریـی نەتەوەکـەی بخوێنێتـەوە.

ئەمنیـش یەکێـک لـەو کەسـانە بـووم کـە شـانازی ئـەوەم هەبـووە لـە تەمەنـی لاویمـەوە، واتـە لـە دوای گۆنگـرەی سـێی حیزبەکەمانـەوە، گوێـم بـە نـاوی ئـەو پیاوە مەزنـەی گەلەکەمـان ئاشـنا بـێ و لـە دوای کۆنگـرەی چـواری حیزبەکەمانـەوە لـە ڕێبەریـی حیزبـدا بـۆ ماوەیەکـی درێـژ شانبەشـانی ئـەو تێکۆشـەرە ماندوویینەناسـە خەبـات بکـەم. لـە بۆچوونـە بەنرخەکانـی بەهرەمەنـد بـم و بـە هەڵسـوکەوتە شۆڕشـگێڕانەکەی ورە بـۆ خەبـات کـۆ کەمـەوە و لـە ئامۆژگارییـە بەنرخەکانـی کەڵـک وەربگـرم. زێدەڕۆییـم نەکـردوە ئەگـەر بڵێـم کاک جەلیـل جوانتریـن وێنـای ڕێبەرێکـی بەئەخلاقـی سیاسـی، دەسـت و داوێـن پـاک، بێخـەش، دڵسـۆز، ماندوویینەنـاس و ئیدامـەکار بـوو. لـە بـاری بۆچونـەوە خـاوەن ئیـرادە و هەڵوێسـتی شۆڕشـگێڕانەی خـۆی هەبـوو. لـە بـاری ئیمانـەوە نائومێـدی نەدەناسـی و لـە دژوارتریـن هەلومەرجەکانـدا هـەر بـە گـوڕ و تینـی سـەردەمی سـەرکەوتن درێـژەی بـە خەبـات دەدا.

گەورەتریـن تایبەتمەندییەکانـی کاک جەلیـل ئـەوە بـوو کـە لـە هیـچ هەلومەرجێکـدا لـە خەبـات شـل نەدەبـۆوە. هەربۆیـە توانیویەتـی

مێژوویەکی خەبات و تێکۆشان دروست بکا کە لە قۆناغی جۆراوجۆری ژیانیدا و لە تێشکان و هەستانەوەدا جێ پەنجەی دیار بێ. شۆڕشگێڕی ماندوویی‌نەناس کاک جەلیلی گادانی دەتوانین بڵێین هەر لەسەر میزی قوتابخانەی سەرەتاییەوە کە بەشێکی کەوتووەتە دەورانی زێڕینی خەباتی حیزبی دێموکڕات و دامەزرانی کۆماری کوردستان، دەستەچیلەی خۆی بخاتە سەر ئاگری شۆڕشی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەمان. بەڕێزیان لەو کاتەدا بە بەشداریکردن لە گوتنەوەی سرودە نیشتمانییەکان دەست پێدەکا و دواتر ڕووخانی کۆماری کوردستانیش لە خەبات ساردی ناکاتەوە و لە یەکیەتیی لاواندا چالاکانە بەشداری دەکا. لە قۆناغی دواتر دەبێتە یەکێک لە هەڵسوڕاوترین کادرەکانی حیزب و لە شار و گوندەکانی کوردستاندا بە ناوی جۆراوجۆر و بەنهێنی و بەئاشکرایی، خەریکی بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتی و ڕێکخستنی تەشکیلاتی حیزبی دەبێ.

بەدوای تێکۆشانی بێوچاندا بۆ دەزگا ئەمنییەتەکانی ڕێژیمی پاشایەتی دەناسرێ و دەکەوێتە بەر هێرشی دڕندانە و ئەشکەنجە و ئازار و لە کۆتاییدا زیاتر لە سێزدە ساڵ لە سیاچاڵەکانی ڕێژیمی پاشایەتیدا بەند دەکرێ. بەڵام ئەو مەزنە سەرێکی سەوداسەری هەیە و ئەو ئازار و ئەشکەنجانە نەتەنیا کۆڵی پێ نادەن، بگرە چالاکتری دەکەن و نەتەنیا شکستی پێ نادەن بەڵکوو سەرکەوتووانە و دوژمنبەزێنانە لە زیندان دێتە دەر. هەم مەدرەکی لیسانس لە زمانی فەڕانسە لەگەڵ خۆی لە زیندان دێنێتە دەر و هەم کۆڵەبارێک تاقیکردنەوەی خۆڕاگری و دیسان بەبێ ترس دەست دەکاتەوە بە خەبات.

دوای ئەو هەمو زیندانی و ئەشکەنجە دانەیە کە من وەک نوێپێیەک لە مەیدانی خەباتی حیزبی دێموکراتدا لە دوای کۆنگرەی

سیوه گوێم لێ دەبێ کە کاک جەلیلی گادانی لەنێو جەرگەی دوژمندا لە تاران بەنەهێنی کراوەتە ڕاوێژکاری کومیتەی ناوەندی. دیسان سەوداسەری ئازادییە و لە تەشکیلاتی نهێنیدا بەبێ گوێدانە خەتەری گیرانەوە و ئەشکەنجە درانەوە، دەستی بە تێکۆشان کردووەتەوە.

خەباتی کاک جەلیل بێبڕانەوەیە و لە گەرمەی خۆپیشاندانەکانی کۆمەلانی خەڵک لەدژی ڕێژیمی پاشایەتیدا کاک جەلیل خۆی دەگەیەنێتەوە مەهاباد و دەبێتەوە پێشەنگ. لە ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنی کاک «عەزیز یوسفی»، تێکۆشەر و سەرکردەی چاونەترسی حیزبی دێموکرات و قارەمانی زیندانیی درێژخایەن لە سیاچاڵەکانی ڕژیمی پاشایەتیدا، کاک جەلیل ڕۆڵی هەڵسوڕێنەری گێڕا و بێترس مەیدانی لە دوژمنانی گەلەکەمان گرت و دەنگی دلێرانەی لەنێو ئاپۆرای کۆمەلانی خەڵکدا دەنگی دایەوە.

پاش ڕووخانی حکومەتی حەمە ڕەزاشا و دوای ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستی بە خەباتی ئاشکرا کردەوە، کاک جەلیل دەستی لە کار و ژیانی تایبەتی هەڵگرت و تا دوایین هەناسەی ژیانی مەیدانی خەباتی چۆڵ نەکرد. لە ڕیزی پێشەوەی خەباتکارانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا وەک ڕێبەرێک ڕۆڵی گێڕا و بوو بە وێنەیەکی جوان لە سەرکردایەتی کردن. وەک ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و سکرتێری بەشێک لە بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات (واتە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان_ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) بە سەداقەت و پاکی و بە شێوەیەکی ماندوویی نەناسانە کاری کرد و بێپشودان خەباتی کرد.

کاک جەلیل بە هەموو باوەڕیەوە کەسێکی یەکسانیخواز بوو. ئەو

باوەڕی قوڵی بە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵ هەبوو. بە ژن و پیاوەوە و بە چین و توێژە جۆربەجۆرەکانیەوە. ڕاستە وەک هەمو دێموکڕاتێکی ڕاستەقینە بە پلەی یەکەم بۆ مافی دیاریکردنی چارەنوسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی و لە هەمو کوردستان بەگشتی تێدەکۆشا، بەڵام لە قۆناغی دوای ئازادی گەلی کوردیشدا دەیەویست حیزبی دێموکرات بەرنامەی پێشکەوتووی کۆمەڵایەتیی هەبێ تا هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە مافی وەک یەک و دەرفەتی وەک یەکیان هەبێ. لەو کۆنگرانەدا کە من تێیدا بەشدار بووم و کاک جەلیلیش تێیدا بەشدار بووە، دیومە کە لە باسی بەرنامەی دوارۆژدا هەمو جارێ کاک جەلیل بەرگریی لە دروشمە سۆسیالیستییەکان کردوە و پێی لەسەر ئەوە داگرتوەتەوە کە حیزبی دێموکرات پێویستە لە ئامانجی دوارۆژی خۆیدا عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بگونجێنێ و کاری بۆ بکا. لە باری مێژووییشەوە کاک جەلیل یەکێک لەو کادرە حیزبیانە بووە کە پشتیوانیی لە جووڵانەوەی جوتیاران لەساڵی ١٣٣٢دا کردوە و هەر لەو ساڵەشدا لە لایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی حەمەڕەزاشاوە گیراوە. کاک جەلیل ئەوەندەی ئاگادار بووم یەکێک لە سەرکردە چالاکەکانی حیزب بوە لە بواری دیفاع لە مافی یەکسانیی ژن و پیاو. کە واتە پڕ بە پێستی بوو کە خۆی بە کەسێکی ناسیۆنالیستی چەپ پێناسە بکا.

کاک جەلیل لە ڕێوڕەسمی ٨٠ ساڵەی تەمەنیدا کە لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بۆی پێک هاتبوو، دەڵێ: خەبات، خەباتی بێوچان لەپێناو ڕزگاریی کورد و کوردستاندا ئەرکە، ئەرک بووە و ئەرکیش دەبێ. بە باوەڕی من ژیانێک کە لەپێناوی ژیان و ژینەوەی گەل و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتدا نەبێ،

بێبایەخـە و بەفیڕۆدانـی تەمەنـە.

لـە پێشـەکیی «پەنجا سـاڵ خەبات»دا دەڵێ: دەبێ ئـەو ڕووداوانـەی ڕابردومـان لەبـەر چـاو بـێ و پەنـدی لـێ وەربگریـن و بـۆ پتەوبونـی ڕیزەکانـی حیـزب و یەکیەتیـی کـورد و پێکهێنانـی تەفاهـوم و ڕووحـی برایەتـی زیاتـر لـە نێـو هەمـو حیـزب و ڕێکخـراوە کوردسـتانییەکاندا کەڵکـی هەبـێ و ئیمانمـان بـەوە هەبـێ کـە ئـەوەی بـە یەکگرتـن و تەبایـی بۆمـان دەکـرێ، هیچـکات بـە دووبەرەکـی و ناکۆکـی پێکنایـە.

جـا کاک جەلیلێـک کـە بـە شـێوەی قسـەکانی یـادی هەشـتا سـاڵەی دڵسـۆز بێ و بە قەناعەتێک کە لـە تاقیکردنـەوەدا پێی گەیشـتوە وەک لە پێشـەکیی پەنجا سـاڵ خەباتدا باسـی دەکا، چۆن دڵی بۆ یەکڕیزی لێنـادا؟ بێگومـان بـۆ چارەسـەری ئـەو کێشـانەش لـە زۆر دەرفەتـدا ئیشـارەی پـێ کـردوە. هـەر لـە پێشـەکیی پەنجا سـاڵ خەباتـدا دەڵێ کـە باسـکردن لـە کێشـەکانی ڕابـردوو پێویسـتە بـۆ دەرس لـێ وەرگرتـن بـێ. نابـێ بـۆ یەکتـر مەحکومکـردن و گەورەکردنـەوەی درزەکان بـێ. دەبێ تێبگەیـن کـە تـا ئێسـتا چمـان بـە یەکتـر گوتـوە، چمـان بەسـەر یەکتـر هێنـاوە و چـۆن بووینـە هـۆی شکسـتی خۆمـان. نابـێ ئەوانـە دووپـات کەینـەوە و پێویسـتە ئـەو کێشـانە وەلا نێیـن و یـەک بگریـن، چونکـە هێـز و سـەرکەوتن لـە یەکگرتن‌دایـە. هەربۆیـە نەخشـەڕێگای کاک جەلیـل دوو شـتی سـەرەکی بـووە:

یـەک: شـڕۆڤەی ڕابـردوو بـە چـاوی ڕەخنەگرانـە بـۆ دەرس‌وەرگرتـن لـە ڕابـردوو، بـۆ دووپاتنەکردنـەوەی هەڵـەکان، نـەک بـۆ یەکتـر مەحکومکـردن و شـکاندن.

دوو: یەکگرتـن لـە پێنـاوی قازانجـی نەتەوەییدا و بـۆ کۆکردنـەوەی هێز و بـۆ سـەرکەوتنی دۆخـی کـورد، بـە ئامانجـی داڕشـتنی سـتراتیژییەکی پتـەوی نەتەوەیـی.

لـه مەسـەلەی یەکگرتنـەوەی بنەماڵـەی گـەورەی دوو دێموکراتیشـدا کاک جەلیـل یەکێـک لـه پێداگرتریـن کەسـەکان بـوو. زۆرجاریـش ئیشـارەی بـەوە دەکرد کـه ئێمـه ئەگـەر دەمانـەوێ یـەک بگریـن، نابـێ قازانجی حیزبی و گرووپیی خۆمـان لەبـەر چاو بێ و پێویسته بیر لـه قازانجـی گشـتیی نەتەوەکەمـان بکەینـەوە.

هەسـتی خزمەتکـردن بـه دۆزی ڕەوای گەلـه بەشـخوراوەکەمان لـه سـەرکردە «جەلیلـی گادانـی»دا هێنـدە بەهێـز بـوو، کـه ئـەو هەمـو خەبـات و ڕەنجدانـە، تێـری نەدەکـرد. هەربۆیـە لـه مەیدانـی نوسـین و وەرگێڕانیشـدا لـه هاوتەمەنانـی خـۆی وەدوا نەکـەوت و سـەعاتەکانی پشوودانیشـی بـه نوسـین و خوێندنـەوە و وەرگێـڕان بـۆ سـەر زمانـی کـوردی پـڕ دەکـردەوە و کتێبخانـەی نەتـەوەی کـوردی بـه هێندێـک بەرهەمـی بەکەلـک و جێـگای سـەرنج دەوڵەمەنـد کـرد. کاک جەلیـل لـه کتێبـی «ڕاسـتیی ڕووداوەکان»دا هەوڵـی داوە بۆچونـی خـۆی لـه بەرامبـەر هێندێـک هەڵوێسـتی نوسـەرانی دیکـە دەرببـڕێ و ڕوونکردنـەوەی زۆرتـر بـدا بـه نـەوەی دواڕۆژ. لـه کتێبـی «وەڵامدانـەوە و ڕوونکردنـەوە»دا ، بەڕاشـکاوی و بـه شـێوەیەکی سـەردەمیانە دەکەوێتـە دیالۆگـەوە، ڕەخنـە دەگـرێ و ئامادەیـی خـۆی بـۆ وەرگرتنـی ڕەخنـە دەردەبـڕێ. لـه کتێبـی «پەنجـا سـاڵ خەبـات»دا ، زانیارییەکانـی خـۆی و تاقیکردنەوەکانـی دەگوێزێتـەوە بـۆ نـەوەی دوارۆژ. لـه کتێبـی «بـا نەبێتـه درۆی پـاش مـردوو»دا، بوێرانـه دێتـە مەیدانـی هەڵسـەنگاندن و دڵسـۆزانە شـیکردنەوە دەکا و هـان دەدا بـۆ شـرۆڤەکردن. لـه گواسـتنەوەی یادداشـتەکانی شـەهیدی فەرمانـدە شـاپوری فیروزیـدا و بیرەوەریـی هاوسـەنگەرانی شـەهید چرچـەی باراممیـرزادا ئەرکـی ڕێکخسـتن و نوسـینەوەی مێـژووی زارەکیـی خەبـات و شـۆڕش وەعـۆدە دەگـرێ لـه دوو بەرگـی زێڕینـدا. هەروەهـا

لـه «کەشـکۆڵی پێشـمەرگە«دا لاپـەڕە زێڕینەکانـی خەباتـی پێشـمەرگە تۆمـار دەکا. لـە چەندیـن کتێبـی وەک «هاونەتەوەیـی کـورد و مـاد»، «فرشـتە وەش»، «شـب سـیە»، «بـی خانمـان»، «ایـران در اسـتانە انقلاب مشـروطە»، «مـرۆڤ چـۆن بـوو بـە غـول» و «خـەرمانـی خـەم و پـەژارە»

دا لـە بـواری وەرگێڕانـەوە لـە زمانەکانـی فەڕانسـەیی، فارسـی و کوردیـدا ئەسـپی خـۆی تـاو داوە و کتێبخانـەی کـوردی و فارسـیی دەوڵەمەنـد کـردوە. بـۆ کەسـێکی وەک مـن کـە ئـاگاداری چالاکیـی سیاسـی کاک جەلیـل بـووە، ئەگـەر بـەوردی بیـری لـێ دەکاتـەوە، بـۆی دەبێتـە پرسـیار کـە ئـەو هەمـو کاتـەی لـە کـوێ هێنـاوە؟

چەندی لەسـەر هـەوڵ و تێکۆشـانەکانی ڕێـزدار کاک جەلیلـی گادانـی قسـە بکەیـن کۆتایـی نایـە و مـن تەنیـا ویسـتم مشـتێک لـە خەروارێـک بێنمـە بـەر بـاس.

ڕوحی مام جەلیل شاد و ئامانجەکانی وەدی بێن.

# بەیادی «ئەسیری فریشتەوەش»

د. ئاسۆ حەسەنزادە

هێندێک کەس هەن کاتێک لەدەستیان دەدەی، ئەوەندە گەورەن نە دەتوانی لەسەریان بنووسی، نە دەتوانی لەسەریان نەنووسی! پاش ئەو کۆستە مەزنە کە بەیانیی دوێنێ بە کۆچی دوایی سەرکردەی دێموکڕات، کاک جەلیل گادانی، لەو حیزبە و لە گەلی کورد کەوت، تازە پێڕادەگەم بە پەیڤێکی هەژارانە تەعزیمنامەی خۆم لە بەرامبەر رووحی هەمیشە پاک و بۆ هەمیشە هەڵکشاوی کاک جەلیلی خۆشەویستدا بنووسم و حەسرەتی دڵم لەگەڵ هاوڕێیانی و بەگشتی خەڵکی کوردستان بەش بکەم.

***

لـه چـاو و زەینـی منداڵـدا هەمـوو شـتێک ئەفسـووناوییە: مزگەوتـی نەلۆسـە، شـەوی نـەورۆزی ١٣٦١. خەڵکێکـی زۆر پاڵیـان وێـک داوە. بـە دیـواری پشـت سـەرمانەوە وێنـەی پێشـەوا قـازی، مـەلا ئـاوارە، قـادر وێردی و قـادر شـەریف وەک ئەرواحـی زیندوو لێمـان دەڕوانـن. هۆڵەکـە بـە گرفـەی زالکـی سۆبەی داران و هەنیسـکی فانۆس و گڕی چراتۆڕەکانـەوە رووناک بۆتـەوە. بۆنـی خۆشـی تەندوورەکانـی دێ کـە تـەواوی رۆژ بابۆڵـەی نـان و هەڵوایان بۆ پێشـمەرگە کردووە، هـەوای نێـو مزگەوتیشـی داگرتـووە.

ئەمـن و چەنـد منداڵـی دیکـە سـروودێکمان پـێ دەڵێنـەوە: «پێش‌کـەوە، بـۆ پێشـەوە، ئـەی کـوردی ئـازا». پیاوێکـی عەینەکیـی دەمانچەلەقـەد -لـە تەمەنـی ئێسـتای خۆمـدا- جەمەدانـی لەسـەر و کەواپاتۆڵێکـی مەیلـەو سـپی لەبـەر، هەڵدەسـتێتە سـەرپێ بۆوەی قسـە بـکا. خەڵکەکـە یەکتـر دەنـگ دەدەن هەتـا گـوێ بـۆ قسـەکانی وتاربێژەکـەی دەمـی ناشـتنی عەزیـزی یووسـفی و یەکێـک لـە ناسـراوترین سـیماکانی پشـت میکرۆفۆنـی میتینگەکانـی حیزبـی دێموکـڕات لەپـاش ئینقـلاب رادێـرن. کاتێـک بێدەنگـی بـاڵ بەسـەر ئاپۆراکـەدا دەکێشـێ، ئـەو پیـاوە سـەرەتا بـەدوور لـە چاوەڕوانیـی خەڵـک و بەشـێوەی «ئاکاپێـلا» (بەبـێ مۆسـیقا) سـروودێک دەڵـێ؛ سـروودی نـەورۆز. چریکەیەکـی تیـژ و لوولـدراو لـە دەنگیـدا هەیـە.

کـە دەگاتـە ئـەو شـوێنە کـە دەڵـێ «وا رۆژ هـەڵات لـە بەندەنـی بـەرزی وڵاتـەوە، خوێنـی شـەهیدە ڕەنگـی شـەفەق شـەوق ئەداتـەوە»، هەسـت دەکـەم دەنگـی ئـەو پیـاوە وەک تیشـکی سـپیی چراتـۆڕەکان دەچـێ. سـاتەوەختەکە وەک دیمەنێکـی سـینەمایی خەیـاڵاوی و وەک حیکایەتێکـی دم ئاگردانـی زسـتان بەشـکۆیە.

ئەو پیاوە جەلیلی گادانی‌یە!

***

پێش ئەو شەوەش کاک جەلیلم زۆر دیتبوو. لەوەتی لەبیرمە ئەو و باوکم و بنەماڵەکانمان هەر پێکەوە بوون. نەلۆسە دەفتەری سیاسیی ژمارە (١)ی حیزبی لێ بوو. حیزب هەموو ئەو کوردانە بوون کە لە بەرامبەر هێرشی «عەجەمان»دا حازر بوون لەسەر یەکتر بکەنەوە، تەنانەت بمرن. ئەگەر چەکیان پێ با، پێشمەرگە بوون. کاتێکیش دەمردن، دەبوون بە شەهید. بەڵام لەوە زیاتر نەمدەزانی ئەو داستانە لەچی‌ڕا دەستی پێ کردووە و بۆچی ئێمە هەر ڕۆژەی لە شوێنێکین.

پێشتر لە مەهاباد بووین. مەهابادم بەحاڵ و باڵ لەبیرە: قەناتی پێش ماڵەکەمان لە کانیی مامقەمبەران کە تەپەی قازی و پادگانی گەورەی شاری لێ دیار بوو، تەق و تۆق و هەڵاتنە ژێرزەمین و ناشتنی ئالبۆمەکانی بەغدا پێش ئەوەی شار بەجێ بێڵین... «خومەینی لەتکە دێوە، قاسملوو لەتکە سێوە»: ئەوەش منداڵی گەڕەک بەحیساب تەزاهوراتیان دەکرد! دوای ئەوە لەم دێ بۆ ئەو دێ، زۆر شەو بە سواری وڵاغ و تەنانەت بە ڕۆژ بە پێیان بەنێو مەیدانی شەڕدا؛ دایکم مەچەکی توند دەگرتم و بە هیچ بەری نەدەدا.

***

هەتا دوێنێ کە نوقمی شۆک و ماتەمی ڕۆیشتنی یەکجاریی خۆی کردین، هەر کەس بە مام جەلیل ناوی بردبا دەنگم دەدا، چونکە بۆ من وشەی «مام» بۆ کەسێک کە مامی هەقت نیە تەعبیر لە پیاوێکی پیر یا نەخوێندەوار دەکا. کاک جەلیل نەک هەر خوێندەوار و زانا بوو، لە ڕوانگەی منەوە هەتا سەر بە فکر و بە کار لاو

مایەوە. پاییزی ساڵی ١٩٩٧ کاتێک لە پاریس لەلای کاک عەزیزی ماملێ کاک جەلیل ئەمنی بە کاک ئیبراهیمی عەلیزادە ناساند، وەک «لاوێکی بە ئیحساس و بەئیستعداد» پێناسەی کردم. گوتم کاک جەلیل ئەو وەسفە لە ئەسڵدا بۆخۆت دانراوە. ڕۆژێک دواتر لە مەلە بەزاندمی. ئەمن قەت ڕۆژێک کاک جەلیلم بە پیری نەدیت. تەنانەت دەتوانم بڵێم بۆ من وەک جوانەمەرگ بووبێ وایە. ئەگەر جوانەمەرگ بوون بە مانای مەرگی لاوێکی ناکامە، ئەوا کاک جەلیل بە هزر و وزە، بە باوەڕ و هیوا، بە ئیمان و ورە، لە هەموومان لاوتر بوو. پێش ئەوەش کە بەری ڕەنجی هەشتا ساڵەی خۆی بچنێتەوە و بە ئاواتەکانی بگا، بەجێی هێشتین.

پاش ڕۆیشتنی بنکەکانی دەفتەر لە دۆڵی دێموکڕات،ماڵەکانی ئێمە لە شیوەجۆ لە شوێنیان نیشتەجێ بوون. لەبن ئەو دیوارەی دوکتور قاسملوو و ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕات (لەنێووانیدا شەهیدان حوسێن شەمامی و ڕەحیم قارنجی) وێنەیەکی بەکۆمەڵیان گرتووە، ئەمنیش وێنەیەکم لەگەڵ کاک جەلیل و چەند هاوڕێ و هاوڵی ئەو سەردەمە هەیە. لە وێنەکە ورد دەبمەوە. کوڕەکەی خۆی لەپەنایەتی، کەچی دەستی لەسەر شانی من داناوە (بابم لەوێ نەبوو).

بەخۆم دەڵێم پێشمەرگەکان هەقیان بوو بە کاک جەلیل بڵێن «مامە».

***

سووڕی تازەی دوورەوڵاتی و درێژبوونەوەی خەبات دەستی پێ کردەوە. بەهار گەڵ و گەزۆی داوەریو لە چڵ و چرۆی خۆی بە هاوین دەسپارد کۆیان وەکا؛ زستانیش بۆوەی غافڵگیر نەبین،

خەبەری هاتنەوەی خۆی بە پاییزدا بۆ دەناردین. گەورەدێ بوو بە وێستگەی سێهەمی بەسەرهاتی کاک جەلیل و ئێمە. ئەوجار ئیدی کاک جەلیل هەر مامێکی ڕووخۆش نەبوو. خەمخۆری پەروەردەشمان بوو. ڕۆژ هەبوو دەرگای لەسەر منداڵەکانی دادەخست بۆ ئەوەی کتێب بخوێننەوە. ئێمەشی بەهەمان شێوە هان دەدا کە بخوێنینەوە و شت فێر بین.

لەو ساڵانەش -وەک لە ساڵانی دوایی ژیانیدا- ئەوەی زیاتر لە زەینمدا لە کاک جەلیل بەجێماوە، دەنگە نەرم بەڵام پڕ لە تاقەتەکەی بوو کە لە ڕێگەیەوە هەمیشە مێهرەبانانە لە حاڵتی دەپرسی و دەمودەست لە بەخشندەیی بەردەوامی خۆی ئەرخهیانی دەکردیەوە. بەخشندە لە ڕێنوێنی، لە مشوور، لە هاوکاری، لە زانیاری و بیرەوەری. زۆر پێش ئەوەی خەڵک شایەتیدانی کاک جەلیل لەبارەی کۆماری کوردستانەوە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان ببینێ، ئێمە ڕاستەوخۆ لێمان بیستبوو. وەک هەمیشەش کە دەگەیشتە لەداردانی پێشەوا، گریان ئەوکی دەگرت.

***

لە قەندیل زۆر کەم پێکەوەماینەوە. پاش دەهەیەک دەرکەوتن و درەوشانەوە لە ریزی هەرە پێشەوەی ڕێبەرانی حیزب، دوای کۆنگرەی هەشت -زۆر بەجیددی و سادقانە- بەرپرسایەتیی کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی حیزبی وەرگرت و ڕاستەوخۆ بوو بە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان کە ناوی لە «شەهید فایق و شەهید چرچە«وە ببوو بە «نیشتمان».. پیاوی گەورەمان ناچێتە ناو دڵ، تاکوو کۆچ نەکا و نەچێتە ژێر گڵ: سی ساڵ دواتر، تازە سەرنج دەدەم بەڕێوەبەری قوتابخانەکەم هەمان خاوەنماڵی یەکەمین

قوتابخانەی ئازادی کورد، قوتابخانە کوردییەکەی یەکەمین کۆماری کورد، قوتابخانەی گەلاوێژ، بووە. هەر ئەو مێرمنداڵەی ئەودەم ناوی لە رۆژنامەی کوردستانی سەردەمی کۆماردا هەیە.

بە جێژنێکی دیکەی نەورۆز و یادکردنەوە لە نەورۆزەکەی مزگەوتی نەلۆسە رانەگەیشتین کە کێشەی هەمیشەیی نێومالّی کورد بۆ چەند ساڵ کاک جەلیلی لەبەر چاوان ون کردم. جاروبار لە رادیۆیان گوێم لە دەنگی دەبوو. لەگەڵ ئەوە کە کەشێکی گرژ و نەشیاو کەوتە نێوان دوو دێموکڕاتەکەی ئەودەم، سەرنجم دابوو ئەو لەو دۆخەشدا دڵپاکی و زمانخاوێنیی خۆی لەدەست نەدابوو.

***

کاتێک بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات وەسەریەک کەوتەوە، لە فەڕانسەڕا بە سەفەر گەڕابوومەوە کوردستان و لە کۆیە بە دیداری کاک جەلیل شاد بوومەوە. ئەوجار زمان و بەسەرهات و دۆستە فەڕانسەییەکانیش (بەتایبەتی کریس کۆچێرا و ئەو پزیشکە فەڕانسەییانەی لەکاتی خۆڕاگریی چەکدارانەدا بە هانای حیزبەوە هاتبوون) پێکی دەبەستینەوە. لەو دیمانە سەرلەنوێیەدا، ئەو پێداگرانە لە خوێندنەکەمی دەپرسی و بۆ پلەکانی دواتر هانی دەدام، کەچی مێشکی من هەر شریتەکەی مزگەوتی نەلۆسەی لێدەدایەوە!

سروودەکەی نەلۆسەمان لای من خۆشترین سروودی شۆڕشگێڕییە. لەوێدا قانیع دەڵێ :»بیری ئازادیم لە زیندانا فراوانتر ئەبێ«. هاوینی ١٩٩٧ کە لە قەڵای دێموکڕات چەند مانگێک لە بەشی «تەحقیق و تەرجومە«ی حیزب لە خزمەت پیاوی بەفەرهەنگ و ئەهلی نووسین و موتالعەدا بووم، کاک جەلیل بۆی گێڕامەوە کە زۆر پێش خوێندنی لە زانکۆی تاران لە زیندانەکانی حەمەڕەزاشادا

خۆی فێری زمانی فەڕانسەوی کردووە و تەنانەت هەر لە زیندان کتێبێکیشی لە فەڕانسەوییەوە وەرگێڕاوە. کتێبەکە ڕۆمانێکی ژنە نووسەری فەڕانسەیی بەڕەچەڵەک رووس، «کۆنتێس دوسێگوور»، بوو کە گادانی لەژێر ناوی «اسیر فرشتەوش» کردبووی بە فارسی.

جەلیل گادانی وەک کاراکتێری نێو ئەم نۆڤڵە نزیک بە دەهە و نیوێکی بەهاری ژیانی، دیلیی نێو زیندانەکانی چاشتبوو. بەڵام لەگەڵ هەموو ئازادەگییەکەی، ئەو تا لەژیاندا بوو ئەسیری دەستی شتێکی دیکە بوو؛ ئەسیری ئینسانەتی، ئەسیری عیشقی ئازادی، ئەسیری ئەوینی گەلەکەی، بەچەشنێک کە هەموو ژیانی بۆ یارمەتیدانی ئەوانی تر و بۆ خەبات لەپێناو رزگاریی خاک و خەڵکی خۆی تەرخان کرد، هەرگیز بۆ ماوەیەکی زۆر لە هاوقەتارە بێنازەکانی دوور نەکەوتەوە و دەیویست هەمیشە وەک وان و لەگەڵ وان بژی.

کاک جەلیل «ئەسیری فریشتەوەش»ی خوێندبۆوە، بەڵام باوەڕ ناکەم ئەو دەرسە کە دەکرێ ئەسیریش بی و دڕندەخووش نەبی، ئەو لەو نووسەرە ئەشرافییە فەرەنگییەی فێر بووبێ. بەڵکوو ئەو خیسڵەتە هەر لە سەرەتاوە لە ویدا هەبوو و بەدرێژایی ژیانی ئەوەی نیشاندابوو. چاکەکارییەکانی وی هەر بە گەنجی لە مەهابادڕا بگرە تا سەردەمی دامەزرانی ئەنجومەنی کوردەکانی دانیشتووی تاران دەیسەلمێنن کە ئەو بەر لە بەسەرهاتی شۆڕشگێڕانەشی لە گۆشەی زیندان یا لە شاخەکانی کوردستان، نیشتمانپەروەرێکی بێئەنداز مرۆڤدۆست بوو.

***

شەڕی نەسلەکان لەلای کاک جەلیل وجوودی نەبوو. کاتێک بۆخۆم بۆ ماوەی سێ ساڵ بەرپرسایەتیی دووەمی حیزبم وەرگرت،

لەو شوێنە کە ڕەنگە بۆ زۆر لە خەباتگێڕانی نەسلی پەنجا و هەشت ڕاهاتن لەگەڵ سەرکردایەتیی کەسێکی لاوتر ئاسان نەبێ، سەروەری بەڕێز هیچ حەوتوویەک نەبوو لە شوێنی کارم لە قەڵای دێموکڕات گەورەم نەکا و بە مشوور و ڕێنوێنی و هاوکارییەکانی دڵگەرمم نەکا. هەمیشەش بیرۆکەی پڕۆژەیەک یا پێشنیاری توێژینەوە و وەرگێڕانێکی پێ بوو. ئەو ئەوەندەی باوەڕ بە نەوەی نوێ هەبوو کە لە کۆنگرەی حەڤدەی حیزب لەپشت میکرۆفۆن لە کاتی ناوهێنانی مندا گریا و تکای کرد خۆمان کاندید بکەینەوە...

قبووڵکردنی هەرچەندەش سەخت بێ، بە کۆچی دوایی بەڕاستی ناوەختی کاک جەلیل گادانی، حیزبی دێموکڕات یەکێک لە ڕەمزە هەرە ناسراوەکانی مێژووی خۆی لەدەست دا. نەمانی فیزیکیی کاک جەلیل لەنێو کۆڕی تێکۆشەرانی دێموکڕات و بزوتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جارێکی دیکە هەردوو حیزبی دێموکڕات ڕووبەڕووی دڵەکوتەی جەبری ژیان و چوونەسەری تەمەنی ئەو هێمایانە دەکاتەوە کە سەرەڕای هەموو دابەشبوون و کەموکوڕییەکان، لە سەرجەم قۆناغە مێژووییەکان و لە هەموو مەیدانەکانی تێکۆشانی ئەو حیزبەدا لەگەڵ بوون، هێز و ئیرادە و ئەزموون و ئیعتباریان بە کاروانی خەباتی ئەو حیزبە بەخشیوە، و لەئاستی کوردستان و ئێران و دەرەوەدا بۆ حیزبی دێموکڕات و کوردی ڕۆژهەڵات بوون بە براندی سیاسی و خەباتگێڕی.

لە سەردەمێکدا کە ئالەنگارییەکانی سەر ڕێگای حیزبی دێموکڕات و کوردی ڕۆژهەڵات بۆ قۆناغەکانی لەمەودوا زۆر لەوە کە بیری لێ دەکەینەوە زۆرتر و ترسناکترن، جێی خۆیەتی لە ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبدا کە هاوکات ٧٥ ساڵەی هاتنی کاک جەلیل بۆ

نێو کایەی گشتیی کوردیشە، مشوورێکی جیددی لە گواستنەوەی مەشخەڵی خەبات لەنێوان نەسلەکان و کەڵک وەرگرتن لە هەموو هێز و تواناکان و لەوەش گرینگتر یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکڕات بخوریّ. دوایین وەسیەتی ژیانی کاک جەلیل لە خەڵوەتی دیداری دۆستانەی سەرکردە و سیماکانی هەردوو دێموکڕاتدا یەکخستنەوەی هەرچی زووتری ریزەکانی دێموکڕات بوو.

بەداخەوە کاک جەلیل نە یەکگرتنەوەی دێموکڕاتی دی، نە رزگاریی کوردستان، بەڵام هەردووکیان کە تەنیا بەوان رووحی کاک جەلیل و شەهیدان شاد دەبیّ، لەدەست خۆماندان.

***

لە کونجی لای ڕاست و سەرەتای گۆڕستانی شەهیدانی دێموکڕات لە کۆیە، گڵی تەڕی گۆڕێکی تازە بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان داپۆشراوە. ئەو گڵکۆیە گڵکۆی دوایین یادگاری زیندووی کۆماری کوردستان، هێمای کوردایەتیی پاک و خۆڕاگریی بزوتنەوەیەک، کاک جەلیلی گادانی‌یە. هەڵکەوتەی شوێنی گڵکۆی کاک جەلیل، وەک لە ژیانیدا، لە پاش مەرگیشی، ئەوی کردۆتە میواندار و بەخێرهێنەری زائیران و هۆگرانی بارەگای خەبات بۆ ئازادیی کورد و کوردستان.

ئەگەر لە کێلی خوارەوەی قەبرەکەی کاک جەلیلڕا هێڵێکی راست بەرەو باکوور بکێشین، هێڵەکە زۆر زوو دەگاتە سەر سەری شەهید جەماڵ ئەکبەری، ئیسکۆرتەکەی کاک جەلیل کە لە مووشەکبارانی قەڵای دێموکڕاتدا گیانی بەخشی..

ئەگەر لە کێلی سەرەوەشی ڕا هێڵێکی راست بەرەو رۆژهەڵات بکێشین، ئەو هێڵە، نە زۆر درەنگ، دەگاتەوە مەهاباد.
نێوان ئەو دوو هێڵە وەک گۆشەی پەرتەوێکی لێ دێ کە ڕەنگە سۆمای چاوی کاک جەلیل بێ لە زێدەکەی حاجی قادرەوە بۆ چوارچرا و رۆژهەڵاتی وڵات دەڕوانێ.
نەعشی ئەو ڕێبەرە نەمرە لە هیچ کفنێکدا جێی نابێتەوە، مەگەر ئی خۆشەویستیی خەڵکی کوردستان.

# بنەماڵەی پەهلەوی (باب و کور)
# و زیندانیی سیاسیی کورد
# کاك جەلیل گادانی بە نموونە (١٣٣٨-١٣٥٧)

د. سمایل بازیار

لە مێژووی خەباتی شۆناسخوازیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەد ساڵی ڕابردوودا، زیندانی کردنی خەباتگێڕان و وڵاتپارێزانی کورد، شێوازێکی دەسەڵاتدارانی ناوەند بووە، بە مەبەستی کپکردنی هاواری نارەزایەتی و پێشگرتن بە پەرەسەندنی بیری ئازادیخوازی و نەتەوەیی. بنەماڵەی پەهلەوی (باب و کور) کە لە نێوان ساڵەکانی (١٣٥٧-١٣٠٤ ) بۆ پتر لەنێو سەدە لە ئێران فەرمانڕەوا بوون و بە تایبەتی بە هاتنە سەر تەختی ڕەزاشا (١٣٠٤ ) کە چەوسانەوەی نەتەوەیی بە میتۆدێکی مۆدێرن دەستی پێ کرد، شێوازی بەندکردنی مرۆڤی کوردیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو

مەبەستانەی کە ئاماژەی پێ کرا، ڕەچاو کردوە. پرسیارە ئەوەیە گەلۆ بنەماڵەی دەسەڵاتداری پەهلەوی بەگرتنە بەری ئەم سیاسەتە بەو ئامانجانەی مەبەستیان بوو گەیشتوون؟ لەم نووسینە کورتەدا بە هێنانەوەی نموونەی یەکێک لەو مرۆڤە کوردە بەندکراوانە (جەلیل گادانی) هەوڵ دەدرێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە.

## الف) ڕەزا شا پەهلەوی (١٣٢٠-١٣٠٤ )

ڕەزا شا پڕۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی مۆدێرن، یەکە و ناوەندیی ئامانج بوو. بۆ گەیشتن بەو مەبەستە ڕێگە چارەی لەسەر بنەمای دروست بوونی یەک نەتەوە و یەک زمان دۆزییەوە، ئەمەش واتە «نەتەوەسازی و یەکڕەنگکردنی کولتووری» کە تەنیا لە ڕێگەی تواندنەوەی و ئاسیمیلە کردنی نەتەوەکانی غەیرە فارەس لە نەتەوەی فارسدا وەدی دەهات، کە بە بەکارهێنانی ئامراز و ئەهرومەکانی دەسەڵاتی خۆی، واتە سوپا و بۆروکراسییەکی لە حاڵی پەرەسەندندا بەڕێوە دەچوو. لە گرینگترین ڕێفۆرم و هەنگاوەکانی ڕەزاشا بۆ گەیشتن بەم ئەجیندایە دەتوانین ئاماژە بە دوو تەوەرەی سەرەکی بکەین: یەکڕەنگکردنی کولتووری (زمان) و سینترالیزەکردنی وڵات.

لە ڕەوتی سینترالیزەکردنی وڵاتدا، چەسپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی بەسەر ناوچە هۆزنشینەکاندا و ملکەچ کردنیان بۆ شا گرینگیی تایبەتی و لە ڕیزی پێشەوەدا بوو. عەشیرەتەکان سەرکوت و چەک کران و ناوچەکانیان کەوتە ژێر دەسەڵاتی سوپا. بێجگە لەمە، عەشیرەتەکان کۆچ پێدران تا لە مەترسییان بۆ داهاتوو کەم بکرێتەوە(١). ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی لە بەرامبەر ڕەزا شا بەرەبەرەکانییان دەکرد، چارەنووسیان لە سێدارەدان، زیندان و دوورخرانەوە بوو.

چەندین سەرۆک عەشیرەتی کورد کە ملیان بۆ سیاسەتی سێنترالیزە کردن ڕا نەکێشابوو، تا ئەو کاتەی هاوپەیمانەکان ڕەزاشایان لە تەختی پادشایەتی هێنا خوارەوە و بۆ دوورگەی «موریس» لە ئەفریقای باشوور هەڵیان‌داشت لە بەندیخانەدا توند کرابوون. ئەو سەرۆک عەشیرەتە کوردانە چەندین ساڵ لە زیندانی «قەسر»(٢) لە تاران کە ئەوکات یەکەم زیندانی مۆدێرنی ئێران بوو، بەندی بوون. ئەو زیندانەی کە لەو ساڵانەدا کەسانی سیاسیی بەناوبانگ وەک «تەیموور تاش» وەزیری دەرباری ڕەزاشا، «نوسرەتە لدەولەی فیرووز» (فەرمانەفرما)، «سەردار ئەسعەدی بەختیاری»، «سەید جەعفەر پیشەوەری» و گرووپی ٥٣ کەسی بەناوبانگ تێیدا بەند کرابوون.(٣)

ئەو سەرۆک عەشیرەتە کوردانە بیرەوریی خۆیان نەنووسیوە و تەنیا لە بیرەوەرییەکانی چەند کەسێکی گرووپی (٥٣) کەسیدا باسیان لێ کراوە. بۆ نموونە ئیحسانی تەبەری دەڵێ: «بێجگە لە (کۆمۆنیستەکان حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) «سەردار ڕەشیدی کوردستانی» پێشتر لە زیندانی قەسردا بوون، ئەو کات کە ئێمە چووینە ئەو زیندانە ١٨ ساڵ بوو کە خانی بەدبەختی کورد بەندکرا بوو.(٤) بوزورگ عەلەوی، ڕۆمان نووسی بەناوبانگی ئێرانی کە لەگەڵ گرووپی (٥٣) کەسی گیرابوو، لە کتێبەکەیدا لە چەندین شوێنی باسی کوردە زیندانییەکان دەکا، کە پێکەوە هاوبەند بوون. عەلەوی دەڵێ: «لە زیندانی قەسر لە کوردێکم پرسی چەند ساڵە لێرەی؟ گوتی: دوازدە ساڵ. گوتم چەند ساڵی تر دەبێ بمێنێتەوە؟ گوتی: ڕوون نییە، خوا دەزانێ، بە دە ساڵ حوکم درابووم، دوو ساڵە زیندانیی زیادی دەکێشم و چارەنووسم نادیارە کەی ئازاد دەبم(٥). ئەردەشیر ئاوانسیان، سیمای ناسراوی سیاسی ئەرمەنی کە لە سەردەمی ڕەزا

شـادا بـە تاوانـی ئەندامەتـی لـە حیزبـی کۆمۆنیسـت زیندانـی بـوو، لـە بیرەوەریەکانیـدا دەڵـێ: «لـە زیندانـی ناوەنـدی بـە بەردەوامـی سـەدان کورد و لوڕ زیندانـی بوون. ئەوان زۆربەیان لـە جوتیاران و ئەندامانی سـادەی عەشـائیر بوون، پیاوانێکی ئازا و سـادە... کوردەکانیان زیاتر بە تاوانـی بەشـداری لـە بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازیی کوردەکان گرتبوو... ڕۆژێـک پێنجسـەد کـەس کوردیـان هێنایـە زینـدان. ڕووداوێکـی گرینـگ بـوو. ژمـارەی دەسـتگیرکراوەکان زۆر پتـر لـە کاتـی ئاسـایی بـوون. هەربۆیـە ژمارەیـەک لەوانیـان بـۆ زیندانەکانـی قـوم و ئیسـفەهان نـارد و هیندێکیـان بـۆو ناوچانـەی کەشـوهەوای ناسـازگاریان هەبـوو دوور خسـتنەوە...»(٦)

شـایانی باسـە هـەر لـە تـەک خـودی گروپـی (٥٣) کەسـی کوردێکـی کرماشـانی دەستگیر کرابوو کە خوێندکاری کولێژی پزیشکی بوو کە دواتـر لـە سـاڵی ١٣١٧ ئـازاد دەکرێ.(٧)

## ب) محەمەدڕەزا شای پەهلەوی (١٣٥٧-١٣٢٠ )

محەمـەدڕەزا شـای گەنـج لـە سـەرەتا کـەم ئەزمـوون بـوو و ئۆتوریتـە و بڕشـتی باوکـی نەبـوو، بـەڵام لەسـەر هەمـان ڕێچکـەی ئـەو واتـە گرتنـە بـەری سیاسـەتی «ناسـیونالیزمی ئێرانـی» ڕۆیشـت کـە بەرهەمەکـەی دەسـتەواژەی فانتـازی و داتاشـراوی «نەتـەوەی ئێـران» و ڕەوایـی پێدانـی بـوو بـە نرخـی ئینکارکردنـی نەتەوەکانـی تـری نیشـتەجێ لـەم یەکـە جوگرافییـە.

هەڵایسـانی شـەڕی دووهەمـی جیهانـی و دەرهاویشـتەکانی لەسـەر ئێران چارەنووسـی ئـەم وڵاتـەی بـە ئاقارێکـی تـردا بـرد. ئێران بەهـۆی هێـزی هاوپەیمانـەکان داگیـر کـرا. لـە باشـووری کوردسـتان هێزەکانـی بەریتانیـا و لـە باکـوور هێزەکانـی سـوڤیەت جێگیـر بـوون. ناوچـەی

موکریان وەک ناوچەی نێوان ئەو دوو هێزە مایەوە و بەتایبەتی بەهۆی بۆشایی دەسەڵاتی ناوەندی تێیدا، ئەو زەمینەیە بۆ دەستەبژێری کوردی سەر بە چینی مامناوەند ڕەخسا کە ڕۆڵ و دەوری خۆی بگێڕێ. ڕێکخراوی سیاسی مۆدێرنی کوردی دادەمەزرێ و لە ڕەوتی گەشەی بیری نەتەوایەتیی کوردی، کۆماری کوردستان دادەمەزرێ.

لە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستانی کەم تەمەن بەڵام پڕدەسکەوتی نەتەوەیی، دەیان کەسایەتیی سیاسیی کورد، ئەم جارە بەهۆی بەشداریی لە خەباتی شۆناسخوازانەی نەتەوەی کورد، لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە ئێعدام، دەسبەسەر یا دوور دەخرێنەوە. بەشێک لە وەزیرەکان و کاربەدەستانی کۆماری کوردستان بە تاوانی بەشداری و پشتیوانی لە کۆماری کوردستان لە شارەکانی ورمێ و تەورێز دەخرێنە زیندان، کە زۆربەیان لە ساڵی ١٣٢٩دا ئازاد کران (٨).

کەمتر لە دوو ساڵ دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان سەرلەنوێ ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان کەوتە سەر زمانان و ئەم حیزبە بەهۆی کۆمەڵێک لاوی خاوەن هەست کە سەر بە وەچەیەکی جیاواز لە ڕێبەرانی کۆمار بوون، بووژایەوە. بوژانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە کەڵک وەرگرتن لە کەشوهەوای سیاسیی سەردەمی جووڵانەوەی بەنیشتمانی کردنی نەوت و سەرۆک وەزیریی محەممەد موسەدیقدا، دەرفەتی گەشەی بۆ ڕەخسا. هەڵبەت لەم کەشوهەوا سیاسییەی تاڕادەیەک ئازادەی ئەم ساڵانەشدا تێکۆشەرانی کورد تووشی زیندان هاتوون. بەدوای هەوڵی تیرۆر کردنی محەممەدڕەزا شا لە ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٧ بەهۆی ناسر فەخرئارایی شەپۆلێکی گرتن و ڕاوەدونان لە لایەن پۆلیسەوە لە هێندێک لە شارەکانی ئێران وەڕێ کەوت. لە مەهابادیش چەند کەسێک گیران کە تا ساڵی

١٣٣١ لە زینداندا مانەوە(٩).

بەدوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ کە لە ئەنجامیدا دیکتاتۆری جارێکی تر باڵی بەسەر کەش‌و هەوای سیاسیی وڵاتدا کێشا، چالاکیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان قەدەغە کرا و هەزاران چالاکی سیاسی لە سەرانسەریی ئێران دەستگیر کران. لەو گرت و بڕەش تێکۆشەرانی کورد بێبەش نەبوون و دەیان کەسیان بە تاوانی ئەندامەتی و لایەنگری لە «حیزبی دێموکراتی کوردستان» و «کۆمۆنیست» بوون لە زیندان توند کران.(١٠) لە هەڵمەتی گرت و بڕی تێکۆشەرانی کورد لە پاش کودەتا بۆ یەکەم جار ژنێکی چالاکی کورد بە ناوی «گوڵێ ڕێحانێ» خەڵکی شاری مەهاباد، بۆ ماوەی سێ مانگ دەگیرێ.(١١)

لە ئەنجامی ئەو کەش‌و هەوا سیاسییەی کە لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ (١٣٣٧)ی عێراق لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هاتبوو، چالاکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان گەرم‌وگوڕتر ببوو، خەڵکانێکی زۆر ڕوویان لە حیزب کردبوو و ڕێکخستنەکانی فراوانتر و هەڵسووڕتر ببوون. ئەمەش ساواک ڕێکخراوی پۆلیسی نەهێنیی تازە دامەزراوی (١٣٣٦ ) نیگەران و لە هەمان کاتدا وشیار کردبۆوە کە بە وردی چاوەدێریی ئەم دۆخە نوێیە بکا. لە خەزڵوەری ١٣٣٨ ساواک بە ئامادەیی تەواوە بەپێی بەرنامەی لە پێشدا داڕێژراو پەلامارێکی بەرینی هێنایە سەر ڕێکخراوەکانی «حدک» لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان. ڕێکخراوەکانی «حدک» لە شارەکانی سنە، بانە، مەهاباد، نەغەدە، سەقز، ورمێ، سەردەشت، سەلماس، شنۆ، پیرانشار و سایین قەڵا، کەوتنە بەر پەلاماری ساواک و بە سەدان کەس دەسبەسەرکران. (١٢) لە شەش ئەندامی ڕێبەریی «حدک» چوار کەس لەو پەلامارەدا گیران. (١٣)

لە دوا ڕۆژەکانی زستانی ١٣٤٢ ساواک جارێکی تر پەلاماری هێنایە سەر ڕێکخراوەکانی «حدک» لەو پەلامارەدا کە دوو سێ ڕۆژ پاش نەورۆزیش درێژەی کێشا، دەیان کەس لە ئەندامانی «حدک» گیران. (١٤)

هەر لەم قۆناخەدایە کە» ئەحمەد موفتیزادە»، دامەزرێنەری مەکتەبی قورئان و ڕێبەری یەکەم ڕەوتی ئیسلامی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، بە تاوانی ئەندام بوون لە «حدک» لە تاران دەگیرێ و دەخرێتە زیندانەوە.

لە پاش تێکشکانی جووڵانەوەی چەکداریی ساڵەکانی ٤٧-٤٦ ی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕێژیم بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک و ئەو ڕاچڵەکانە چاوەڕواننەکراوەی «دورگەی ئارام و مەندی ئەویان لە دەریای تۆفانی ڕۆژهەلاتی ناویندا» شڵەژاندبوو، دەیان کەس لە خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستانی بەتایبەتی لە ناوچەی موکریان دەسبەسەر کرد. گیراوەکان سەرەتا لە پادگانی جەڵدیان کە ناوەندی عەمەلیاتی بۆ سەرکوتی جووڵانەوەکە بوو زیندانی بوون و دواتر بۆ زیندانی «فەلەکولئەفلاک»(١٥) و ورمێ(١٦) گواسترانەوە.

بەدوای شکستی چەپی سوننەتی و بەپلەی یەکەم حیزبی توودە لە دەیەی ٣٠، وەچەیەکی نوێی چەپی کۆمۆنیستی لە دەیەی ٤٠ لە ئێراندا لەدایک بوو. ئەم ڕەوتە نوێیە زۆرتر بە ئەزموونی شۆڕشەکانی چین، کوبا، ئەلجزایر و ڤێتنام سەرسام بوو، تاوەکوو ئەزموونی شۆڕشی بۆلشویکی کە تایبەتی وەچەی چەپی کلاسیکی بوو. چەندین گرووپی مارکسیستی کە بەشێکیان کاریگەریی بیروبۆچوونی مائۆیزمیشیان بەسەرەوە بوو دروست بوون و شێوازێکی نوێیان لە تێکۆشان بەدژی ڕێژیم گرتە بەر، واتە خەباتی توندوتیژ و بوونە هۆی

بەرگـژە (چالش)ێکـی جیـددی بـۆ دەسـەڵات. هـەر بۆیـە لـەو سـاڵانەدا (١٣٥٧-١٣٤٩ ) کـەش‌و هەوایەکـی تـەواو پۆلیسـی بەسـەر وڵاتـدا زاڵ ببوو. لەم قۆناخـەدا بە سـەدان و هـەزاران لاو، بەتایبەتی لە زانکۆکان کە ناوەندێکی گرینگی ئەو چالاکییانـە بـوون، یـان لـە پێوەنـدی لەگـەڵ ئـەو گرووپـە چەپـە نوێیانـە و مەحفەلـی بچووکـی کتێـب خوێندنـەوە لـە زیندانـەکان‌دا تونـد کـران. لـەم قۆناخەشـدا بـە دەیـان خوێنـدکار و گەنجی کورد چ لـە پێوەندیی لەگەڵ ئەم گرووپ و مەحفەلـە چەپانـە و یـا خوێندنـەوەی کتێبێکـی مارکسیسـتی یـا ڕۆمانێکـی ڕووسـی چەنـدین سـاڵ لـە زینداندا مانـەوە.(١٧)

## کاك جەلیل گادانی (١٣٥٧-١٣٣٨)

کاک جەلیـل گادانـی قوتابییەکـی ١٤-١٣ سـاڵانەیە کـە لـە نیزیکـەوە شـاهیدی یەکێـک لـە گرینگتریـن ڕووداوەکانـی مێـژووی هاوچەرخـی کـورد دەبـێ، «دامەزراندنـی کۆمـاری کوردسـتان». ڕێوڕەسـمی ڕۆژی ڕاگەیاندنـی کۆمـار، ڕێـژەی پێشـمەرگە، خوێنـدن بـە زمانـی کـوردی، سـەردانی پێشـەوا بـۆ قوتابخانـەی گەلاوێـژ کـە کاک جەلیـل یەکێـک لـە قوتابییەکانی بـوو، هاتـن و ڕۆیشـتنی بارزانییـەکان، چوونـە پێشـوازیی پێشـەوا لەگـەڵ قوتابیـان لـە گەڕانـەوەی سـەفەرەکانی و هەتـا بـە وتـەی خـۆی کاک جەلیل: «ناخۆشـترین ڕووداوی ژیانـی واتـە ئێعدامـی قـازی و هاوڕێیانـی». هەمـووی ئـەو ڕووداوانـە لەسـەر زەینـی مێرمنداڵیـی ئـەودا بـە جۆرێـک شـوێن دادەنێـن کـە ببوونـە نۆسـتالیژیایەک کـە تـا دوایین سـاتەکانی تەمەنی لـە یادوەرییەکانیدا مابوونـەوە و لەتەکیـان‌دا دەژیـا.

ئـەو زەمینـە سیاسـییە ئاوێتـە بە شـادی و تراژیدییانەیە کـە وا لـە کاک جەلیـل دەکا لەگـەڵ بووژانـەوەی «حـدک» لـە دوای هەرەسـی کۆمـار،

وەک لاوێکی خاوەن هەست خۆی لە ڕیزی تێکۆشەرانی ئەو حیزبەدا ببینێتەوە، کە بە درێژەدەری ڕێگای ئامانجەکانی کۆمار و قازیی دەزانێ. ئەمە دەسپێکی قۆناغێکی گرینگی ژیانی کاک جەلیل گادانییە کە تا کۆتایی تەمەنی ڕێڕەوی ژیانی بە ئاقاریکیتردا برد.

کودەتای ۲۸ گەلاوێژی ۱۳۳۲ کۆتایی بە ژیانی ئاسایی کاک جەلیل دەهێنێ و ناچار دەبێ ژیانی نەهێنی هەڵبژێری و وەک کادرێکی چالاک نیزیک بە ۷ ساڵ سەرەتا بۆ ماوەیەکی کەم لە نێو شاری مەهاباد و داوتر لە گوندەکان و ناوچەکانی سەر بەم شارە، بە کار و تێکۆشان مەشغووڵ دەبێ.

پاییزی ساڵی ۱۳۳۸ لە هێرشی پۆلیس بۆ سەر ڕێکخستنەکانی «حدک» کاک جەلیل دەگیرێ. سەرەتا ڕەوانەی تەورێز و دواتر تاران دەکرێ. چەند مانگ لە زیندانی «قزل قەلا» دەمێنێتەوە و دواتر بۆ زیندانی قەسر ڕادەگوێزرێ. لە دادگای سەرەتایی لەگەڵ شەش کەس لە هاوڕێیانی فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەر دەچێ، کە دواتر بۆ زیندانی ئەبەد و دواجار نۆ ساڵ زیندانی بۆ دەبڕێتەوە.

ساڵی ۱۳٤۱ گادانی بۆ زیندانی «برازجان(۱۸)» دوور دەخرێتەوە. (۱۹) لەدوای کودەتای ۱۳۳۲ زیندانی «برازجان» ببووە بە یەکێک لە بەناوبانگترین زیندانەکانی ئێران. ئەو زیندانە زیندانێکی ئاسایی نەبوو و لە فەرهەنگی سیاسیی پێش لە شۆڕشی ۱۳۵۷ مێژوویەکی تایبەتیی هەیە و زۆرینەی خەباتگێڕانی دەیەی ٤۰ لەم شوێنە بەندی بوون. (۲۰)

کاک جەلیل لە زیندان بەهۆی ئاشنایەتییەک کە لەگەڵ زمانی فەڕانسەویی لە قۆناخی دوا ناوەندیی خوێندن هەیبوو، لە زینداندا گەشەی پێدا. بەجۆرێک کە دوو کتێب لە زمانی فەڕانسەویی وەردەگێڕێتە سەر زمانی فارسی. بۆخۆی لەم بارەیەوە دەڵێ: «

من لە خوێندنی پێنج کلاسی دەبیرستان کەم و زۆر لەگەڵ زمانی فەڕانسەویی ئاشنا ببووم، بە یارمەتیی ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە لە ساڵانی پێشوو لە زینداندا بوون و نوێنگەی خۆڕاگری بوون، خوێندنی زمانی فەڕانسەویم دەست پێکرد».

کتێبی یەکەم ناوی «پایان شب سیە» لە نووسینی خانمێکی بەڕەگەز ڕووسی فەڕانسەوی زمان بوو بە ناوی «کۆنتێس دوسێگۆر». کتێبەکە سەربوردەی بنەماڵەیەکی فەڕانسەویی بوو و زۆرتر لە دەوری کچێک بەناوی «ژنویو» دەسووڕێتەوە کە بەهۆی لەدەستدانی دایک و باوکی لە ماڵی مامی دەژی و ئەو ڕووداوانەی کە بەهۆی ئامۆزاکانی لەماڵی مامی تووشی دەبن.

ئەمن بیرەوەرییەکی منداڵیم لەگەڵ ئەو کتێبە هەیە. ساڵی ١٣٤٨ لە قوتابخانەی ٢٥ی شەهریوەر لە گەڕەکی باغی سیسەی مەهاباد، لە پۆلی دووهەمی سەرەتایی بووم. ڕۆژێک من و دوو قوتابیی هاوپۆلم بانگ کراینە ژووری بەڕێوەبەری قوتابخانە، ڕەوانشاد «جەعفەر تاهیری». ناوبراو سەرەو کتێبێکی وەک خەڵات پێداین. ئەوە یەکەم جار بوو کە ببمە خاوەن کتێبێکی غەیرە دەرسی. ڕووبەرگی کتێبەکە زەمینەیەکی شینی هەبوو بە خەتی نەستەعلیق نوسرابوو «اسیر فرشتەوش». من نە سەرەدەرم لە نێوەرۆکی کتێبکە دەر دەکرد و نە لە ناوی نووسەرەکەی کە ناوێکی خاریجی بوو. بەڵام «جلیل گادانی» کە وەرگێڕی بوو، تەنانەت نەشم دەزانی وەرگێڕیشە، لە مێشکمدا چەسپاو و لەبیرم نەدەچۆوە، تاوەکوو نۆ ساڵ دواتر لە جۆزەردانی ١٣٥٧ لە کاتی ناشتنی تەرمی کاک عەزیز یووسفی و ڕێوەڕسمی سێ ڕۆژانەی سەر قەبران کاک جەلیلم بۆ یەکەم جار بینی. وا دیار بوو گادانی ئەو کتێبەی وەک دیاری بەسەر قوتابخانەکاندا دابەش کردبوو، تا وەک خەڵات بەسەر قوتابییەکاندا دابەشی بکەن. لە چاپی

دووهەمی کتێبی «اسیر فرشتەش» لە ساڵی ١٣٥٧ بەهۆی «کانون پرورش فکری کودکان و نوجوانان» ناوەکەی گۆڕابوو بە «پایان شب سیە».

کتێبی دووهەم «چگونە انسان غول شد» لە نووسینی «ایلین-سگال» بوو. گادانی ئەو کتێبەشی لە زیندان لە زمانی فەڕانسەوی وەرگێڕایە سەر زمانی فارسی. «چگونە انسان غول شد» کورتە مێژووی پەرەسەندنی مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی و چۆنیەتیی فۆرم گرتنی بیری مەنتیقی و فەلسەفە تاوتۆی دەکا و بە زمانێکی سادە و ڕەوان بۆ منداڵان نووسراوە تا ئاڵۆزییەکانی مێژوویی بە سانایی فێربن و بزانن مرۆڤ بۆ پاراستن ژیانی خۆی چۆن تێکۆشان و خەباتی کردوە. وەرگێڕان و چاپی ئەو کتێبە داستانێکی هەیە کە کاک جەلیل لە پێشەکییەک کە بۆ چاپی یەکەمی ئەم کتێبەی نوسیوە ئاماژەی پێ کردوە.(٢١)

لە هەڵمەتی گیرانی خەڵک بەهۆی ساواک و ژاندەرمەری لە دوایی تێکشکانی جووڵانەوەی چەکدارانەی ٤٧-٤٦ گادانی بۆ جاری دووهەم دەگیرێ. کاک جەلیل هەمووی ساڵێک بوو لە پاش نزیک بە ١٤ ساڵ دەربەدەری و زیندان تامی ئازادیی دەچێشت، کە سەرلەنوێ تووشی زیندان بۆوە. سەرەتا بۆ پادگانی جەڵدیان و دواتر بۆ زیندانی «فەلەکو لئەفلاک» ڕاگوێزرا و پاش ساڵێک ئازاد کرا. لەدوای ئازاد بوونی ساواک ناهێڵێ لە کوردستان بمێنێتەوە و سەرپشکی دەکەن لە هەڵبژاردنی شارەکانی تاران، مەشهەد و ئیسفەهان بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونی. کاک جەلیل تاران هەڵدەبژێری و تا پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ لەم شارەدا دەمێنێتەوە.

جۆزەردانی ١٣٥٧ کاک عەزیز یووسفی، تێکۆشەری سیاسیی کورد کە نزیک بە ٢٤ ساڵ بە تاوانی ئەندامەتیی لە «حدک» لە

زیندانەکانی ڕێژیمی پەهلەویدا بوو، لە تاران کۆچی دوایی کرد. هێنانەوەی تەرمی یووسفی لە تارانەوە بۆ مەهاباد، بەڕێوە چوونی ناشتن و سەرەخۆشی و چەندین کۆبوونەوەی جەماوەری و دواجار ڕێورەسمی سێ ڕۆژانەی سەر قەبران، یەکەم خۆپیشاندانی خەڵکی ئەم شارەی لێ کەوتەوە و مەهاباد تێکەڵ بە زەنجیرەی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ بوو کە تازە چەند مانگێک بوو ئێرانی گرتبۆوە. ساواک لە کاردانەوە بەم خۆپیشاندانە نزیک بە ٤٠ کەسی لە خەڵکی شار کە لەنێویاندا چەندین تێکۆشەری سیاسی دەبینران دەسبەسەر کرد و پاش مانگێک ١٦ کەسی بۆ زیندان ورمێ گواستەوە و ئەوانی تری ئازاد کردن. کاک جەلیل گادانی یەکێک لەم ١٦ کەسە بوو کە بۆ جاری سێهەم لەلایەن پۆلیسی محەمەدڕەزا شا لە زیندان توند دەکرێ. گادانی یەکێک لە ڕێکخەرانی سەرەکیی ئەو ڕێورەسم و کۆبوونەوانە بوو، و لە ڕێورەسمی سێ ڕۆژانە لەسەر قەبران وتاری هەبوو.

دوایی پتر لە شەش مانگ بەهۆی پەرەسەندنی خۆپیشاندانی شارەکانی ئێران و کوردستان و بەتایبەتی لە مەهاباد کە ئازادکردنی زیندانییەکانی ورمێ ببوو بە یەک لە دروشمەکانی خۆپیشاندان، ئەو ١٦ کەسەش ئازاد کران و لەنێو پێشوازیی گەرمی خەڵک گەڕانەوە بۆ شارەکەیان.

پاش زیاتر لە یەک ساڵ ڕاپەڕین و قوربانیدان، گەلانی ئێران لە ٢٢ ڕێبەندانی ١٣٥٧دا توانییان کۆتایی بە دەسەڵاتی محەمەدڕەزاشا و ڕێژیمی پتر لە ٥٠ ساڵەی شاهەنشاهیی بنەماڵەی پەهلەوی بێنن. بە نەمانی دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەوی کۆتایی بە دیاردەی زیندانیی سیاسی کورد لەو قۆناخە داهات.

**ئاکام:**

– ئامانجی دەسەڵاتی ناوەندیی لە ئێران لە سەردەمی بنەماڵەی پەهلەوی لە بەندکردنی مرۆڤی خەباتگێڕی کورد، بەندکردنی بیروباوەڕیان و کپ کردنی بڵێسەی خەباتی شۆناسخوازیی کورد بووە. بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان و بەردەوامیی هەوڵی تێکۆشەرانی کورد بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیان، سەلماندی ئەو ئامانجەی دەسەڵاتدارانی ناوەند بە زمانی خۆیان «تلاشی بود بە عبث». کاک جەلیل گادانی بە ٢٦ ساڵ زیندان، ژیانی نەهێنی و دوورخرانەوە لەو قۆناخەدا ئاوێنەی باڵانوێنی ئەم ڕاستیەیە.

– نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم قۆناخەدا (١٣٥٧ –١٣٠٤) لە ئاست دیکتاتۆری، زوڵم و زۆر و چەوسانەوەی نەتەوەیی و بۆ گەیشتن بە سەربەستی ژیانکردن، دابین کردنی دادپەروەری و جێگیرکردنی نۆرم و بەهاکانی دنیای مۆدێرن نەتەنیا بێ لایەن نەبووە، بەڵکو تێکۆشاوە و تێچووشی بۆ داوە، ئەوە نییە زیندانەکانی دەسەڵاتی ناوەندی لە سەردەمی ئەو بنەماڵەیە هیچ کات لە وڵاتپارێز و خەباتگێری کورد چۆل نەبووە.

تێبینی: ژمارەی زیندانیی سیاسیی کورد لە سەردەمی بنەماڵەی پەهلەویدا زۆر پترە لەو کەسانەی کە لەم وتارەدا ناویان هاتوە. لەم نووسینەدا تەنیا ئاماژە بە ناوی ئەو بەندکراوە سیاسییە کوردانە کراوە کە لە ژیاندا نەماون، کە بێگومان ئەمەش بێ کەموکووڕی نییە.

## پەراوێزەکان:

١) بۆ نموونە لە کوردستان جەلالییەکانی لە باکوور دوورخستەوە. گەلباخییەکانی لە کرمانشانەوە بۆ ئیسفەهان و هەمەدان و یەزد ڕاگواست و خەڵکی تورک زمانیان لە شوێنی ئەوان نیشتەجێ کرد.

٢) زیندانی قەسر یا قەسری قەجەر: ناوی یەکێک لە کاخەکانی سەردەمی قاجارەکان «فەتحعەلیشای قاجار» لە تاران بوو، لە سەدەمی ڕەزاشا پەهلەویدا وێران کرا و، لە شوێنی زیندانی قەسر بنیاد نرا. ئێستا چەند ساڵێکە بۆتە موزە.

٣) گروپی ٥٣ کەسی: ساڵی ١٣١٦ پۆلیسی ڕەزاشا ٥٣ کەسی بە تاوانی پێکهێنانی ڕێکخراوی نەهێنیی کۆمۆنیستی، بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندراو بەبۆنەی یەکی مانگی مای (ڕۆژی جیهانیی کرێکار)، ڕێکخستنی مانگرتن، وەرگێڕانی کتێبی ئیلحادی وەک کاپیتاڵ مارکس» و «مانیفیستی کۆمۆنیست» دەستگیر کرد. ئەم دەستگیرکرانە بە گرووپی ٥٣ کەسی ناوبانگیان دەرکرد و پاش ڕووخانی ڕەزا شا لە ساڵی ١٣٢٠ هەتاوی ئازاد بوون. «تەقی ئەرانی»، «ئیرەج ئەسکەندەری»، «خەلیل مەلەکی»، «بوزورگ عەلەوی» و «ئیحسان تەبەری» لە سیما دیارەکانی ئەم گرووپە بوون.

٤) احسان طبری، از دیدار خویشتن (یادنامەی زندگی)، بە کوشش: ف.م. شیوا، ١٣٦٧

٥) بزرگ علوی، پنجاه و سە نفر، تهران سازمان انتشارات جاویدان، ١٣٥٧

٦) اردشیر آوانسیان، یادداشتهای زندان، سالهای ١٩٢٨-١٩٤٢، ص ٦١-٦٢

٧) محمد علی سلطانی، احزاب سیاسی و انجمن‌های مردمی در کرمانشاه، ١٣٦٨. خسرو شاکری، راپورت به رفقا، ماهنامه‌ی خبری، تحلیلی، آموزشی، بین‌المللی در زمینه‌ی علوم انسانی، علوم اجتماعی، سال چهارم، شماره ٣٢، آذر ١٣٩٢.

ژماره‌یه‌ک له گیراوه‌کان بریتی بوون له:

٨) سه‌ید محه‌ممه‌د ئه‌یوبیان، ئیبڕاهیم نادری، محه‌ممه‌د ئه‌مینی شه‌ڕه‌فی، ئه‌حمه‌د ئیلاهی، که‌ریم ئه‌حمه‌دین، مه‌ناف که‌ریمی، حوسێن فروهه‌ر، عه‌زیز کرمانج، سه‌ید خدر نیزامی و سه‌ید محه‌ممه‌د ئیحسانی.

٩) له‌و پێوندییه‌دا عه‌زیز یوسفی، قادر یوسفی و سه‌دیق خاته‌می (سدیقه سوور) تا ساڵی ١٣٣١ له ته‌وریز زیندانی ده‌بن. هه‌ر له‌م ساڵانه‌شدا غه‌نی بلووریان سێ جار و سه‌رجه‌م دوو ساڵ له مه‌هاباد، ورمێ و تاران زیندانی ده‌بێ.

١٠) حوسین فرووهه‌ر، غه‌نی بلووریان (بۆ جاری چه‌نده‌م)، سولێمان موعینی، که‌ریم حیسامی، ئه‌حمه‌د ئاغای قازی، سارم خان سادق وه‌زیری، ئیبراهیم یوونسی و حه‌مه‌ده‌مین ڕابتی له‌و که‌سانه بوون که له دوای کوده‌تا و ساڵانی دوای کوده‌تا ده‌ستگیرکران و ساڵانێک له زیندانیدا مانه‌وه. ئه‌مه بێجگه له ده‌یان که‌سیش که دوای چه‌ند مانگ ئازاد کران. حوسێن فرووهه‌ر (زێڕینگه‌ران) سه‌رۆکی (کۆمه‌ڵه‌ی ژێکاف) سه‌رجه‌م ده سال له ته‌مه‌نی له چه‌ندین جار گیران له زیندانه‌کانی په‌هله‌وی‌دا به‌سه‌ر برد.

١١) ئه‌گه‌ر له سه‌رده‌می ده‌سه‌ڵاتی بنه‌ماڵه‌ی په‌هله‌وی‌دا زۆر به ده‌گمه‌ن و یا هه‌ر ناوی زیندانیی ژنی کورد نابیستری، ئه‌وه له ماوه‌ی ده‌سه‌ڵاتداره‌تیی کۆماری ئیسلامی له ئێراندا به سه‌دان ژنی خه‌باتگێڕی سیاسی و چالاکی مه‌ده‌نی تووشی زیندان هاتوون. هه‌ر

ئێستا «زەینەب جەلالیان»، زیندانی سیاسیی کورد پتر لە ١٣ ساڵە لە زیندان‌دایە و لە هەمان کاتدا کۆنترین زیندانی سیاسیی ژنە لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا.

١٢) گیراوەکان سەر بە چین و توێژی جۆراجۆری کۆمەڵگەی کوردستان بوون و لەنێویاندا ژمارەیەکی بەرچاو مەلای ئایینی دەبینران وەک: مەلا ڕەحمان لاهیجی، مەلا خدر سارتکەیی، مەلا حەسەن شەیدایی، مەلا محەممەد ئیمامی، مەلا کەریم ساردەکۆسانی، مەلا تاهیر سوێرویێ و هەروەها فەتاح کاویان، مامە قالەی سوتوو، میرزا محەممەد (قاقە) کەریمی، سەدیق خاتەمی (بۆ جاری دووهەم)، کەریم خامچی و عەبدوڵڵا عێزت‌پوور کە پتر لە دە ساڵ لە بەندیخانەکانی قەسر و عادل ئابادی شیرازدا مایەوە.

١٣) عەزیز یووسفی، غەنی بلووریان، ڕەحمەت شەریعەتی، ئەندامانی ڕێبەری و د. عەلی مەولەوی ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتە ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون. عەزیز یۆسفی و غەنی بلووریان تا ساڵی ١٣٥٦ و ١٣٥٧ لە زینداندا مانەوە.

١٤) لەنێو گیراوەکاندا عومەر قازی بەرپرسی ڕێکخستنی مەهاباد، عەلی حەسەنیانی، سەید سەدیق ڕەحمانی، ڕەحیم بەغدادی، محەمەد ڕەحیم غەرێقی، مەلا ئەمین محەممەدی، عەلی کەمران (کەرباسی)، ڕەحمان شەریف‌زادە، سوارەی ئیلخانی‌زادە (شاعیر) و ئەحمەد قازی ئەدیب و وەرگێری کورد دەبینران. ئەحمەد قازی دەڵێ: «ئاشنابوونی من و داریوش فرووهەر، وەزیر لە کابینەی مەهدی بازرگان و ئەندامی وەفدی «حسن نیت» بۆ وتووێژەکانی کوردستان لە ساڵی ١٣٥٨ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ٤٢ هەتا ٤٥ کە ئەو کات لە زیندانی قەسر بووم و ئاغای فرووهەریش لەوێ زیندانی بوو، ڕەنگە نزیک بە دوو ساڵ لەگەڵ ناوبرا و چەند کەسی وەک ئاغای ڕەحیم بەغدادی و

کەریمی خامچی لە گیراوەکانی پێشووی حیزبی دێموکرات هاوژوور بووین. فرووهەر مرۆڤێکی خاوەن کەسایەتی و بە ئەخلاق بوو، ئاگاداری پرسی کوردستان بوو و هۆگری بۆ مەسەلەی کوردستان هەبوو (احمد قاضی، خلاصەی تاریخ کوردستان از ٢٠٠٠ سال قبل از میلاد تا ٢٠٠٠ سال بعد از میلاد، هەولێر، ٢٠١٢ ). ئەحمەد قازی لە زیندانی قەسر و قزڵقەڵا «شب بی‌پایان» بەرهەمی «جیمیز ویلارد» لە ئینگلیزییەوە وەردەگێرێتەوە سەر زمانی فارسی.

١٥) زیندانی فەلەک ئەفلاک: قەڵایەکی کۆنی مێژوویی بوو لە شاری خورڕەم ئاباد، ناوەندی پارێزگای لۆرستان

١٦) حەبیب وەرزێر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لەنێوخۆی وڵات، هەڵبژێراوی کۆنگرەی دووهەمی «حدک» بوو. مامە قالەی سووتوو، محەممەدی مینە هەلاج (قادرزادە)، ژمارەیەک لە ئاغاوەتی دێبۆکری، عەبدوڵڵا حەکیمزادە و ڕەسووڵ نادریی هونەرمەند، بەشێک لە و گیراوانە بوون.

١٧) فوئاد مستەفا سوڵتانی، خانەی موعینی، عەزیم موفەقی، حەمەدەمینی شێرخانی، قادر ماوەرانی، محەممەد کەعبی، سەید محەممەد نیزامی، برایم شێخانی، عەبباس تەیب ڕوحوڵڵایی، حەمەحوسین کەریمی، عەتا قوڕئانی، ئیسماعیل ناسری، تەیفوور بەتحایی و تەها پارسا، بەشێک لەو زیندانییانە بوون.

١٨) زیندانی برازجان یا (دژ برازجان) کە لە ساڵی ١٣٣٥ دەکرێ بە زیندان، پێشتر کاروانسەرا بووە و وشترخانیشی پێ‌دەگوترا، لە سەردەمی ناسرەدین شای قاجاردا دروست کرابوو. ئەو زیندانە کەوتبووە سەر ڕێگەی شیراز بۆ بوشەهر. کەش‌و هەوایەکی زۆر خراپی هەبوو (گەرم و شێدار) و لە ڕاستیدا ساواک بۆ ئەوەی زیندانی بخاتە ژێر فشار بەتایبەتی بنەماڵەکانیان، ـچون لە باشووری ئێران

هەڵکەوتبوو و دوور بوو_ بۆیە بۆ ئەم شوێنەی دوور خستنەوە. بەشی زۆری ساڵەکانی بەندیخانەی کاک جەلیل گادانی لە برازجان تێپەڕ بوو و هەر لەم شوێنەش بوو کە پاش نۆ ساڵ و نیو مانەوە لە پاییزی ١٣٤٦ ئازاد دەبێ.

١٩) ئەو دوورخرانەوەیە بۆ برازجان عەزیز یووسفی و غەنی بلووریانیش دەگرێتەوە.

٢٠) سەفەرخان قارەمانی کە لە پێوەندیی لەگەڵ فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان گیرابوو و پتر لە ٣٠ ساڵ لە تەمەنی لە زینداندا بردە سەر و بوو بە کۆنترین زیندانیی سیاسی لە ئێراندا. بەشێک لە ئەفسەرانی حیزبی توودە وەک: عەموویی، حەجەری بەجستانی، شەڵتوکی، زولقەدر، تەقی کەی مەنش و ابوتراب باقرزادە کە ماوەی ٢٥ ساڵ لە زینداندا مانەوە و مەهەدی بازرگان یەکەم سەرۆک وەزیری ئێران دوای شۆڕشی ٥٧ و عیزەتوڵڵا و یەدوڵڵا سەحابی، بەشێک بوون لەو زیندانییانەی زیندانی برازجان.

٢١) شایانی باسە کە کاک «عەزیز یووسفی»یش لە زینداندا کتێبی «سرزمین کف» لە نووسینی «ایوان یفریمۆف»ی لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێرا سەر زمانی فارسی کە تا ئێستا چەند جار لەچاپ دراوەتەوە.

# بۆ کاک جەلیلی گادانیی تێکۆشەر و ماندوونەناس

د. شۆڕش حاجی

زۆر دڵگران دەبم کاتێک دەمەوێ بابەتێک لەسەر تێکۆشەرێکی کۆچکردوو بنوسم. هۆکارێکی خەمەکەم ئەوەیە کە دەست بە نوسینەکەم دەکەم زیاتر لەلام ڕوون دەبێتەوە کە هاوڕێیەکمان بەجێی هێشتووین و سەنگەرێکی تری کوردایەتی چۆڵ بووە. بەڵام لەوە بەئازارتر ئەوەیە، کە دەزانم هەر چۆنێک لەسەر کەسێکی وەک جەلیلی گادانی بنووسم نوسینەکەم بارتەقای خەبات و قوربانیدان و گەورەیی ئەو کەڵەپیاوە نابێت. ئاخر چۆن دەتوانم لە نوسینێکی چەند پەرەگرافیدا خەسڵەتەکانی ئازایەتی و لەخۆبوردویی و پشودرێژی و هەستی پاکی کوردایەتی و ئاستی بەرزی ڕۆشنبیریی ئەو پیاوە دلێرە باس بکەم!

کاک جەلیل هەموو ژیانی خۆی بۆ کورد تەرخان کرد. لەسەردەمی مێردمنداڵی و لاوێتییەوە تا دوا ساتەکانی ژیانی سەنگەری بەرگریکردنی لە کورد و کوردستان چۆڵ نەکرد. لە ژیانی چەرمەسەریی زیندانەوە تا سەردەمی تێکۆشانی مەدەنی و

دواتر لەکاتی خەباتی پێشمەرگایەتی‌دا هەمیشە خولیا و ئاواتی ئەو قارەمانە ئازادی کورد و ڕزگاری کوردستان بوو.

ڕاستە کاک جەلیل تێکۆشەرێکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بوو، بەلام هاوڕێ و خۆشەویستی تێکۆشەرانی باشوور و باکوور و ڕۆژاوای کوردستان و کوردانی تاراوگە بوو. ئەو ڕێبەرە دەسکەوت و سەرکەوتنی خەباتی کوردایەتیی لەهەر پارچەیەکی کوردستان بە هی خۆی و حیزبەکەی دەزانی و لە هاوکاری‌کردنیان درێغی نەدەکرد. کەسێک هەیە بتوانێ نکۆلی لەو هاوکارییە مەزنەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکا لەخەباتی ڕزگاریخوازیی کورد لە باشوری کوردستان، کە جەلیلی گادانی یەکێک بو لە سەرکردەکانی ئەو حیزبە دێرینە؟ من بە شەخسی شایەدی ئەوەم کە لە دوای ئەنفالەوە تا ڕاپەڕین، سەرەڕای زەبروزەنگی ڕێژیمی سەدام، پێشمەرگە و سەرکردەکانی حیزبی دیموکرات نامە و بلاوکراوە و بێسیمی ڕاکال و چەک و پارەیان لە بناری قەندیلەوە دەگەیاندە ڕێکخستنەکانی کۆمەلەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە شارەکان و بۆ پارتیزانەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ناوچە جیاجیاکان.

کاک جەلیل شارەزایی باشی لەسەر مێژوی کورد و خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان هەبوو. هەروەها لەهەمو سەردەمێک و لەهەر شوێنێک بووبێ لەگەل تەبایی ڕیزەکانی کورد بوو؛ هەمیشە دژی ئەوە بو کە خوێنی کورد بە دەستی کورد بڕژێ.

مەرگ کۆتایی بە جەستە و ژیانی مرۆڤ دێنێ، بەلام ناتوانێ ناوی کەسە مەزنەکان لە بیر و هۆشی مرۆڤەکان و لاپەڕەکانی مێژو بسڕێتەوە. کێ دەتوانێ ناو و ناوبانگی جەلیلی گادانی ڕەش بکاتەوە؟ خۆم زۆر بەخیلی بەو جوامێرە دەبەم، چونکە توانی لەسەردەمی کۆماری مەهابادەوە تا دواساتەکانی ژیانی بە بێ‌وچان لەسەنگەری کوردایەتیدا بمێنێتەوە.

سلاو لەگیانی پاکی کاک جەلیلی گادانی

# جەلیل گادانی
# ڕۆشنبیرێك پڕ بە خواستی ئەم زەمانە

■ سەرۆ قادر

لـە مێـژووی ژیانـی جەلیـل گادانـی ڕا دیـارە، لـە نـەوەی چلەکانـی سـەدەی ڕابـردووی نیشـتمانپەروەری و نەتەوەخوازیـی کـوردە لـە کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات. خانەوادەکـەی ئـەو، خـودی جەلیلیـش وەک گەنجێک شـانازیی ئـەوەی هەبـووە لـە سـەردەمی کۆمـاری کوردسـتان لـە مهابـاد، وەک گەنجێکی تازەپێگەیشـتوو نـاو و دەنـگ و کاریگەریـی خۆیـان هەبێـت. هەربۆیشـە کاتێـک جەلیـل گادانیـم دەدیـت و قسـەی دەکرد، هەمـوو باسـەکانی دەهێنایـەوە سـەر ئەوەی کە ئێمـە نەتەوەیەکی بندەسـتی بەلەنگازی فەقیـری مەحـروم لـە ژیانمـان هەیـە، بۆیـە هەمـوو

سەرەباسەکانی دەبردەوە سەر هەوڵ و تێکۆشان و خەبات بۆ ئەوەی ڕۆژگارێک ئەو میللەتەی ئەو وەسفی دەکرد، بە ژیانێکی سەربەرز و پڕ سەروەری بگات.

هەمیشە لە قسەکانی جەلیل گادانی‌دا، خۆشەویستییەکی بێسنوور بەڵام تەعریفکراو وە زانستییانە بۆ کوردستان دەبینین. ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ ئەو تایبەتمەندییە شەخسییەی ئەو هەیبوو. کاک جەلیل بۆخۆی پیاوێکی خوێندەوار بە مانای وشە ڕۆشنبیرێکی شارنشینی نیشتمانپەروەری خەباتگێڕ بوو. ئەم سیفەت و تایبەتمەندییانە بە ئاسانی لە کەسێکدا کۆ نابنەوە. ئەو شارستانییانەی فرسەتی خوێندنیان هەبووە، پێگەیشتوون ئینجا هاتوونەتە نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان، هەمیشە ڕۆڵیان ڕۆڵێکی بە پانتایی فراوانتر و کاریگەریی زیاتر بووە. لەسەر ژیان و قۆناغەکانی تێکۆشانی جەلیلی گادانی، هاوسەنگەرەکانی، هاوباوەڕەکانی لە نێو حیزبی دێموکرات باشتر دەزانن. بەڵام ئەو نووسین و وتار و وتانەی کە کاک جەلیل گادانی لە بۆنەی دیاریکراو و جیاجیادا لەسەر تێکۆشان دەیکرد، وای‌کردووە کە خوێنەران و دۆستانی جەلیل گادانی قۆناغەکانی ژیانی ئەو بزانن.

دەڵێن ڕۆشنبیر بریتییە لە کەسێک کە لە بوارێکی دیاریکراو زانایی هەیە، جا تیپی کەسایەتیی بە جۆرێکە بێلایەن نییە لەو بوارەی دەیزانێ هەڵوێستی دەبێ، ئەو هەڵوێستەش هیچ کاتێک بۆ بەرژەوەندیی شەخسیی خۆی بەتەنیا بەکار ناهێنێ، بەڵکوو ڕوانگەیەکی بۆ کۆمەڵگە هەیە، لە پێناو بەختەوەری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، زانیاری و لێهاتوویی خۆی بەکار دێنێ. بەوە دەگوترێ

ڕۆشنبیر کە لە ڕۆژگارانی پێشوو پێیان‌دەگوتن ڕۆشنبیری مولتەزیم و موتەعەهید یان ئەوانەی بێ لایەن نین.

لە ڕاستی‌دا کاک جەلیل لەو تیپە لە ڕۆشنبیرانی کاریگەری میللەتی ئێمە بووە. کاریگەریی کاک جەلیل لە بواری ڕۆشنبیری ئەوە بوو، کاتێک کە بایەخەکان یان ئەو بوارانەی ئەو گرنگی پێ دەدان لە ڕۆشنبیری، هەموویان بە ئاراستەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بوون. لای جەلیل گادانی جگە لە پێشکەوتن من هەستم بە هیچ مەیلی دیکە نەکردووە. ئەوە زۆر گرینگە چونکە شۆڕشگێڕان و سەرکردەکانی کوردستان لە هەر چوار پارچە هەموویان خاوەنی ئەو هەموو سیفەتە کامڵانە نین. ڕۆشنبیر و سەرکردەی سیاسیی زۆر بەناوبانگ و گەورەمان هەن کە لە بواری کۆمەڵایەتی لە پێگەی جیاجیا ڕوانگەیان دیار نییە یان ڕوانگەی پێشکەوتنخوازانەیان نییە. توانایی سیاسییەکانی کوردستان لەوانەیە پۆست و شوێنی زۆر کاریگەرییان هەبێ، بەڵام لە ڕووی خوێندەواری و هێزی تێگەیشتن خۆیان پێ نەگەیاندبێ. ئەمە ئەو کەموکوڕییانەن کە لە نوخبەی سیاسیی کوردستان‌دا لە هەر چوار پارچە هەیە. جەلیل گادانی یەکێک لەو نوخبە سەرکردە ڕۆشنبیرە سیاسییە خەباتگێڕانە بوو کە هەوڵێکی زۆری دا بە درێژایی ژیانی ئەو بوارانە بەپێی توانایی خۆی پڕ کاتەوە.

بوارێکی تر کە بەلای منەوە زۆر سەرنجڕاکێش و شیرین بوو (هەربۆیەش هەمیشە کاک جەلیلم لەبیر بووە، جار جار غەریبیی دیتنیم دەکرد، زۆربەی جار ئەو لوتفی دەکرد کە دەهاتە هەولێر سەردانی من و دۆستانی خۆی دەکرد) سادەیی و خاکی‌بوونی کاک

جەلیل زۆر سەرنجڕاکێش بوو. سادەیی و خاکێتییەکی ئەوتۆ کە مەعریفەی لەدوابوو، تێگەیشتنێکی دیاریکراوی هەبوو. بەشێک بوو لە کەسایەتیی زۆر ئاسایی خۆی. بۆیە کەسایەتیی کاک جەلیل وەکو ڕۆشنبیرێکی سادەژیان و خاکی ژیان هەڵسوکەوتی بوو، بەرامبەرەکەی زوو تێی دەگەیشت، زوو وەری دەگرت و زۆر ڕێزی دەگرت و ناچاری دەکردی کاتێک قسە دەکا گوێی بۆ بگری. ئەوە بە گشتی کەسایەتییەکی شیرین و لە دڵان سووکی بۆ لایەنی بەرانبەری درووست دەکرد. جیا لەو هەموو تواناییانەی کە جەلیل گادانی هەیبوو، قسەخۆشی و نەقڵ و نوکتەی ئەو لە توێی بیروباوەڕەکانی خۆی دەیگێڕانەوە، شوێنێکی تایبەتیی لە پەسندی و شیرنییەتی کەسایەتیی کاک جەلیل گادانیدا هەبوو.

بوارێکی تری کە من وەکوو یەکێک لەوانەی جەلیل گادانیم خۆش دەویست، لە نزیکەوە بینیومە، هەمیشە ئەهلی باس و گفتوگۆ بوو لەسەر ئەو پرسانەی نوێن، دەگەڕا بەدوای ئەو مەجلیسانەی ئەو گفتوگۆیانەی تێدا دەکرێ. دەتوانم بڵێم لە سی ساڵی ڕابردوودا کە من کاک جەلیلم ناسیوە، جار نەبووە یەکتر ببینین، باسێک نەکاتەوە، پرسیاری نەبن، یان پێشنیاری نەبن. کاک جەلیل گادانی زۆر بایەخی بە ڕەوتەکانی پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان دەدا، لە کاتی کێشە سیاسییەکان و کاروباری حکومەتیدا، هەمیشە پرسیاری دەکرد، بە دیقەتەوە پێشنیاری خۆی دەدا. ئەو پێشنیارانەی لە بواری جیاجیا من دڵنیام بە سەرکردەکانی کوردستانیشی دەگەیاند و لە نێو ڕۆشنبیرانیشدا بڵاوی دەکردەوە. جیا لە خاکییەتی کاک جەلیل کە من پێموایە لەگەڵ خەڵکی زۆر سادەش تێکەڵ بووە و توانیویەتی

کاتـی خـۆی بباتـە سـەرێ، واتـا سـەرکردەیەکی سیاسـی ڕۆشـنبیری نووسـەر لـە هەمـان کات زۆر جەمـاوەری و تودەیـی وەک لای خۆیـان دەڵێـن. هەربۆیـەش دەمانـدی پیاوێکـی خەمخـۆرە، نووسـەرێکی خەمخـۆر بـوو بـۆ خەڵکـی تێکۆشـەر، بـە تایبەتـی ئەوانـەی بـوون و دەیناسـین، هەڵبـەت زۆرجاریش بۆ خەڵکی دیکـەی هەرێمی کوردسـتان و لێقەومـاو ئـاگام لـێ بـووە هەوڵـی دەدا دەسـت بـە باڵیانـەوە بگـرێ. لـەو کاتانـەی کـە مـن لـە دەزگای ڕاگەیاندنـی گـولان و مەکتەبـی ناوەندیـی ڕاگەیاندنـی پارتـی دێموکراتیـی کوردسـتان‌دا بەرپرسـیارەتیم هەبـوو، کاک جەلیـل بـەردەوام ئـەو گەنجـە تێکۆشـەر و خوێندەوارانـەی کـە لـە کوردسـتانی ڕۆژهەڵاتـەوە ئـاوارەی دیـوی باشـوور دەبـوون، بەپێـی توانـا پێـی دەناسـاندم. لـە هەمـان کاتـدا بـە لوتـف و سـووربوونەوە داوای دەکرد کارێکیـان پـێ بدرێ. هەمیشـە دەیگوت باشـترین هاوکاری ئەوەیـە سـوود لـە تواناییـان وەربگـرن. هەربۆیـەش ئێمەومانانـی ناچـار دەکرد بـە جددی ئـاوڕ لـەو بـوارە بدەینـەوە بۆ گەنجـان و تێکۆشـەرانی ڕۆژهـەڵات، لـە بـواری ڕاگەیانـدن و ڕۆشـنبیریدا جێگەیـان بۆ بکرێتـەوە.

کاک جەلیـل گادانـی ئینسـانێکی دەم بەخەنـدەی گەشـبینی ژیاندۆسـت بـوو، وە مـن ئـەو قسـەیە دەکـەم، لەوەیـە لەکاتـی کـە دەمـدی لەوپـەڕی بارودۆخـی خراپیشـدا کاتێـک کـە وەسـفی سـەختیی بارودۆخـی دەکـرد، دایمـەن چاوێکیشـی لـە دەرگایـەک بـوو کـە لـەو سـەختییانە بچینـە دەرێ، یـان کەشـێک درووسـت ببێـت کـە ئینسـان بتوانـێ تەحەمولـی بارودۆخـی سـەخت بـکات، بـەو هیوایـەی کـەوا داخلـی ڕۆژگارێکـی گەشـتر و پـڕ لـە تواناییتـر بێـت بـۆ ژیـان. مـن ئـەو سیفەتانەم لـە کاک جەلیـل گادانـی‌دا لـە نیزیکـەوە هەسـت پـێ کـردووە لـە مـاوەی سـی

ساڵدا. پێموایە لە ڕۆشنبیرە سیاسییە سەرکردە دەگمەنەکانی نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانە. نووسەرێکی بەدیقەت بوو. زمانزان بوو، چەندین زمانی بەهێزی جگە لە زمانی کوردی دەزانی و هەموویانی بەکار دێنا و بە زمانی شیرینی کوردی دەیکردنە بەرهەمی زانین. نووسینی کاک جەلیلی گادانی نووسینی زووفەهم و لە هەمان کاتدا قووڵ بوو لای خوێنەر و، بە کوردییەکی خۆش وەر دەگیرا. ئەم سیفەتانە لە کاتێکدایە کە جەلیل گادانی لە بارودۆخێکی سەختدا وەکوو هەموو هاوسەنگەرەکانی دەژیا. من دڵنیام ئەگەر جەلیل گادانی شانسی هەبوایە لە وڵاتێکی پێشکەوتوو ژیا بوایە، سیاسەتوان و ڕۆشنبیرێکی ئەوەندە کاریگەر دەبوو کە لە ژیانی میللەتەکەیدا بایەخێکی زۆری پێ بدرێ و مەسیری ژیانی خەڵک و کۆمەڵگە بەرەو باشتر بەرێ. هەرچەند لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی ئێستادا جەلیل گادانی ئەو کاریگەرییەی هەیە.

جارێکیان لە گەرمەی گفتوگۆدا، کەمێک بیروباوەڕی خۆم بە جدیەوە گوت، ئەویش ئەوکاتە بوو کە حیزبی دێموکرات ببوو بە دوو کەرت. زیاتر لە دە پانزدە ڕۆژ بوو من و دۆستەکانمان هەواڵەکەمان بیستبوو، زۆر بەداخ بووین و گفتوگۆی ئەوەمان دەکرد کە کاتی کەرتبوونی حیزبی دێموکرات نییە. ڕۆژێک کاک جەلیل گادانی تەلەفۆنی کرد کە لە هەولێرە و دەیەوێ سەرمان لێ بدات. یەکەم باسی کردمانەوە ئەوە بوو. پێش ئەوەی بزانم کاک جەلیل گادانی ڕای چییە، ناڕەزایەتیی خۆم و بیروڕای خۆم لەسەر ئەوەی حیزبی دێموکرات نابێ دابەش بێت و، گوتم کارێکی خراپە و لەگەڵ ئەوەدا بووم بەهەر شێوەیەک هەیە، ئەو یەکپارچەیی و یەکیەتییەی

حیزبەكـە بپارێـزرێ و سـەركردەكان پێكـەوە هەڵكـەن. ئـەوەم لەگـەڵ دۆسـتەكان لـە مەكتەبـی ناوەندیـی ڕاگەیانـدن زۆر بـە حەماسـەتەوە گوت. سـەیرم كرد چەند من قسـە دەكـەم و پێیدا دەچـم، كاك جەلیل گادانی لەبـەر خۆیـەوە هـەم گوێ دەگرێ، هـەم بایـەخ دەدا، هـەم جار جار بە نەرمی پێدەكەنێ. گوتم دە فەرمـوو جەنابت كاك جەلیل. گوتی جا تۆ وا دەزانی من یەكێكم لەوانە كە لەگەڵ دابەشبوونەكە دام و لە كەرتبوونەكـە دام! هەردووكمـان و مەجلیسـەكە دامانـە قاقـای پێكەنیـن. بـە جەفەنگ گوتـم كاك جەلیل تۆ جارێك جیابوویـەوە و یەكت گرتـەوە لەگـەڵ حیزبـی دێموكـرات، جـاری دووەم كـە جیابوویـەوە سـكرتێری پێشووشـت لەگـەڵ خـۆت بـرد. جارێكـی تـر وەرەوە نێـو دێموكـرات، یـەك بگرنـەوە ئینجـا دەرچـۆوە و، سـكرتێری تـازە لەگـەڵ خـۆت بـەرە. گوتـم پێموایـە تۆ توانایەكی باشـت بۆ ڕاكێشـانی سكرتێرەكانی حیزبی دیموكـرات هەیـە بـۆ دەرەوەی حیزبەكـە و دوایـی بێنـەوە. دایـە قاقـای پێكەنیـن و گوتـی وەڵا جـا خـۆ ئـەوەش لەوانەیـە كەسـبێكی خـراپ نەبـێ. مەبەسـتم ئـەوە بـوو لـە جەوێكـی سیاسـیی جددی لـە بیـروڕادا، توانایەكـی سـەیری هەبـوو لـەوەی بیگـۆڕێ بـە پێكەنیـن و خۆشـی. لـە ئاخیریشـدا هەڵبـەت ئەویـش زۆر بەداخـەوە بـوو. بیـروڕای خـۆی دەربـڕی و هەندێـك پێشنیاریشـی بـۆ دۆسـتانی دوو لایەنـی حیزبـی دێموكـرات و ئەوانـەی كاریگەربـوون گەیانـد.

یـادی كاك جەلیـل گادانـی دەبـێ بـە بـەرزی ڕابگیرێـت، پێویسـتە هەمیشـە كتێبەكانـی چـاپ بكرێنـەوە، ئـەو ڤیدیۆیانـەی هەیەتـی كـۆ بكرێنـەوە، لـە یوتیـوب و پێگەیـەك بـۆ جەلیـل گادانـی بكرێتـەوە، لـە هەمـان كاتدا بە فەیسـبووك و تـۆڕە كۆمەڵایەتییەكانی تریش، بەردەوام

بە شێوازی سۆسیال میدیای ئێستا، بیروباوەڕەکانی و قسەکانی لێ بدرێنەوە، بۆ ئەوەی ون نەبێت و خەڵک سوودێکی باشی لێ ببینێت. پێموایە دەبێ هەموو لایەنەکان کۆک بن لەسەر ڕێزگرتن لە جەلیل گادانی چونکە جەوهەری تێکۆشان و فیکر و ڕۆشنبیریی ئەو ئێستا دوای مەرگی گەشتر و درەوشاوەتر و بەرزتر دەبێتەوە.

لایەنەکانی دیکەی ژیان لاوەکین و هیچ کەسێک نە تەواو کامڵە و نە هیچ کەسێک پیرۆزە و نە هیچ سەرکردەیەکیش لە بیروڕای جیاجیا و هەڵوێستی جیاجیادا کە لەوانەیە جێی تێڕامانی کەسانی دیکە بن بەدوور نیە. من هەمیشە جەلیل گادانی بە گەشی و گەورەیی لە دڵی خۆمدا ڕادەگرم.

# جەلیل گادانی
# تێکۆشەرێك لە ڕۆژگاری سەختدا

د. کاوە مەحموود

کارێکی ئاسان نییە بە بابەتێک لە کتێبێکدا کە چەندین کەسایەتیی تیادا بەشدار بێت، دەربارەی کەسایەتیی تێکۆشەری مەزن جەلیل گادانی بەشدار بم، بەتایبەتی ئەم کەسایەتییە کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە ڕووداوەکانی زیاتر لە نیو سەدە لە کاروانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان بە گشتی، و ئەم بزووتنەوەیەمان لە کوردستانی ڕۆژهەلات بە شێوەیەکی تایبەت.

کارێکی ئاساییە کە هەر تێکۆشەرێک ماڵئاوایی یەکجارەکی دەکا و بێ ڕەزامەندیی خۆی لە قرچەی هەتاوی بەتینی تێکۆشانەوە بەرەو سێبەر دەگوێزرێتەوە، شوێنەکەی چۆڵ نابێت. ڕاستە هەر تێکۆشەرێک خەسڵەت و تایبەتمەندی و شارەزایی و ئەزموونی تایبەتیی خۆی هەیە و، گومانی تێدا نییە ئەو تێکۆشەرە بۆن و بەرامەی خۆی هەیە، بەڵام

ئەوەی بۆتە نەریتی شۆڕشگێرانە لە ئەزمونی ڕەسەنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی گەلی کوردستان ئەوەیە کە ئەو تێکۆشەرە ماڵئاوایی یەکجارەکی دەکا و شوێنی خۆی بۆ تێکۆشەرێکی دیکە جێ دەهێڵێ و وەجاغی تێکۆشەرانی گەلەکەمان کوێر نەبووە و نابێت.

لە کۆچی دوایی جەلیل گادانیی مەزن بەشێکی زۆری حیزب و لایەنەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی گەلەکەمان لەهەر چوار پارچەی کوردستان بروسکەی ماتەمینییان بۆ حیزبی دێموکرات نارد و، ناوەند و دەزگا میدیاییەکان ئاماژەیان بە بیوگرافی و پانۆرامای ژیانی جەلیل گادانی کرد و تیایدا ساڵی لە دایک بوون و وێستگەکانی کاری حیزبی و سیاسی ئەم تێکۆشەرەیان خستە ڕوو. لە بابەتەدا دەمەوێ بە جۆرێکی دیکە ڕابردووی ژیانی سیاسیی ئەم تێکۆشەرە بخوێنمەوە و، بۆیە ئاماژە بەم خاڵانە دەکەم:

ـ جەلیل گادانی تێکۆشەرێکی بەرچاوڕوون بوو لە دەستنیشانکردنی شوناسی دوژمنانی گەلی کوردستان و هیچ کاتێک لەگەڵ مانۆڕەکانی ئەو دوژمنانە خۆڕسکانە مامەڵەی نەکردوە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ قاڵبوونی لە مەیدانی تێکۆشان. مانەوەی گادانی بۆ ١٣ ساڵ لە بەندیخانەکانی ڕژێمی شای ئێران و موقاوەمەتکردنی لە بەرامبەر ئەشکەنجەی ساواک و بەندیخانەکانی ئێران بناغەی ئەو بەرچاوڕوونییە بووە کە لە تێکرای هەڵوێستەکانی سەبارەت بە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران قاڵتر بۆوە.

ـ جگە لە کاری شۆڕشگێرانەی ڕۆژانە جەلیل گادانی هەوڵی داوە ئەزمونی شۆڕشگێرانە و مێژووی پڕ شکۆی تێکۆشان بۆ نەوەی نوێی گەلەکەمان بگوێزێتەوە. لەم بوارەدا هەر وەک لە کتێبی پەنجا ساڵ خەباتدا نوسیویەتی «زۆر ڕوونە کە بەر لەوەی کورد بۆ خۆی دەست بە کاری نووسینی مێژووی خۆی بکا، زۆرتر خەڵکی دیکە

هەوڵیان بۆ نووسینی مێژووەکەی داوە، بەڵام ئێستا کە بەخۆشییەوە هەلومەرج ڕەخساوە، گەلێک مێژوونووس و توێژەوەری خۆماڵی پەیدا بوون بە دڵگەرمی خەریکن لەسەر وەزعی ژیان و ڕابردووی نەتەوە بێبەشەکەمان بەڵگە کۆ دەکەنەوە و دەنووسن».

لە (پەنجا ساڵ خەبات)دا جەلیل گادانی نەهاتووە بیرەوەریی خۆی بنووسێ و ئاماژە بەو ڕووداوانە بکا کە خۆی تیایدا بووە. لەو کتێبەدا پەنجا ساڵ خەباتی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی تۆمار دەکا و بۆ ئەم کارەشی لە هەردوو بەرگی ئەم کتێبەدا پشتی بە دەیان سەرچاوەی جۆراجۆر بەستووە.

مەبەست لە (پەنجا ساڵ خەبات) هەروەکوو گادانی دەڵێ ئەوەیە کە: «ئەم گەلە لە مێژووی خۆی و نەتەوەکانی دیکە کەڵکی بەجێ وەرگرین و ڕووداو و زانیارییەکان دووپات نەکەینەوە، ئەوانەی چاکیشن بەپێی هەلومەرج و پێشڕەفتی دنیا باشتر بە ئەنجامیان بگەیەنین».

ـ جەلیل گادانی لە هەلومەرجێکی سەختدا وەڵامی ئەو زنجیرە بڵاوکرایەوەی دایەوە کە بریتی بوو لە یانزە کتێبی چەواشەکەرانەی دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی ئێران و بە زمانی کوردی و فارسی بە ناوێکی ناکەسبەچەوە نووسرابوو و تیایدا هەروەکوو گادانی باسی دەکا بەلاڕێدا بردنی مێژووە و بە شێوەیەکی سووک سەیری کورد و کەسایەتییەکان دەکا. (وەڵامدانەوە و ڕوونکردنەوە) کە ناوی کتێبەکەی گادانییە کە وەڵامی چەواشەکارییەکان دەداتەوە و دیسانەوە ڕەنگدانەوەی بەرچاوڕوونی گادانی و ئامادەبوونێتی بۆ وەڵامدانەوەی هەر چەواشەکارییەک کە دژ بە حزبی دێموکرات کراوە و هەوڵی کەمکردنەوەی سەنگی ئەو حیزبە دراوە.

ـ جگە لە بەشداری کردن لە وتار نووسین بۆ ڕۆژنامەی حیزبی

دیموکرات و لە بەڵگەنامە حیزبییەکاندا، جەلیل گادانی کە بڕوانامەی لە زانکۆی تاران لە زمانی فەرەنسی هەبووە چەندین کتێب لە زمانی فەرەنسی و لە زمانی فارسی بۆ کوردی وەرگێڕاوە جگە لەو کتێبانەی کە بە زمانی کوردی نووسیویەتی، و بەرهەمەکانی لە نووسیندا نزیکەی بیست کتێب دەبێ، و ئەم ژمارەیەش بۆ کەسێک کە سیانزە ساڵ لە بەندیخانە بووە و دواتر دوور خراوەتەوە، هەردەم ئەرکی کاری حیزبی ڕۆژانە و ئەرکی پێشمەرگایەتی هەبوو، کارێکی سانا نییە.

ـ باشترین کۆتاییهێنانی من بە خستنەڕووی سیڤیی جەلیل گادانی ئاماژە کردنە بە نووسینێکی خۆی کە ئەڵێ: «ئەرێ چیدی ماوە وەک ئەرک لە پێناو گەل و نیشتمان و لە پێناو خەبات بۆ ڕزگاریی کورد و کوردستان بیکەین؟ هەر گیانە کە ماوە و ئەویش ئەگەر بە سەرکەوتووی گەڕاینەوە زێدی خۆمان باشە و ئەگەر شەهیدیش بووین کورد و کوردستان خۆش بێ. من لە سەرەتای دەستپێکردنی خەباتەوە کە دەگاتە حەفتا ساڵ، بێوچان و بێ ماندوو بوون بۆ کورد و کوردستان تێکۆشاوم و شەهید بوونیشم لە گوێی خۆم نووسیوە. ئەو گیانەی لە بەریشمدا ماوە هەر کات پێویست بێ لەو ڕێگایەدا سەخاوەتمەندانە بەختی دەکەم.»

**پێشبینی:**

هەرچەندە کوردستانی باشووریش نیشتمانی جەلیل گادانییە، بەڵام هەر وەکوو خەونەکەی مارتن لوترگینگ چاوەڕێ دەکەم ئامادە بم لە کاروانی گەڕانەوەی تەرمی جەلیل گادانی وەک تێکۆشەرێکی کوردستانی کە هەردەم خەمخۆری نیشتمانە دابەشکراوەکەمان بووە، بۆ ڕۆژهەڵاتی نیشتمان و بۆ زێدی خۆی، و هەڵبەتە بە کاروانێکی سەربەرزانە کە ئاڵای کوردستان پێشڕەوایەتیی بکا.

# پیری حیزبی دێموکرات

د. عوسمان دەشتی

ئەمن ناڵێم وەرن ڕێزی لێبگرن
من هەر دەڵێم دەگەڵ کەسی ڕامەگرن
«هێدی»

لە بۆنە و مەراسیمی بەخشینی بڕوانامەی دوکتورای فەخری بە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، لە دانی بەیانیی ڕۆژی ٢٠١٩/٣/١٠ بەو ناسناوەی سەرەوە (پیری حیزبی دێموکرات) کاک جەلیلم بانگهێشت کردە سەر ستەیج و پێشکەش بە ئامادەبووانم کرد. ئەو پیاوەی کە هەموو تەمەنی خۆی پێشکەش بە خەباتی ڕەوای میللەتەکەی خۆی کردبوو لە پێناوی ئازادی و ڕزگاری و سەرفرازیدا. عەرەب بە کەسانێک کە لە ژیانی خۆیاندا دوو سەردەم و دوو دەوریان گوزەراندبێ، دەڵێن (موخەزرەم/ مخضرم)، واتە کەسی دەهەندە و

خۆڕاگر لە بەرابەر دەور و زەماندا. کاک جەلیلیش بە پشوودرێژی و نەبەزین و خۆڕاگری، لە ژیان و لە خەبات و تێکۆشانی سیاسیدا، نەوەک هەردوو دەور، بەڵکوو چەند دەور و زەمانی تێپەڕاندوون. بۆیە بە حەق بوو بوو بە پیری حیزبی دێموکرات. ئێمە لە فەرهەنگی سیاسیدا ئەو ناسناوەمان بە باڵای کاک جەلیلدا بڕیوە لە بەر ئەوەی زاراوەی (پیر) لە فەرهەنگی سۆفییانەدا بە واتای ڕێبەر و ڕێنیشاندەری تەریقەتە. کاک جەلیلی کوردانیش هەم ڕێبواری کاروانی دوورمەودا و هەم ڕێبەری خۆڕاگری خەبات و تێکۆشانی شار و شاخ و زیندان و هەم سەرمەشق و ڕێنیشاندەری ڕۆڵە وەفادار و بە ئەمەگەکانی گەلەکەی بوو لە پێناو سەرکەوتن و سەربەخۆییدا. ڕەنگبێ هاوڕێ و هاوسەنگەرانی کاک جەلیل بتوانن زیاتر و زۆرتر و چاکتریش لە ئێمەمانان بدوێن، لەمەڕ کەسایەتی و ڕۆڵی کاک جەلیل لە بوارەکانی خەبات و تێکۆشانی سیاسی و ڕێکخراوەیی و نیشتمانی و نەتەوەییدا. ئەوەی من دەتوانم تۆسقاڵێک لە سەری بوەستێم، قەڵەم و نووسین و کتێب و کارە ئەدەبی و فەرهەنگییەکانی ئەو زاتەیە. بەندە بەشبەحاڵی خۆم لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، لە گەرمەی خەبات و تێکۆشانی بێئامانی شۆڕشی کوردستاندا لەم دیو و لەو دیو دەگەڵ ناو و شۆرەتی کاک جەلیل ئاشنا ببووین، کە وەکوو تێکۆشەرێکی (خۆی گوتەنی) ماندوویینەناسی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسیان دەکرد. دواتریش لە ساڵی (٢٠٠٠ی زایینی)دا لە سەروبەندی ئامادەکردنی نامەی ماستەرەکەم (لە بارەی نێوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە شێعری هێمن)دا دەبوو لایەک لە مێژوویی حیزبی دێموکراتیش بکەمەوە، چونکی هێمن لە بەشێکی ژیان و تەمەنیدا وەکوو کادرێکی پێشکەوتوو و سەرکردەیەکی ئەو حیزبە بووە، بۆیە یەکەمین سەرچاوە کە لەو بوارەدا پشتم پێی

بەست و خوێندمەوە (پەنجا ساڵ خەبات)ی کاک جەلیل بوو لە پاڵ هەردوو بەرگی (نیوسەدە تێکۆشان)ی مامۆستا حەسەنزادە.

لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)ش کە بەندە لە زانکۆی کۆیە گیرسامەوە، لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی ڕۆشنبیری و سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتیدا، لەتەک مامۆستا حەسەنزادەدا بە دیداری کاک جەلیل شاد دەبووینەوە. ئەم دوو زاتە هاوڕێ و هاوسەنگەری پەنجا ساڵەی خەبات و تێکۆشان وەکوو (جووتەسوارەی موکریان) ئەوەندە خاکی و خۆمانە و لەبەردڵان شیرین و جوان بوو، کە کۆڕ و کۆبوونەوەکان بەوان دەڕازانەوە و شانوشکۆیەکی دیکەیان پەیدا دەکرد. لەگەڵ کاک جەلیلدا دەرفەتمان دێنا و ئاڵوگۆڕی دەنگ و باسی کتێب و گۆڤار و بڵاوکراوەی تازەمان دەکرد. هەمیشەش ئەوەی لە بیر بوو کە دەیگوت، ئەدی برا کوا گۆڤاری «مهاباد»ەکەمان؟ وەک ئەوەی ئابوونەی هەبێت وا بوو، بەو پێیەی بەشی هەبوو لەو گۆڤارە کە بەندە دەستم دەگەیشتن.

کتێب و نووسراوەکانی کاک جەلیل کە بە دەست و خەت و پێشکەشکردنی خۆی لە بەشێکی تایبەت بە نووسەران و مێژووی کوردستانی ئەودیو جێگایان گرتووە، وا هەبوو دوو جار کتێبێکی بۆ نووسیوم و پێشکەشی کردووم، ئاشکرام نەکردووە و نەمدەگووت هەمە، هەڵم دەگرت بۆ دۆستێکی دیکەم کە عاشقی نووسینەکانی ئەو دۆستانەی ڕۆژهەڵاتە.

ئەو کتێبانەی کە لە لای بەندەدا هەن، ئەمانەن:

- پەنجا ساڵ خەبات، ٢ بەرگ چاپی دووهەم ٢٠٠٨ ز
- با نەبێتە درۆی پاش مردوو، ساڵی ٢٠٠٠ ز
- یادداشت یک پیشمرگ قهرمان،٢ بەرگ ساڵی ٢٠٠٠ ز
- لە کەشکۆڵی پێشمەرگەوە، ٢ بەرگ، ٢٠١٠-٢٠١٢ی زایینی

- هاونەتەوەیی کورد و ماد، وەرگێڕان لە فارسییەوە ۲۰۱۰ ز
- ڕاستیی ڕووداوەکان، ۲۰۱۵ ز

ئەو کتێب و بەرهەمانەش کە نەمدیون، بەڵام دەزانم بەرهەمی قەڵەمی بە بڕشتی کاک جەلیل بوون:

- ایران در آستانه انقلاب مشروطیت، وەرگێڕان لە فارسییەوە بۆ فەرەنسی.
- اسیر فرشته وش، وەرگێڕان لە فەرەنسییەوە بۆ فارسی
- بی خانمان، وەرگێڕان لە فەرەنسییەوە بۆ فارسی
- مرۆڤ چۆن بوو بە غوول؟ (انسان چگونە غول شد)، وەرگێڕان لە فەرەنسییەوە بۆ فارسی
- خەرمانی خەم و پەژارە، وەرگێڕان لە فارسییەوە بۆ کوردی.

ئەمە ئەو بەشەیە لە بەرهەمی بیر و قەڵەمی کاک جەلیل کە بەندە پێی دەزانم، لە بوارەکانی مێژوونووسی و ئەدەبیات و کۆمەڵناسیدان.

لەولاوەش کاک جەلیل خوێنەرێکی چاک و چالاک و بەردەوام بوو، بەو هۆیەوەش کەوا یادگەیەکی زیندوو و درەوشاوەی هەبوو، بەشی زۆری ڕووداو و کارەسات و ڕابردووی حیزبی دێموکرات و شۆڕشی کورد و کوردستانی ڕۆژهەڵات، چ ئەوانەی کە خۆی تێیاندا بەشدار بووە یا لە نزیکەوە ئاگادار بووە، لە یادەوەری و بیرەوەرییەکانیدا زیندوو بوون و لە زۆر بۆنە و موناسبەتدا بە ورد و باریکی دەیگێڕانەوە. هەر ئەمەش بوو وایکردبوو کاک جەلیل ببێت بە لێکۆڵەر و ڕەخنەکارێکی سیاسی و حیزبی باوەڕپێکراوی ئەوتۆ کە هەڵە و پەڵە و کەم و کەسری و ناڕێکیی کتێبی مێژوویی و یادداشت و بیرەوەری و نووسینی خەڵکانی ڕاست و ڕێک دەکردنەوە، نەخاسمە ئەوانەی پێوەندییان بە مێژووی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان و زۆر لە ڕووداو و کەسایەتییەکانەوە هەبوو. بۆ گەواهیی

ئەم بیر و بۆچوونە، تکام وایە سەیرێکی کتێبی (ڕاستی ڕووداوەکان) بکەن و بزانن ئەو کتێب و یادداشتانە و بیرەوەرییانەی لەو بارەوە نووسراون کاک جەلیل چۆن و بە چ پێودانگێک لە سەنگی مەحەکی داون. لە پاڵ ئەوەشدا زۆر لایەنی ناڕوون و گۆشەی تاریکوتنۆکی ئەو مێژووانەی ڕۆشن و ڕاست کردوونەتەوە.

ئەوەی ڕاستی بێت کاک جەلیلی نەمر، لە گێڕانەوە و خستنەڕووی ڕووداو و بوویەرەکاندا یادگەیەکی زۆر ڕۆشن و پۆخت و لەسەریەک و وردی هەبوو. بە زمانێکی زۆر سادە بەڵام پاراو و ڕوون بیروبۆچوونەکانی بە شێوەیەکی مەنتقی دەردەبڕێ و، ئینجا وەک خۆشی گوتەنی تا نەبێتە درۆی پاش مردووان، هیچ کات سڵی لە درکاندنی هەقیقەتی مەسەلەکان و ڕاستی ڕووداوەکان نەدەکرد. چاوی لە ئاستی ڕاستییەکاندا نەدەنووقاند و هەڵە و کەم و کورتی ئەو نووسین و یادداشت و بیرەوەرییانەی بە ناوی مێژووەوە تۆمار دەکرێن پێ قەبووڵ نەدەکرا و یەکە بە یەکە تاوتوێی دەکردن تا ئەوەی ئەنجامی ڕاست و دروستی لێ وەدەست دەهێنان.

دیارە قەڵەمی کاک جەلیل هەر بە نووسینی مێژووی سیاسی و نەتەوەیی و تۆمارکردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی پێشمەرگایەتی نەوەستاوە. بەڕێزیان لە بواری ئەدەبییشدا کۆمەڵێک بەرهەم و داهێنانی هەیە، بەڵام لەبەر چاوان نین و بێ سەروشوێنن. دیارە چۆنیەتی ئەو ژیان و تەمەنەی کاک جەلیل گوزەراندوویەتی لە هەموو لایەکڕا دیارە. کە هەرگیز بواری وەی نەداوە بە کامی دڵ و بەئەرخەیانی لە پەنایەک دابنیشێ و خاوەنداریەتی لە بەرهەم و نووسینەکانی بکا و وەسەریەکیان بخا و کۆیان بکاتەوە و لە چاپیان بداتەوە، تا ئەوەی بگا بە دەستی خوێندەواری کورد، بۆیە چارەنووسی بەرهەمەکانیشی لە هی خۆی دەچێت. لە هەلومەرجی سەختی ژیانی

سیاسی و ڕێکخراوەیی، بۆ کونجی زیندان و بەندیخانەکان، ئینجا دیسان تێهەڵچوونەوە لە خەباتی نهێنیی شار و لەوێوەش بۆ ژیانی پێشمەرگانەی نێو شاخ و دۆڵ و شیو و ئەشکەوت و هەوراز و نشێوەکانی نیشتمان، لە دواییشدا دووره وڵاتی و دابڕان و ئاوارەیی و دەربەدەری... .

بەو هیوایەی ڕۆژێک دابێت هاوڕێ و هاوسەنگەر و هاوڕێبازەکانی کاک جەلیل، لە هەلومەرجێکی لەباردا قۆڵی مەردایەتی لێ هەڵبکەن و تەواوی بەرهەمەکانی کاک جەلیلمان لە چەند بەرگدا بۆ چاپ و بڵاو بکەنەوە.

لە قووڵایی دڵ و گیان و هەموو هۆش و هەست و ناخ و دروونمەوە سڵاوی گەورەیی و مەزنایەتی بۆ ئەو کەڵەمێردە جوامێر و خەباتگێڕە دەنێرم. ناو و یادەوەریی هەمیشە و هەر شەکاوە و زیندوو بێت.

«نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتا ئەژین»

# جەلیل گادانی
# پڕی تەمەنی پڕاوپڕ لە تێکۆشانی نەتەوەیی

■ مومتاز حەیدەری

**[جەلیل گادانی، بە پڕی تەمەنی خۆی پڕاوپڕ هەوڵ و کۆششی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری لە پێناو ئازادیی ژیان، سەربەخۆیی نیشتمان]**

هەر کاتێ، هەر کەسێ، یان خاوەن هەر قەڵەمێ بیەوێ باسی گەورەیی «مرۆڤ»ێک جا لە هەر بوارێکی ژیان بێت: نیشتمانی، نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، زانستی چاکەخوازی و ... بکا؛ دەبێ ئەوە بزانرێ، بەپێی شوێن و ڕۆڵی ئەو مرۆڤە لە کایە

و ژینگـه تایبەتـی و گشـتییەکەدا، چ دەورێکـی گرینـگ و کاریگـەری گیـراوە تـا بۆتـە ناوێکـی گـەورە و درەوشـاوە، بگـرە ئەسـتێرەیەکی گەشی ئاسمانی نیشتمانەکەی. باسی هەمەلایەنـەی ژینگـەی تایبەتی و گشـتییەکەی ئەگـەر زۆر بەکورتیـش بێـت، پێویسـتی بـە دەورکردنـەوە هەیـە. جـا لـەو سـۆنگەیەوە، بـۆ ئـەوەی بزانیـن، کۆچکـردووی نەمـر جەلیـل گادانـی، لـە جەرگـەی ڕەوشـێکی پڕاوپـڕ کێشـە وگرفتـی هـەرە ئاڵـۆز و دژواری هەمەچەشـنی کۆمەڵایەتـی، نەتەوەیـی، ئابـووری، خوێنـدەواری، ڕووناکبیریـی نیشـتمانە داگیرکراوەکـەی؛ بـە گەورەیـی ژیـاوە و بە گەورەییش سـەری نایـەوە. واتـە دەبێ ئاوڕێک لە پاشـخانی ئـەو نەتـەوە و نیشـتمانەی لـە نێوان دوو بەرداشـی داگیـرکاری لەمێژینـە و دواکەوتـووی هـەرە کۆمەڵایەتیـی هەمەڕەنـگ و چەشـن ئـاگادار بدەینـەوە، بۆ ئـەوەی شـوێنی ڕەوای کۆچکـردووی نەمـر، ئەگـەر زێدە بەکورتیـش بخەینـە بەرچـاوان.

دیـارە کێشـەی کـورد، بـە واتایەکـی وردتـر دۆزی نەتەوەیـی کـورد، لـە تـەک بوونـی ژمارەیـەک هـۆکاری بەرژەوەندیی ئابووری، سیاسـی، ئایینـی و مەزهەبـی کۆمەڵایەتـی و عەقڵـی خێڵەکـی و عەشـیرەتی گـەری لـە دوای شـەڕی چاڵدڕانـەوە هاتۆتـەوە پێشـەوە، کـە بـۆ یەکـم جـار نیشـتمانی نەتەوەیـی گەلـی کوردسـتان لـە نێـوان هـەر دوو دەوڵەتـی دەرەبەگـی عوسـمانی و ئێـران دابـەش کـرا و بـە «حەڵاڵـی خۆیان» زانی! ئیـدی لەوسـاوە کێشـەی کـورد زیاتـر ڕووی لـە ئاڵۆزیـی هەمەلایەنـەی جوگرافـی، سیاسـی، ئابـووری و کۆمەڵایەتـی کـرد، بەتایبەتیـش لـە پـاش ڕێککەوتنامـەی «سـایکس پیکـۆ» کـە بـۆ جـاری دووهـەم بـوو بـە چـوار پارچـە، بەڵکـوو بـۆ (٥) پارچـە دابـەش کـرا، بـە واتایەکـی دیکـە چارەسـەری کێشـەی نەتەوەیـی و سـەربەخۆیی کوردسـتان دژوار و ئاڵـۆز و هەسـتیارتر بـوو. لـەوەش بەرژەوەنـدی و ململانێـی دەوڵەتـە زلهێزەکانـی بـراوەی شـەڕی یەکەمـی جیهانـی ئاواتـی دروسـت بوونـی

دەوڵەتی نەتەوەیی لەبار برد، بەتایبەتی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی کە بە سەرکەوتنی بەرەی میللەتان کوتایی هات و ئۆمێدبەخش بوو مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان بە شێوەیەکی سروشتی چارەسەر بکرێ، بەڵام زۆر بەداخەوە لەبەر بوونی ژمارەیەک هۆکاری سەرەکی و لاوەکی نێخۆیی و دەرەکی، بەتایبەتی لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندیی هەر دوو جەمسەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا زیندە بەچاڵ کرا و...هتد.

جا لە هەر بەشێکی نیشتمانی داگیرکراودا، بەتایبەتی پاش شەڕی دووهەمی جیهانیدا، مۆرک و خەسڵەتێکی ئاڵۆزی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئایینی تایفی و مەزهەبی لەخۆی گرت.

لە بارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، ڕێژیمی ڕەزاشای ملهۆڕی دیکتاتۆڕ سیاسەتی ئاگر و ئاسن بەرامبەر ئەم بەشەی داگیرکراوی کوردستان زۆر بە دڕندانە پەیڕەو کرد. کە لە ئەنجامدا، جووڵانەوەیەکی نیشتمانیی شۆڕشگێڕ بە سەرۆکایەتیی سمکۆی شکاک سەری هەڵدا، بەڵام لە ئەنجامی ژمارەیەک هۆکاری هەمەلایەندا ئێرە جێی باسکردنیان نییە، جووڵانەوەکە تووشی شکستی گەورەی نەتەوەیی هات! لەگەڵ ئەوەشدا بە پێچەوانەی زەبر و سیاسەتی ئاگر و ئاسن، جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان لەم بەشەدا، گۆڕانکارییەکی سیاسی، فیکری، ڕۆشنگەری لە سەرتاپای جیهاندا هاتە پیشەوە. بەتایبەتی لەسەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی و ئەنجامەکەیدا، جووڵانەوەی ئازادیخوازیی نیشتمانی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، گۆڕانکارییەکی هزری، سیاسی، کۆمەڵایەتیی دێموکراتخواز و پێشکەوتنخوازانەی بەخۆیەوە بینی. دروست بوونی ڕێکخراوی «ژ.ک» خۆی لە خۆیدا، خاڵێکی وەرچەرخان بوو، چونکە ئەم ڕێکخراوە بە نەتەوەیی لە لایەن دەستەبژێرێکی نیشتمانپەروەی

ڕووناکبیر بەسەرۆکایەتیی پێشەوا قازی وەک ڕێبەرێکی نموونەیی لە دایک بوو. هاوکات ناوی ڕێکخراوەکە نیشانە و هێمای نەتەوەیی «ژیانەوەی کورد» بوو، بە واتایەکی ورد هەڵسانەوە و نوێبوونەوەی کورد و بە ئۆمێدی ئاسۆیەکی سەردەمیانە هاتە گۆڕەپانی خەبات کە ئەمە شایانی سەرنجێکی تایبەتە.

هەر بە هیممەت و کارامەیی دەستە بژێری سەرکەردایەتیی – ژ.ک ژمارەیەک گۆڤار و ڕۆژنامە بڵاو کرانەوە، کە خۆی لە خۆیدا دەسکەوتێکی کولتووری و نەتەوەیی بوو. زێدە جێی ئاماژەیە هەر ئەو پاشخانە نەتەوەیی و ڕۆشنگەرییە، بنەمای حیزبێکی نیشتمانی شۆڕشگێڕی خاوەن پەیامی سەربەخۆیی نیشتمانی داگیرکراوی ڕاگەیاند، ئەوەش «حیزبی دێموکراتی کوردستان» بە سەرۆکایەتی مرۆڤێکی نەتەوەپەروەر و دنیا دیدەی چاکەخواز، بگرە سەرکردەیەکی هەڵکەوتووی ڕاستگۆی نموونەی پێشەوا قازی محەممەد هاتە کایەوە، کە بەپێی سەردەمی خۆی گەورەترین دەسکەوتی سیاسی – نەتەوەیی وایە « کۆماری کوردستان»ی ڕاگەیاند.

جێی ئاماژەیە لەم کەش و هەوای سەرکەوتنی نەتەوەیی، ژمارەیەکی زۆر دەسکەوتی نیشتمانی، سیاسی کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری، ڕۆژنامەنووسی، پەروەردە و فێرکردن، خوێندن بە زمانی کوردی، فراوان بوونی جووڵانەوی لاوان، ژنان، خوێندکاران، ئەو دەسکەوتانە، ژمارەیەکی گەنج و لاوی خوێن گەرمی تازە پێگەیشتووی زیاتری بۆ ڕیزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان پەلکێش کرد.

یەکێک لەو گەنجە خوێنگەرم و ئاشتی و ئازادیخوازی نیشتمانە داگیرکراوەکەی، کاک جەلیل گادانیی نەمر بوو.

ئاماژە بە ژینگەی گشتی و تایبەتیی ئەم سەرهەڵدانە بە کورتیش بێت جێی بایەخە. ڕێژیمی شاهەنشاهی بەو پەڕی دڕندەییەوە مامەڵەی لەگەڵ دۆزی کورد و جووڵانەوە ڕزگاریخوازانەکەی کردوە. یەک لەو

نموونـه هـەرە دیارەکانـی سیاسـەتی ئـەو ڕێژیمـە دیکتاتـۆرە، قەدەغـە کردنـی زمانـی کـوردی بـووە، بەپێـی سـەرچاوە بـاوەڕ پێکراوەکانـی نیشتمانپەروەرانی ئـەو سـەردەمە، هـەوڵ و کۆششیان لەمـەڕ پاراسـتنی زمانـی دایـک کـە بڕبـڕەی پشـتی نەتەوەیـە، بڕیـار دراوە قوتابخانـەی تایبـەت بـۆ فێربوونـی زمانـی کـوردی بـە نهێنـی بکەنـەوە. ئـەو یەکـەم قوتابخانـەی شـەوانەی کـوردی بـە نهێنـی لـە ماڵـی کۆچکـردوو جەلیل گادانی کە ئەو سەردەمە دە ساڵان بووە کراوەتەوە. هەڵبەت کردنەوەی قوتابخانەیەکی نهێنی بۆ فێربوونـی زمانـی کـوردی لـە ماڵیـکدا خـۆی لـە خۆیـدا، بـە قوتابخانـەی ڕەسـەنی نەتەوەیـی کوردایەتـی دەژمێـرێ. لـەوەش زیاتـر ئـەوە بـە خاڵێکـی وەرچەرخـان لـە بیـر و هۆشـی ئـەو مێرمنداڵانـە تەمـەن ١٠ سـاڵەیە دادەنـرێ. لێـرەدا ژینگـە تایبەتییەکـەی دەبێتـە بنەمـای پـەروەردە و پێگەیشـتنی کـورد پەروەرانـەی کاک جەلیل گادانـی.

لـەوەش زیاتـر هـەر لێـرەوە ڕێگـەی خەبـات لـە پێنـاو ئـازادی، زمـان و نەتـەوە و نیشـتمان دەگرێتـە بـەر، شۆڕشـگێڕانە دڕ بـە شـەوەزەنگی تاریکـی دەدا. بەمجـۆرە لـە تەمەنـی ١٤سـاڵیدا پێوەنـدی بـە حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان دەکا و ڕێچکـەی شـاخاویی خەبـات لـە پێنـاو سـەربەخۆیی نیشـتمانەکەی درێـژە پـێ دەدا.

ئـەم مرۆڤـە گەورەیـە تەنیـا لەسـەردەمی محەممـەد ڕەزشـا (٥) جـار لەبـەر چالاکیی حیزبی و سیاسـی وکولتووری بەند دەکرێ، بـەڵام ئـەو هەرگیـز کـۆڵ نـادا. هەمیسـان بەپێـی سـەرچاوەکانی بەڵگـەدار، نەمـر گادانـی زیاتـر لـە ٧٠سـاڵ درێـژەی بـە خەباتێکـی دژوار و شـکۆداری داوە، کـە خـۆی لـە خۆیـدا نـەک کتێبێکـی مێژوویـی دروسـت دەکا ، بەڵکوو بەشـێکی مێژوویی پڕسـەروەری و شـکۆداری حیزبـی پێشـەوا قـازی محەممـەد، شـەهید دوکتـور قاسـملوو، شـەهید دوکتـور سـەعید شـەرەفکەندی وەدەسـت دێنـێ.

سـەرەڕای ڕەوتـی دژوار و شـکۆداری خەباتـی سیاسـی، نەتەوەیـی، شۆڕشـگێری، خاوەنـی قەڵەمێکـی بەبڕشـت و بوێـری پشـوودرێژی کارامـەی خـاوەن چەندیـن کتێبی دانسـقە، نێوەرۆکـی پڕاوپڕ لـە ڕەوتـی خەبـات و هەڵوێسـتی جوامێرانـەی نیشـتمانی و زانیـاری، مێژوویـی هەمـە ڕەنـگ لـە خۆیـان دەگـرن. لەلایەکـی دیکـەوە وەک زمانزانێکـی ڕەسـەنی کـوردی، فارسـی، فەڕەنسـی، ئەسـتێرەیەکی گەشـی ئاسـمانی کولتـووری نیشـتمانییە.

لـە کوتایـی ئـەم کورتـە نووسـینەدا لەمـەڕ گەورەیـی کاک جەلیـل گادانیـدا، حـەز دەکـەم ئـەو چەنـد وشـە خەمناکـە کـە بـە بۆنـەی کۆچـی دوایـی بەڕێزیـان لـە ڕێگـەی فەیسـبووکەوە، بـڵاوم کردبـۆوە، دووبـارە لێـرە بیهێنمـەوە:

**کۆستێکی نەتەوەیی**

بـەداخ و پەژارەیەکـی هـەرە زۆرەوە ئەمـرۆ ڕێکەوتـی ٨/٦/ ٢٠٢٠ گـەورە نیشـتمانپەروەر و تێکۆشـەری دێریـن کاک جەلیـل گادانـی بـە هـۆی پەتـای کۆرۆنـاوە، کۆچـی دوایـی کـرد.

کاک جەلیل گادانـی، بە یەکێ لـە گـەورە تێکۆشـەرانی ڕێگـەی ئازادیـی نیشـتمان و ئازادیـی مـرۆڤ بـۆ مـاوەی زیاتـر لـە ٧٠ سـاڵ دەژمێـردرێ. بۆیـە کۆچەکـەی زێـدە زیانبەخـش بـوو و بـە هیـچ جـۆرێ شـوێنی تێکۆشـەرێکی نموونەیـی وەک کاک جەلیـل گادانـی پـڕ نابێتـەوە.

بە کورتی کۆچەکەی کۆستێکی نەتەوەییە.

نەمری و سـەربەرزی بۆ کاک جەلیل و تێکڕای تێکۆشـەرە نەمرەکانی ڕێگـەی ئازادیی کورد و کوردسـتان.

# کاک جەلیلی تا سەر ئێسقان دێموکرات و کوردپەروەر

■ عەلی مێهرپەروەر

من بۆ یەکەم جار کاک جلیلم لە ئاوایی سەردۆش لە ڕۆژئاوی شاری مەریوان بینی. ئەوکاتەی پێشمەرگەی کوردستان دوای فەرمانی جیهادی خومینی و سەپاندنی شەڕێکیماڵوێرانکەر بەسەر

خەڵکی کوردستان‌دا، بەسەر هێزەکانی ڕێژیمدا سەر کەوتبوو. پێشمەرگە هێشتا بەئاشکرا نەهاتبوە نێو شارەکان. ئەوکاتە لەلایەن بەرپرسێکی حیزبییەوە داوا کرابوو سەردانیان بکەین. لەگەڵ هاوڕێیەکەم [ نامهەوێ ناوی ببەم چوونکی ئیستا لە نێوخۆی وڵات دەژی و لەوانەیە کێشەی بۆ دروست ببێ] چووین بۆ ئاوایی سەردۆش. لەوێ پیاوێکمان بینی بە زاراوەی مەهابادی قسەی ئەکرد. کوڵەباڵێکی هەورامی لە بەردابوو، جامانەیەکی ناشیانەی لەسەر پێچابوو (دیار بوو زۆر لەمێژ نەبوو جامانەی لە سەر نابوو). بە پێچەوانەی جامانەکەی، قسەکانی، وشەکانی پڕ و لێواولێو بوون لە هیوا بە دواڕۆژێکی گەش بۆ کورد و بەوێنەی لاوێکی بەشان و باهۆ ڕچەی ڕێگای دژواری شۆڕشی دەبڕی. هەر لەو چەند سەعات دانیشتنە لەگەلیدا، بۆم دەرکەوت کە سەرانسەری وجوودی ئەو ئینسانە ئینرژی و توانایی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی داپۆشیوە. بەڵی بۆ یەکەم جار کاک جلیل گادانیم لە بیچمی شۆڕشگێڕێکدا بینی کە پەیامهێنەری ڕۆحی شۆڕشگێڕی شاری پێشەوا بوو بۆ شاری گڕگرتووی هەستی شۆڕشگێڕی واتا، مەریوان.

کە پێی نایە نێو شاری مەریوان یەکەم وتاریم لەسەر گۆڕی شەهیدانی ئەو شارە بیست کە لەسەر دڵی من و دەیانی وەک من نیشت. ئەو شانسەم بوو کە لە بەر دەرکی کومیتەی حیزبدا

بەخێرهێنانی بکەم بۆ شارەکەم. لەگەڵ ئەوەی ئەوکاتە من ئەندامی حیزب نەبووم و تەنها وەک مەریوانییەک بەخێرهێنانی مەهابادییەکم دەکرد کە لە نیهایەتدا نانی حیزبایەتی نرایە کۆشم.

کە سەرئەنجام هاتمە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات کاک جلیل گادانی لەسەر ئەو ناسیارانە کە لێمی هەبوو یەکەم پلەی تەشکیلاتی وەک ئەندامەتی لە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب کە بۆخۆی بەرپرسایەتییەکەی لەسەر شان بوو، پێ ئەسپاردم. کاک جەلیل و کۆمیسیونی تەشکیلاتی حیزب بوو کە فێری چەم و خەمی حیزبایەتیی کردم بۆیە هەر لە یادمە.

کەم کەسم دیوە وەک ئەو مرۆڤە خۆنەویست و گەل خۆشەویستە بەو ڕادەیە بە پەرۆشی دۆست و هاوڕێیانی و هاوسەنگەرانیەوە بووبێ و هەمووکات دڵسۆزانە و بیریارانە لەخەمی چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دۆستانیدا بووبێ.

کاک جەلیل لە بیچمی ئەو شۆڕشگێرانە بوو کە لە سەرانسەری تەمەنی تێگەیشتووییەوە بێوچان و بێ ماندوو بوون و بێ سڵکردن لە مەترسییەکان خۆنەویستانە، خۆبەخشانە و بوێرانە سەرباز و پێشمەرگەی ڕاستەقینەی ڕێبازە هەڵبژاردەکەی بوو. بەڵێ کاک جەلیل بوو کە لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە تا پشت سەرنانی هەشتاکانی

تەمەنی مانای ماندوویی نەناسی و گوێی بەچوونەسەرێی تەمەن نەدا و هەروا بەگوڕ وتینی لاوەتی ئاڵای ڕزگاریی گەلەکەی لەسەرشان ڕاگرت.

هەزاران سڵاو لەگیانی پاکت
کاک جەلیلی تاسەر ئیسقان دێموکرات و کوردپەروەر.

# تەبایی و یەکڕیزیی ماڵی کورد
# ئاواتی هەرە گەورەی کاک جەلیل بوو

■ ئاکۆ هەباس ئاغا

یەکەم ناسینی من لەگەڵ کاک جەلیل دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٩ (١٣٥٨) کە لەگەڵ دیتنی شەهید د. عەبدولرحمان قاسملوو، کاک جەلیل و سەید ڕەسووڵ بابی گەورەم لەسەر مەیدانی مابەینی مەهاباد و پەسوێ بینی. من لەگەڵ سەید ڕەسووڵ بابی گەورە دۆستایەتیم هەبوو، بەڵام لەگەڵ شەهید قاسملوو و کاک جەلیل یەکتریمان نەدەناسی. سەید ڕەسووڵ بە یەکتری ناساندین. ڕەحمەتی کاک جەلیل بە یەکتر ناسینمان زۆر خۆشحاڵیی نواند. پێی گوتم ئێمە

وەک حیزبی دێموکرات خۆمان بە قەرزداری ئێوە دەزانین و هەر کارێکی هەتان بێت وەک حیزبی دێموکرات ئامادەین. دیار بوو کاک جەلیل شارەزایی هەبوو لە مێژووی دوای کەوتنی کۆماری مەهاباد کە بەشێک لە سەرکردە و پێشمەرگەکانی کۆمار کە کەوتبوونە ئەو بەشەی کوردستان و لای باوکم (هەباس مامەند ئاغا) گیرسابوونەوە. ئیدی ئەو چاوپێکەوتنەمان بوو بە سەرەتای یەکتر ناسینمان. دوایە لەگەڵ کاک جەلیل یەکتریمان نەدیتەوە تا ئەو کاتەی کە بارەگاکانی حیزبی دێموکرات هاتنە باشووری کوردستان.

ساڵی ١٩٨٨ هەندێک هۆکار ڕوویان دا کە بەشێک لە بارەگا و سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات (ڕێبەڕایەتی شۆڕشگێڕ) بێنە ناوچەکەی ئێمە. کاک جەلیل و برادەرانی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات هاتن بۆ لای ئێمە و گوتیان دەمانەوێ بارەگاکانمان لەو ناوچەیە دابنێین لە دۆڵی سەرکەپکان، ئێمەش دەرگای ناوچەکەمان بۆ کردنەوە و پێمان گوتن هەر شوێنێک و گوندێک ئێوە دەستنیشانی بکەن کە بگونجێ بۆ حیزب دەیدەین بە ئێوە.

لەو کاتەی کە هاتن بۆ لای ئێمە دۆستایەتی و برایەتیی زیاتر دروست بوو. ڕەوشتی کاک جەلیل وابوو کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا توانی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیی بەهێز لە ناوچەکەدا دروست بکا و خۆی و حیزبەکەی بە وێنەیەکی جوان پیشانی خەڵکی ناوچەکە بدا. بە هاوبەش لەگەڵ برادەرانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی حیزب بەشدارییان دەکرد لە هەموو خۆشی و ناخۆشیی خەڵکی سنوورەکە، جگە لەو هەموو خۆشەویستی و تێکەڵبوونەی حیزب لەگەڵ خەڵک، بارەگاکانی حیزب ببوونە شوێنی مانەوە و چارەسەری

پێشمەرگەی هەموو لایەنەکانی کوردستانی و کوردستانی باشوور کە ئەو کات کە سەرباز و دامودەزگای حکوومەتی عێراقی لێ بوو. لە کاتی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ حیزبی دێموکرات دەورێکی سەرەکییان بینی لە سەرخستنی ڕاپەڕینی ١٩٩١/٣/٥ لە شاری ڕانیە و هاوبەشییەکی تەواویان کرد لەگەڵ جەماوەر. دوای ڕاپەڕین کە وەزعی کوردستان و باری ئابووریی کوردستان تێک چوو و وەزعی حیزبی دێموکراتیش وەک خەڵکی ناوچەکە تێک چوو لەو کاتە، کاک ئەمیری قادری بەرپرسی ماڵیی حیزب دێموکرات کۆچی دوایی کرد و خەڵکێکی زۆر بەشداریی ناشتنی تەرمی کاک ئەمیری قادری کرد. کاک جەلیل وتارێکی خوێندەوە و گوتی: بەڵێ کاک ئەمیر کۆچی کردوە بەڵام هۆی کۆچ کردنەکەی بۆوە دەگەڕێتەوە چونکی بەرپرسی ماڵیی حیزب بووە و نەتوانراوە وەکوو پێویست ژیان و گوزەرانی پێشمەرگە و خانەوادەکانیان دابین بکرێ، زیاتر لەبەر پەرۆشی بۆ پێشمەرگە و خانەوادەکانیان کۆچی دوایی کردوە. بەشی هەرە زۆری بەشداربووان گریان.

کاک جەلیل یەکێک بوو لەو سەرکردانەی حیزب کە توانایەکی لە ڕادەبەدەری هەبوو.

نەیدەزانی ماندووبوون چییە و بە هەموو شتێک ڕادەگەیشت. پەیوەندیەکی فراوانی کۆمەڵایەتیی لە ناوچەکە دروست کردبوو، لەگەڵ هەموو چین و توێژەکان. پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ حیزبی دێموکرات بەگشتی و کاک جەلیل و برادەرانی ڕێبەرایەتی پەیوەندیی برایەتی و خانەوادەگی بوو، زۆر جار ئێمە لەگەڵ کاک جەلیل و برادەرانی مەکتەبی سیاسی باسی ئاشتەوایی مابەینی هەر دوو لایەنی حیزبی

دێموكراتمـان دەكـرد كـە زۆر بەتەنـگ ئـەوەوە بـوو كـە ڕۆژێـك بێت و حیزبـی دێموكـرات یـەك بگرێتـەوە و زۆریـش هـەوڵـی بـۆ ئـەو ڕۆژە دەدا. لەكاتـی شـەهید بوونـی د. سـادق شـەڕەفكەندی مـن و مامەنـد ئاغـای بـرام چووین بـۆ لای كاك جەلیـل و مەكتەبـی سیاسـیی حیـزب و، داوامـان لـێ كـردن كـە بەشـداریی پرسـەی شـەهید دوكتـور سـادق بكەن؛كـە زۆر بـە گەرمییـەوە بەشـدارییان كـرد.

لـە دوای ڕاپەڕیـن مـن چەنـد جارێـك قسـەم لەگـەڵ كاك جەلیـل و برادەرانی مەكتەبی سیاسیی حیزبی دێموكرات كرد كە هەوڵ بدرێ بۆ یەككگرتنەوەیـان، قسـەمان لەسـەر كـرد كـە لەلایـەن یەكیەتیی نیشـتمانی كوردسـتان و پارتـی دێموكراتـی كوردسـتانەوە بـۆ ئـەو مەبەسـتە هـەوڵ بـدرێ. گوتیـان پێمـان باشـە سـەردانی بەڕێـز كاك مەسـعوود بارزانـی و جەنابـی مـام جـەلال بكەیـن بـۆ بـاس كردنـی. مـن بـۆ خـۆم لەگـەڵ دەسـتەیەكی مەكتەبـی سیاسـیی حیـزب چوویـن بـۆ لای كاك مەسـعوود كـە هـەوڵ بـۆ یەككگرتنـەوە بدا. دوایـە مـن بۆخـۆم چـووم بـۆ لای جەنابـی مـام جـەلال و بـۆم بـاس كـرد كـە هـەوڵ بـدا بـۆ یەككگرتنـەوەی حیزبـی دێموكـرات. وابـوو جەنابـی مـام جـەلال بۆخـۆی هـات و سـەردانی بـارەگای حیزبی دێموكراتـی كـرد و بـۆ ئـەو مەبەسـتە هەوڵـی دا. ئـەوەی مـن باسـم كـرد بەشـێكی كەمـە لـە هـەوڵ و نیازپاكیـی كاك جەلیـل گادانـی بـۆ برایەتـی و تەبایـی نێـو ڕیزەكانـی حیزبـی دێموكـرات.

كاك جەلیـل كەسـێكی زۆر ڕاسـتگۆ و بەوەفـا بـوو بەرامبـەر دۆسـتەكانی، لـە بەرامبـەر ڕوداوەكانـی كوردسـتانی باشـور هەسـتیار بـوو. سـاڵی ١٩٩٦ بـە سـەردان لـە هەولێـر بـووم كـە ڕووداوێكـی گـەورە ڕووی دا. بـۆ ماوەیـەك منیـان لـە هەولێـر هێشـتەوە. كاك جەلیـل و

مەکتەبی سیاسیی حیزبی دێموکرات هاتن بۆ هەولێر بۆ ئازاد کردنی من و منیان لەگەڵ خۆیان هێنایەوە. ئەمن تا ماوەیەک لای حیزبی دێموکرات مامەوە تا ئەو کاتەی وەزعی ناوچەکە هێور بۆوە. کاک جەلیل سکرتێری حیزب بوو، بەڵام ئەوە بەفیزی نەکردبوو، لەگەڵ هەموو پێشمەرگە و کادرەکان وەکوو برایەک هەڵسوکەوتی دەکرد و ئەوەندە خۆشەویست بوو کە لە نێو پێشمەرگەکاندا لە خۆشەویستی هەر بە مامە بانگ دەکرا.

بارەگاکانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی ئێمە بوون، زۆرێک لە کادرەکان کە کۆچی دواییان دەکرد، یا خود شەهید بوون، ئێستاش گۆڕەکانیان بە ئەمانەتەوە لای ئێمە وەکوو یادەوەرییەک ماوەتەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی کە ئێمە و خەڵکی ناوچەکەمان لەگەڵ برادەرانی حیزب پێکەوە ژیاوین بە برایەتی و خۆشی.

ئیمڕۆ باسەکە لەسەر کاک جەلیلی ڕەحمەتییە، بەڵام ئێمە لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و کادرەکانی دیکەی حیزبیش پێوەندیی باش و برایەتیمان بووە کە بەداخەوە هیندێک لەوان کۆچی دواییان کردوە. وەک ڕەحمەتی فەتاحی کاویان، کاک نەبی قادری، کاک ئەمیر قادری، مەلا محەممەد عوسمانی، مام ڕەسووڵ ئەمین عەشایری و تەها کەرمانجی و زۆر هاوڕێی تر؛ بەڵام شوکر بەشێکیشیان لە ژیاندا ماون، وەک کاک حەسەنی ڕەستگار، کاک هاشم کەریمی، کاک سەرهەنگ قادری و کاک حوسین مەدەنی و زۆر کادر و پێشمەرگەی تر. ئومێد دەکەم ئەو برایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەمان هەر درێژەی هەبێت و ئومێدێکی ترم ئەوەیە، کە هیوای کاک جەلیل بەدی بێت ئەویش ڕزگار بوونی کوردستان و

یەکگرتنەوەی هەر دوو بەشی حیزبی دێموکراتە کە هاوکات ئاواتی هەرە زۆری خەڵکی کوردە.

درووود بۆ گیانی کاک جەلیل و هاوڕێکانی

# گرینگیی بڕیاری حیزب لەلای کاک جەلیل

**تەیموور مستەفایی**

بۆ یەکەم جار لە ڕۆژی ١٠ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ لە کۆشکی لاوانی مەهاباد کاک جەلیلم بینی، ئەوکات ئەو بەرپرسی پێشوازی و دابەشکردنی ئەو میوانانە بوو کە لە شارەکانی دیکەی کوردستانەوە بۆ بەشداری لە متینگی ڕاگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب هاتبوون کە ڕۆژی ١١ی ڕەشەمە، پاش ٣٢ ساڵ تێکۆشانی نهێنیی حیزب پێک هاتبوو. ئێمە تیمێکی ٣ کەسی بووین بە پرس و جۆ خۆمان گەیاندە کۆشکی لاوان و بە ژمارەیەک لەو لاوانەی کە لە پێشوازیی میوانانْدا

ڕاوەستابوون خۆمان ناساند کە لە پاوەوە هاتووین بۆ بەشداری لە میتینگی ڕاگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب. زۆری نەخایاند کە پیاوێکی چاویلکە لەچاو بەرەو پیریمانەوە هات و خۆی بەم جۆرە پێ ناساندین: «من جەلیل گادانی»م و وێرای بە خێرهێنانمان بەرەو شوێنی دانیشتن ڕێنوێنیی کردین. ئەوەی کە دەڵێن یەکەم بەرخورد زۆر شوێندانەرە بە تەواوی لە جێگای خۆیدایە. کاک جەلیل وەک پیاوێکی خۆش مەشرەب و زۆر میهرەبان کەوتە بەرچاومان بۆیە خۆشحاڵیی خۆمان بە ئاشنابوون لەگەڵی دەربڕی و پاش ماوەیەک بۆ جارێکی دیکە هاتەوە لامان و پێی گوتین کە ئێمە وەبەر ماڵی کاک عومەر قازی کەوتووین. دوای ئەوەی کاک عومەر بە ساحیبی کردین ئیتر ئێمەش ماڵئاواییمان لە کاک جەلیل خواست.

جاری دووهەم بە هەمان مێهرەبانی لە نەوسوود دیتمەوە، بۆ گرتنی کونفرانسەکانی پێش کۆنگرەی چوارەم هاتبوو، هاوکات لە چەند شوێنی ئەو ناوچەیە کۆبوونەوەی جەماوەریی بۆ خەڵک دەگرت و لەسەر سیاسەتەکانی حیزب و ئەرکی خەڵک قسەی بۆ دەکردن. پاش دەورەیەکی سیاسی کە لە خدراوێ لە ڕەشەمەی ١٣٥٩ تێیدا بەشدار بووم لە کۆتایی دەورەدا ژمارەیەک لەو کادرانەیان ڕاگرتین بۆ ئەوەی لە بەشەکانی دیکەی حیزبدا کارمان پێ بسپێرن، من وەک کادر درامە کۆمیسیۆنی تەشکیلات کە کاک جەلیل بەرپرسی بوو، نازانم چ براخاسێ پێی گوتبوو من بیرکاریم باشە، ئەو کات یەکێک لە کارەکانی کومیسیونی تەشکیلات لە ڕێگای کومیتەکانی ناوچە و شارستان ئامارگیری بوو لە هەموو چەشنە ئاژەڵێکی

ماڵی لەو شوێنانە کە حیزب دەسەڵات بوو. کاک جەلیل منی کردە بەرپرسی کۆکردنەوەی هەموو ئەو ئامارانە کە بە حیزب دەگەیشتن، من هەر لە جێدا دەمزانی ئەوە کاری حیزبی لە حاڵی خەباتدا نییە، بەڵام نەدەکرا لە یەکەم چرکەی کارکردنمدا بە نابێ و باش نییە دەست پێ بکەم. دە ڕۆژ کارم کۆکردنەوەی ئەو ئامارانە بوو و دوایی ڕۆژێک چوومە لای کاک جەلیل و پرسیارم لێ کرد ئەم ئامارانەتان بۆ چییە؟ لە وەڵامدا گوتی بابم پێویستن و هۆی پێویستبوونەکەشی بۆ باس کردم، بە کورتی قەناعەتم بە قسەکانی نەهات و لە کۆتایی باسەکەماندا گوتی ئەوە بڕیاری دەفتەرە. منیش عەرزم کرد خۆ ئایەی قورئان نییە دەتوانن بیگۆڕن، لە وەڵامدا فەرمووی بڕیار دەبێ بەڕێوە بچێ. پرسیارم لێ کرد من دەتوانم بۆ ئەو باسە د. قاسملوو ببینم؟ فەرمووی بۆ نا؟ من خۆم کاتت بۆ وەردەگرم. وا دیار بوو ئەویش قەناعەتی بەو قسانەی من هاتبوو بەڵام نەیدەویست بڵێ بڕیاری دەفتەر باش نییە. پاش دوو ڕۆژ کاک جەلیل لە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی گەڕایەوە و گوتی پێشنیارەکەتم لە دەفتەر باس کردووە و قەرارە د. قاسملوو قسەت لەگەڵ بکا. پێم وایە ڕۆژی دواتر بوو پێیان ڕاگەیاندم بچم بۆ لای د. قاسملوو، منیش ڕۆیشتمە خزمەتی و مەسەلەی ئامارگیرییەکەمان بە وردی باس کرد و لەبیرمە لە یەکێک لە ئیستدلالەکانمدا گوتم ئەو ئامارە بێجگە لەوەی کە کاری حیزبی لەحاڵی خەباتدا نییە، دوو کەم و کوڕیی جیدیشی تێدایە: یەکەم هەموو کوردستان لەبەر دەستی ئێمەدا نییە و هەر ئامارێک ناتەواو دەبێ. دووهەم ئەمڕۆ ئاماری ئاژەڵی ناوچەیەک دەگرین،

سبەینێ دەردێک دێت و زۆریان لەنێو دەچن. بە کورتی عەرزم کرد ئەوە کاری دەوڵەتە، پێکەنی و فەرمووی هەربۆیە گوتوویانە هەورامی دوویان زۆرن و یەکیان کەمە. پێم وایە پاش ماوەیەک حیزب وازی لەو ئامارگیرییە هێنا.

بە گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە مەبەستمە بڵێم بۆ کاک جەلیل دیفاع لە بڕیاری حیزب پرەنسیپ بوو و هەروەک نەزەری کادرێک کە لەگەڵی کار دەکا بۆی گرینگ بوو و تەنانەت لە دەفتەری سیاسییش هێنابوویە بەر باس بەبێ ئەوەی تەنانەت من داواشم لێ کردبێ. پاش ماوەیەک کە لە کومیسیۆنی تەشکیلات پێکەوە کارمان دەکرد، من نەقڵی کومیتە شارستانی دیواندەرە کرام، پاش ساڵێک کارکردن لەو کومیتەیە جارێکی دیکە گەڕامەوە دەفتەری سیاسی. ئەم جارەیان کاک جەلیل بەرپرسایەتیی کۆمیسیونی کۆمەڵایەتیی لە ئەستۆ بوو، منیان دایە کومیسیۆنی کۆمەڵایەتی کە پێک هاتبوو لە بەشەکانی پەروەردە و فێرکردن، قەزایی، شوڕاکان، شەهیدان، ڕێگاوبان، زەوی و زار و هەرکام لەم بەشانە بەرپرسێکیان هەبوو و ئەندامی کومیسیۆن بوون کە من وەک بەرپرسی بەشی شەهیدان کارم پێ ئەسپێردرا و بە کاک جەلیل خۆیەوە دەبووینە حەوت ئەندام. لەم خولەدا بۆ ماوەی نزیک بە دوو ساڵ لەگەڵ کاک جەلیل پێکەوە هاوکار بووین، لەو ماوەیەدا پێکەوە زۆر تەبا بووین، ئەو گرینگیی بە نەزەری هاوڕێکانی دەدا، ئەهلی مەشوەرەت بوو، لە کۆبوونەوەکاندا مەحدودییەتی بۆ قسەکردنی هاوڕێیان دانەدەنا و هەموو کەس بە ئاسوودەیی قسەکانی خۆی دەکرد. ئەوەش بوو کە کۆبوونەوەکانی

کۆمیسیونی کۆمەڵایەتی بە دوو و سێ ڕۆژ کۆتاییان پێ نەدەهات و هەر بڕیارێک لە ئاکامی دیالۆگی ئەندامانی کومیسیون کەوتبایەوە، ڕێزی لێ دەگرت، ئەگەرچی خۆیشی لەو بارەوە نەزەری جیاوازی هەبا. کاک جەلیل لە کارکردندا ماندووبوونی نەدەناسی. زۆر جار کارەکانی تا درەنگانی شەوی دەکێشا، مانگەکانی دیفاع و هێرش بوو، کاک جەلیل وەک بەرپرسی تەداروکاتی جادەی سەردەشت پیرانشار دیاری کرابوو، ئێمەش ئەندامانی کومیسیۆن بۆ هاوکاریکردنی هەرجارەو کەسێکمان لەگەڵی بووین، یەکێک لەو جارانە کە منی لەگەڵ بوو، لە بەیانی تا ئێوارە سەردانی چوار تا پێنج جێگامان کرد کە نێوانی هیچکامیان کەمتر لە کاتژمێرێک نەبوو و تا کاتژمێر ١ی شەوی کێشا، ئەوکاتە من تەمەنم ٢٨ ساڵ بوو، ئەو هەموو گەڕانە بۆ من ئەگەرچی بە ڕواڵەت ئاسایی بوو بەڵام دیسان ماندوو ببووم، بەڵام کاک جەلیل زۆری هەست بە ماندوویەتی نەدەکرد.

ئەو مرۆڤێکی زۆر کۆمەڵایەتی بوو، بەخۆشی و ناخۆشییەکانی خەڵک و هاوڕێیانییەوە بوو، سەردان لە دۆستە لە مێژینەکانی وەک ئەرکێک دەزانی و زۆر جار و لە نەکاو خۆی دەکرد بە ماڵەکانیاندا و چەندە ئەو دۆستانەش بە سەردانەکانی دەگەشانەوە، لەو سەردانانەدا لە هەموو ئەندامانی بنەماڵە و خزمانیانی دەپرسی، من خۆم بە دەیان جار ئەو حاڵەتەم بینیوە، هەر ئەوەش بوو کاتێک کە لەگەڵ کاک جەلیل سەفەری جێگایەکت دەکرد کاتی چوونەکەت دیار بوو، بەڵام کاتی گەڕانەوە دیار نەبوو. ئەگەر بمهەوێ لە سەر بیرەوەرییەکانم لەگەڵ کاک جەلیل بنووسم زۆر زیاتر هەڵدەگرێ بەڵام مەجالی زیاتر

دێڵمـەوە بـۆ هاوڕێیانیتـر، لـە دواییـن ڕسـتەدا هـەر ئەوەنـدە دەڵێـم کـە مرۆڤـی وەک کاک جەلیل، کۆمەڵایەتـی، میهرەبـان، دڵسـۆز و ماندوویـی نەنـاس کـەم و تەنانـەت دەتوانـم بڵێـم دەگمەنـن.

ڕۆحی شاد و هاوسەنگەران و بنەماڵەکەی سەلامەت بن.

# ڕچەشکێن لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا

عەبدۆڵڵای مام عەلی

ئەستەمە بۆ من بتوانم شتێک لەسەر ژیاننامەی گەورە و تێکۆشەرێک بنووسم کە لە کۆی ٨٦ ساڵەی تەمەنی خۆی زیاتر لە ٧٥ساڵی بۆ خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەی بەخشیوە. کەسێک کە بە قەولی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بەر لە دامەزرانی حیزبی دێموکرات، دێموکرات بووە و کەسێک کە لە ڕۆژانی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە تەمەنی ١٢- ١٣ ساڵیدا سروودی نیشتمانی خوێندۆتەوە، ئەو کەسەش شادڕەوان کاک جەلیل گادانییە کە بۆتە سیمبولی خەبات و بەرخودان. دیارە هەر ئەوەش چاوەڕوان دەکرێت لە کەسێک کە ڕۆڵە و پەروەردەی دەستی باوکێک بە ناوی حاجی ئەحمەد گادانی بێت کە ئەندامی کۆمەڵەی (ژ.ک) و سەرەتای دێموکرات بێت و بەر لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان ماڵەکەی خۆی کردبێتە قوتابخانەی خوێندنی زمانی کوردی بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی.

لەسەر داوای دۆستان کە بۆ ئەم مناسبەتە لوتفیان فەرمووە و بەسەریان کردوومەتەوە و لە ڕۆحی بەرزەفڕی ئەم تێکۆشەرە مۆڵەت دەخوازم بمبووری کە بە کەموکوڕیشەوە بێت بتوانم یادێکی بکەمەوە.

سەرەتای ناسینم دەگەڕێتەوە بۆ یەکێک لە کۆتا ڕۆژەکانی بەهاری (١٣٦١) ١٩٨٢ کە شادڕەوان جەنابی مام جەلال لە ناوزەنگەوە بۆ بردنی ئەمانەتێک ناردمی بۆ دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات. لە دوورەوە کاک جەلیلم دەناسی بەڵام لە نزیکەوە بە دیداری شاد نەبووم. ئەو ماوە کورتەی لایان مامەوە و ئاڵوگۆڕی بیرورِا کرا، کاک جەلیل لوتفی زۆری سەبارەت بە من نیشان دا و لە حزووری برادەران بە خۆشحاڵییەوە باوەشی پڕ موحببەتی بۆ ئاوالا کردم و بە چەند قسەیەک نییەت و هەڵسەنگاندنی خۆی سەبارەت بە من دەربڕی، کە تا دوا ساتەکانی تەمەنی ئەم خۆشەویستە بەردەوام بوو، لای منیش بەڵێنییەکە تا کۆتایی تەمەن دەچێتە سەر.

بەندەش نزیک بە ٥٠ ساڵ تەمەنی خۆم وەکوو پێشمەرگەیەک بۆ ئەم ڕێبازە بەخشیوە، هەر نەبێ ساردی و گەرمی، برسێتی و تینوایەتی، ماندووبوون و کەم خەوی و ڕاونان و هەڵاتنی زۆرم بینیوە. زۆری کاتەکانیش دەوری بەرپرسایەتیم هەبووە و لە کۆڕ و مەجلیسی زۆر لە گەورە پیاوان و بەرپرس و سیاسەتوانان دانیشتووم و زۆریشیانم لە نزیکەوە ناسیوە. بەلام بەڕاستی زۆر بە کەمی هەڵدەکەوێ ئەم هەموو ڕەوشتە بەرزانەی کاک جەلیل لە کەسێکدا کۆ ببنەوە. کەم هەڵدەکەون ئەو کەڵە مێردانەی هەموو تەمەنی خۆیان سادە و ساکار بێچاوەڕوانیی هیچ جۆرە پاداشێک فیدای گەل و نیشتمانیان بکەن. کە من لاموایە ئەو کەسانە لە پلەوپایەی گەورە و بچووکدا هەمیشە بە مەزنی دەمێننەوە و لە خوار خۆیان نامۆ و دوورە پەرێز

نابن، ئاخر کاک جەلیل تەمەنێکی زۆر بەرپرسایەتیی باڵای هەبوو بگرە لە سکرتێری گشتیی حیزبەوە تا ئەندامەتیی دەفتەری سیاسی. کە من ئەوانەی بە ژیانی کۆڵەمەرگی و گیان لەسەر دەست، درێژایی تەمەنیان بێ سڵ کردنەوە لە مردن و ماندووبوون و ورەبەردان ببنە فیدای گەل و نیشتمان، کە من ئەو کەسانە لە کاتی سەرکردەبووندا بە کردەوە شانازی بە ژیان و گوزەرانی سادەی پێشمەرگەیەکی بێ ناو و نیشانەوە بکەن، یەکێک لەنێو ئەو ژمارە کەمە هەڵکەوتووە شۆڕشگێڕ و سەرکردە خۆنەویستانە، دەکرێ بە شانازییەوە بڵێین شادرەوان کاک جەلیل گادانی بوو.

کاک جەلیل لەسەردەمی دەسەڵاتی نگریسی حەمە ڕەزاشای دیکتاتۆڕدا لە چەندجار زیندانی کرانیدا ماوەی زیاتر لە ١٣ ساڵ ژیانی پڕ لە ژانی لە زیندانە چاڵەڕەش و شێدارەکاندا بەسەر بردووە. هەرجار لەگەڵ ئازاد بوونیدا کۆڵی نەداوە و بە گوڕوتینێکی تازەوە کەوتۆتە جۆشدانەوەی تێکۆشەران و وەگەڕخستنەوەی شانە نهێنییەکانی ڕێکخستن. لە ترسی ژاندارمە و سیخوڕەکانی ساواک بەشێکی ژیانی خۆشاردنەوە بووە لە ژووری کادێنە تاریکەکان. لەو تەمەنە درێژەی کە بۆ من وەکوو سەروەرێک، سەرکردەیەک و مامۆستایەکی بەرزی کوردایەتی و شۆرشگێڕی گەلێک وانەی ژیان و خۆڕاگریی لێ فێربووم و هەمیشە خۆم بە قەرزداری دەزانم، بەتایبەتی هەموو ئەو ساڵانەی دوای ڕاپەڕینی کوردستانی باشوور کە بەشێکی زۆری ژیانم لە نزیکەوە پەیوەندییەکی نزیکمان هەبووە.

ناوبراو پیاوێکی سادە و ڕووح سووک، خانەدان و میواندۆست، هونەردۆست و شاعیرپەروەر، خاوەن ئیرادەیەکی بەهێز و خۆڕاگر، قسەخۆش و بە ئەزموون، و مرۆڤدۆست و لایەنگری ئاشتی، دژی سەرەڕۆیی و خۆ بەزلزانی. خۆشەویستییەکی لە ڕادەبەدەر هەبوو

بۆ تێکڕای منداڵان بەتایبەت منداڵانی شەهیدان، خاوەن ڕێزێکی زۆر بۆ مافی ژنان، خاوەن هەست و زاکیرەیەکی بەهێز، خوێندەوارێکی بیرتیژ، عاشق و خولیای کتێب و گۆڤار و چاپەمەنی، خولیای کۆڕ و سیمینار و ڕێزگرتن لە یادی شەهیدان، تاسەر ئێسقان عاشقی پێشمەرگە و تێکۆشەران. زیادەڕۆییم نەکردووە کە بڵێم ڕێچکەشکێنی پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بووە لەگەڵ هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگەدا. نووسەری چەند کتێب و وەرگێڕی چەند کتێبێکی تره.

یادی بەخێر چەند ساڵ لەمەوبەر کە خەریکی ئامادە کردنی کتێبێک بوو بە ناوی «با نەبێتە درۆی پاش مردوو» کە هەڵەی کتێبی چەند نووسەرێکی ڕاست دەکردەوە، گوتم کاک جەلیل ئەمە نابێتە ڕەنجاندنی دڵی دۆستانت؟ بە حەماسەتەوە گوتی مامە گیان ئەوە مێژووی نەتەوەیەکە و گەورەترە لە ڕەنجاندنی نووسەرێک یا دۆستێک. هەزار حەیف و مخابن ئەو هەموو خەبات و ماندوو بوون و دەردەسەرییەی ڕەوانشاد لە پێناو گەلەکەیدا کێشای، لە ڕۆژگارێکدا ماڵئاوایی لێ کردین کە بە هۆی نەخۆشیی ڤایرۆسی کۆرۆنای لەعنەتی لە ڕێوڕەسمێکی بچکۆلەدا بەخاک سپێردرا کە شایانی ئەوەبوو کە بە میلیۆن کەس بەشداریی تێدا کردبایە. داخەکەم ئاواتەکەی نەهاتە دی کە ڕزگاریی گەل و نیشتمانەکەی و شادبوونەوە بە زێدی باب و باپیران بوو تا ئەوەی لە گۆڕستانی شەهیدان بەخاک بسپێردرێ.

لە کۆتاییدا بە داوای لێبووردن لە ڕوحی بەرزەفڕی کاک جەلیل نووسینەکەم هەرگیز شیاوی یادکردنەوەی تەمەن و خەباتی ئەو خەباتگێڕە نازانم. ڕوحت شاد دوا یادگارەکەی کۆماری کوردستان، ڕێگات پڕ ڕێبوار، ڕێبوارە ماندوویی نەناسەکە، گۆڕت پڕ بێ لە نوور.

# بۆ ڕۆژهەڵات، ڕەنگی شەفەق شەوقی بەرخودانی لەسەر سەری باواجیش، تاجی نەمریی، گادانی

د. فازیل شەوڕۆ

ڕۆژگارێکی چەند چەتوون و بەشووم و کۆستباره، ڕۆژانی ئەم مێژووه ڕەنگ خوێنەی نەتەوه خۆڕاگرەکەی ئێمە. دەمێک بوو، تا دڕەنگانی شەو، بۆ شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و شەهیدانی یەڵدای خوێناوی قەڵای دێموکراتی بەرخودان و سەربەرزی، بەدوای ڕستەیەک، دەستەواژەیەک، وشەیەکدا دەگەڕام، ، تا بیانکەمە شاڵی سەر سینگ و بەرۆکی نەمرییان، کەچی، ستێرەیەکی ڕۆح مەهابادی، لە پڕتاو هات و جەڵەوی کاروانی شەهیدانی، لە زەند و دەستی خۆی ئاڵاند و بەرەو خۆر باڵی گرت و لە ماتەمباری‌دا ماتەمتری کردم.

چ قەدەرێکی ئەفسووناوی و دەستێکی خوداوەندیی پیرۆزە، ڕۆح و جەوهەر و تەلیسمی، مەکۆی بوون و مەکۆی ئۆغرکردنی ئەو ستێرە گەشەی بە یەکەوە گرێ داوە؟ دەبێ مەهاباد و کۆیە، دووانەی یەک دایکی ڕەوەندی ئەو کوێستان و گەرمەسێرانە نەبن؟ نهێنیی ئەو هەورە خەمناکە چییە لە ئاسمانی مەهابادەوە بەرز دەبێتەوە لە هاموونی کۆیە دادەبارێ؟ ئەدی سیحری ئەو کانیاوە موقەدەسە زەمزەم ئاساییە چییە، باواجی لە سینەی خۆیدا گڵی دەداتەوە و لە چاوانی مەهاباددا دەتەقێتەوە؟

هەرچەندە دڵنیام، خاک و ئاو و هەوای، مەهابادی پێشەوا، داستانی مەزنی زۆری وەکوو ئەو مێرخاسەی، لە نێو سینەی خۆیدا هەڵگرتوە و بەردەوامیش، داستانی نوێتر و ناوازەتر، پێشکێش بە نەوەکانی دەکا، لێ، ئەو خاکە، بۆ خەمڵاندن و پەروەردەکردنی قارەمانێکی وەک جەلیل گادانی، تا بڵێی جێگەی فەخرو ئیفتخارە. نەغمەی سروودەکانی مامۆستا وردی، هەر لە تەمەنی (١١)ساڵییەوە، عەشقی ئەو خاکەیان بە ڕۆحی ئاشنا کرد، جا قازیی پێشەواش، کە دوو جاران، بە دەستە موتفەڕکەکانی خۆی خەڵاتی شکۆ و فیداکاریی پێشکێش کردن، خوێنی، ڕۆحی، هزری، هەنگاوی بوون بە کوردستان. ئەو کوردستانەی، بە درێژایی تەمەنی، گیانفیدای بوو و بە قەد سەرە دەرزییەک، لێی نەڕەنجا و، هەرچەند زۆر زۆر دڵیشیان ڕەنجاند.

ئەگەر لە سێدارەدانی پێشەوا و پێشمەرگە سەرکردەکانی، بە خەیاڵی شای ئێرانی سێدارە، لەگۆڕنانی کۆماری کوردستان و خەونی نەتەوەیەک بووبێ، ئەوا، هەر لە هەمان ئەو چرکەساتەی، ئەو چوارچرایە، چوونە سەر کورسیی شەهادەت، گادانی، کە بەرامبەریان دەبێ، دەبێتە هەڵۆ، بەرەو کوێستانەکان بەرز هەڵدەفڕێ و بیری

تۆڵە و نەخشەکێشانی ئایندەی نەتەوە لە هزریدا گڕ دەگرن و زمانە بڵێسەیان دەچێتە کەشکەڵانی ئاسمان. بەدزییەوە، لە دڵی خۆیدا، سوێند بەو چوارچرایە دەخوا، کە نابێ ساتێک ئۆقرە بگرێ، تا خەونەکەیان نەهێنێتە دێ و بەڵێنەکانیان نەکاتە ئایەتی بەرخودان و خەبات و تێکۆشان.

عەقلیەتی شۆڤێنی و فاشستیی فارس پەرستی شا و چەتەکانی، هەمیشە زیندان و کۆت و بەند و ئەشکەنجە و لێدانیان بە باشترین وەسیلەی دامرکاندنەوەی ڕۆحی نەتەوایەتی و چەوساندنەوەی جەماوەری ڕاپەڕیو زانیوە. بۆیە، گادانی، گەنجی خوێنگەرمی ڕاپەڕیو، وەک دەیان و سەدان لە هاوخەباتەکانی، بێڕەحمانە دەبێتە نێچیری دڕەندەترین وەحشیی سەر زەوی و بە قورسترین و بەئازارترین ئامرازەکانی ئەشکەنجەدان تەعزیب دەدرێ. بە درێژای (١٣) ساڵی ڕەبەق، زیندانە تاریک و بەسام و خامۆشەکانی مەهاباد و ورمێ و تەورێز و تاران و خوڕەم ئاباد ـ شیراز و برازجان، مەسکەنی پڕ ئێش و ژانی ئەو بوون. چەنگبەخوێنان هەر ئەشکەنجەی جەستەییان نەدەدان، لە ئەشکەنجەی ڕۆحی و دەروونییشدا تەقسیرییان لێ نەدەکردن. بە درێژایی (٧٢٨) شەو و ڕۆژ، گادانی بەرانبەر سێدارە ڕادەگرن و ئیعدامنامەی دەخەنە نیومستی و لە چاوەڕوانی جێبەجێکردنیدا، ئازاری دەدەن و دەیتلێننەوە.

گادانی، دێر دێر ئەو شێعرانەی ئەزبەر کردبوو کە مامۆستا وردی لە پۆلدا دەیگوتنەوە. هەرچەندە، ئەو نەیدەزانی کە ئەو دێڕە شێعرانە، لە وشە و بەندەکانی خۆیان دەپچڕێن و ڕۆژێک لە تەمەنی ئەودا دەبن بە واقیع:

گەرچی دوژمن وا دەزانێ من بە دیلی لاڵ ئەبم
باش بزانێ کونجی زیندانم قوتابخانەیە

زیندانەکان، بوونە ئەو قوتابخانەیە، نەک هەر چڵە نەمامی عومری ئەویان کردە قەدی داربەڕوو، بەڵکو فێرە زمانی ڕووسی و فەرەنسایی و عەرەبیشیان کرد، فێرکردنێک، کە هێندە ئاسۆی بیری فراوان و گەش کرد، بتوانێ لە زینداندا کتێبی فەرەنسیەیی وەرگێڕێتە سەر زمانی فارسی. لەمەش پتر، توانیی خۆی لە هونەری مامۆستایەتی شارەزا بکا و بۆ هاوزیندانەکانی، لەوێشدا ببێتە هۆ و دەرسیان پێ بڵێتەوە و فێرە زمان و مەعریفەیان بکا.

قەدەر، گادانیی لە پەتی سێدارە، نەجات دا و دوای (١٦)ساڵی ڕەبەق، دوور لە زێد و مەفتەن، سەربەرزانە بە مەهاباد شاد بۆوە و دیسان لە خەبات و تێکۆشانی حیزبایەتی‌دا دادەگیرسێتەوە. بۆ درێژەدان بە ڕەوتی شۆڕشگێریی خۆی، بە قەرز و قوڵە و پارەی ئەو کتێبانەی وەریگیراون و چاپی کردوون، کودەکستانێکی مۆدیرن دادەنێ، بەڵام دیسان دوای دوو مانگ دەگیرێتەوە، دەبرێتە جەلدیان و «فلک الافلاک»ی «خرم‌آباد» و ساڵێک لە بەندیخانەی دەپەستن. هەر دوای چەند ڕۆژێک لە ئازاد کردنی بۆ (٩) ساڵ نەفی دەکرێ بۆ تاران، لەو ماوەیەش‌دا لە ئەزموونی کونکوردا بەشداری دەکا و لە بەشی زمانی فەرانسە بە سێ ساڵان لیسانس وەردەگرێ.

وەک چۆن دەڵێن قەقنەس باڵ دەگرێ و تا لە نێو هێلانەکەی‌دا لەسەر تەندووری خۆر، نەبێتە خۆڵەمێش داناسەکنێ و هەمیسان وەک جارانی پێشوو، ڕوو لە خۆرەکە دەکاتەوە، بازنەی گڕگرتن و سووتانەکە بەبێ پسانەوە دووبارە دەکاتەوە، گادانیش، بە درێژایی باقی تەمەنی لە نێوان تاران و سنە و کرماشان و شارەکانی دیکەی کوردستان، وەک ئەسپۆی حدود تەراتێن و غارغارانێ دەکا لە گۆڕەپانی خەبات و بەرخودانی خۆیدا. پلە بە پلەش، بە ساییە بلیمەتی و لێهاتوویی خۆی لە ئۆرگانەکانی حیزبدا بەرز دەبێتەوە، تا

دەگاتە پلەی سکرتێری حیزبی دێموکرات.

لەو ڕۆژەوی خەباتی چەکداری هێزەکانی پێشمەرگە، بەو یاڵ و شاخ و کویستان و پێدەشتانەی ڕۆژهەڵاتەوە، بووە گرکان و بومەلەرەزی نەتەوەی زوڵملێکراو، گادانی بە هەموو هزر و برست و باوەڕێکەوە، گیانفیدایانە، وەک کادیر و پلەدار و پێشمەرگەی ئاسایی مکوڕی لە خەباتی ڕەوای کورد کرد و تەمەنی خۆی و خێزانی بۆ کردە قوربانی.

بە هاتنی ڕێژێمی خوێناویی کۆماری ئیسلامی، بۆ بەرەنگاربوونەوە و درێژەدان بە کاروانی خەبات، ستراتیژیەتی خەباتی حیزبی دێموکرات، گۆڕانکاریی بەسەردا هات و گادانی، هەمیشە لە کۆبوونەوە و دانووسان و داڕشتنەوەی سیاسەتی حیزب، هاوشان لەگەڵ هەڤاڵەکانی‌دا، سیاسەتمەدارانە، دوور لە بەرژەوەندیی کەسی، هەنگاوی ژیرانەی هەڵگرتووە و واقیعبینانە پەیڕەو و پڕوگرامی کاری خەباتی هەڵسەنگاندوە و لەگەڵ بارو زرووفی نوێ‌دا ئاوێتەی کردوون.

خوێنەری بەڕێز، داڕشتنەوەی مێژووی خەباتی، قارەمانێک، کە پتر لە (٧٥) ساڵ، پتر لە تەمەنی حیزب، تێکۆشان و بەرخودانی کردبێ، لێرەدا کارێکی مەحاڵە، ئەو هەموو ڕووداو و کارەسات و شەڕ و بەرەنگاربوونەوە و دەربەدەری و زیندان و ماڵوێرانییە، دەبێ بە بەرگی کتێبان بنووسرێتەوە.

بەڕاستی، کاریزمایی گادانی، لە چەندان کایەدا وەک ڕۆژی ڕووناک دیارە، لەپاڵ ئەو هەموو ماندووبوون و ژیانە سەختەی ڕۆژگارە تووشەکانی، کە بە هەڵکەوتیش شادییان تێدا نەبینراوە، ئەو دەستی بۆ هەر کارێ بردبێ، وەک دەڵێن، ئەسپی خۆی لێ تاو داوە. لە نووسین و ڕەخنەگرتن و وەڵامدانەوەی نووسەرانی

دیکـە بـە تایبەتـی لـە بـواری مێـژووی سـەردەمی نوێـی ڕۆژهـەڵات، خـاوەن کتێبخانەیەکی فرە دەوڵەمەندە، لـە تەرجەمـەش، چەندان کتێبی گرانبەهـای وەرگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی و فارسـی. ئێسـتا لـە ئەرشـیفەکەیدا نزیکـەی (٢٠) دانـە کتێـب هەنـە.

یەکـەم ڕۆژی ناسـین و ئاشـنا بـووم، بـە گادانیـی نەمـر، پاییـزی سـاڵی (٢٠٠٩) بـوو، کـە تـازە لـە وڵاتـی «ئیرلەنـد» گەڕابوومـەوە. جا چونکیٚ کەسـێتیی ئـەو یەکجـار بەهێـز بـوو، ئاسـان دەچـووە بـەردڵان و دیوەخـان و مەجلیسـی خـۆش بـوو، ڕەفتـار و گوفتـار شـیرین بـوو و پیـاو لـە گفتوگۆیەکانـی تێـر نەدەبـوو، زۆر زوو بووینـە ئاشـنای یەکتـری. سـەردانی ئێمـە، وەک ئەدیب و نووسـەرانی شـاری کۆیـە، بۆ قـەڵای دێموکرات، بـە بۆنـە و بەبیٚ بۆنـە نەپسـاوە بـوو. دانیشـتنەکانمان لەگـەڵ ڕێـزدار عەبدوڵـلای حەسـەنزادە و گادانـی و کادیرەکانـی دیکـە، لـە کـەش و هـەوای دۆسـتانەی گیانـی بـە گیانـی بەڕێـوە دەچـوو. تەنانـەت بۆ خـۆم لـە نێو «قـەڵای دێموکـرات» سیمیناریشـم بۆ گێـڕاوە و بـە شـێعر و وتارخوێندنـەوە لـە بۆنـەکاندا حزوورمـان هەبـووە، لـە بڵاوکراوەکانـی حیزبیشـدا، بەتایبەتـی لـە گۆڤـاری (ژنـان) زۆر وتـار و باسـم بڵاوکردۆتـەوە ـ دوو ڕۆژ پێـش مووشـەکبارانەکەی سـوپای پاسـدارانی نەعلەتـی بۆ سـەر قـەڵای دیموکـرات، د. هاوژیـن سلێوە و بەنـدە، بەرنامـەی سـەردانی هەڤـاڵ سۆهەیلا قـادری و خوشـکەکانیمان هەبـوو.–

چونکە گادانی، پێشـمەرگە و نووسـەرێکی زۆر ڕۆحسـووک و بەشـکۆ و بلیمـەت بـوو، نـاوە نـاوە لـە ماڵەکـەی خـۆیدا سـەردانیم دەکـرد. تەنانـەت لـە سـاڵی (٢٠١٦)، یەکێـک لـە کتێبەکانـی بـە مـن سـپارد کـە لـە زمانـی ئینگلیزییـەوە وەریگێڕمـە سـەر زمانـی کـوردی. پتـر لـە مانگێـک، ئیشـم لـەو کتێبـەدا کـرد و ڕادەسـتی خـۆییم کـردەوە. کتێبەکـە کـە بـە

زمانی ئینگلیزی نووسرابوو، هەموو بەڵگەنامەی سیاسی بوو، هی سیاسەتمەدارێکی گەورەی کورد بوو کە کۆچی دوای کردبوو، ئەو وەک ئەمانەت دابووی بە گادانی، تا بیپارێزی و بۆی تەرجەمە بکا و لە کاتی گونجاودا چاپی بکا. ئەویش وەسیەتەکەی بۆ جێبەجێ کرد. گادانی بۆخۆی ئەرکی پێداچوونەوەی ئەو کتێبەی گرتە ئەستۆی خۆی.

لە هەر کۆڕ و سیمینارێکی خۆشمدا، کە سازم کردبێ، بانگێشتی گادانی و هاوەڵەکانیم کردووە و ئەوەندەی دەرفەتی بووبێ ئامادە بووە و هەمیشە بە پێشنیار و زانیاریی نوێ، هاوکاریی کردووم. هەر کتێبیکیشم چاپ کردبێ، ئەوا جگە لە گۆڤارەکانی لە کۆیە دەردەچوون، بۆخۆمان، وەک دیاری بۆمان دەبردن.

ئاوێتەبوونی ڕۆحی خەبات و بەرخودانی مەهاباد و کۆیە «ڕۆژهەڵات و باشوور»، نەک هەر بە کۆمەک و هاریکاری و پشتوانی کردن بووە، وا ئیمڕۆ، ڕۆحە پاکەکانی ئەو زێدە شیرینە، لە باوەشی گەرمی مەلای گەورە و ئەختەر و سێوە و خالید دلێر و ئەیشەگڵۆکە بە ئارامی دەنوون. زێدی حاجی و وردی دیسان بە دێڕە شێعرە ئاگرینەکانیان، دڵنەواییان دەدەنەوە، کە سەرکەوتن لەو دیوی کەلدایە و، ئاسۆ ڕووناکە.

شاری کۆیە، چەند مەزن و پایەدار و بڵند بوو، ئیمڕۆ، بە گۆڕستانە پڕ سەروەرەکانی شەهیدانی ڕۆژهەڵات، مەزنتر و پایەدارتر و بڵندتر بوو. ڕۆحی ئەو داستانخولقێنەرانە، بووە تاجی نەمریی لەسەر سەری باواجیدا.

لە کۆتا بڕگەدا، لە پەسنی ئەو زاتە مەزنەدا دەڵێم، وەک چۆن بونیاتنانی قەڵا و قشڵە و حەساری گەورە و بڵند و عەجایب، پێویستیان بە ئەندازیار و وەستاو کرێکاری بەتوانا و دەست ڕەنگین

هەیـە، دارِشـتنەوەی مێـژووی نەتـەوەش، پێویسـتی بـە سـەرکردەی کاریزمـا و خەباتگێـڕ و پێشـمەرگەی جەربـەزە و قوربانیـدەر هەیـە.

جەلیـل گادانـی نەمـر، یەکێکـە لـەو سـەرکردە کاریزمانـەی کـورد، کـە لـە دارِشـتنەوە نووسـینەوەی مێـژووی هاوچەرخـی ڕۆژهـەڵات و کوردسـتان و ناوەندەکـە، پێگەیەکـی دیـار و بـەرز و گەشـاوەی هەیـە.

درود لە گیانی پاکی گادانی و نەمری.

درود لە ڕۆحی بەرزەفڕی شەهیدانی قەڵا و یەڵدای خوێناوی.

دورد لە ڕۆحی پاکی شەهیدان.

# جەلیل گادانی، شۆڕشگێڕی هەموو کورد

**کرمانج عیزەت سلێمان بەگ دەرگەڵەیی**

تەمەنم تەنیا نۆ ساڵ دەبوو، کاتێ ئاوارەیی ساڵی١٩٧٤ قەدەر لەگەڵ خانەوادەکەمان ئێمە خستە شاری مەهابادی خۆشەویست و ئەم شارە دڵبریندارە ئێمەی دە باوەشی نازی خۆیدا گرتەوە. لە گەڕەکی مەیدانی حەیوانان، ئەو ماڵە کۆچەرییەی لە ئەشکەوتەکانی کوردستان پێمان دەرچوو، لەوێ دامان گرت. نەمانزانی چۆن ئەو هەموو زۆرە خانەدانەی مەهابادمان لێ وەدەر کەوتن و فرمێسکی ماندووییان بۆ سڕینەوە. لە لای ڕاستی ماڵمان دوو برا لە خانوویەکی تازەدا، بە خۆیان و خاو و خێزانیان لێمان بوونە کەس‌وکار و فریادڕەس، دەتگوت سەد ساڵە دۆست و ئاشناین. ئەوان ماڵی کاک محەممەدی گادانی و کاک خەلیل گادانی بوون، ڕەوانیان شاد!

له تێکەڵیی ئەوان زانیمان له سەردەمی کۆماری کوردستان، خانووی خۆیان بۆ ماڵی بارزانیی نەمر چۆڵ کردووە و سەرۆک مەسعوود بارزانی له خانووی ئەواندا لەدایک بووە. هەر ئەو کاتیش زانیمان، برایەکیان لەسەر کوردایەتی له زیندانه به ناوی کاک جەلیل گادانی. ئیتر ئەوە ڕوون بووەوە، کوردایەتی هەردوو لامانی، بۆ برایەتی لەگەڵ یەک کۆ کردوینەتەوە .هەر ئەو نان و نمەک و کوردپەروەرییە بوو، هاوبەشیی ڕۆحیی بۆ کردین به مێژوو، تا دوای گەڕانەوەمان له ئاوارەیی و بەداخەوە دوای چەندین ساڵ لێک دابڕان و دواتر ئەو ڕووداوانەی بوونه هۆکاری پاشەکشێی شۆڕشگێڕانی ئەو دیو بۆ ئەم دیو، و سۆراخی کردنی بەردەوامی ئێمەش بۆ ئەو ئەزیزانە، ئاکام دوای ڕاپەڕین کاک جەلیل گادانیی پێشمەرگە و سیاسەتوان و نووسەر و بیرمەندی گەڵەکەمان دۆزییەوە. چ دۆزینەوەیەک؟ مرۆڤێک له سیمایەکی سادە، بەڵام چ باوەڕێکی پتەو. له بەرگێکی خاکیی پێشمەرگەییدا، بەڵام چ سەرکردەیەکی به ئیرادە. پێنوسێک له سەر شانی چەپ، بەڵام چ تۆمارێکی نووسین!

ئیتر دەرفەت هەڵکەوت، دەیان جار یەکترمان دەدیت و بەردەوام پەیوەندیمان پێکەوە هەبوو. هەروەها به خوێندنەوەی کتێب و نوسینەکان و شرۆڤەکان و دیبەیتەکانی، وەک هەمیشه پێکەوە بین وا بووین. هەر چەندە ئەو له سەنگەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئەو دیو، کەوتە نێو مەتەرێزی شەڕەف و کوردایەتی، وە تا کۆچی ناوەختیشی لەو سەنگەرە تێدەکۆشا، بەڵام هەڵوێستەکانی له ئاستی کوردی سەرتاسەری دەبینرا. بۆیه کەس نەبوو له دروستی و ڕاستگۆیی نووسینەکانی و خەباتی نەتەوایەتی ئەو بەگومان بێ. سەنگی دڵسۆزیی گەیشتبووە ئاستێک وەک کلیلی دەرگە داخراوەکان، ئەو دەرگایەکی لێ ئاسێ نەدەبوو، تەنانەت له دەرگای حزبەکانی

دیکـه و خەڵکـی تریـش.

کاتـێ لەگەڵـی دادەنیشـتی، وەڵامـی زۆربـەی پرسـیارەکانتی لـە ڕوانگەی تاقیکردنەوەکانی تەمەنی پێ بوو. لە سیاسـەت سیاستەوان بوو، لە پێشـمەرگەیی سـەرکردە بوو، لە نووسـین ئەدیب و لـە هونـەر هونەرمەنـد و هەسـتی شـێعر و دەنگـی خۆشـیش هەر نـە دەبڕایـەوە. جارێکیـان لـە گوندەکـەم دەرگەڵـە لـە خزمەتـی بووم، باسـی شـێعرێکی خۆمـم بـۆ کـرد، فەرمـووی دە بـۆم بخوێنـەوە. منیـش کـە شـاعیر نیـم، بـەڵام سـۆزی خۆشەویسـتیی کوردسـتان و پێشـمەرگەم زۆر جـار بـە نەزمێکـی شـاعیرانە دەردەبڕی، شـێعری (پێشـمەرگە لـە دوو جەسـتەدا) م، بـۆ خوێندەوە، زۆر چێژی لـێ وەرگـرت و گوتـی دەبـێ ئـەو شـیعرە بـڵاو بکرێتـەوە. لێـی وەرگرتـم و لـە ڕۆژنامـەی کوردسـتان بـڵاوی کردەوە . کاک جەلیل کە هاوڕێی هەژار و هێمن و ئەو کەڵە شـاعێرانە بـوو، گەورەیـی لـەوەدا بـوو، لـە ناخـی هەسـتی شـاعیرانەی منێکیـش بـگا. بۆیـە ئـەو لـە قۆناخـی جەنگاوەیکـی ئاسـایی گـوزەری کردبـوو، گەیشـتبووە قۆناخـی مامۆسـتا، ڕێ نیشـاندەر، پێگەیەنـەر، پلاندانـەر، کـە ئەمانـە خەسـڵەتی سـەرکردەیی لوتکەییـن.

کاک جەلیل یەکێک بـوو لـەو سـەرکردە لێهاتووانـەی کە لـە بڕیارێکی بێوێنـەدا، وێـڕای پێویسـتیی قۆناخەکـە، شـوێنی سـەرکردایەتییان بـۆ دەسـتەیەکی لاو جـێ بهێڵـن و خۆیـان وەک پێشـمەرگە لـە ژێـر سـەرکردایەتیی ئـەوان بەردەوامـی بـە خەبـات بـدەن. کـە لێـم پرسـی بـۆ واتـان کـرد. فەرمـووی قۆناخـی خەباتـی ڕزگاریـی ئێمـە، درێـژەی کێشـا و ڕەنگە درێژیش بکێشـێ، پێویسـتە لە ئێسـتاوە ئەو سـەرکردانە وەدەر کـەون کـە ئامـادە بـن بـۆ سـەرکردایەتیکردنی ئاینـدە، ئـەوە چ جـای خـۆ ڕاهێنـان لە قۆرخ نەکردنی دەسـەڵات و دێموکراتیزە کردنی پرەنسـیپەکانی حیزبایەتـی و زۆر هۆی تریـش. سـەرەنج بفەرمـون کاک

جەلیل چونکی گەیشتبووە لوتکەی پێ گەیشتوویی. چ کاتێ سکرتێری حیزب بوو، چ دوای خۆ هەڵنەبژاردنەوەی، نەک هەر کەسایەتیی ئەو ون نەبوو، بەڵکوو بازنەی دیاریکراوی حیزبیی بەزاند و لە ئاستی هەموو پارچەکانی کوردستان بووە سەرکردەیەکی نەتەوەیی .

من زۆر خۆم لەوە بە بچووکتر دەزانم هەڵسەنگاندن بۆ کاک جەلیل گادانی بکەم، ئەوەی نوسیوومە تەنیا لە ڕوانگەی شانازیمە بە سەرکردەیەک کە تا نەتەوەکەی مابێ، شانازیی بەو کەسانەوە بکا، کە سایەی ئەوان بوو کاروانی خەباتی نەتەوەی کوردی پێ گەیشتە ڕزگاری، ئەوا دڵنیا جەلیل گادانی ناوی لە تۆماری پێشەوەی ئەو لیستە پڕ شانازییەدایە.

# وەفایەک بۆ کاک جەلیلی خۆشەویست

ئەنوەر سوڵتانی

ناو و بانگەوازی کاک جەلیلم یەکەمجار کاتێ ژنەفت کە لە زیندانی شادا بوو و دەگوترا بەهۆی ئازایەتی و کۆڵنەدەرییەوە لەگەڵ نەمران عەزیزی یۆسفی و مامەغەنی بلووریان و حوسەینی فرۆهەر لە زیندانی قەسری تارانەوە دووریان خستوونەتەوە و ناردوویاننە زیندانی ‹بورازجان› لە باشووری ئێران، کە گەرمای ٤٠-٥٠ پلەیی هیچ، تەنانەت ئاوی خواردنەوەی ئاساییشی لێ دەست نەدەکەوت؛

بەڵام ئەوان هەموو، ئەو مەنفا-زیندانەیەیان بە سەربەرزییەوە تێپەڕاند و ملیان بۆ ڕوکنی دوو و ساواکی شا دانەنەواند. کتێبێکیشم بینی کە لە زینداندا لە فەرەنسییەوە تەرجەمەی کردبووە سەر فارسی وەک تاقە زمانی مۆڵەت پێدراوی ئێران.

درەنگتر، دوای ئازادبوونی لە زیندان، بەختی ئەوەم پەیدا کرد لە تاران چاوم پێی بکەوێت و هاتوچۆی ماڵیشیان بکەم. لە ساڵانی کۆتایی ڕژیمی شادا، کە زیندانییە سیاسییەکان یەک یەک ئازاد دەکران، جارێکیش بۆ بەخێرهێنانەوەی کاک عەزیزی یۆسفی، کە لە زیندان ئازاد کرابوو و لە ماڵی ئەو دابەزیبوو، هاوڕێ لەگەڵ دوو برادەری خۆشەویستم چوومە خزمەت هەردوو لایان.

ساڵی ١٣٥٥ بوو، کە من خۆم لە زیندانی ئێڤینی تاران ئازاد کرام. بەپێی یاسای ئەودەم، کەسانێک کە بە قەراری دادگا حوکم درابێتن و کەوتبنە زیندانەوە، دوای ئازادبوون نەیاندەتوانی ئیش و کاری دەوڵەتی وەربگرن، منیش نەکرا بچمەوە سەر کاری مامۆستاییەکەم و چوومەوە بۆکان. چەند مانگێک بێکار بووم و لە دووکانی کاکمدا لەبەر دەستی ئەو کارم دەکرد، کە زۆریش لەگەڵم میهرەبان بوو و گەلێک خاتری دەگرتم. لە بۆکان ئیش و کارێکی سەربەخۆی وا دەست نەدەکەوت بەکەڵکی من بێت و شارەزای دووکانداری و کاری بازرگانیش نەبووم دەنا کەس وکارەکەم هەموویان دووکاندار و بازرگان بوون. بیرم لەوە دەکردەوە بەڵکوو بچمە شارەکانی عەجەمستان و لەوێ لە شەریکەیەک، شوێنێک دابمەزرێم.

ڕۆژێکیان کاکم گوتی لێرە نەبووی، کاک حەسەنی ئەییووبزادە

(مامۆستا گۆرانی دواتر)، لە تارانەوە تەلەفونی کردووە و گوتوویەتی کاک جەلیلی گادانی دەڵێ با ئەنوەر بێتە تاران لای من، لێرە لە شەریکەی «انبارهای عمومی ایران» کە خۆم ئیشی تێدا دەکەم، دەتوانم دایبمەزرێنم. ئای، گوتم، چی لەوە چاتر! هەستام و چوومە تاران. کاک جەلیل پێشوازییەکی گەرمی لێکردم و گوتی لە لقەکانی شەریکەکە لە ئابادان و تەورێز و جوڵفا کامیانت پێخۆشە، هەر ئێستا حوکمەکەیت بۆ بنووسم و بتنێرم، بەڵام لە تاران شوێنمان نییە، گوتم تەورێز باشە لە کوردستان نزیکترە. هەر ئەو ڕۆژە حوکمی دامەزرانی بۆ نووسیم و ڕەوانەی تەورێزی کردم.

شەریکەکە، گەلێک گەورە و زەبەلاح بوو، سەرمایەکەی ١٦ بانک و شەریکەی ماڵیی پێکەوەیان نابوو و بە هەزاران کرێکار و عەمباردار و کادیری دیکەوە وەک کەرتی تایبەت، ئەرکی قۆنتەراتچی هەموو گومرکی ئێرانی بەڕێوەدەبرد. مودیرەکەی ناوی دوکتۆر بیهزادی، خەڵکی شاری ئاستارا و برای یەک لە ڕێبەرانی حزبی توودەی ئێران بوو، هەر بۆیەش بە گشتی هەندێک جار چاویان لە هەڵوێستی سیاسیی فەرمانبەرەکان دەقووچاند و بەسەر خۆیان نەدەهێنا کێ کێیە و چکارەیە، کاک جەلیلیش لە دەفتەری تارانیاندا ڕەئیسی ‹کارگزینی› و بەرپرسی دامەزراندنی فەرمانبەر بوو.

هەرچۆنێک بێت، من ماوەی ٣ ساڵ زیاتر لەوێدا لەسەر ئیشەکە مامەوە و پلەم چووە سەرێ تا ئەوەی بووم بە مودیری ئیداریی لقی ئازەربایجان لە تەورێز و گەلێکم دەست دەڕۆیشت، مووچەیەکی باشیشم وەردەگرت. بەڵام هەر ئەوەندەی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٧٩

ی گەلانی ئێران سەرکەوت و ڕژیمی پەهلەوی ڕووخا، حکوومەتی کاتیی موهەندیس بازرگان مۆڵەتی هەموو زیندانییە سیاسییەکانی دا بگەڕێنەوە سەر ئیش و کاری خۆیان. منیش دوو مانگێک دوای ڕاپەرین چوومەوە سەر کاری مامۆستاییەکەم و دوای یەک ڕۆژ کارکردن لە تاران، داوام کرد بمنێرنەوە بۆکان. سەردەمی شۆڕش بوو و ئاڵۆزی کەتبووە کوردستانەوە. ڕژیمی نگریسی مەلاکان سەرەتا بە شەڕی سنە و ئیعدامەکانی خەڵخاڵی دەستی بە دژایەتی گەلەکەمان کرد و وردە وردە هەموو ناوچەکانی دیکەشی لەشەڕ ئالآند. شەڕ و ئیعدام و وێرانییەک کە تەنانەت ئێستا ٣٠ساڵ دوای چوونەدەرەوەی حزبە چەکدارەکان لە ئێرانیش، هەر بەسەر گەلەکەماندا سەپاوە و دڵنیام تا ڕۆژێکیش کە کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵاتدا بێت، هەر درێژەی پەیدا دەکات و پاسدار و ئیتلاعاتی ئەگەر ڕۆڵەی کورد بە ناوی پێشمەرگە و ئەندامی حزبی چەکدارەوە نەکووژن، هیچ نەبێ وەک کۆڵبەر دەیانکووژن و وەک ‹زارا›ی مامۆستای زمانی کوردی لە زیندانیان توند دەکەن. ئیتر من لەو کارەی وا کاک جەلیل بە میهرەبانییەوە بۆی دۆزیبوومەوە و ژیانمی بە باشی پێ بەڕێوەدەبرا، هاتمە دەرەوە و بوومەوە مامۆستاکەی جاران! بەڵام ڕێز و پێزانیم بۆ ئەو و دڵە میهرەبانەکەی تا ئەمڕۆ هەرماوە و تا کۆتایی تەمەنیشم هەر دەمێنێت.

هەروا هەفتەیەک پێش سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩شدا، کاتێ کە ڕێکخراوەی ‹چریکە فیدائیەکانی گەلی ئێران› لە زانستگەی تەورێز کۆنفەرانسێکی گەورەی بە ناوی «هفتە

همبستگی با خلق كرد» بەڕێوە دەبرد، لەگەڵ ڕێزدار دوكتۆر كەریمی سەلامی هەوڵی ئەوەمان دا خەڵكانێكی باش كۆبكەینەوە بۆ ئەوەی لە كۆنفەرانسەكەدا نوێنەرایەتی گەلی كورد بكەن و وتار بدەن. من چووم بۆ تاران و ڕاست چوومە ماڵی كاك جەلیل. دەست بەجێ بانگهێشتنەكەی لێ قەبووڵ كردم و هاتە تەورێز و تەنیا یەك ڕۆژ پێش سەركەوتنی ڕاپەڕینەكە، وتارێكی بەڕێ وجێ و كاریگەری لەسەر پێشینەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی كورد پێشكەش بە سەدان خوێندكاری ئازەربایجانی ناو هۆڵەكە كرد.

لە ساڵانی ژیانی كاك جەلیل لە باشووریش دووراودوور ئاگام لە كار و خەبات و هەڵوێستەكانی بوو و باوەكوو بۆ مەسەلەی كەرت بوونی حزبی دیموكرات و دوو جار جیابوونەوە لە بەژنی سەرەكیی حزب، لەگەڵیدا هاودەنگ نەبووم و ڕەخنەم لە ناوەرۆكی هەندێك لە بیرەوەری نووسینەكانیشی دەگرت، بەڵام كاك جەلیل بە دڵئاواییەوە جار وبارە هەر تەلەفونی بۆ دەكردم و تەنانەت نوسخەیەك لە كتێبی «با نەبێتە درۆی پاش مردوو»ی بە دیاری بۆ ناردم. دڵپاكی و گەورەیی ڕۆحی كاك جەلیل لەوانەش زیاتر و دەكرێ بگوترێ كەم وێنە بوو.

ڕێبازی نەتەوەیی کورد، کە ئەویش ڕێبوارێکی بە تاو وتینی بوو، سەرەڕای هەموو کەند و کۆسپ و بەرز و نزمێک، ڕۆژێک دەگاتە ئەنجامی خوازراوی گەل و «ئەوی ڕۆژی والآ»، کە «شەنگەبێری دەشەکێنن ئالآ» ، ڕێز لە ناو و یادی مامۆستا جەلیلی گادانی و هەموو گیان بەختکردووانی ئەو ڕێبازە دەگیرێت.

هیوایە ئەو ڕۆژە دوور نەبێت!

٢٠٢٠/٨/٧

وەرگیراو لە سایتی بۆکان – ڕۆژهەلآت

# مامە جەلیل و ئەمن

■ د. کوێستان گادانی

لە ڕەوتی ژیانی ئاسایی هەر تاکێکدا زۆر جار دیتراوە کە لە بەینی خزم و کەس و دوور و نیزیکان‌دا کەسێکی تایبەت هەڵدەکەوێت کە جێگە و پێگە، یان باشتر بلێم تایبەتمەندیی وای هەیە کە کاریگەری و شوێندانەریی زیاتری لەسەر ئەندامانی بنەماڵە دەبێت. لەگەڵ ئەوەی کە بنەماڵە بە گشتی کارتێکەرییان لەسەر ئاستی پەروەردە و پێگەیاندنی تاکەکان هەیە بەڵام زۆر جار یەکێک لەوان دەبێتە ئۆلگوو بۆ ژیان و تا ڕادەیەکی زۆر چارەنووسی ژیان و داهاتووی ئینسان لەژێر سایەی شوێنەواری هزر و بیری ئەو کەسە دەنووسرێت و دیاری دەکرێت. بۆ من بە تایبەتی و بۆ جیلی ئێمەش لە بنەماڵەی گەورەی گادانی‌دا بە گشتی، مامە جەلیل ئەم ڕۆڵ و پێگەیەی هەبووە.

لەو دێڕانەی خوارەوەدا هەوڵ دەدەم بە کورتی و بە گشتی باسێک لە شێوەی کارتێکەریی ئەو لە چەند وێستگەی تایبەت و هەستیاری ژیاندا لەسەر خۆم وەک تاکێکی بنەماڵە بکەم.

**بیری منداڵی و ناوی مامە جەلیل**

ئەگەر باشم لەبیر بێت دەمەو ئێوارەی ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی کۆتایی وەرزی هاوین و پێش دەستپێکی وەرزی پاییز بوو. دەنگە دەنگی هاتوچۆی خەڵک و ئوتووبوسەکانی کارێزی ئیرانپەیمای مەهاباد، هەژان و خورپەیەکی زۆری بۆ منی ئەوکات ٥-٦ ساڵانە خولقاندبوو کە لەگەڵ دایک و باوکم و نیشتمانی خوشکم و سۆرانی برام دەمانەویست بەرەو تاران وەڕێ کەوین. ئەو سەردەمە لە مەهابادڕا باوکم بەپێی ڕۆتینی ساڵانە لانیکەم دووجار سەردانی ماڵی مامەمی دەکرد لە تاران. نازانم پێش ئەوکات چەند جار مامم دیتبێت و یان سەردانی ماڵی مامم کردبێت بەڵام ئەم سەفەرە بوو بەهۆی ئەوە کە بۆ یەکەم جار ناوی مامە جەلیل لە مێشک و زەینمدا جێگای خۆی کردەوە و حەک کرا. ئەوکات من جگە لە هەژانی سەفەرەکە، لە تەنیشت دایکم و دەست لە دەستی نیشتماندا هەموو فکرم لەسەر ئەوە بوو کە کەی ئەم ئوتووبوسە گەورەیە وەڕێ دەکەوێ و کەی دەگەینە شوێنی مەبەست. کە سوار بووین وێدەچوو خەڵک یەکتری باش بناسن. هێندێک دەیان پرسی: بۆ سەفەر دەچن؟ ئی وا هەبوو دەیپرسی: بۆ لای دوکتور دەچن؟ هیندێک دەیان پرسی: بۆ لای کاکە دەچن؟ کەم وا هەبوو بە ڕاشکاوی ناوی مامم بێنن. من دەمزانی دەچینە ماڵی مامم بەڵام بە لامەوە سەیر بوو کە بۆ وەک مامە خەلیل و مامە حاجیم ناوی ناهێنن. لە کونجوکۆڵی و پیتۆڵی خۆمڕا، هەستم بە قسەکانی نێوان دایک و بابیشم دەکرد کە

تا ڕادەیەکی زۆر لەو باسانەی لە ماڵێ سەبارت بە مامە دەکران لە دەرەوەی ماڵەوە خۆیان دەپاراست. دەگەڵ ئەوەی پێمخۆش بوو هۆکارەکەی بپرسم و بزانم، بەلام هاوکات دەمزانی کە بۆم نییە بپرسم. قەناعەتم بە خۆم هێنا کە بێدەنگ بم باشترە. لە بیرم نییە کە چۆن ڕۆیشتین و چەندەمان پێ چوو تا گەیشتینە ماڵە مامم، بەلام پێتان سەیر نەبێت ئەگەر بڵێم لەم ماوەیەدا کە لەوێ بووین ڕەنگبێ بە هەموویەوە مامم دووجار دەگەڵمان لە سەر سفرەی نان خواردن بووبێت و دەگەڵمان دانیشتبێت. ئەو کاتە پێموابوو لەبەر کاری زۆرە، بۆیە دەبێ بنەماڵە لە مەهابادڕا ساڵێ چەند جار سەری بدەن و هاوکاریی بکەن و خەڵکیش بۆیە ئاوا لێی دەپرسێ، چوونکە دەزانن خزم و کەسی لە تاران نییە و زۆر پڕکارە...

ناوی مامە لە بیری منداڵی منڕدا وەک کەسێکی وەخت نەبوو و پڕکار و پڕهاتوچۆ جێگای خۆی کردەوە کە ئەگەر جارێک توانیبامان ببینین وەک ئەوەی وا بوو کە شانسێکی زۆرمان هێناوە. وا تێگەیشتم کە «تاقانە»کەی بنەماڵە، یان «پیاوە نامەرئییەکە» کە دایم ناوی دەهات و ڕەنگی نەبوو، باس کردنی زۆر جار لە نێو ماڵیشدا بڤە بوو.

لە بەرەبەری شۆڕشی گەلانی ئێران و چالاکیی خەڵک بە گشتی و بنەماڵە بە تایبەتی، ئەندامانی بنەماڵە هەر دەهات و کەمتر و کەمتر وەختی ئێمەیان دەبوو، جاری وا هەبوو کە بێجگە لە منداڵەکان کەسێکی گەورە لە ماڵماندا نەدەما. هەر یەکە و بە کارێک مەشغووڵ بوو. ئەگەر ژنەکانیش لە ماڵ بووبان بە میوانداری، تەلەفوون و پەیام هێنان و بردن، مەئمووریيەتی ئەو ماڵچوون و ئەم کار و ئەو ئەرکە بەجێگەیاندن بۆ حیزب، بۆ کاری ڕێکخراوی ژنان و بۆ کاک جەلیل و بۆ میوانە نەهێنی و ئاشناوڕۆشناکان بوو تا پێڕاگەیشتن بە ئێمە.

کاتێک کە دایکم وەختی خوێندنەوەی (ماسییە ڕەشە بچکۆلەکەی) سەمەدی بێهرەنگیی بۆ ئێمە نەما، کاتێک هەر ڕۆژێک دەستەیەک دەهات و دەستەیەک دەڕۆیشت، وشەکانی وەک پێشمەرگە، شکاک، مەنگوڕ، تەزاهورات، زیندان، ئەشکەنجە، جەنازە، فیشەک، تفەنگ، ساواک، تیرئەندازی، سیاسی، موزاکرە بوونە بەشێک لە باس‌وخواس و ئاخاوتنی نێو ماڵێ، ئەوجار کاک جەلیل ڕەنگ و دەنگی پەیدا بوو و ئیدی ناوهێنانی نەهێنی نەبوو. دیدارەکان و سەردانەکان بە ئاشکرا دەکران، بەڵام بە زمانێک قسەی دەکرد کە دەستەواژە و وشە تازەکان هەموو نامۆ بوون و بۆ من و منداڵانی بنەماڵە نەبوون بەڵکوو بۆ ئەو هەموو لاو و ژن و پیاوانە بوو کە ببوونە بەشێک لە بنەماڵەی ئێمە و ئێستاش ڕوخساری زۆریانم هەر لەبەر چاوە. تێگەیشتن لە مامەی ئەوکات بۆ من دژوار بوو. بۆ منی ئەوکات منداڵ لە لایەک زۆر خۆش بوو کە سەختگیریی دایکم بە ڕادەی جاران نەماوە چوونکە وەختی نەبوو، لە لایەک ئەم دەورە و زەمانە کەس بە باشی منداڵەکانی ماڵێی تێ‌نەدەگەیاند کە چ دەگوزەرێ. من و هاوتەمەنەکانم لە ماڵێ جاروبار لە کەلێنی دەرگاڕا هەلی گوێدانی قسەکانی ئەوانمان بۆ هەڵدەکەوت ئەگەر ئاشکرا نەباین. شانسی دیتنی گەورەکانی ماڵێ لە ڕیزی یەکەمی خۆپیشاندانەکان، لە بەردەم پەنجەرە و لە هەیوانی ماڵێ‌ڕا زیاتر بوو تا نێو چوار دیواریی ماڵەوە. وێدەچوو کە مامم لەوکاتەوە ئێمەی بۆ داهاتوویەکی نادیار ئامادە دەکرد، ئاخر گەورەکانی ماڵەوە لە دەرەوە کار و چالاکییان دەکرد و ئێمەش لە ماڵەوە لە «زیندانێکی» ئازاد و گەورەدا زیندانی بووین، بە واتایەک لە بەرپەنجەرەکان‌ڕا ملاقاتی دایک و باوک، مام و ئامۆژنمان دەکرد. وێدەچوو کە مامم جێگای دەگەڵ ئێمە گۆڕیبێتەوە. ئێمەی فێری ڕاهاتن بە زیندان و تەحەمولی دووریی دایکمان دەکرد

و خۆیـان لـە دەرەوەی مـاڵ تێکۆشـانیان هەبـوو.

دەکرێ تـا ئـەم قۆناغـە واتـە تـا سـەرکەوتنی شۆڕشـی گەلانـی ئێران، مامـە جەلیـل بـەم جیاوازییـە لـە چالاکانـی دیکـەی سیاسـی بناسـمەوە و پێناسـەی بکـەم: چالاکانـی سیاسـی دوای گیـران و ئـازاد بـوون لـە زیندان یا وازیان لـە چالاکیی سیاسی دەهێنا یا دەچوونـە باشـوور و ئەورووپـا و لـە تاراوگـەڕا چالاکییەکانیـان درێـژە دەدا، بـەڵام مامـە نـە وازی لـە چالاکی دەهێنا و نـە دەچووە دەرەوەی وڵات. هـەر جارێ کـە دەگیرا و ئازاد دەبوو دیسـانەکە دەسـتی دەکردەوە بە چالاکیی سیاسـی و دیسـان دەگیـراوە. تەنانـەت کاتێـک کـە ئاخرجـار بـۆ دە سـاڵان کەوتـە زینـدان، پـاش ئازادبوونـی دیسـان وازی نەهێنـا و بـە نهێنـی و تەنانـەت لـە ئاخـر قۆناغـدا بـە ئاشـکرا دەسـتی کـردەوە بـە هـەوڵ و تێکۆشـان کـە بـوو بـە هـۆی دووبـارە زیندانـی بوونـەوەی دوای سـەرەخۆشـی و بـە خاکسـپاردنی کاک عەزیـز یووسـفی. لانیکـەم مـن نـاوی هیـچ چالاکێکـی سیاسـیی کـوردم نەبیسـتووە کـە دوای چەنـد جـار گیـران و ئازادبـوون و لەسـەر یـەک سـێزدە سـاڵ زینـدان، دووبـارە بوێـرێ بـە ئاشـکرا بێتەوە مەیـدان و وتـاری سیاسـی لـە ڕێورەسـمێکی سیاسـیدا پێشـکەش بـکا و سـوور بزانـێ ئەگـەری ئـەوەی هەیـە دیسـان تووشـی زینـدان بێتـەوە.

### ناسینی مامە و کاریگەریی لە سەر من

قۆناغـی سـەرکەوتنی شـۆڕش و ئاشـکرا بوونـەوەی خەباتـی حیزبـی دێموکـرات و هێـزە سیاسـییەکانی دیکـەی کوردسـتان و بوونـی هێمنـی و ئارامـی لـە کوردسـتان، بەداخـەوە درێژخایـەن نەبـوو. کۆمـاری ئیسـلامی و دوژمنانـی گەلەکەمـان کەوتنـە پیلانگێـڕان و تەنانـەت هێرشـی نیزامـی بـۆ سـەر کوردسـتان. هـەر لێرەشڕا ژیانـی خەڵـک بـە گشـتی و بنەماڵـەی ئێمـەش بـە تایبەتـی ڕەوتـی ئاسـایی و ئارامیـی پێشـووی نەمـا.

لەکەس شاراوە نییە کە گوازتنەوەی تێکۆشان و خەبات لە شارەوە بۆ شاخ  ئالوگۆڕێکی زۆری لە ژیانی ڕۆژانەدا پێکهێنا، بەتایبەت کە وەک خەباتکار و بنەماڵەی شۆڕش ئەرک و بەڕێوەبردن و ئیدارەی ژیان ڕەنگ و ڕوخسارێکی تایبەتی بە خۆوە دەگرت.  گونداوگوند ڕۆیشتن، ماڵدانان و بارکردن لێرەوە بۆ ئەویَ، بەپێی ئەرکی پێسپێردراوی کاری مامە و براکانی بوو، کە ئەوەش وای دەخواست بنەماڵەی ئێمە و مامەکان هێندێک جار جیران و لێک نیزیک بژین و جاری واش هەبووە کە بە ساڵ و مانگ یەکترمان نەدیوە. بەپێی کار و بەرپرسایەتیی جیاواز، ئەگەر مامم لە مەئموورییەتی مەنتەقەش نەبا کەمتر دەماندیت، ئێمەش وەک بەشی زۆری خەڵک لە ڕێوڕەسم و بۆنەکان  دیتوومانە و گوێمان لە قسەکانی بووە. بە یەک جیاوازی کە ئەگەر هەڵکەوتبا سەری ماڵێی دابا، یان ئێمە لە ماڵی ئەوان باین زیاتر لە دەورانی شار گرینگی پێ دەدایین. ئایا ئێمە تەمەنمان زیاتر ببوو و هەبوونی ئەومان زیاتر هەست پێ دەکرد، یان ئەو هەوڵی دەدا بزانیَ ئێمە خەریکی چین و هۆگریمان بە چ کارێک هەیە و بۆ داهاتوو دەتوانیَ چ چاوەڕوانییەکی لێمان هەبێت. بەلام ئەو گرینگی پێدانە بە هەڵکەوتانەشی هەر بۆ منداڵەکانی خۆی و برازاکانی نەبوو. بەڵکوو بۆ هەموو منداڵە هاوتەمەنەکانی ئێمە بوو.

لە بیرمە زۆر کەم تەمەن بووم کە بە کتێبخانەی مامە لە دێیەک بە ناوی  نواویَ/ نێلیَ  لە مەنتەقەی سەردەشت (نیزیک بە دۆڵی دێموکرات) ئاشنا بووم. ڕاستیتان بوێت هەر چەند جارێک کتێبخانەکەم دەدیت سامێک دەیگرتم، ئەم سامە لە بەر ئەوە بوو، کە ئەگەر مامە بڵیَ کتێبێک بخوێنەوە بڵێی بتوانم دەرەقەتی خوێندنەوەی کتێبەکانی کتێبخانەکەی بێم! ئاخر ئەوکات من پێموابوو کە کتێب منداڵ و گەورە ناناسیَ. پێموابوو کە تۆ فارسیت زانی

(نەک کوردی!) ئەوکات هەرچی بۆیان هەڵبژاردی و پێیان گوتی دەبێ بیخوێنییەوە. ناوی هێندێک کتێبی کتێبخانەی مامم لە دایکم بیستبوو، وەک «ئەسیری فرشتەوەش» و «بی خانمان». زۆر جار بە دوای ئەواندا دەگەڕام، بەڵام هەر زۆر زوو هەستم پێکرد کە زۆر زوویە بۆ منی سەربزێو و بزۆزی ئەوکات کە کتێب بخوێنمەوە، ئەم خۆ دزینەوەیەم تەقریبەن ٥ ساڵ درێژ بۆوە تا دیسان میوانی کتێبخانەی مامە بوومەوە. ئەو جارەیان بە تەشویقی مامە و لێپرسینەوەی ئەو لە گەورەدێ یەکەم هەنگاوەکانم بۆ ئاشنا بوون بە کتێب و کتێبخانە بە ئەسپایی و لە ژێر چاوەدێریی ئەودا هەڵێنانەوە. لە هەڵبژاردنی کتێبیشدا بەپێی تەمەنمان هەوڵی ئەوەی دەدا تێمانبگەیەنێ کە کتێب هەم باشترین هاوڕێی ژیانە و هەم تاقە ڕێگای فێربوون و خۆپێگەیاندن. لای ئەو وەختم نەبووە و کارم هەبووە پاساو هێنانەوە بوو و خۆ دزینەوە. لە بیرمە بۆخۆی کە زۆربەی کاتەکان گوێی بۆ هەواڵەکانی ڕادیۆ ڕادەگرت سەرەڕای تەمەنی کەمی ئێمە هەوڵی دەدا گوێ لە هەواڵەکانی بی بی سی و ڕادیۆ ئیسرائیل ڕاگرین. خۆش ئەوە بوو کە دوای گوێدانیش ئەوەندە بە زمانێکی خۆش و سادە بۆی شی دەکردینەوە و قسەی لەسەر دەکرد کە ئەگەر لە تەحلیل و تەفسیریشی حاڵی نەباین هەر خۆش بوو کە گوێی بۆ ڕاگرین و شێوەی کار کردن و ڕوانین و لێکدانەوەی ئەو ئاشنا بین. جاری واش بوو پێمان خۆش بوو کە زوو نانەکە بخۆین و وەختی گەڕانەوەی قوتابخانە بێت، نەکا مامە پرسیارێک لەسەر ئەخبارەکە بکا بۆ ئەوەی بزانی ئەری هیچ گوێمان لە ڕادیۆ ڕاگرتوە یان نا، بەڵام دەرباز بوون و خۆ دزینەوە لە کتێب خوێندنەوەی کتێبخانەی مامە لە گەورەدێ ئاسان نەبوو. گەورەدێ بوو بە شوێنی دەستپێک بۆ هۆگریی من بە کاری حیزبی و فێربوونی نەزم و دیسیپلین و

شێوەی هەڵسووڕانی جیاواز و خۆدارشتن بۆ ئەو ڕۆژانەی ئێستام. هەر بۆیەش لەو کاتەوە تا لە ژیاندا بم، هەست بە بەرپرسایەتی و پێزانین دەکەم لە ئاست مامەدا و بە پێویستی دەزانم  کە بە ئەمەگناسییەوە باسی سێ خاڵی جەوهەری و بنەڕەتی بکەم کە لە مامەڕا فێریان بووم. ئەویش کوردایەتی، دیموکرات بوون و بە پرەنسیپبوون.

یەکەم کاریگەریی ڕاستەوخۆی مامە کە ناڕاستەوخۆ لە لایەن دایک و بابمەوە پێمگەیشت پێناسەی کوردایەتی بوو. مامە بۆ من بەرامبەر بوو بە کوردپەروەر، نەتەوە خۆشەویست و نموونەی کوردێکی شۆڕشگێڕ. ئەو وەک ئینسانێکی ئەفسانەیی بوو کە خۆم قەتم نەدیبێت و بۆیان باس کردبم، وەک پاڵەوانێکی ئەفسانەیی وابوو کە لە لاپەڕەی کتێبەکانی مێژوودا ناوی هاتبێت. لەم ساڵانەی کۆتایی ژیانیدا کە شانازیی ئەوەم هەبوو زیاتر لە جاران دەخزمەتیدا بم، کە چاوم لێ دەکرد، مێژوویەکی دەوڵەمەندم هەست پێ دەکرد کە کەمتر نەتەوەیەک مێژووی زیندووی وایان هەیە، بەسەرهات و مێژووی ڕۆژانەی هەموو ماوەی ژیانی خۆی لاپەڕە بە لاپەڕە لا بوو، ئەویش نەک تەنیا ڕووداوی خێزانی و کۆمەڵایەتیی نێو شار و مەڵبەندەکەی،  بەڵکوو مێژووی جووڵانەوە و هەستان و تێکشکان و هەڵسووڕانی حیزبەکە و نەتەوەکەشی. بۆ من قاموسێکی پڕ لە وشە نەبیستراوەکانی نەتەوەیەک بوو کە بەداخەوە نەمانتوانی ئەو جۆرەی پێویست بوو کەڵک لە مێژووە زیندووە و قامووسە لەبننەهاتووەی وشە و وێژەیە وەربگرین. مامە کوردێکی بە ورە و بە وزە و هیوادار بە داهاتووی میللەتەکەی بوو، هەر بۆیەش بۆخۆشی گورج و گۆڵ و دایم لە سەرپێ بوو. وێڕای هەڵکشانی تەمەنیش بە مێشک و دڵ هەروەک تازە لاوێک بە ئومێدەوە درێژەدەری ڕێگای کۆماری

کوردستان بوو. ئامۆژگاری لەو چەند ساڵانەی دواییدا بۆ من ئەوە بووە کە:

لە نێو حیزب و تەشکیلاتدا حیزبی و کورد بە، لە دەرەوەی حیزب و کار و مەئموورییەتدا هەوڵ بدە کورد بی و جا دوایە حیزبی. لە دنیای دەرەوەدا کوردبوون و پشتیوانی لە هاواری کپکراوی میللەتەکەت بۆ سەربەستی وەکوو ئەرک بزانە و دڵنیا بە ئەوکاتە کە ئەرکە حیزبییەکانیشت باشتر بۆ بەڕێوە دەچن. ئەمە بۆ من نیشاندەری ئەوە بوو کە ئەو هەر تەنیا حیزبی نەبوو بەڵکو سەلماندی کە بۆ ئەو نەتەوەکەی لە سەرووی هەموو شتێکە، کەواتە «دۆستان» ڕاستیان دەفەرموو کە دەیانگوت کاک جەلیل کوردایەتی دەکا لە نێو حیزبدا نەک حیزبایەتی.

دووهەم سفەت یان پێناسەی مامە لای من دێموکرات بوونی بوو. ڕەنگ بێت بۆ زۆر لە دۆستان و ناسیاوان و زۆربەی تێکۆشەرانی خۆیی و بێگانە کوردبوونی مامە ڕوون و ئاشکرا بێت، بەڵام دێموکرات بوونی بەو ئەندازە دەنگی نەدابێتەوە! دەگەڵ ئەوەی دڵگرانیم لە هیندێک ڕووداوی نەخوازراوی بنەماڵەیی هەبووە کە مامە بووەتە هۆکار و لەکاتی خۆی لە ژێر کاریگەریی ئەودا ڕووی داوە، بەڵام تا ئێستاشی دەگەڵ بێت لە مامم دێموکراتترم لە بنەماڵەی خۆماندا نەدیوە و لە دەرەوەی بنەماڵەش لە بازنەی ناسیاوانمدا تا ئێستا کەسێک بە ڕادەی ئەو دێموکراتم بەدی نەکردووە. ئێمەش وەک بنەماڵە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی کوردەواری بووین کە زۆر شت بە ناحەق دەنێویاندا تابۆ بووە و تابۆیە. زۆر کردار کە لە وڵاتانی سەربەست و پێشکەوتوو ئاسایییە، ئێستاش لای ئێمەی کورد بە کرداری نەشیاو دادەندرێ، ئێستاش زۆرن ئەو بنەماڵانەی کە جیاوازی بەینی کوڕ و کچ دادەنێن، ئێستاش زۆرن ئەو بنەماڵانەی کە سوننەتی دەگەڵ یەک

دەجووڵێنەوە، ئەگەر گەورەی ماڵێ بڕیاری دا باقی ئەندامانی بنەماڵە خۆش یان ناخۆش دەبێ مل بۆ ئەو بڕیارە ڕاکێشن، بەڵام نەمدی جارێک مامم پێش ڕووداوەکان بکەوێ و بەبێ ئەوە بپرسێتەوە و ڕاوێژ بکا بڕیار بدا. هەموو مرۆڤێک تووشی هەڵە دەبێ و ڕەنگ بێت پێویستی بە ئامۆژگاری و تەنانەت سزادانیش هەبێت، بەڵام مامە ئەم کارەی قەت بەبێ لێپرسینەوە و لێک تێگەیشتن نەدەکرد. بە گشتی خوو و ڕەوشتی مامم کاریگەریی لە سەر هەموو بنەماڵەی دانابوو. هێندێک شت ئەگەر بە دڵی ئەندامانی دیکەی بنەماڵەش نەبا، ئەگەر دیموکرات بوونیان بە خۆڕانانیش دانابا لەژێر کارتێکەریی ئەو دێموکرات بوونەی مامە لە بڕیارەکەی خۆیان پاشگەز دەبوونەوە. لە هەڵپەڕین و ڕەشبەڵەک، لە میوانداری کردن و کۆڕ کۆبوونەوەکانی بنەماڵەیی و دۆستانەدا، هەڵسوکەوتی بنەماڵەی خۆمانم بە بەراورد کردن دەگەل ئەوانی دیکە جیاواز دەهاتە بەرچاو. هەڵبژاردنی ڕشتەی خوێندن و کاری حیزبی کە سەردەمانێک ڕوخساری ژنانە و پیاوانەی بە خۆوە گرتبوو لە بنەماڵەی ئێمەدا ڕێگەپێدراو نەبوو. مەجلیسی لێکدابڕاوی ژنان و پیاوان لە لای ئێمە باو نەبووە. من هیچ کات هەستم بەوە نەکردووە کە منی کچ لە بنەماڵەدا جیاوازیم دەگەل ئامۆزا کوڕەکان یان براکانم هەیە... بێگومان هەمووی ئەوانە، لەژێر کاریگەریی بیروبۆچوون و هەڵسوکەوتەکانی مامم لەسەر براکانی و دایکم و ئامۆژنەکانم دەزانم کە لە پەروەردەی جیلی مندا لە ناو شۆڕش خۆی نواندووە. هەر لە سەر ئەو بنەمایەش شانازی بە دێموکرات بوونی مامم و بنەماڵە دەکەم و تا هەتایە قەدرزان و منەتباری ئەوانم کە ئەو پەروەردەیان نەسیبی من و خزمانم کردووە کە بێگومان لە سایەی سەری کاری سیاسی و حیزبیی مامە جەلیلم و براکانی بووە.

**مامە و من و حیزبایەتی**

یەکێکی دیکە لە ئاکار و هەڵسوکەوتەکانی ئەرێنیی مامە جەلیل کە بێگومان شوێندانەری لەسەر من هەبووە و دەکرێ بڵێم هاندەرێک بووە بۆ کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی من لە نێو حیزبی دێموکراتدا، شێوەی کار کردن و لە خۆبوردوویی و هەڵسوکەوتی ئەو بوو. لە تەمەنی ١٨ ساڵی و لە کاتێکدا کە مامم سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ و کاک فەتاحی کاویان بەرپرسی ڕادیۆ و ئینتشارات و هاوکات مامۆستای زمانی ئینگلیسیم بوو، گوتم پێم خۆشە تایپ کردن فێر بم و لە ئینتشارات کار بکەم. هاوکات بۆ ماوەیەکی زۆر کورت وێڕای نیشتمانی خوشکم دەستم بە وێژەریی ڕادیۆ کرد. ڕۆژێکیان هاتە کۆبوونەوەی ڕادیۆ و ئینتشارات و لەوێ قەرار بوو من و چەند نەفەرێک کە دەورانی تاقیکاریمان تەواو کردبوو، بە ڕەسمی دابمەزرێین. کە باس لە حەقی ئەندامەتی کرا و مانگانە وەک پێشمەرگە چەندمان یارمەتی دەبێ، مام گوتی کە نیشتمان و کوێستان ئەندامەتیی خۆیان دەدەن و مانگانەش هیچ وەرناگرن و ئیفتخاری کار دەکەن. ڕاستیتان بوێت نەمدەزانی ئیفتخاری کار دەکەن مانای چییە تا گەیشتمەوە ماڵێ و لە بابم پرسی وبۆی ڕوون کردمەوە. زانیم کە ئەگەر حیزبایەتی بکەم و کار وەرگرم دەبێ حیزبایەتی و کارکردنیشم لە هاوتەمەنەکان و هاودەورەکانی خۆم جیاواز بێت. دەبێ بڵێم بۆ ئەوکاتی ئێمە مانگانە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سەر ژیانمان نەبوو، بۆیە زۆرمان بیر لێ نەکردەوە. دیارە دوای ماوەیەک کارم گوێزرایەوە بۆ دەبیرخانە و کادری پلە ٤ بووم، هاوکات تازەش ژیانی هاوبەشم پێکهێنابوو. پێموایە زگیان پێم سووتابوو، دیتم بانگیان کردم و مانگانەیان بۆ دیاری کردم. دوایە بیستمەوە مامم پێی ناخۆش ببوو، گوتبووی

دەبوو ئەو مانگانەی ئەو بدەن بەو پێشمەرگانەی کە زیاتریان پێویستە. دڵسۆزیی مامم هەرچەند لە هەلومەرجی ئەوکاتدا بۆ من ناخۆش بوو، بەڵام لە قۆناغەکانی دواییدا وانە و ئەزموونێکی زۆری لێ فێربووم.

دوای دەست بەکار کردنم لە دەبیرخانە، لێپرسینەوەی ڕۆژانەی مامە هەر بەشی بایگانی، تایپ و ئەرشیڤی دەبیرخانەی نەدەگرتەوە! بەڵکوو چ کتێبێکت خوێندووەتەوە و نەتیجەی چ بوو؟ بە چییەوە مەشغووڵی؟ گوێت لە هەواڵەکان ڕاگرت یان نا؟ دەبوو وەڵامم بۆیان هەبێ. سەرەڕای ئەوانەش پێی وابوو کە دەبێ یارمەتیی بەشی ڕادیۆش بکەم و لە کاتی بێکاریدا بۆڵتێنی خەبەریش دابەزێنم. جاری وابوو هاوکات دەگەڵ ئەوەی تەشویقی دەکردی بەڵام لە کاریشی بێزار دەکردی. بۆیە دەگەڵ ئەوەی مەوداکەی کەم بوو، نازانم ئەگەر بەرەوە هەندەران نەهاتبام چەندەم بەرگەی لێپرسینەوە و کۆبوونەوەکانی مامە جەلیل دەگرت!؟ سەرەڕای هەموو ئەوانە تا ئیستاش، یەکێک لە دڵسۆزترین، باشترین، بە دیسیپلینترین و تەشکیلاتیترین بەرپرس بووە کە کارم دەگەڵ کردوە. لە لای کاک جەلیلی بەرپرس، کارێک کە دەکرا ئەورۆ کرابا نەدەبوو بە هیچ شێوەیەک بکەوێتەوە سبەی. هەروەک چۆن ئەگەر بڕیاری بە کۆمەڵ و ناوەندی بڕیاردان پێویست با، هەڵوێستی بەپەلەی نەدەگرت و هەموو ئەندامانی بڕیاردەر دەبوو کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکان هەبوایە. کاری بەکۆمەڵ، تێگەیشتنی هاوکار، خوێندنەوەی هاوڕێ لە پلەی ڕێکخراوەیی جیاواز و لێپرسینەوەیان، دایم لەسەر خەت بوونی، هەستیاری و کار بۆ چارەسەری کێشەکان، وایان کردبوو کە تەشکیلاتێکی ڕێکوپێک و یەکگرتوو پێک بێت و ئێمە تازە پێگەیشتووەکان لەو ئەزموون و شێوەکارانە فێر بین و ئەگەر

توانای کار کردنی وەک ئەوانیشمان نەبێت لانیکەم ڕەچاوی ئوسوول و پرەنسیپە تەشکیلاتییەکان بکەین.

جێگای خۆیەتی کە لەو بەشەدا ئاماژە بە جیاوازییەکی دیکەی کاک جەلیل دەگەڵ هێندێک لە هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی بکەم. کاک جەلیل بە کردەوە و لە چەند قۆناغی جیاوازدا نیشانیدا کە پلە و پایەی ڕێکخراوەیی و بەرپرسایەتیی هیچ شوێندانەریی لەسەر دڵسۆزی و هەوڵ و تێکۆشانی حیزبی ئەو نابێ. یەکەم کاتێک کە سکرتێری حیزبی دێموکرات-ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بوو لە باسێکی نێوخۆییدا بە بڕیارێکی پلێنۆم پۆستی سکرتێریی بەجێهێشت و زۆر ئاسایی لە پلەیەکی دیکەدا شێلگیرتر و هەڵسووڕوتر لە پێشوو وەکوو جێگری سکرتێر درێژەی بە تێکۆشانی خۆی دا. دواتر لە کاتی یەکگرتنەوەدا لە پێناو پاراستنی تەبایی ویەکریزی حیزب، لە کۆنگرەی ١١ دا وازی لە پۆستی جێگر سکرتێریش هێنا و وەکوو ئەندامی دەفتەر سیاسی لە کاروتێکۆشانی بەردەوام بوو. لە دوای کۆنگرەی ١٢ دەگەڵ ئەوەی کە وەکوو ئەندامی دەفتەر سیاسییش هەڵنەبژێردرا بەڵام دیسان وەکوو ئەندامی کۆمیتە ناوەندی درێژەی بە کار و چالاکیی خۆی دا. لە هەموو ئەوانە گرینگتر، لە کۆنگرەی ١٣ی حیزب یەکەم کەس بوو کە بەپێی بڕیاری خانەنشینی ئامادە بوو نەک خۆی بۆ کۆمیتە ناوەندی کاندید نەکا، بەڵکوو ١٦ ساڵ دوای ئەو ڕێکەوتەش تا حەوتوویەک بەر لە کۆچی دوایی، دڵسۆزانە و ماندوویی نەناسانە لە هەوڵ و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە سەربەستی و ڕزگاری گەلە ژێر دەستەکەی و وەدیهاتنی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان هەر بەردەوام بوو. هەر چەند شێوەی کار و هەلومەرجی ژیانی ئەوکاتی کاک جەلیلی مام دەگەڵ ئێستا زۆر جیاوازە، بەڵام بەو قەناعەتە گەیشتووم کە پاراستنی ئوسوول و پرەنسیپی تەشکیلاتیی

حیزبێک لە هەموو کات و زەمانێک و لە هەر پلە و پایەیەکدا ئەرک و پێویستییەکی بێ ئەملا و ئەولایە، هەر بەو پێیەش هەتا نموونەی کەسایەتییەکانی وەک کاک جەلیلی کوردپەروەر و دێموکرات بەرپرس بن، کورد بوون و کوردایەتی هەر شانازی دەبێت و بزووتنەوەی حەقخوازانەشمان بەرەو سەرکەوتن هەر بەردەوام.

**نوختە وەرچەرخانی پێوەندیی من و مامە جەلیل**

دوورەوڵاتی، ژیانی نامۆ و پڕ لە دڵەڕاوکێی هەندەران و خوێندن، دیسان کەلێنی خستە نێوان پەیوەندیی ڕۆژانەی من و مامم. بەڵام ئەوجارەیان نە بە شێوەی دەورانی شار و منداڵیم و نە وەکوو سەردەمی شاخ و شۆڕش. بەڵکو ئەمجارە بە مەودا دوور و بە دڵ و هزر و بیر لێک نیزیک. ئێستا منیش ئەندامێکی حیزبم لە تاراوگە و کەم یان زۆر ئاگام لە چالاکیی حیزب و تێکۆشانی مامە جەلیل بە تایبەتی لە سەفەرەکان و مەئموورییەتەکانی بۆ دەرەوەی وڵاتدا هەیە. ڕاستە پێوەندی تەلەفوونی وەک ئێستا ئاسایی و ئاسان نەبوو و ڕێگای سەفەریش بۆ من بەو هەلومەرجی ژیانەی ئەوکات و جێگەوپێگەی ئەو سەردەمی من دەبنەماڵەدا زۆر کراوە نەبوو. بەڵام ئەوانە نەبوونە ڕێگر بۆ ئەوەی وەکوو سەردەمانی شار و منداڵیم بێ پێوەندی بین. بەڵام دوای کۆچی دوایی بابم لەساڵی ٢٠٠٨، کاتێک کە مامە جەلیلم برا، هاوڕاز، هاوکار و دەکرێ بڵێم نیزیکترین ڕەفیق، و منیش ئازیزترین هاوڕێ و بەهێزترین پشت و پەنام لەدەست دا، خەمێکی هاوبەشی پڕ لە ژان من و مامەی زۆر لە دەورانی شاخ کە خۆشم لە کوردستان دەژیام لێک نیزیکتر کردەوە. ئەگەر ڕاستیتان بوێت کاریگەریی ڕاستەقینەی مامە جەلیل لەسەر من لەو کاتوساتەڕا زیاتر و ڕاستەوخۆتر دەرکەوت. ئەو هەوڵی

دەدا ئەوجار وەکوو مام تەنانەت ئەگەر بکرێ وەکوو باب دەرکەوێ نەک بەرپرسی حیزبی و منیش کەلێنی بێ بابیم بە بوونی ئەو پڕ دەکردەوە. لەو کاتەڕا زیاتر لە جاران ڕەوشت و خووخدە بێگەرد و ئینسانییەکانی مامم ناسین. زیاتر هەستم پێ کرد کە مامم مامۆستای پاکی لە ئەخلاق وکردار و نموونەی ڕەوشت بەرزی لە تێکۆشان و خەباتدایە، هەروەها کەسێکی بە ئەزموون کە زۆر جار منی لە زۆر بڕیاری بەپەلە هەستیار کردووەتەوە. گەورەترین ئامۆژگاریی ئەوە بووە کە هەمیشە و بەر لە هەموو شتێک بیر لە بەرژەوەندی گەل و حیزب بکەوە و پاشان بڕیار بدە. ئەگەر بڕیاریشت دا لەسەر بڕیاری خۆت سوور بە. هەر بەو پێیە شانازیی گەورەی ژیانم ئەوەیە کە مامم سەربەرز بوو بە حیزبی بوون و دێموکرات بوون و نەتەوە خۆشەویستیی من. بۆیەش زۆرجار نووسیومە و دەڵێم گەورەترین ئەرک لە ژیانمدا بەجێگەیاندنی ڕاسپاردە و چاوەڕوانییەکانی دایکم، بابم و مامە جەلیلە. هیوادارم بتوانم لە ئاست هێنانەدیی چاوەڕوانییەکانی ئەوان کە بووەتە ئەرک و هاوکات خولیا و ویستی خۆشم سەربڵیند بێمە دەر. دەزانم خواست و چاوەڕوانیی مامم ئەوە بووە کە هەروەک خۆی بە کردەوەش نیشانی دا کە ٧٥ سال درێژەدەری ڕێگای پیرۆزی پێشەوای نەمر و بیروباوەڕە پتەوەکەی بوو، منیش ئەم ڕێگایە درێژە بدەم. ئاواتەخوازم کە ئیمان بە بیروباوەڕی پۆڵایینی ئەو بتوانێ هاندەر و پاڵپشتم بێ بۆ خۆڕاگری و پشوودرێژی لە خەباتدا و منیش یەکێک بم لە ئەو تێکۆشەرانەی کە ڕێبازی پیرۆزی درێژە بدەم.

لە کۆتاییدا وێڕای دەربڕینی هاوخەمی خۆم دەگەڵ میللەتە ئەمەگناسەکەم کە لە ڕۆژانی دوای کۆچی مامەی خۆیان نیشانیان دا کە قەدرزانی تێکۆشان و ماندووبوون و کۆڵنەدانی خەباتکارانی

خۆیانن، هەروەها پەیمان نوێکردنەوە دەگەڵ هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی مامە لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا بۆ درێژەدانی ڕێگای خەباتی، دەڵێم:

ماڵاوا مامی کوردان و قوتابییە ئەمەگناسەکەی کۆماری کوردستان، چ شانازییەکە بۆ من کە هەڵگری پاشناوی تۆ و برا تێکۆشەرەکانتم، یاد و ناوتان پیرۆز بێت و هیوادارم من میراتگرێکی شایان و بەوەفای ئەو ناوە بم.

# بنەما فکرییەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کاک جەلیل گادانی

■ مەنسوور مروەتی

کاتێک لیژنەی ئامادەکاریی کتێبی ڕێزگرتن لە خەبات و ژیانی بەبەهرەی نەمر جەلیل گادانی ڕایسپاردم لە نووسینێکدا باسێک لە بنەما فکرییەکانی ژیانی سیاسیی کاک جەلیل بکەم. ئەم کارەم هەم پێ شانازی بوو، هەمیش بە کارێکی زۆر قورسم نەزانی، چونکە ژیانی سیاسیی کاک جەلیل ئەوەندە ڕوون و شەفاف و بێ گرێوگۆڵە و، کارنامەی تێکۆشانیی سیاسیی و خەباتی نەتەوەییەکەی هێندە بە بەرهەمە، کە ئەوەی کەمترین ماوە لەگەڵ کاک جەلیل هاوخەبات

بووبێ؛ دەتوانێ بە ئاسانی باس لە بنەما فکرییەکانی نەمر کاک جەلیل بکا.

کاک جەلیل یەکێک لەو دەگمەن کەسانە بوو کە دەورانی تازەلاویی لە کۆماری کوردستاندا دەستی پێکرد و هەموو خۆشیی ئەو دەورانەی ئەوە بوو کە ئەوکات لە قوتابخانە وەکوو قوتابییەکی زیرەک دیاریی لە دەستی پێشەوا قازی محەممەد وەرگرتووە. هاوکات دیتنی دیمەنی لە سێدارە دراوی پێشەوای، بە تاڵترین دیمەن و بیرەوەرییەکانی ژیانی ناو دەبرد کە ئەو کات لەگەڵ یەکێک لە براکانی دیبووی. وەک خۆی باسی دەکرد هەر ئەوکات کۆمەڵێک لەو لاوانەی مهاباد بەڵێن دەدەن کە ڕێبازی پێشەوا قازی بەرنەدەن و تا سەر پێی وەفادار بن و درێژە بە تێکۆشان بدەن و هەرواشیان کرد. کەواتە دەکرێ سەرەتای بیچم گرتنی بیری سیاسی لای کاک جەلیل بۆ ئەو دەورانە بگەڕێنینەوە کە جگە لە ڕێبازی کوردایەتی ناکرێ هیچ ناوێکی تری لەسەر دابنێی.

کاک جەلیل ئەو ڕێبازەی گرتە بەر و بیری کوردایەتی و خەبات بۆ وەدەسهێنانی مافەکانی نەتەوەکەی بوو بە بنەمای بیروفکر و تێکۆشانی. لەگەڵ ئەوەی کە ئاشنایەتیی لەگەڵ ڕێباز و قوتابخانە فکرییەکانی سەردەم هەبوو، بەڵام لە بەندی هیچ ئیدئۆلۆژییەکدا نەبوو و خۆی لەوانەدا قەتیس نەدەکردەوە. ئەو باوەڕی وابوو بە هەر بیروباوەڕێکەوە کە لەوانەیە مرۆڤ هەیبێ دەکرێ خەباتکارێکی ڕێگای ڕزگاری گەلەکەی بێ و بۆ ئازادی و بەختەوەریی گەلەکەی و مرۆڤایەتی تێ بکۆشێ. لەگەڵ ئەوەشدا کە خەباتکارێکی یەکسانیخواز بوو و باوەڕی بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەبوو، بەڵام هیچکات مارکسیست یان چەپێکی تۆخ نەبوو.

کاک جەلیل لەگەڵ ئەوەی لە بنەماڵەیەکی ئایینیی موسوڵمان

لەدایک ببوو، بەڵام هیچکات ڕێگای نەدەدا ئایین وەپێش هەستی نەتەوەخوازییەکەی بکەوێ و لە ڕەوتی خەباتی بزووتنەوەی کورددا ڕێزی لە هەموو ئایینەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردستان دەگرت. بۆ وێنە ڕێزێکی تایبەتیی بۆ مامۆستا ئایینیەکانی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دادەنا، بەڵام بەو حاڵەش پێی وانەبوو دەبێ تاکە ئایینی نێو کۆمەڵگەی کوردستان هەر دەبێ ئیسلام بێ. بۆ وێنە بە ڕێزەوە یادی جوولەکەکانی مهابادی دەکردەوە و زۆر جار لە گێڕانەوەی بیروەرییەکانیدا باسی ئەو ماڵە جوولەکەیەی دەکرد کە ئامادە بوون پارەیەکی زۆر بدەن هەتا پێشەوا قازی محەممەد لە لەسێدارەدان ڕزگار بکەن.

هەڵسوکەت و ڕەفتاری کاک جەلیل لە بواری کاری حیزبیدا یەکێک لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکانی ژیانی سیاسیی ئەون کە دەرخەری کەسایەتیی بەرزی بوو. کاک جەلیل بەوە ناسرابوو کە هیچکات لە گەڵ هاوڕێیەکانیدا «سیاسەت»ی نەدەکرد و نموونەی بەرچاوی تێکۆشەرێکی ئەخلاق تەوەر لە سیاسەتدا بوو. پرسە نەتەوەییەکانی کورد و بەرژەوندییەکانی بابەتێک بوو کە لای کاک جەلیل گرینگیی تایبەت بە خۆی هەبوو.

نەمر گادانی لەگەڵ ئەوەیکە خۆی کەسێکی حیزبی بوو، و لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی دیاریکراودا کاری دەکرد و ساڵانێکی زۆر لە ئاستی سەرەوەی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بوو، بەڵام هەمیشە پرسە نەتەوەییەکانی وەپێش بابەتە حیزبیەکان دەخست. کەس پێی شک نایە لە ماوەی خزمەتی دوور و درێژیدا قسەیەکی کردبێ یان بە جۆرێک هەڵوێستی گرتبێ کە لەگەڵ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورددا ناتەبایی بووبێ. دژی کێشە نێوخۆییەکانی بزووتنەوەی کوردستان بوو و ئەوەی لە دەستی هاتبا بۆ یەکڕیزی و

تەبایی ناومالّی کورد دریغی نەدەکرد. ئەم تایبەتمەندییە دلّسۆزانەیەی کاک جەلیل سنووری ڕۆژهەلاّتی کوردستانی تێپەڕاندبوو و تەنانەت لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و بەتایبەت لە باشووری کوردستان ڕۆلّی باش و بەرچاوی دەگێڕا.

کاک جەلیل لە ڕیزی ئەو دەگمەن تێکۆشەرانەیە کە لە ڕەوتی دوورودرێژ و پڕ هەوراز و نشێوی خەباتدا پشکی بەرچاوی لە هەرکام لە شێوەکانی خەبات هەیە. بۆ وێنە لە ڕەوتی خەباتی نهێنی و ڕێکخستنی نێوخۆ لە دەورانی ڕێژیمی پێشوودا چەندین جار گیرا و سەرجەم زیاتر لە سێزدە سالّ لە زینداندا مایەوە، بەلاّم لێرەشدا بەندیخانەی درێژخایەن هیچکات نەیتوانی ورەی خەباتی لێ بستێنێ. لە بەرانبەر دوژمندا بالاّی بەرزی نەچەمی و پشتی لە بنەما فکرییەکانی خۆی و ڕێبازەکەی نەکرد. زیندان بۆ کاک جەلیل بوو بە جێگایەک کە هەم هەولّی فێربوون و خۆپێگەیاندنی تێدا بدا و هەم بە ئاشنایی لە گەلّ زیندانییە سیاسیەکانی دیکەی ئێرانی زەمینەیەک بڕەخسێنێ کە لە داهاتوودا بتوانێ لەو نزیکایەتی و دۆستایەتییە بە قازانجی پرسی ڕەوای گەلەکەی کەلّک وەربگرێ. کاک جەلیل جگە لە زیندان ماوەیەکی زۆر لە لایەن ساواکەوە لە کوردستان دوور خرایەوە، بەلاّم لەو قۆناغەشدا هەدادانی نەبوو و بەردەوام لە نێوان کوردستان و تاران و شارەکانی دیکە لە هاتوچوودا بوو.

«کۆمەلّەی کوردەکانی دانیشتووی ناوەند» یەکێک لەو کارانە بوو کە کاک جەلیل بە هاوکاریی سارمەدین سادق وەزیری لە تاران دایمەزراند. بە دامەزراندنی ئەم ناوەندە کاک جەلیل لە هەولّی ئەوەدا بوو هەم کوردەکانی دانیشتووی تاران لەو ڕێکخراوەدا کۆ بکاتەوە هەم لەو ڕێگایەشەوە هەولّ بۆ ناساندنی پرسی کورد لە ناوەند بدا.

کاتێک باس لە بنەما فکرییەکانی ژیانی سیاسی کاک جەلیل دەکرێ

یەکێک لە گرینگترین بابەتەکانە کە دەبێ ئاوڕی لێ بدرێتەوە، باسی کتێب و خوێندنەوە و نووسین لە ژیانی ئەو مرۆڤە خەباتکارەدایە. وەک باس کرا کاک جەلیل تەنانەت لە زیندانیش لەو خوێندنەوە و نووسین و هاوکات فێر بوونیش غافڵ نەبوو. ئەو بە گشتی لە ژیانیدا زیاتر لە ۲۰ بەرهەمی بە نووسین و وەرگێڕانەوە پێشکەشی کتێبخانەی کوردی کرد. بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێش لەو بوارەدا خۆ ماندوو کردنی کاک جەلیل بۆ کۆکردنەوەی لاپەڕەکانی خەباتی پێشمەرگانەی ئەو هاوڕێیانەی بوو کە چ بە شێوەی نووسینی بیرەوەری یان بە شێوەی گێڕانەوە کۆی دەکردنەوە و دواتر وەکوو کتێب چاپی دەکردن. بێگومان ئەو کارەی کاک جەلیل لە بواری ئەدەبیاتی بەرگریدا خزمەتێکی بەرچاوی بە کتێبخانەی کوردی و مێژووی تێکۆشانی ئەو پۆلە پێشمەرگانە کردوە کە ڕەنگە ئەگەر ئاوا کۆ نەکرابانەوە لەبیر دەچوونە و و دەفەوتان.

لە باس کردن لە ژیانی کاک جەلیل و بنەما فکرییەکانی ئەو ناکرێ باس لە تایبەتمەندیی بەرچاوی ئەو لە باری کۆمەڵایەتییەوە نەکرێ. کاک جەلیل لەوبارەشەوە یەکێک لەو مەزنە مرۆڤانە بوو کە بە قووڵی باوەڕی بە خۆشەویستی مرۆڤەکان و ڕێزلێگرتنیان هەبوو. پێوەندیە کۆمەڵایەتیە بەربڵاوەکانی کاک جەلیلی گادانی هەروا بابەتێکی رۆتینی ژیانی ئاسایی مرۆڤەکان نەبوو، بەڵکوو هەموو ئەو پێوەندییانەی جگە لە خۆشەویستی و هۆگریی مرۆڤەکانی دەوروبەری بۆ ئەوە بوو کە لە کاتی پێویستدا گرێیەک لە کاری مرۆڤەکانی دەوروبەری بکاتەوە. دەکرێ ئەوەش بە جۆرێک لێکگرێدانی مرۆڤتەوەری واتە ئۆمانیزم لەگەڵ بیری کوردانە و کوردپەروەرانەی کاک جەلیل ناو بەرین کە بە ڕوونی بە ئاکار و کردەوەی ڕۆژانەی کاک جەلیلەوە دیار بوو و پێی دەناسرایەوە.

هەمـوو ئەوانـەی کـە بـاس کـرا تەنیـا بەشـێکی بچـووک لـە بنەمـا فکرییەکانی کاک جەلیل لـە ژیانی سیاسـی و کۆمەڵایەتیی ئـەودا بـوو کـە بـە درێژایـی ژیانـی پێکـەوەی ناوبـوو. کاک جەلیـل ئـەو مرۆڤـە خەباتـکارە دەگمەنـە بـوو کـە ئـەو بەڵێنـەی بـۆ خەبـات لـە تەمەنـی لاویـەوە دابـووی تـا کۆتایـی بـردە سـەر و ڕێبوارێکـی ڕاسـتەقینەی ڕێبـازی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان و پێشـەوای نەمـر مایـەوە.

ئەوانـەی کـە بـاس کـرا و زۆر تایبەتمەندیـی بـەرزی کاک جەلیلـی گادانی وای کردبوو کـە بـە کۆچـی دوایـی ئـەو بزووتنـەوەی سیاسـی کوردسـتان تێکۆشـەرێکی گـەورە و کۆمەڵانـی خەڵکـی کوردسـتان پشـتیوان و خەمخۆرێکـی ڕاسـتەقینەیان لـە دەسـت دا.

یادی ئازیزی بە خێر بێ.

# کاک جەلیلی گادانی،
# کەسێک بۆ هەموو وەرزەکان

فەیسەڵ ئیراندوست

بە داخ و کەسەری زۆرەوە کاک جەلیل لە هەلومەرجیکی یەکجار تایبەت و هەستیاردا بەجێی هێشتین و تێکۆشانی لە پێناوی ڕزگاریی گەلەکەیدا بە هاوڕێیانی سپارد.

کاک جەلیل کەسایەتییەکی بەرز و بێوینەی هەبوو. دلسۆز و پاک بوو. کرداری لە باوەڕی قووڵ و پتەوییەوە سەرچاوەی گرتبوو و شوێنەواری زۆری لە سەر بزووتنەوەی کوردستان داناوە. کاک جەلیل لەو ڕێبەرانە بوو کە خوی بە کردەوە لە مەیداندا بووو. هەر کات پێویست بوایە، بۆ جێبەجێکردنی کاروباری حیزب، لە شیمال تا جنوبی کوردستان و لە سەختترین هەلومەرجدا، حازر بوو.

لـە گەرمـەی شـەڕی سـێمانگە دا و ئـەو کاتـەی لـە ئاسـمان و زەوییـەوە ئاگـر و ئاسـن بـە سـەر کوردسـتان‌دا دەبـاری، کاک جەلیل لە مەهابادەوە خۆی گەیاندبووە هەورامـان و سـەرقاڵی کۆبوونـەوە و ڕێکخسـتنی کادر و کۆمیتـەکان و هێـزی شـاهۆ بـوو. ئـەوکات ئێمـە لـە دوو شـوێن، لەسـەر سنووری» سـازان» و لـە نزیک سنووری شـاری «نەوسـوود» خەریکـی بەڕێـوە بردنـی کاری سیاسـی و نیزامـی لـە ناوچـەدا بووین. شـەهید عەبدوڵڵا بارامی و نەمر سـەیدڕەزا دروودگەر و مـن لـە سـازانەوە خۆمـان گەیانـدە گونـدی «دزاوەر». کاک جەلیل لەگـەڵ سـەرهەنگ چیـا و کاک کەریمـی پوورقوبـاد و چەنـد ئەفسـەری جـەوان لـەوێ بـوون. کاک جەلیل هـەر ئـەو شـەوە لـە مزگەوتـی گونـد کۆبوونـەوەی لەگـەل کردیـن. نزیـک دوازدە - سـیزدە کادر بووین. کاک جەلیـل کۆمیتـەی شارسـتانی هەورامانـی دووبـارە ڕێـک خسـتەوە و کۆمیتـە ناوچەکانـی دەستنیشـان کـرد. کۆبونەوەکـە درێـژ بـوو و لـە ئێـوارەوە تـا بەرەبـەری بەیانیـی گـرت، بەوحاڵـەش کاک جەلیـل پـاش ئـەو کۆبوونەوەیـە لەگـەڵ بەشـی پێشـمەرگەش کۆبوونـەوەی هەبـوو.

چەنـد ڕۆژ لـە دزاوەر مانـەوە و پاشـان چووینـە شـاری نەوسـوود و کاک جەلیـل لـە مزگەوتـی شـار بـۆ خەلـک قسـەی کـرد. دوای ئـەوە گوتـی دەبـێ سـەری ناوچـەی باینگانیـش بدەیـن. ڕێگاکـە دور و پـر خەتـەر بـوو، بـەڵام کاک جەلیل پێداگریی دەکرد کـە بچین. سـەرەنجام ڕۆژی دواتـر وەڕێ کەوتیـن. هـەر ئـەو ڕوژە پێشـمەرگەکان پێگـەی ئەرتـەش و پاسـگای «دووئاو»یـان گـرت و ڕێـگای ئیمەیـان بـەرەو باینـگان نزیکتـر کـردەوە.

پـاش سـەردانی پێگـەی ڕێژیـم لـە دوئـاو، بـەرەو نزیکـی شـاری پـاوە ڕۆیشـتین. نەمان‌دەتوانـی بچینـە نێـو شـار، بـە ناچـاری بـە تەنیشـت گونـدی «نۆریـاو»دا کـە پـڕ بوولـە جـاش و پاسـدار، بـەرەو چۆمـی

«پـاوەرۆ» چوویـن، خۆمـان گەیانـدە گونـدی» دشـە» و بـۆ نەهـار لـەوێ ماینـەوە. پاشـان هـەورازی شـاخی «ئاتەشـگا»مان گرتەبـەر، بـەو دیـوی شـاخدا ڕۆیشـتینە خـوار و دوای پێنـج شـەش کاتژمێـر ڕێپێـوان، گەیشـتینە گونـدی «سـاتیاری» و لـەوێ لـە ماڵـەکان‌دا بـڵاو بوویـن. گوێمـان لـە هەواڵەکانی کاتژمێر هەشـتی ئێـوارە ڕاگرتبـوو، کـە ڕادیـۆی تـاران، پەیامـی خومەینیـی لەبـارەی بـە قەولـی خـۆی، «حەلـی مەسـەلەی برادەرانـی کـورد»ی، بـڵاو کردەوە. لـە سـەرتاسـەری ئاوایـی سـاتیاری بـوو بـە تەقـەی خۆشـی. شـەڕی سـێ مانگـە بـۆ ئێمـە، ئـەو شـەوە و لـەو گوندەدا کۆتایـی پێ‌هـات. ڕۆژی دواتـر کاک جەلیل لەسـەر گـۆڕی شـەهید مسـتەفا حوسـێنی قسـەی کـرد و پاشـان لەگـەڵ ژمارەیەکـی زۆر لـە خەڵکـی ئاوایـی سـاتیاری بـەرەو شـارۆچکەی باینگـان وەڕێ کەوتیـن.

جـاش و پاسـدارەکان کـە یەکجـار زۆریـش بـوون، باینگانیـان بەجـێ هێشـتبوو. لـە مزگـەوت کاک جەلیـل قسـەی بـۆ خەلـک کـرد و دواتـر لەگـەڵ کۆمیتـەی ناوچـەی باینـگان و فەرمانـدە و پێشـمەرگەکان کۆبوونـەوەی کـرد، ڕێنوێنیـی پێویسـتی پـێ دان و لەگـەڵ ژمارەیەکـی دیکـە لـە کادر و پێشـمەرگەکانی حیـزب بـەرەو گوندەکانـی دەوروبـەری شـاری پـاوە وەڕێ کـەوت و بـەو شـێوەیە هێـز و وزەی بەخشـییە کار و تێکۆشـانی حیـزب لـە خوارووتریـن ناوچـەی کوردسـتان، کـە کادر و پێشـمەرگەی ئێمـەی تێـدا بـوو.

دواتر کاتێک لە کلاسی کادردا، لە خڕەجۆ، کە کاک جەلیل بەڕێوەبەری بـوو، بەشـدار بـووم و بـە خزمەتـی گەیشـتم و پـاش ڕووداوەکانـی کۆنگـرەی هەشـت و لـە حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران (ڕێبەرایەتیـی شۆڕشـگێڕ)یش زۆرتـر لیـێ نزیـک بوومـەوە و شـاهیدی هەڵوێسـتە شۆڕشـگێڕانەکانی بـووم و هێندێـک لـەو هەڵوێسـتانە بـاس دەکـەم کـە بـە بـاوەڕی مـن شـوێنەواری گرینگیـان لەسـەر بزووتنـەوەی

ڕۆژهـەڵات، بەتایبـەت کوردسـتانی گـەورە بـە گشـتی هەبـووە.

بێگومـان خەڵکـی کوردسـتان خۆشـحاڵن کـە دەبینـن دوو بەشـی حیزبـی دێموکـرات و دوو بەشـی کۆمەڵـە، بـە شـێوەی فەرمـی، لـە جۆرێـک بـەرەدا کۆبوونەتـەوە. شـەڕ لەنێـوان حیـزب و کۆمەڵـەدا، زەمانێک ئـەم دەرفەتـەی لـە بەین بردبوو. هەوەڵین هەڵوێستی بەجێی حیزبـی دێموکڕاتـی کوردسـتانی ئێـران- ڕێبەرایەتیـی شۆڕشـگێڕ، بـە ڕێبەریـی کاک جەلیـل و هاوڕێیانـی، کۆتایـی هێنـان بـەم شـەڕە بـوو. لایەنی دیکەی حیزب پاش تێپەڕینی نزیک بە یەک ساڵ، ڕێککەوتنی خۆی لەگەڵ ئاگربەس ڕاگەیاند و سێبەری ئەم شەڕە ناخۆشە لەسەر خەباتـی خەڵکـی کوردسـتان وەلا چـوو.

بـۆ مێـژوو باسـی دەکـەم: مەسـەلەکە ئـاوا بـوو کـە بەڕێـز کاک حەسەن ڕەستگارم ئاگادار کردبوو کە بەتەمام چاوم بە براکەم، کە کادری کۆمەڵـە بـوو، بکـەوێ. گوتـی بزانـە بۆچوونـی کۆمەڵـە لەسـەر ڕاگەیاندنێکـی هاوبـەش لـە سـەر ئاگربـەس چۆنـە؟ سـەلاحی بـرام لـە دەبیرخانـەی کۆمەڵـە کاری دەکـرد و ئـاگاداری بۆچوونـی ڕێبەرایەتیی کۆمەڵە بوو. لەگەڵ کاک حەمەخانی مروەتی ڕۆیشتین و لە یەکێک لە مەقەرەکانی کۆمەڵـە لەگـەڵ براکـەم و چەند کادری دیکە دانیشـتین و لـە سـەر مەسـەلەکانی ڕۆژ و لەوانـە پێوەندییەکانـی نێوان حیـزب و کۆمەڵـە قسـەمان کـرد و تاڕادەیـەک لـە بۆچونـی ڕێبەریـی دۆسـتانی کۆمەڵـە تێگەیشـتین. لـە گەڕانـەوەدا لەگـەڵ کاک حەسـەن و کاک حوسـێن مەدەنـی دانیشـتین. گوتمـان کۆمەڵـە خۆپارێـزی دەکا و هێشـتا نازانـێ ئێمـە بـەرەو کـوێ دەچین و داهاتـووی ئێمـە چـۆن دەبـێ. هەربۆیـە لـەم بـارەوە نایـەوێ ئیمتیـاز بـە ئێمـە بـدا و جـارێ پەلـە نـاکا. هـەم کاک حەسـەن و هـەم کاک حوسـێن لەگـەڵ قسـەکانی کاک حەمەخـان و مـن بـوون و گوتیـان لەگـەڵ کاک جەلیـل و باقیـی هاوڕێیـان قسـە دەکەیـن

و هەر ئەمشەو ئاگربەستی یەکلایەنە لەگەڵ کۆمەڵە ڕادەگەیەنین. بەیانیی ڕۆژی دواتر ئەو کارە کرا. دۆستانی کۆمەڵە غافڵگیر بوون و بۆ کەمئەسەر کردنی ڕاگەیەندراوی حیزب، لەگەڵ هەردوو لایەنی حیزبی دێموکرات ئاگربەستیان ڕاگەیاند. لایەنی دیکەی حیزبیش، پاش نزیک بەساڵێک ئاگربەسیان لەگەڵ کۆمەڵە قبووڵ کرد و بەمجۆرە پێوەندییەکانی حیزب و کۆمەڵە پێی نایە قۆناغێکی تازەوە و بە خۆشییەوە ئەمرۆ لە نیزیکەوە، شاهیدی شوێنەوارە باشەکانی ئەو بڕیارەین.

لە دەورانی ڕێبەریی کاک جەلیلدا تەنیا پێوەندیی نیوان کۆمەڵە و ئێمە نەبوو کە سەرڕاست کرایەوە و هاتەوە قۆناغی ئاسایی خۆی، بەڵکوو ئەم پرۆسەیە زۆربەی هێز و لایەنەکانی گرتەوە. پاش دەرکردنی حیزب لە شوڕای میللیی بەرگری، پێوەندیی حیزب و ڕێکخراوی موجاهیدین زۆر خراب بوو و ڕۆژانە لە ڕاگەیەنە گشتییەکانی خۆیاندا هێرشیان دەکردە سەر یەکتر. کاک جەلیل بەپێی ڕابردوو و ئاشنایەتیی خۆی لەگەڵ ڕێبەرانی موجاهیدین، لە سەر ئاسایی کردنەوە و دۆستایەتی لەگەڵ موجاهیدین دەوری یەکەمی هەبوو. پێوەندییەکانی ئەم بەشە لە حیزب و موجاهیدین وەک ڕابردوو ئاسایی بوونەوە و هاتوچۆ لە نیوان ڕێبەرایەتیی هەردوولا دەستی پێکردەوە. لە درێژەی پێوندییەکانی حیزب وموجاهیدیندا، دواتر هێندێک ڕووداو هاتنە ئاراوە، کە کاک جەلیل و هاوڕێیانی توانییان بە قازانجی بزووتنەوەی کوردستان و تەنانەت ڕێکخراوی موجاهیدین کەلکی لێوەرگرن. پێداچوونەوە بە پێوەندیی حیزب و لایەنە ئێرانی و کوردستانییەکانیش بەشێک بوون لە هەوڵی کاک جەلیل و هاوڕێیانی، کە سەرئەنجامێکی باشیان هەبوو. ئاڵۆزییەکانی نێوان حیزب و پارتی دێموکڕات، کۆتاییان پێهات و لاپەڕەیەکی

نوێ لە نێوانیان کرایەوە. لەگەڵ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیش، پێوەندییەکان ئاسایی و تەنانەت لە جارانیش گەرمتر بوون. لەگەڵ هێزە ئێرانییەکان هاوکاری دەستی پێکردەوە و بۆ نموونە، لە هەوەڵین گەشتی سیاسی-نیزامیی ئەم بەشە لە حیزبدا، دوو تیم لە پێشمەرگەکانی چریکە فیداییەکانی گەل و ڕێکخراوی ڕاهی کارگەر، بەشدار بوون. هەر لەو سەردەمەدا زۆر لە کادر و پێشمەگە تۆراوەکان گەڕانەوە لای حیزب و زۆر ئەندام، دووبارە پێوەندییان گرتەوە.

لە کاتی ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی شارەکانی کوردستان، لەلایەن پێشمەرگەکانی بەرەی کوردستانییەوە، موجاهیدین بنکەیان لە سلێمانی هەبوو و کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دوای دەرفەتدا دەگەڕا کە ئەوانە بگرێ و بەرەو ئێرانیان بباتەوە. ئەو کارە لە باری پڕەنسیپەوە زۆر بە زەرەری بزووتنەوەی کوردستان و بەرەی کوردستانی بوو و دیارە زەبری لە وەجهەی یەکیەتی و پارتییش دەدا. لە ناوچەی کەلار، ئەو کارە لە لایەن لایەنگرانی ئێرانەوە کرابوو و دەنگدانەوەی خراپی بە دوای خۆیدا هێنا. بە دەستپێشخەریی کاک جەلیل، ئەندامانی موجاهیدین لە سلێمانی گواسترانەوە بۆ کەمپی حیزب لە دۆڵێ و سەرەڕای هەڕەشە وگوڕەشەی هێندیک خەڵک کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە هان درابون، پارێزران و دوای چەندین ڕۆژ بە یارمەتیی پێشمەرگەکانی پارتی دێموکرات، تا کەرکووک بەڕێ کران و تەحویلی ڕێکخراوی موجاهیدین درانەوە.

کەرکووک بۆ بزووتنەوەی کوردستان، شارێکی گرینگە. لەکاتی ڕاپەڕینی خەڵک و شەڕی پێشمەرگە دا، ئازاد کردنی ئەو شارە بۆ ئەو بەرەیە ئامانجێکی گەورە و ئیستیراتیژیک بوو. چەند ڕۆژ بوو کە کەرکووک دەوری گیرابوو و پێشمەرگە بەو پەڕی ئازایەتی و فیداکارییەوە، شەڕی دژی داگیرکەریان دەکرد. ئەڕتەشی عیراق

بێوره بوو، بەڵام بوونی پێگەیەکی گەورەی موجاهیدین لە نێو شار، کێشەی بۆ هێزی پێشمەگە دروست کردبوو. کاتێک بەرەی کوردستانی لەگەڵ ڕێبەریی حیزب بۆ نەهێشتنی ئەو کێشەیە پێوەندییان گرت، کاک جەلیل پەیامی بۆ بەرێز مەسعوودی ڕەجەوی، ڕێبەری موجاهیدین نارد و داوای لێ کرد ئەو پێگەیە، کە زۆریش گەوره بوو، چۆل بکەن. موجاهیدین، لە لایەکەوە زەختی دەوڵەتی عێراقیان لەسەر بوو و لە لایەکی ترەوە دەیانگوت ئەوێ گەورەترین پێگەی ئێمەیە و زۆربەی چەکوچۆڵ و ئازووقەیان لەوێیە و ناتوانن چۆلی بکەن. چەندین پەیام لە ڕێگای کاک سەرهەنگ قادرییەوە، کە بەرپرسی دەفتەری حیزب لە بەغدا بوو، لە نیوان سکرتێری گشتیی حیزب و ڕێبەریی موجاهیدین ئاڵوگۆڕ کرا و لە ئاکامدا و بە پێداگریی زۆری کاک جەلیل، موجاهیدین بەپەلە و بە بەجێهێشتنی زۆر شتومەک و پێداویستیی خۆیان، ئەو پێگەیەیان لە کەرکووک چۆل کرد و پێشمەرگەکانی بەرەی کوردستانی ئاسانتر کەرکووکیان ئازاد کرد . هەرچەند بیروڕای زلهێزەکانی بەرەی دژی سەدام حسین، ئێستاشی لەگەڵ بێ، لەگەڵ کۆنترۆلی کەرکووک لە لایەن کوردەوە نییە، بەڵام گرتنی کەرکووک بۆ چەند ڕۆژێکیش بووبێ، مانای مێژوویی خۆی هەبوو و پێشانی دا کە کورد دەست لە کەرکوک هەڵناگرێ.

هەر لە کاتی سەرکەوتنەکانی بەرەی کوردستانیدا، لە ناوچەی کەلار و کفری، شەر و تێکهەڵچوون لە نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی موجاهیدیندا رووی دا. لە هەردوولا خەسارەت هەبوو. هەر ئەو کاتیش ڕێبەریی حیزب، بە تایبەت کاک جەلیلی گادانی، لە سەر داوای بەرەی کوردستانی، هەوڵی زۆری بۆ هێور کردنەوەی وەزعەکە دا. دیسان کاک جەلیل لە پێوەندییە شەخسییەکانی خۆی

کەلکی وەرگرت و موجاهیدین ڕازی بوون لەسەر ئەو گرفتانە، دانیشتن بکەن. بۆیە کاک جەلیلی گادانی، نەک هەر بەرامبەر بە خەباتی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵات، بەڵکوو بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان بە پەرۆش بوو و لەپێناوی بەهێز کردنی بزووتنەوە و خەبات لەو بەشانەدا، چیی لە دەست هاتبا دەیکرد.

کاک جەلیل وەک زۆرجار پێشانی دابوو، کەسێکی بەباوەڕ و لە هەمان کاتدا نەترس بوو. ئەو ڕۆژەی کە زیاتر لە چل فرۆکەی شەڕکەری تورکەکان لە چەند جاردا، مەقەر و بارەگای پەکەکەیان لە دۆڵی، بومباران دەکرد، کاک جەلیل، هێشتا دەنگی فرۆکەکان دەهات کە سەردانی کردن. کاک خالید حەسەنپوور و منیش لەگەڵ کاک جەلیل ڕۆیشتین و لە حاڵێکدا هێشتا تەپ و تۆزی بۆمباران لە سەر بنکەکانیان نەڕەویبۆوە، گەیشتینە لای ئەوان و لە لایەن کاک جەمیل بایک و بەشێک لە ڕێبەرانی پەکەکەوە، پێشوازی لە کاک جەلیل و ئێمە کرا. ئەوان زۆر لەو سەردانە لەنەکاوە خۆشحاڵ بوون و بە گەرمی سوپاسیان کرد. مەبەستی کاک جەلیل لەو سەردانە، پشتیوانی لە خەبات و تێکۆشانی ئەو هاوڕێیانە و بەجێگەیاندنی ئەرک و وەزیفەی هاوخەباتی بوو.

ئەو ڕۆژەی کە کاک جەلیلی گادانی لە کۆبوونەوەی سەرکردەیەک دەگەڕایەوە، یان دیدارێکی گرینگی بەڕێوە دەبرد، ڕۆژی دواتر دەکرا لە بنکەیەکی سادەی حیزب بیبینی کە لەگەڵ کادر و پێشمەرگەکان قسە دەکا و گوێیان لێ دەگرێ، یان لەماڵێکی فەقیر و زەحمەتکیش دانیشتووە و دەردی دڵی خاوەنماڵەکە دەبیسێ.

لە ڕاستیدا کاک جەلیل لە نێو خەباتی گەلی کورددا، کەسایەتییەکی کەم وێنە و کەسی هەموو وەرزەکان بوو.

یادی بەرز و بەڕێز و ڕێگای درێژەی هەبێ.

# قوتابیی ڕاستەقینەی پێشەواکەی

**بێبەش پیرۆتی**

تایبەتمەندی‌یە بەرز و گرینگەکانن کە کەسێکی وەک محەممەدی کوڕی عەلی قازی دەکەنە ئەندامی کارای کۆمەڵەی ژ-کاف و سەرۆکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و سەرۆک کۆماری یەکەم کۆماری کوردستان و پێشەوای نەتەوەی کورد، دەیکەنە مامۆستا و خاوەنی ڕێبازێک کە ڕێبوار و قوتابییانی ئەو ڕێبازە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە ڕەوا و پیرۆزەکانیان لە هیچ فیداکارییەک خۆ نەبوێرن.

زۆر و یەکجار زۆر بوون قوتابییانی پێشەوا و ڕێبوارانی ڕێ و ڕێبازەکەی و لە ڕیزەکانیشیاندا کەسانێک هەڵکەوتن نەک هەر ڕێ و ڕێباز، بەڵکوو بەشی زۆری تایبەتمەندییەکانی پێشەواکەشیان بە خۆیانەوە گرت و لە هەمووشیان دیارتر مامە جەلیلی گادانییە.

پێشەوا جێی باوەڕ و متمانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو. مامە

جەلیل هەوڵی دا بە خەڵکخۆشەویستی و ڕێزگرتن لە تاکەکانی کۆمەڵ و دەرخستنی ڕاستی و ڕاستبێژی ئەو تایبەتمەندییەی پێشەواکەی لە خۆی گرێ و ببێتە جێی باوەڕ و متمانەی هاونیشتمانانی. پێشەوا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی هەوڵی دا ئەندامانی بنەماڵەکەی بێنێتە سەر ڕێبازەکەی خۆی و تەنانەت «سەدر» و «حەمەحوسێن خان»یش لە گەڵیدا چوونە سەر دار. «مینا» خانمی هاوسەری بۆ بوون بە ئەندام و پێکهێنەری ئەنجوومەنی ژنان هان دا. مامە جەلیل هەر وەک مامۆستاکەی بەشی زۆری نیزیک بەتەواوی ئەندامانی بنەماڵەکەی بۆ سەر ڕێبازەکەی ڕاکێشان، «دلشاد» و «مۆحسێن»ی برازای شەهید بوون و دوو برای «خەلیل» و « محەممەد» تا دوا هەناسەی ژیان لە سەنگەر و مەیدانی خەبات و تێکۆشاندا مانەوە و ئەندامانی خێزانی خۆی و براکانی هەر لە پێناو ڕزگاریی کورد و کوردستاندا ئاوارە و پەڕیوەی هەندەران بوون.

پێشەوا لە پێناو گەشەپێدان و گرینگیدان بە ئەدەب و وێژەی کوردی ناسناوی شاعیری میللی بە مامۆستایان هەژار و هێمن دا، مامە جەلیل لە سەرانسەری ماوەی ژیان و خەباتیدا لە پشتگیری کردن و هاندانی شاعیران و ئەدیبان و نووسەرانی کورد نەوەستا. بەشداری کردن لە کۆبوونەوەی ئەدیبان و کۆڕی شاعیران، هەوڵدان بۆ پێکهێنانی کۆڕی ئەدەبیی ئازاد، چاپ و بڵاو کردنەوەی شێعری « کوردستانی خوێناوی»ی ئازا سەکری و هەوڵدان بو چاپ و بڵاو کردنەوەی دیوانی شاعیران و بەرهەمی ئەدیبان سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن.

پێشەوا، بۆوەی منداڵانی کورد بە زمانی زگماکی خۆیان دەرس بخوێنن قوتابخانەی کوردی دامەزراند و کتێبی کوردی بە چاپ گەیاندن، مامە جەلیل لە دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧ ی گەلانی ئێرانەوە

وەک یار و یاوەری مامۆستایانی شۆڕش و قوتابیانی قوتابخانەکانی شۆڕش ناسراو ئەوەندەی بۆی کرا و لە دەستی هات هانی دان و هاوکاریی کردن.

پێشەوا کوردەکانی هەر چوارپارچەی بە کوردی یەک کوردستان دەزانی و بە تایبەت لە یازدە مانگەی سەرۆک کۆمارییەکەیدا ئەو ڕاستیەی بە کردەوە سەلماند. مامە جەلیل ئەو تایبەتمەندیەشی لە مامۆستاکەی بە باشی وەرگرتبوو، کوردی هەر چوار پارچەی نیشتمانمان بە تایبەت سەرکردە سیاسییەکان ئەو تایبەتمەندییەیان بە باشی بۆ دەرکەوتبوو هەر بۆیە مامە جەلیل لەلایان خاوەنی ڕێز و حورمەتێکی تایبەتی بوو.

پێشەوا هاوپەیمانی و دۆستایەتی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی غەیرە کوردی بەلاوە گرینگ بوو و بۆ ئەو هاوپێوەندیەش هەوڵی دا، مامە جەلیل لە نێو ڕیزەکانی حیزبەکەیدا وەک سەرکردەیەکی سیاسی و خاوەن ئەزموون هەوڵی دا نیازپاکی و دۆستایەتیی نەتەوەکەی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە و دۆستانی کورد بە کردەوە بسەلمێنێ و ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی کە لە نێو حیزب و ڕێکخراوە ڕزگاریخوازەکانی ئێرانی و ناوچەییدا ببێتە کەسێکی خاوەن ڕێز و ئێعتبار. پێشەوا حورمەتی هاوڕێ و هاوکارەکانی خۆی دەگرت و لە پۆز و ئیفادە بە دوور بوو، مامە جەلیل لە هەر شوێنێک و مەئموورییەتێک و سەردانێک با بە جۆرێک ڕێز و حورمەتی هاوڕێ و هاوسەفەرەکانی دەگرت کە شانازییان بە خۆیانەوە دەکرد هاوڕێی ئەو کەسە ناسراو و بێ ئیفادە و باوەڕپێکراوەن.

پێشەوا لە وەسیەتنامەکەیدا بانگی یەکبوون و یەکگرتنی ڕۆڵەکای کورد دەدا، مامە جەلیل هەمووکات بۆ ئەو یەکبوون و یەکگرتنە هەوڵی دەدا، لە کاتی شەڕی براکوژی هاونیشتمانانی باشوورییمان و

لە کاتی ناکۆکییەکانی نێو ڕیزەکانی حیزبەکەی خۆی و ڕێکخراوەکانی دیکە کوردستاندا ئەو باوەڕ و هەڵوێستەی بە زەقی دیار بوو.

پێشەوا خوشک و براکانی لە پێناو مانی خۆیدا بەجێ نەهێشت و سەربەرزانە بە پێشوازیی مەرگی پڕ لە شانازییەوە چوو، مامە جلیل لە دوایین وتووێژیدا دەڵێ ناتوانم هاوڕێ و هاوسەنگەران لە کوردستان بە جێ بهێڵم و لە ئوڕووپا نیشتەجێ بم. هەر لە نێو ڕیزی هاوسەنگەرایشدا دوایین هەناسەی ژیانی پڕ لە شانازیی هەڵکێشا و وەک داوای خۆی بوو لە گۆڕستانی شەهیدان بە ئامێزی دایکی نیشتمان سپێردرا.

پێشەوا تا دوایین ساتەکانی ژیانی بە ئامانجە پیرۆزەکانی، بە کورد و کوردستانەکەی وەفادار ما. مامە جەلیل تا ما حەسانەوەی بە خۆیەوە نەدیت، وچانی نەدا، بەچۆکدا نەهات و نەبەزی و بە ڕێبازی پێشەواکەی وەفادار ما.

ئەوە بەشێک لەو تایبەتمەندیانە بوون کە سەرۆک کۆماری شەهیدمان پێشەوا قازی مەحمەد هەیبوون و قوتابیە وەفادارەکەی، مامە جەلیلی گادانیش بە خۆیەوە گرتبوونی و خاوەنیان بوو

سڵاو لە پێشەوا و لە قوتابیە ڕاستەقینەکەی.

# بۆ ئاشقێکی شەیدای نیشتمان!

■ هاشم ڕۆستەمی

ڕۆژ دوازدە، مانگ دوازدە و ساڵ هەزار و سێسەد و دوازدەیە! هێشتا خێوی سپیی زستان بە تەواوی بارگەوبنەی تێکەوە نەپێچابوو، شەختە و سەرما گوشاری خۆی لەسەر شار و گوندەکانی نیشتیمان کەم نەکردبوو کە لە گەڕەکی «قووڵەقەبران»ی شارە جوان و دڵگیرەکەی مەهاباد لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی ئەو سەردەمدا، کۆرپەڵەیەک چاوی بە گیتی هەڵێنا و بە یەکەم هەناسەی گەرمی خۆی، تەزووی سارد و سڕی زستانیی نێو کۆڕی بنەماڵەی ڕەواندەوە .ئەو کۆرپەڵەیەی کە بەبێ ویست و ئیرادەی خۆی ناوی «جەلیل»ی بۆ دیاری کرا و بۆ زیاتر لە هەشتا و پێنج ساڵ تەمەن

بوو به پێناسەی و هەر ئەو ناوەشە کە سنووری گەڕەک، شار، ناوچە و سەرئەنجام سنووره دەستکردەکانیشی بڕین و بوو به ناوێکی ئاشنا بۆ سەرجەم ئاشقانی نیشتیمان و ڕزگاریی نەتەوەیی.

وا دیاره ژماره دوازده و ژیانی ئەو ڕۆڵەیەی نیشتیمان به شێوەیەکی ڕەمزاویی تێکەڵی یەکبوون و لێک جیا ناکرێنەوە، چونکه ڕاست دوازده ساڵ دوای لەدایکبوونی کاک جەلیل، هەر له شاری مەهاباد و زێده شیرینەکەی ئەو، دوای ژان و ئازارێکی زۆر، دایکی نیشتیمان کۆرپەڵەیەکی خسته نێو ئامێزی مێژووی کورد و کوردستان و له لایەن پێشەوای بلیمەتی کوردانەوە ناوی کۆماری لەسەر داندرا.

خوێندن به زمانی کوردی، سروود و شێعر و گۆرانی و شانۆ، که لەسەردەمی کۆماردا پەرەیان ئەستاند و بووژانەوە، هەر زۆر زوو لەگەڵ هەست و بیروهزر و ژیانی کاک جەلیل ئاوێتەی یەک بوون و بوون به تێکەڵەیەکی لێک دانەبڕاو.

دیمەنی سەردانی پێشەوای کوردان لەو قوتابخانەیەی که کاک جەلیل لێی دەخوێند، تابلۆیەکی ئەوتۆی له زەین و بیریدا خوڵقاندبوو که هەرگیز فەرامۆشی نەکرد و لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیشی، هەرکات دەکەوتەوه بیری ئەو سەردەم و ئەو تابلۆیەی دەهاتەوه نێو یادەوەرییەکانی، هەروەک سەردەمی مێرمنداڵی، بزەیەکی شیرین و دڵنشین دەبوو به میوانی ڕوخساری.

له کاسێتی یادەوەرییەکانی مێشکی کاک جەلیلدا، ئەو ڕۆژانه وەک تیشکی پڕشەنگداری خۆر وابوون و تووندێله تاریک و تنووکەکانی سەر ڕێگەی خەباتی پێ ڕووناک دەکردنەوە. ئەو شانازیی بەوەوه دەکرد که له سەردەمی کۆماردا بۆ ماوەیەک بەشێک له ماڵی حاجی ئەحمەدی باوکی وەک قوتابخانەی خوێندنی کوردی کەڵکی لێ وەرگیراوە. هەروەها به سەعادەتی دەزانی که دواتر هەر ئەو شوێنه

ببووە شوێنی حاوانەوەی بنەماڵەی مەلا مستەفا بارزانی نەمر کە ئەو سەردەمە یەکێک لە ژێنراڵەکانی کۆمار بوو.

مخابن ئەو سەردەمە زێڕینە زۆری نەخایاند و کۆشکی هیواکانی کاک جەلیل و خەڵکی کوردستان کەوتە بەر ڕقوقینی داخ لەدڵانی خاک و خەڵکی کوردستان و تێک ڕما.

تێکچوونی کۆماری کوردستان ئەگەر چی بۆ ئەو نەونەمامەی کوردستان، بۆ کاک جەلیلی کوردان تراژێدیيایەکی هەرگیز فەرامۆشنەکراو بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا، بوو بە هەوێن و کانگای ڕق و ئەوینێکی پیرۆز. ڕقێکی پیرۆز لە بەرامبەر دوژمنێکی داگیرکەردا، ئەوینێکی پیرۆز و قووڵ و بێبن بۆ نیشتیمان و خاک و نەتەوە. تێکچوونی کۆمار و مەرگی پێشەوا، هەست و ناخی «جەلیل»ی مێرمنداڵیان بە جۆرێک هەژاند کە هەرگیز نەیتوانی لە یادیان بکات و وەک دواتر دیتمان تا دوا هەناسەی ژیان وەفادار بە ڕێبازی پێشەوا مایەوە و هەموو ژیانی بۆ ژیانەوە و بونیادنانەوەی کۆمار تەرخان کرد.

ساڵ هاتن و ڕۆیشتن... کاک جەلیلی تازەلاو لە گەشەکردندا بوو، نەک هەر تەمەن و بەژن و باڵای، بەڵکوو خەمی نیشتمان و بیروهزری سیاسی و گەلدۆستی و خۆنەویستیش لە وجوودیدا لەگەڵ خوێن و ئێسک و پێستیدا ئاوێتەی یەک دەبوون و شان بە شانی یەکتر گەورە دەبوون و دەبوون بە شۆڕەسوارێکی نەسرەوتووی ڕێگەی خەبات و سەرئەنجام دەبوون بە قارەمانێکی نەتەوەیی.

شانە نهێنییەکانی حیزب کە دوای کۆمار بە هەوڵ هیمەتی لاوانی گیان لەسەر دەستی ئەو سەردەم سازمان درابوونەوە، بوونە مەیدان و بەستەرێکی گونجاو تا کاک جەلیل ئەسپی خەباتکارانەی خۆی تێدا تاو بدات و بەو شێوەیە هەوڵ بدەن تا نەهێڵن تەمی خەمی

لەدەستدانی کۆمار بڕست لە کۆمەڵگە ببڕێ. ئەوان هەوڵیان دەدا کە مۆمەکانی هیوا بە ژیان و بەردەوامبوون لە خەباتدا دابگریسێننەوە و ئومێد بە دوارۆژ لە دڵاندا زیندوو ڕابگرن.

سەردەمێکی سەخت و دژوار بوو. دێوەزمەی مەرگ و ترس و تۆقاندن، سێبەری شومی لە هەر گۆشە و کەنارێک هەست پێ دەکرا. گرتن و زیندانی کردن، شوێن بزرکردن و ڕاوەدوونان باو بوون. دوژمنانی نیشتمانی کوردان لێبڕابوون هەر چۆنێک بێ بیری گەلدۆستی و خاکویستی بۆ هەمیشە ڕیشەکێش بکەن. غافڵ لەوەی کە تا ئەوان زیاتر چنگ و ددانی خوێناوی نیشان بدەن، ڕقی تۆڵە و هەستی نیشتمانپەروەری زیاتر گەشە دەکات.

شۆڕەسوارە دڵپڕ لە گڕەکەی نیشتمانی کوردان، کاک جەلیلی ڕێبواری ڕێی پێشەوا، بە دڵێکی پڕ لە ئومێد و هیواوە، ملی ڕێگەی سەختی خەباتی گرتەبەر و بەرە بەرە ئەزموونی کۆکردەوە و بوو بە کادرێکی چالاک و لێهاتوو.

شاری مەهاباد و ناوچەکانی دەوروبەری، مەیدانی خەباتی نەهێنیی ئەو بوون. لە ناوچەی جیا جیادا، لە جلوبەرگی جۆراوجۆردا، لە شیوودۆڵ و لە ژێر ناوی خوازراودا، بێپشوو و ماندوو بوون، لە جەولە و گەڕاندا بوو. ئەو دەگەڕا تا تۆوی ئومێد بە ڕزگاری و گەیشتن بە مافە نەتەوەیییەکان بەنێو کۆمەڵگەدا بچێنێ.

چەندجارێک گرتیان و زیندانییان کرد، بەڵام کوا تیشکی خۆر بەند دەکرێ؟ کوا خەباتکاری بەبڕوا بەگرتن بڕستی لێ دەبڕێ؟!

کاک جەلیل هەموو جارێک دوای زیندانیش بەگوڕتر لەجاران قۆڵی فیداکاری و مەردایەتیی لێ هەڵدەماڵی، ئاخر ئەو بڕیاری دابوو کە دوژمن لە نیشتمان ڕامالێ.

گرتن و ئازادکردن، ئەشکەنجە و دوورخستنەوە، خۆ بزرکردن و

ناوگۆڕین، ببوونە بەشێک لە ژیانی ئەوە تێکۆشەرە نەسرەوتووەی حیزب و گەل، بۆیە نەتدەزانی لە کوێیە و هەر دەبوو شوێن پێی هەڵگری.

هۆ یارانی دڵ پڕلە گڕی خەبات!

هۆ تێکۆشەرانی کورد و دێموکرات!

ئێوە پێم بڵێن و ڕێنوێنم بن. من شوێن پێی ئەسپی خەباتکارێکم هەڵگرتووە کە جێگە و مەنزڵی دیار نییە.

ئاخر ئەو ڕۆژێک لە زیندانی «فەلەک و ئەفلاک»و ڕۆژێک لە گوندێکی دوورەدەستی کوردستان، ڕۆژێک لە تاران و دواتر لە پێتەختی نیشتمانە، شار و گوند، زیندان و بەندیش بۆ ئەو مەکۆی تێکۆشانە! ئەو بە کردەوە سەلماندی کە شاعیر ڕاستی فەرمووە کە دەڵێ:

قوڕ بە سەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە، چونکی کونجی زیندانیشم هەر قوتابخانەیە.

بەڵێ، ئەو زیندانیشی کردە مەکۆی خەبات و بەرخۆدان و فێربوون و فێرکردن. هەر لە زینداندا زیاتر بە سەر زمانەکانی فەڕانسەوی و ڕووسیدا شارەزایی پەیدا کرد، لە بەندیخانەدا زیاتر بوو بە هاوڕێی پێنووس و تێنووس. نووسین و وەرگێڕانی کۆمەڵێک کتێب و بابەت، تێپەڕینی ڕۆژانی سەختی زیندانییان لەلا ئاسایی دەکرد و بەو شێوەیە نەیدەهێشت هەستی تەنیایی و دووری لە کەسوکار و زێد و نیشتمان تووشی لەباوەشگرتنی ئەژنۆی خەم و خەفەتی بکات. ئاخر ئەو لێ بڕا بوو تا دواهەناسەی ژیانی وەک ئاشقێکی دڵپڕ لە هیوا، تا گەیشتن بە ئامانجەکانی پێشەوا، هەروا بێ پشوو و ماندووبوون ڕێگەی سەختی خەبات ببڕێ.

ساڵ هاتن و ڕۆیشتن، گەردەلوولی ڕق و تۆڵە و بێزاریی گەلانی ئێران

دەستەڵاتی ڕەشی بنەماڵەی پەهلەوی تێکەوە پێچا و بەرەو زبڵدانی مێژووی بردن. خەریک بوو داری هیوای گەلی ئێمەش چرۆی دەر دەکرد، ئاشقانی نیشتمان، بزەی شادی و سەرکەوتن لە ڕوخساریان دەباری. مامە ئاشقەکەی ئێمەش، خەباتکارە نەسرەوتووەکەی کورد و کوردستانیش، لە خۆشی ڕاماڵینی دەسەڵاتی نگریسی پەهلەوی حەجمینی لێ هەڵگیرابوو. ڕۆژێک لە تاران بۆ ڕێکخستنی کوردانی دانیشتووی «ناوەند» لە هەوڵ دابوو، ڕۆژی دواتر لە پێتەختی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان، مەهابادی کورداندا خەریکی میتینگ و دەمدانی کوورەی خەبات و هاندانی هەستی نیشتمانپەروەری بوو.

کێ هەیە ئەو ڕۆژانە لەیاد بکات کە لەکاتی ناشتنی قارەمانی زیندانەکانی حکومەتی پاشایەتی، زیندە یاد «عەزیز یووسفی»دا دەنگێکی ڕەسا و بەسام و بە هەیبەت کە پڕ بوو لە خۆشەویستیی نیشتمان، لێوڕێژ بوو لە هەست و سۆز و ورە، تەژی بوو لە ئومێد بە دوارۆژ، بە قووڵایی دەریاکانیش قووڵ بوو لە وەفا و هەمووانی بۆ یەکدەنگی و یەکدڵی بانگ دەکردن؟! کێ هەیە نەزانێ ئەو دەنگە، دەنگی کەسێک بوو کە زیاتر لە حەفتا ساڵ بێوچان، خەباتی کرد بۆ کورد و کوردستان.

مخابن سەردەمی زێڕینی دوای دەسەڵاتی نگریسی پەهلەوی زۆری نەخایاند و دێوەزمەی دەسەڵاتی ڕەشی ئاخوند سێبەری نەحسی خۆی بە سەر هەموو وڵاتدا بڵاو کردەوە. هێشتا چەند نەورۆزی بێ سێبەری ژاندارم و ساواک لە کوردستان تێ نەپەڕیبوو، کە ئەوجار پاسداری کلیل لە دەست، بە فتوای پیرە گورگی جەماران، وەک ڕەوەی گورگ و چەقەڵ و کەمتیاران، بە نیشتمانی ئێمە وەر بوون و مەغوولئاسا دروێنەی لەشیان کرد و کوردستانیان غەرقی خوێن و خەم کرد.

لـە هەمبـەر ئـەو زوڵـم و زۆرەدا، چمـا دەکـرا ئاشـقانی شـەیدای نیشـتمان بێهەڵوێسـت بـن؟ چمـا دەکـرا مامـە ئاشـقەکەی ئێمـەش لـە ڕیزی پێشـەوەی کاروانـی ئەویندارانـی نیشـتماندا نەبێت. نـا نـا هەرگیز!

ئـەو جـارەش بـۆ بـە گژداهاتنـەوەی سـوپای جەهـل و نەزانـی، بـۆ گەیشـتن بـە هەڵوێسـتی بـەرزی ئینسـانی، چاکـی مەردایەتـی لـێ بـەلادا کـرد و چەکـی دیفـاع لـە خـاک و خەڵکـی کوردسـتانی کـردە هاوڕێـی گیانـی بـە گیانیـی پێنووسـە بـە بڕشـتەکەی.

مامـە ئاشـقە نیشـتمانەکەی ئێمـە، وێـڕای هـاوڕێ و هاوسـەنگەر و بەشـێکی بەرچـاو لـە کەس‌وکار و بنەماڵـەی خـۆی و بنەماڵـەی هـەر دوو براکـەی کاک خەلیـل و کاک محەممـەد، بوونـە پێشـەنگی کاروانێـک کـە ئـەو دەیـان ساڵە بە نیـازی گەیشـتن بـە مەنزڵگـەی ڕزگاری یەکجـاری ڕێ دەبـڕێ. ڕێ دەبـڕێ و بێپسـانە بـەرەو پێشـەوە دەچـێ. ئـەم کاروانـە کـە وەک ئـاوی ڕووبارەکانـی کوردسـتان، دایـم لـە جووڵەدایـە، گەلێـک هـەوراز و نشـێوی بڕیـوە، لـە زۆر چیـای سـەخت و هەڵەمـووت تێپەڕیـوە کـەم نیـن ئـەو کەسـانەی کـە پێشـەنگی کـاروان بـوون و سـەریان کـردە پردەبـازی بەرەوپێشـچوونی ئـەو ڕێبوارانـە. بـە هـەزاران لـەو شـۆڕەسـوارانەی کـە بـێ سـڵەمینەوە لـە مـەرگ، بـە گـژ تۆفـان و ڕەشـەبای دوژمنـی قیـن لەدڵـدا چوونەتـەوە و درێژەدانـی ڕێگەیـان بـە هاوقەتارانیـان سـپاردووە. هـەر لـە ڕەوتـی بـەرەو پێش‌چوونـی ئـەم خەبـات و ڕێبڕینـی ئـەو کاروانـەدا مخابـن هـەردوو براکـەی کاک جەلیل، کاک خەلیـل و کاک محەممـەد پێـش ئـەوەی بـە ئامانجـی بەرزیـان کـە ڕزگاری نیشـتمان بـوو بگـەن، ماڵئاواییـان لـە ژیـان کـرد و درێژەدانـی ڕێگـەی خەباتیـان بـۆ هاوڕێیانیـان بەجێهێشـت.

هۆ گەلی دەبرادەرینە!

لـە ڕۆژهـەلات تـا ڕۆژئـاوا، لـە باکـوور تـا باشـوور، لـە شـارە

مەزنەکانـەوە تـا گوندێکـی دوورەدەسـتی دوور دوور!
لەچیا و لەدەشت و دۆڵ و مەزرا
لە بەهار و هاوین و پاییز و چلەی سەرما

لە هـەر کویێ کاروانی ئەویندارانی نیشتمان دیار بان، ئەوە مامە ئاشـقە شـەیداکەی نیشـتمانی ئێمـەش لـەویێ پێشـەنگ بـوو. ئـەو نـەک هـەر پێشـەنگ بوو، بەڵکوو مامۆستا بوو. ئەو مامۆستای ڕاستەقینەی وانەکانـی ژیـان بـوو. تـان و پـۆی پێوەندییـە کۆمەڵایەتـی و ڕامیـاری و مرۆڤدۆسـتانەکەی بـە پانتایـی خاکـی پاکـی کوردسـتان بـوو. نـا نـا ئـەوە غەدرێکـی مەزنـە کـە بڵێـم مێهـر و موحیبەتـی ئـەو تەنیـا لـە کوردسـتاندا وەک نەرمـە بارانـی بەهـاری، بەسـەر دۆسـت و هەڤـاڵ و هاوبیرانیـدا دەبـاری!
کام وڵاتی دوورەدەستی ئەم گیتییە هەیە ئەو پێیدا تێپەڕ بووبیێ و دوای خۆی سـەوزایی سـەوزی لوتف و وەفای لیێ بەجیێ نەهێشتبیێ.
ئـەوکات کـە مامـە مێهرەبانەکـەی ئێمە لە باوشـی «کارۆخ و ماکۆک»دا سـەرچۆپیکێشـی گـەڕی داوەتـی ئاشـقانی نیشـتمان بـوو، نموونـەی سـەرچۆپیکێشـێکی لێزان و خاکـەڕا بـوو. ئەگەرچـی ئـەو لـە لووتکـەی چیـای خەبـات و تێکۆشـاندا بـوو، بـەڵام هەرگیـز بنـار و پێدەشـتی لـیێ ون نەبـوون. ئاخـر ئـەو بۆیـە لـە لووتکـە بـوو تـا لەوێـڕا ببێتـە گەواڵـە هەورێکـی لۆکەیـی ڕۆژێکـی دڵگیـری بەهـاریێ، تـا هێـدی هێـدی وەک بارانێکـی نـەرم بـەرەو خـواریێ دابـاریێ.
زێدەڕۆییم نەکردووە کە بڵێم ئەو لـە مـاوەی هەشـت سـاڵ سکرتێر بوونیـدا، لـە مـاوەی هەشـت کەسـی یەکەمـی حیزبەکەیـدا، سـوونەتە بیێجێیەکانی شکاندن، سنوورە وشکەکانی نێوان «سـەریێ و خوارێی» بەزانـدن. هـەر لەوکاتـدا کـە بـە سـەری بـەرزەوە لەنێو سـەرە دیارەکانـی

گۆڕەپانی کوردایەتی و ناوچەکەدا دیار و ئاشنا بوو، دەستی لوتف و موحیببەتیشی لەسەر شانی منداڵی بێنازی پێشمەرگەدا بوو.

تۆ لە کوێی ئەی مامۆستا و ڕێبەرم؟ تۆ لە کوێی بیلبیلەی چاو و تاجی سەرم؟!

ماوەیەکە نە گوێم لە دەنگی زەنگی تەلەفوونتە و نە چرپەی پێیەکانیشت دەبیستم... قەدەرێکە لێم ونی و وەک جاران ڕێنوێنی و ئامۆژگارییەکانت نایەنە بەرگوێم!

بڵێی ئەوجار کام پێشەنگی کاروان و کام ڕێبواری ڕێگەی پڕ لە سەرفیرازی، وەک تۆ خەمی هەمووان لەکۆڵ بنێت و وڵات بە وڵات، شار بە شار و ماڵ بە ماڵ، هەمووان بە سەر بکاتەوە و لوتف و موحیببەت و ڕێنوێنی ببەشێتەوە. بڵێی کێ وەک تۆی سەرکردە، بێجیاوازی هەمووان بەهی خۆی بزانێ و خۆشی بەهی هەمووان. کێ وەک تۆ سەرچاوەی یەکیەتی و تەبایی و برایەتی بێت! کێ بتوانێت شان لە شانت بدات و ببێتە پێشمەرگەی بست بە بستی کوردستان!

ئاخر مامۆستام! تۆ سوڵتانی دڵەکان و چرای بیری بیرمەندان بووی. کێ هەیە جارێک زیارەتی کردبێتی و بۆ هەمیشە ڕوخسار و کردار و ڕەفتارتی لەدڵ و دەروونـدا جێ نەکردبێتەوە. هەر لە بیرمە ئەو سەردەم کە لە قەڵاسەیدە سکرتێر و پێشمەرگە بووی و چ پێشتر و دواتر کە لە ئاستی سەرووی ڕێبەرایەتی بزووتنەوەدا بووی، نەک هەر لای هەڵۆکانی دێموکرات، بەڵکوو لای ڕووناکبیرانی باشووری نیشتمانیش چرای ڕێنوێنی ژیان و خەبات بووی، لای ئەوانیش «گاندی» گەل و ڕێنوێنی دێموکرات بووی.

هۆ مامۆستا و ڕێبەرم! بیلبیلەی چاو و تاجی سەرم! باسی کامە خسڵەتی بەرزی ئینسانیت بکەم! بڵێی کام پەنجە بتوانێ پێنووس

لـه وەسـفی خسـڵەتە بەرزەکانـت وەگـەڕ بخـا؟ کـێ هەیـە نەزانـێ کـە لـە غیرەتـدا قارەمـان بـووی... لـە زانسـتدا بۆخـۆت زانکـۆ بـووی... لـە بـواری کۆمەڵایەتیـدا سـەرتۆپ بـووی... لەدەسـت و داوێنپاکیـدا وەک بەفری یـەک شـەوە بێگـەرد بووی... لەمێهر و موحیبەتدا لێت نەدەبڕا و ئۆقیانـووس بـووی... لـە هـەوڵ و خەبـات بـۆ ڕزگاریـدا بـۆ خـۆت شـۆڕش بـووی... بـۆ وەفـا و پەیمـان بردنەسـەر قوتابـی ڕاسـتەقینەی پێشـەوای مـەزن بـووی.

بـۆ جێـت هێشـتین بـۆ؟ ئـای کـە شـۆڕش و خەبـات و تێکۆشـان و ماندوویـی نەناسـی چەندەیـان بێتۆیـی پێـوە دیـارە... نـا نـا ئـارام سـەر بنێـوە! دەرس و ڕێنوێنییەکانت، نووسـراوە و کتێبەکانت، پەنـد و ئامۆژگارییەکانت هـەر لەگەڵمانـدا دەژیـن و چـرای ڕێگـەی تێکۆشـانمان دەبـن.

بـەڵام لێت ناشـارمەوە لـەو ڕۆژەوە کـە بەجێت هێشـتووین و بـەرەوە بەهەشـتی نەمـران کۆچـت کـردووە، بـە حەسـرەتەوەم بێمـە زیارەتـی ئارامگەکـەت، کەچـی مخابـن چەرخـی چەپگـەردی ڕۆژگار جـارێ ڕێگـرە، هـەر بۆیـە پەنـا دەبەمـە بـەر مەلـی تیژباڵـی خەیاڵ و ئەرکداری دەکـەم!

هـۆ مەلـی تیژباڵـی خەیـاڵ! فریـام کـەوە، وەرە ئـەم پەیامـەم بگەیەنـە خزمـەت مامۆسـتای بـەرز و بەڕێـزم! وەرە و بێدوودڵـی بـە ئاسـماندا بفـڕە،

سینگی هەورەکانی قاڕەی ئۆرووپا بدڕە!
نە چیای سەرکەش و نە بەحری بێبن نەتوەستێنن،
نە ڕەشەبا و نە تۆفان نەتبەزێنن!

جـار لەگـەڵ جـار زیاتـر بـاڵ بگـرەو بـەرەو نیشـتمان بـڕۆ. هـەر بـڕۆ تـا دەگەیـە قـەڵای بـەرزی دێموکـرات، مەکـۆی ئاشـقانی خـاک و گیانبازانـی ڕێگـەی خەبات.

هۆ مەلی تیژباڵی خەیاڵ!

دوودڵ مەبە! لە قەڵای خۆڕاگری و جوامێرانی دێموکرات، ژوور بە ژوور و هۆدە هۆدە بگەڕێ. بۆنی دار و بەردی ئەو ناوە بکە. دڵنیام لە بست بە بستی ئەم قەڵایەدا ئاسەواری جێپێ و جێپەنجەکانی مامۆستام دەبینی. لە ژووری بەشی پەروەردە، لە تەشکیلات، لە سالۆنی کۆبوونەوە گشتییەکان، لە کتێبخانە، لە بنکەی لاوان و ڕێکخراوی ژنان، ناوەندی زیندانیانی سیاسی و تەنانەت لە منداڵپارێزی و سەرجەم ئۆرگان و بەشەکانی حیزبدا هەست بە بۆشایی و دیارنەمانی ئەو تێکۆشەرە فرەڕەهەندە دەکەی.

هۆ مەلی تیژ باڵی ڕوح!

ئێستا کاتیەتی و نەرم نەرم بەرەو گۆڕستانی شەهیدانی دێموکرات، بەرەوە ئارامگەی نەمرانی ڕێگەی نەجات، باڵ بگرە. لەوێ بە حورمەتێکی زۆر، لە ئاسمانی ڕاست بە ڕاستی ئەو ناوەدا، تا دەتوانی تەوافی گۆڕی هەموو ئەو «گۆڕ غەریبانە» بکە کە بە دونیایەک ئارەزوو و ئاواتەوە، لێرە بە ئەمانەتەوە سەریان ناوەتەوە. پاشان تاجە گوڵینەی ڕێزی وەفام لە پەنا کێلی مامۆستام دابنێ و بێئەوەی ئەم خەوە «شیرینەی» لێ تێک بدەی پێی بڵێ ئارام بنوو مامۆستام، ئارام بنوو! تۆ ئەوەی لە تواناتدا بوو درێغت نەکرد، چیت لە ژیاندا بوو پێشکەشی خاک و وڵاتت کرد. هەر بۆیەش لە ڕۆژی ماڵئاواییتدا تەمی خەمێکی قورس هەموو نیشتمانی داپۆشی، ئاڵای دێموکرات تا نیوە هاتەخوار و ڕێبوارانت بەرگی ماتەمینیان پۆشی.

بە ئەدەبەوە بە مامۆستام بڵێ: گلەییمان لێنەکات کە بۆ دیارنەمانی ئەو، چاو بەفرمێسک و دڵ پڕ لە خەمین، تا لە ژیاندا بین بۆی بە

پەرۆش و ڕوخسار بە ماتەمین. پێی بڵێ کە ئاخر ئەو هەروەک هاوڕێیەکم بەحەق فەرمووی، مێژووی زیندووی زیاتر لە حەفتا ساڵ تێکۆشان و خەبات بوو، ئەو ئاڵقەی پێوەندیی نێوان نەسڵەکانی کۆمار و تا ئێستای دێموکرات بوو.

هۆ مەلی بیر و هۆشم!

پێش ئەوەی ڕوخسەت لە ڕوحی بەرزی مامۆستام بخوازی، پێش ئەوەی پێی بڵێی کە وەک هەمیشە بۆ ڕێبازەکەی سەربازی، بەڵێنی پێبدە کە لە سەردەمای ڕزگاریدا، لە کاتی هەلی کورد و قۆناخی بەختیاریدا، لەسەر شانی تێکۆشەرانی دێموکرات و لە کەژاوەیەکی ڕازاوە بە ئاڵای نیشتماندا، تەرمی پیرۆزی بەرەوە ئەو گۆڕستانە دەچیتەوە کە پێشەوای نەمری لێ نێژراوە. چونکە هەموومان دەزانین ڕوحی هەرگیز نەمری هەر لەوێ ئارام دەگرێ. بەڵێ! ڕوح و یاد و ناو و گۆریشی لە پەنا پێشەوا و باقی گەورە پیاوانی گەلدا جێدەگرێ.

# خەمی بێ تۆیی

■ ئاشق ئیسماعیلی

براگەورەی بەڕێزم کاک جەلیل گادانی!

چل ڕۆژە لە لامان نەماوی. چل ڕۆژە کۆچی یەکجاریت کردوە، ماڵە خۆت لێ کردووین و لە جیهانی هەرماندا حەساوییەوە. وا لە نەکاو و بێوادە ڕۆیشتی کە من ئێستاش شڵەژاو و سەرسامم. ناڵێم باوەڕ ناکەم بۆ هەمیشە بەجێت هێشتووین و دەزانم مەرگ بە هەمووان دەوێرێ و کەس نابوێرێ، بەڵام کاتێک لە دنیای بیرەوەرییەکاندا وەک جاران بە خزمەتت دەگەمەوە و زیندوویی، گەشی، هومێد بە دادێ، تێکۆشان، هەڵسووڕان و هاموشۆ و دیداری کۆڕی یارانتم دێتەوە بەرچاو، نەبوونت دڵ و بیر بێقەرار دەکا و ژانی مەرگت لە

قوولایی هەناو کار دەکا.

ئێستا نیوەشەوە، من تەنیا لە ژوورەکەی خۆم دانیشتووم و دەمەوێ چەند ڕستە بەبۆنەی چلەی کۆچت بنووسم. نووسێنێکی کورت لە زمان هاورێ و براچووکەیەکەوە، کە دەیان ساڵ شانازیی هاوڕییەتی، هاوخەباتی، هاوخەمی و ماوەیەکی زۆر جیرانەتیشتی هەبووە.

وەبیرم هاتەوە کە چەند ساڵ پێش ئێستا چەند دێڕێکم بەبۆنەی ڕێوڕەسمی هەشتا ساڵەی لەدایکبوونت نووسیبوو و بۆم ناردبووی. ئێستاش لە چلەی کۆچتدا، بە بەشێک لە نێوەرۆکی ئەو نووسینە کورتە یادت دەکەمەوە:

زۆرجار مرۆڤ لە هەڵبژاردنی وشەدا، سەبارەت بە درکاندنی مەبەستێک تێدەمێنێ و لە ڕاستیدا هەرچی دەکا ناتوانێ بە وشە و ڕستە ئەوەی دە دڵ و بیری دایە بیگەیەنێ. من ئێستا لە دۆخ و وەزعێکی ئەوتۆ دام.

دەمەوێ باسی ژیانی پڕ بەرهەمت بکەم، دەمەوێ باسی تێکۆشان، هەوڵدان، فیداکاری و لەخۆبووردووییت لە ماوەی دەیان ساڵەی خەباتتدا بکەم، دەمەوێ باسی ئەو دەردەسەری و ئازار و کوێرەوەرییانە بکەم کە لە ماوەی ساڵانێکی دوورودرێژ، لە بەندیخانەکانی سەردەمی دەسەڵاتی شادا تووشیان بووی، کێشاتن و قەتیش هاوارت نەهات و لە ڕێگای ئامانجەکەتدا بە دڵاواڵەییەوە قبووڵت کردن.

دەمەوێ باسی ئەو ساتانە بکەم کە سێبەری حوکمی ئیعدام بە سەرسەری تۆ و هاوڕێیانتەوە بوو، دەمەوێ باسی فیدابوونی ئەو باشترین ساڵانەی ژیانت بکەم کە لە هەڕەتی لاوەتیتدا پێیاندا تێپەڕی و لە جیاتیی ئەوەی بۆت ببنە سەردەمی چێژ لە ژیان وەرگرتن و

ئاسـوودەیی، خێـزان و مـاڵ و منداڵـت تێـدا بەجێ‌هێشـتن و قۆناخـی هـەرە تـووش و دژواری ژیانـی تۆیـان پێک‌هێنـا.

دەمـەوێ باسـی ئـەو سـاڵانە بکـەم کـە شـانازیی هاوڕێیەتی، جیرانەتـی و هاوکارییـم لـە ئۆرگانەکانـی حیزبدا لـە گەڵـت هەبـووە و هەمـوو ئـەو تەنگانـە و فەرحانـی و ئـەو بیرەوەرییـە خـۆش و ناخۆشـانە بگێڕمـەوە کـە سـەرچاوەیان دەچێتـەوە سـەر ڕۆژە سـەختەکانی ژیانـی چیـا و قامک بۆ ئـەوە ڕادێرم کـە چۆن خۆشـییەکان و ناخۆشـییەکانت لـە گـەڵ بـەش دەکردیـن و چەنـد دە خـەم و شـادیی هاوڕێیانتدا شـەریک بووی.

دەمەویسـت باسـی بەرهەمە ئەدەبییەکان و مێژووییەکان، نووسینەکان و وەرگێرانەکانـت بکـەم. کـە سـەرەڕای کاری زۆری حیزبـی زەحمـەت و شـەونخوونییت پێـوە کێشـاون و پێشـکەش بـە کتێبخانـەی کوردییـت کردوون.

دەمەویسـت باسـی ماندوویـی نەناسـی، لەخۆبووردوویـی، وەفاداری، ئەمەگناسـی، پاکـی، دڵاواڵەیـی و ویـژدان و ڕاسـتگۆییت بکـەم.

بـەڵام براگـەورەم، هاوڕێـی بەڕێـزم. نووسـینی دەق و نێوەرۆکێکـی ئـاوا کـە بتوانـێ بەیانـی هەمـووی ئەوانـە بـکا و بارتەقـای دڵسـۆزی و گەورەیـی تـۆ بـێ، ئەویـش دەو دەرفەتـە کورتـە دا، بـۆ مـن زەحمەتـە.

بـا لـە کۆتـای دا بڵێـم. براگـەورەم کاک جەلیـل. وەک گوتـم ژیـان و خەباتـی تـۆ زۆر شـتی بـۆ لێ‌فێربـوون و سەرمەشـقبوون تێـدا بـووە و یەکێـک لـەو شـتانەش سـەداقەت بـووە. تایبەتمەندییـەک کـە زیاتـر لـە هەمـوو شـتێک ڕێبەرێکـی سیاسـی، کەسـایەتییەکی نەتەوەیـی و ڕوومایەکـی کۆمەڵایەتـی خۆشـەویسـت دەکا و نـاوی بـە زیندوویـی دێڵێتـەوە. هیـوادارم نـەوەی نـوێ پێـش هەمـوو شـتێک ئـەو ڕاسـتی و دڵپاکییـەت لێ‌فێـر بـن.

لە فێرگەی کوردایەتیدا، تۆ سیمبولی نەوەســـــــتان بووی
لە شەوی ناهومێدیدا، گڕی خـــەبات و هەستـــــان بووی

فێرت کردین خۆڕاگر بین، لە دۆخی قورس و ئاســــتەمدا
ڕاتهێناین قەت چۆک دانەدەین، لە هەمبەر تەوژمی خەمدا

خولْقت، مەشرەفخۆشیت، قسەت، چلــچرای کۆڕی یاران بوون
ڕاپەڕ، هەوڵ، پشوودرێژیت، دڕووی جـــەرگی نەیــاران بوون

دەدرەوشاوە دە سیماتدا، ئەوینـــی ڕزگــــــاریی وڵات
وەفا و پاکی و ڕاستگۆییت، وانەن بۆ خوێنـــدنگەی خەبات

بە جەستەش بەجێمان بێڵی، لەگەڵمـــــانی و تــۆ نامری
ئەوجار لە بیرماندا دەژی و لە دڵماندا جـــێگە دەگری

# خەمنامەیەك بۆ جەلیل گادانی

■ زیرەك كەمال

مامۆستای پایەبەرز، کاتێک ئەم خەمنامەیەت بۆ دەنوسم ترس و لەرزێکی قووڵ دایگرتووم، ئاخر نوسینی خەمنامە بۆ تۆیەکی سەرکردە و خەباتگێڕ، بۆ تۆیەکی نوسەر و زمانزان و ماندوونەناس جورئەت و بوێری و ئازایەتیەکی گەورەی دەوێ.

مامۆستای ڕۆح شیرین و لەبەر دڵان، کە دەستم دایە پێنووس بۆ نوسینی ئەو خەمنامەیە یەکسەر ئەو نوسینەی مامۆستا محەمەدی مەلا کەریمم بیرکەوتەوە، کاتێک ویستبووی لە بارەی هێمنی پایەبەرز بنوسێ، گوتبووی قەڵەمەکەم پێی گووتم وریابە و ئاگاداربە حەمە، ئەوەی تۆ لەبارەی دەنووسی هێمنی شاعیرە، ئەو هێمنەی زۆر قورسە و کارێکی نەکردەیە بچێتە چوارچێوەی فۆرمی هیچ پێناسەیەک، چونکە خەمنامەیەک بۆتۆ بێت، دەبێت غوربەتیی نامەکەی نالی بۆ

سالمی لێ بچۆڕێتەوە، خەمنامەیەک دەبێت نەخشی دەستی فەرهاد بێت بەسەر تەوێڵی بێستونەوە و بۆن و بەرامەی ناڵەی جودایی بێت لە جیهانی هەزار ڕەنگی شێعری هێمن، خەمنامەیەک غەریبتر بێت لە ئاوارەیی حاجی قادر و کاغەزێک بێت ماملێ بە دڵێکی پڕ لە خوێنەوە بۆ لەیلای ڕۆحی نوسیبێ، بەڵام هەیهات هەیهات قەڵەمی من کوا توانا و وزە و هێزی نوسینی خەمنامەیەکی لەو شێوەیە هەیە بۆیە ناوم نەنا نامە بەڵکوو کردمە خەمنامە.

مامۆستای هێژا جەلیل گادانی ماڵئاوا، ئاوەدانیی ماڵی شێعر و نیشتیمان و جوانی ماڵئاوا، گەڕیدەکەی گەرمیان و کوێستان و پاڵەوانی زیندان و سەرقافڵەی کاروانی ڕوەو ئاسۆ ماڵئاوا. چرای ماڵی زمان، تۆ بەم بەرەبەری پاییزە، بەم کۆچەت پاییزت لە نیشتیمانێک داهێنا، دەشزانم تۆ ئەو مرۆڤەی کە مردن دەرەقەتی ونکردنی ڕووخساری تۆ نایێ، چونکە تۆ نیشتەجێی هەمیشەیی ماڵی دڵانی، بەڵام ئەوەی مردنیش لە شەشی ئاب کردی کارەساتێکە و لەبیر ناکرێ.

مامۆستام، ماوەیەک پێش ئێستا تەلەفۆنت بۆ کردم و پێت گوتم زیرەک کەمال زۆرم پێخۆشە سیاحەتنامەی ئەولیای چەلەبی کە چل ساڵ پێش ئیستا مامۆستا سەعید ناکام کردبووی بە کوردی چاپ بکریتەوە، چونکە کتێبیکە نرخ و بەهایەکی میژوویی زۆری هەیە، بۆیە مامۆستام داواکارییەکەت دەخەمە سەر چاو و ڕۆحم.

جەلیل گادانی، چلچرای بەرکۆژەی نیستیمان تۆ کە (کۆیە)ی مەڵبەندی ڕووناکبیریت کردە دوامال و وێستەگەی هەمیشەییت لەبەر ئەوەت بوو چونکە زیاتر لە سەد ساڵ پێش ئێستا (هێمن)ی مەزن گوتبووی:

«چلۆن بۆ سورمە نابێ خاکی شارێ
که حاجی پێی لەسەر دانابێ جارێ...»

# دڵۆپێك لە دەریایەك پەژارە بۆ تیشکەیەك لە ڕزگاریخوازی: کاك جەلیلی گادانی

## پیاوێك لە ڕۆژهەڵاتەوە

سەرەخۆشی دەکەم لە دار و بەردی نیشتمانیش، با مرۆڤی ڕووناکبیر و سیاسەتمەدار و شۆڕشگێڕ و ئازایخواز و دڵسۆزی کورد لەوێ ڕاوەستێ.

ئەو دەمەی گەنجێک بە شوێن دۆزینەوەی دەروازەی گەنجخانەی ئازادیدا دەگەڕێ، ژیان بەپێی هەلومەرجی زەمان هەودای بەرەوپێشچوونی لە دوو دەدا؛ یانی هەر چەندی ئەو سەری بێنێوبەرێ، هەر دەتوانێ ئەوەندەی ڕێ لەبەر بڕوا کە شوێن و سەردەم دەرفەتی دەدا و نە چی دیکەی بۆ دەکرێ و نە بۆی دەلوێ.

شوێن و زەمان دەکرێ ڕەوگەی تێپەڕینەکە بگۆڕێ، بەڵام چی لەگەڵ ڕوانگە و ڕێبازەکە بۆ ناکرێ. ڕێبازی گەیشتن بە لوتکەی ئامانج بە دەروونی تەمەنی ئادەمیزادی خاوەن بڕیاردا دەڕوا. دوورودرێژە و پڕ لە هەوراز و لێژ.

گەلۆ!

زەمان بەرەبەرە نەمامی شلک و شەنگی منالّی و مێرمنالّی و لاوی پێدەگەیەنێ و پەلی پێ داوێ و دەیکاتە دار؛ داری پڕبەر و سێبەر یان بێبەر و تەنکەنسێ. جاری وایە ئادەمیزاد ڕووتەدارێکە باریک، ئەستوور و کلۆر و بە کرمۆڵی دەژی. دارێکە سەرەنجام ڕەشەبای نەمان دەگاتە سەری و ڕیشەی دەردێنێ و دەیشکێنێ و بڕایەوە. هەی لەم لێڕەوارەی ئادەمیزادان! ئەمانە زۆربەن و چی وایان پێ نابێ بۆ پەرەی بیر و گەشەی ژیان و هەڵدانی نیشتمان.

عەزیزکەم! ئەی پیرەدارە شەنگ و بڕبەر و سێبەرەکەی نیشتمان. تۆ گەنجێک بووی لە نێو گەنجخانەی شۆڕشگێڕیدا و گەوهەرێک بووی شەوچرا. تۆ سەرچەشنی نەناسینی شەکەتی و کۆڵنەدان بووی و مەرجی خۆت بردەسەر. ڕووت وەرنەگێڕا لەو ڕەوتەی کە بەگژ شەودا دەچێ و بە دوای پرشنگی خۆردا دەگەڕێ. تۆ وتت شەو چەندیشی بە بەرەوە مابێ، ڕووناکی باڵی هەر دەنگێوێ و بەڕاستی تۆ لەسەر حەق بووی! تۆ لەسەر حەقی، چونکە حەقیقەت هەر چەندی پێخوستیش بکرێ، هەر زیندووە و لە پشوو ناکەوێ.

تۆ ڕێبوارێکی لێبڕاو بووی؛ هەتا ئێرە خەمم نەبووی! بەڵام مەرگی «غەریبانە»ت تەزاندمی. تۆ غەریب نەبووی، بە مەرگی تۆ تەنیا مەرگت «غەریبانە» بوو... ئەو کوڕەکوڕانەی دەبوو هەڵتبگرن بە شانان، دڵیان بەم کاتە تاڵ و دژوارە زامارە. شینت بۆ دەگێڕم ئەوەندەی بێپەساران دڵیان حەز دەکا... دڵخۆشیی خۆم دەدەمەوە و دەڵێم دارەتەرمەکەی تۆ کە دەبوو بەسەر شانانەوە بێ، دایکی نیشتمان خۆی بەتەنیا لە کۆڵی داوە و گوڵبارانی کردووە و بە خاکی ئەسپاردووە.

تۆ لە گیانئەسپایەکی ناوادەدا سەفەری بووی، ئەی ڕێبوارە سەربەرزەکەی کوردایەتی. با فرمێسکی ئێمەمانانت لەگەڵ بێ کە خۆیان گەوهەری ئەندیشەن، نەک تەنیا هەستی خۆشەویستی.

# مانديَلايەكی دیکەی کورد بەجێی هێشتین

■ عەبدولکەریم شێخانی

ماندیَلایەکی دیکەی کورد لە ئەسپی ژینی دابەزی
ئەشکەنجە و زیندانی بەزاند، ئەو کۆڵی نەدا و نەبەزی

لاوێکی شلکە نەمـام بوو، بە خەبات و تێکۆشــانی
سەلماندی کوڕی مەیدانە کاکە جەلیلی گادانـــی

نە زیندان نە گرتووخـانە، نە ئەشکەنجەی دڕندانە
هەنگاوی ئەویان شل نەکرد لەو هەموو قوربانیدانە

حەفتا ساڵ تەمەنی لەڕێی کورد و کوردستانی دانا
کێ هەیە وەکوو گادانی هەم قەڵەم بەدەست هەم دانا

مەهابادی شیرین، ڕووگەی کورد و کوردایەتی، لانکەی خەبات و تێکۆشان لە پێناوی کورددا، شاری پاکی و خۆشەویستی و هونەر و ئەدەب. کاک جەلیل کوڕی ئەو شارە پیرۆزەیە کە چەندان خێزانی کورد ناوی کچەکانی خۆیان بە ناوی ئەو شارەوە ناو ناوە و شانازییشی پێوە دەکەن.

کاک جەلیل گادانی وانەی کوردایەتی و خەباتی پیرۆزی لەو شارە خوێندووە و هەر لەو شارەدا چاوی بە بینینی پێشەوای نەمری کورد قازی محەممەد ڕوون بۆتەوە. لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە خەبات و تێکۆشان نەکەوتووە و تووشی گرتن و زیندان و ئەشکەنجەی زۆر بووە، بەڵام بە ورەیەکی زیاتر بەرەنگاری هەموو هەوڵ تەقەلایەکی ڕێژیمی شا و دارودەستەکەی لە ساواک بۆتەوە. یەکبین ١٣ ساڵی تەمەنی لە زیندان بەسەر بردووە جگە لە دوو ساڵی دیکەی پچڕ پچڕ بۆ ترساندن و تۆقاندنی، بەڵام ئەو بە بڕوای پتەوەوە ترس و تۆقاندنی تۆقاند و چۆکی دانەدا و ئەوە

چل ساڵی ڕەبەقیشە دەربەدەرە. تەڕاش و دەوەنەکانی شاخ و داخی کوردستان هەموویان ئەو پیاوە پیاوەیان دەناسی و بە هەر کوێیەکدا بڕۆیشتایە دەست لەسەر سینگ لەبەری هەڵدەستان .

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ڕۆژی ٦/٨ ئەو ماندێلایەی کورد جێی هێشتین و ئەو هەرچەندە بە لەش لامان نییە، بەڵام هەمیشە پڕاوپڕی هزر و بیرمانە.

هەزاران سڵاو لە گیانە پاکەکەت ئەی پیاوە خاکەڕا بێ فیزەکە، بەڵام بە خەبات گەورە، بە ڕەوشت مەزن، بە ڕفتار و هەڵسوکەوت مەزنتر لە هەموو ئەوانەی کە تازە فێری گڕوگاڵی سیاسەت بوون و خۆیان بە مەزن دەزانن و بۆ چوونە لایان دەبێ بەلای سکرتێردا تێپەڕی ئینجا چاوت پێی بکەوێ. مەخابن، مەخابنێکی گەورە کەسانێک هەن تەقەیەکی خۆشییان بۆ ئەم میللەتە قوڕبەسەرە نەکردووە و ئێستا هەموو شتێکیان هەیە و تەنانەت گیانکێشانی خەڵکیش لە دەست عیزرائیل دەرچووە و بە دەست ئەوانە، ئەو ڕووحە پاکەت شاد بێت کاک جەلیلی پاک و بێگەرد و خزمەتکاری میللەت .

لێرەدا دەمەوێ شتێک بگێڕمەوە کە کاتی خۆی دۆستێکم بۆی گێڕاومەتەوە. لە سەروبەندی دروست-بوونی پەیوەندی لە نێوان شۆڕشی کورد و ساواکی ئێرانی. جارێکیان ئەفسەرێکی ساواک سەردانی سەرکردایەتیی شۆڕش دەکات، یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بەرپرسی سەربازی، کە خۆی ئەفسەر بووە , بە ئەفسەرەکەی ساواک دەڵێ: ئێمە و فارس لە یەک بنەچەین و زۆریش

لێک نزیکین، پێمان خۆشە ئەم بەشەی کوردستان کە بە عێراقەوە لکێندراوە بخرێتە سەر ئێران و هەردوو بەش ببن بەیەک و سەر بە ئێران بین. ساواکەکە دەڵێ: بابە واز بێنە، ئێمە ئەوە مەهابادە دەرەقەتی نایەین، ئینجا نۆرەی ئەوەیە سلێمانیشی بێتە سەر .

# بۆ ئینسانێك، بۆ قۆناغێك لە تێکۆشان، بۆ جەلیلی گادانی

سەباح غالب

نازانم لەکەیەکەوە یەکدیمان دەناسی، ئێستا ئەو کاتانەیە مێژووم لە بیر نەماوە، ڕۆژ، مانگ و ساڵ لە لام تێکەڵاو بوون، ئەوەی وەک تارماییەک لە یادەوەریمدا بەر چاوی گرتووم، بەرەبەیانێک بوو، مرۆڤی تێدا ڕۆنرابوو، لەگەڵ زمانەکاندا، زمانی کوردیشی تێدا پڕا بوو، جوگرافیاش دابەش کرابوو، کوردستان لە بەشی کورد بوو، لانە و پڕ بە پڕی کوردزمان و خەڵکی دیکەی ئێرە و ئەوێی لێقەوماو بوو، کوردستان وەک هی ئێمە بوو، هی هەموو کوردستانیانیش بووە و هەیە.

لەو کاتەوە، ئێمە سادە و ساکار، فێر نەبووین خۆمان و خەڵکی دیکە بناسین، ئێمە لە بەشی خۆشمان بە توانای بیرکردنە و جەستەییمان، بە دراوسێکانمان بەخشی، ئەوان لە ڕۆژی یەکەمەوە وا تێگەیشتوون، کورد ساکارن، بۆوە ناشێن ببنە فەرمانڕەوا، هەر بۆوە دەبن، ببنە گاوانی داگیرکەران، بۆیە لەو دەمەوە، داگیرکەر و دوژمنان خەریکی ناشیرین کردنی ژیان و تێکۆشانی ئێمەن، سروشتمان دەگۆڕن، مێژوومان تێک دەدەن، دەروون و ناخی مرۆڤی کورد، لە ڕووناکی دادەماڵن، بوارێک ناهێڵنەوە بۆ تێگەیشتن، هاوار

و گریـان کـپ دەکـەن، نەخشـەی ویـژدان تێـک دەدەن، نیـگا و دڵان هەڵداوێـرن، سـەوزایی و ئـاو ناهێڵـن، گەرمـی و سـۆز بـۆژۆ دەکـەن، دەرفـەت پێـوە دەدەن، چـاوان لـە بینایـی دەخـەن، ئەسـتێرە، مانـگ و ڕۆژمـان لـێ ون دەکـەن، جـێ ژوانـی مرۆڤـی کـورد، کوانـووی گەرمـی ماڵـی خۆمـان لـێ ساردەکەنەوە، ئـەوەی هێشـتوویانەتەوە لـە نێوانـی هەمووماندا، شـارانی کاول بـوو، گەلێکـی لـە پـێ کەوتـوو.

داگیرکـەر و دوژمنـان، شـتێ نەمـا پێمـان نەکـەن، تەنانـەت گاگۆڵکـە و ساویشـیان لـێ دزیـن، لێـوی درەوشـاوەی دەم بـە زەردەیـان لـێ تۆرانیـن، هەمـوو هەوڵێکیـان دا، پیاوەتیمـان، ژنێتیمـان لـێ زەوت کـەن، ئـەو کۆترانـەی لەسـەر پێڵـوی کچانمـان هێلانەیـان کردبـوو، تـۆران، تـاران، چوونـە نـاو جامەنەیەکـەوە، تـا دیسـان بـدەن لـە شـەقەی بـاڵ، نامـەی برایەتـی و ئاشـتی بەسـەر تـورک و فـارس و عـەرەب دابـەش بکـەن، هـەر سـێ لایـان، لـە کۆنگرەیەکـی فراوانـدا، بـە بەرچـاوی تێکـڕای گەلانـەوە، نـەک نامەیـان نەخوێنـدەوە، پەڕیـان کـردن، باڵیـان هەڵکێشـان، ئەنجـن ئەنجنیـان کـردن، بـەڵام هێشـتا کـورد فێـر نەبـووە، بیـان ناسـێ، هێشـتا فێـر نەبـووە، لـە تەنگانـەدا فریایـان نەکـەوێ.

جەلیلـی گادانـی لـەو سـەرەوە هاتبـۆوە، مێـژووی لـە میدیـاوە هێنابـۆوە، بـۆ هەموومانـی دەگێـڕاوە، هەرچـی داگیرکـەر و دوژمنـان پێیـان کردیـن، بـەڵام نەیـان توانـی، شـا ڕێـی خەباتـی نەتەوەیـی و نیشـتمانی، خۆشەویسـتی و مرۆڤایەتـی، گیانـی کـوڕی وەک جەلیلـی گادانی تاوێک ئۆقرە بگرێ، خەباتـی ئـەو بـۆ کـورد و برایەتـی گـەلان، هەرگیـز دانامرکـێ.

جەلیلی گادانی تێکۆشەر نەبوو، تێکۆشان بوو
کاکە جەلیل نەبەز نەبوو، کانیی نەبەزین بوو
ئەویش وەک زۆری دی، لە لانە هاتبووە دەر
بۆیە گادانیش، مەشـخەڵێکی کۆڵنەدان بوو

# بۆ یادگارەکەی کۆمار

■ کوێستان عومەرزادە

خەمی ئاوابونی ڕۆژ چەندە گرانە بە سەر توێی نیشتمانەوە
لەچی بدوێم، بەکام وشە، بە زامی کام گۆرانی، بە سروەی چ بایەکی نەرم نەرم بێم و دڵۆپێ لە تەمەنی ڕووناکیت بخەمە سەر خامەی سڕم،
لە هەر گەڕەک و شارێک، لەبن پەنجەرەی هەر ماڵێک ناڵەی ژانی بێتۆیی بەژنی گرتوە و یەک بە یەکی دڵی زامدارانی نیشتمانی سڕ

کردوە،

ئاخر مامە ئەم کۆچ و هەوار تێکنانە کوا لە شان و قەڵافەتی تۆی فریشەئاسا جێی دەبێتەوە، تۆ خۆت ڕەمزی هەر مان و نەسرەوتن بووی، پشوو درێژی و ئیرادەی پڕ نەسرەوتن لە تۆدا بەژنی گرتبوو، تۆ ئیلهامی باوەڕ و بەژنی هەرمانی ئازادی بووی. تۆ بووی یەک بە یەکی جوانییەکانی ژیانت لەنێو بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەدا هەڵگرتبوو، تۆ بڵێ کام وشە لە ئاست ناوت، لەبەردەم تەمەنی زێرین و پڕ نوورتا شەرم نەی گرێ و بێتە دوان.

لە مێژویی عومری تۆدا ڕەنجی وڵات، خەباتی شاخ، ملوانکەی ئالتونیا کردە مل، تۆی سەرمایەی بست بە بستی نیشتمانی. تۆ پێم ناڵێی، ناڵەی قەندیل، زامی هەڵگورد، ژانی ئەم زێدە مەزنە، ڕەمزی کۆمار دەخەیتە سەر شانی کام قەسیدە، بۆ کوێ هەوارت چۆڵ دەکەی؟

نەرمە هەنگاو و باوەڕت لەکویی ئەم مێژوە لەنگەر دەگرێ، تۆ باوەڕت بە وەستان و هێزی ماندووبون نەبوو، لەژێر ناوی تۆدا دەسنوێژی باوەڕمان هەڵدەگرت، پیرۆزیی تۆ لە سورەتە پیرۆزەکانی ئاسمان کەمتر نەبوو بۆ هەموومان، تۆ هەریەکی و نابی بە دوو، تۆ گلێنەی کۆمار و بەژنی بەرزی دیموکراتی. تۆ مامی هەموو کوردان، پشت و پەنای خۆرهەڵاتی، خۆت دەتزانی هێز و باوەڕی تۆ شکۆفەی دەخستە چاوی شەو و وتە و کردارت، گفتی شیرین مایەی فەخر و شانازی بوون بۆ لاوانت.

بۆکوێ دەچی بگەڕێوە با نیشتمان بێناز نەبێ، ئەم سپێدە چاو بکەرەوە بست بە بستی ئەم وڵاتە چاوەڕێی هاتنی تۆن، چاویان بڕیوەتە ڕووناکی!

ئای مامە هەر هەموومان لەم سپێدە شووم و غەریبەدا چاوەڕێی شنەی با بکەویتە سەر تویێی ژیان و سەر لە نوێ ئەم سەحەرە پڕ بێتەوە لە تریفەی ئومێد و دیداری ڕۆژ.

نە تەنیا من، هەموو زێد برینی سەرتوێ نیشتمان، قەسیدە تەواونەکراوەکانی مێژوو، بەژنی ئازادی، قەڵافەتی پڕ لە هیوای دێموکراسی چاوەێی گەڕانەوەی هەناسە گەرمەکانت بووین.

ئای شەشی مانگ چ مۆتەکەیەکی پر غەزەب و چ وێرانییەکی ژیان و پێکەنین هێنا.

تۆ لەو خەیاڵە بەرز و بەژن درێژانە بووی لەگەڵ چرۆی کۆماردا ئازادیت کردە ئامانج و زێد و ئاڵا و باوەڕی پر لە ئیمان و نەسرەوتنت کردە سەرمای ژیان.

مامە گیان لە تۆدا درەوشانەوەی ئازادی و قەڵافەتی پڕ لە هیوای دێموکراسیم دەهۆندەوە،

لە وتە و گفتی شیرینت ئومێدی پڕ حەسانەوەی نیشتمانم دەخوێندەوە، کۆچت تەمە و ماتەمی بار و قورس وگرانی خستە سەر دڵی نیشتیمان، کۆچت هێندە بێ مراد و بە بێدەنگی، بەبێ نازی، بێ هەنیسک و شین و گریان خرایتە نێو تابوتی مەرگ و لە گۆڕستان بە ڕەنگێکی چەندە غەریب لەبەر چاوان ون کرای.

تۆ مامۆستا و تۆ ڕیبەر و تۆ بێشکەی حەسانەوەی ئازادی بووی.
تۆ تاجی سەر و یادگاری پڕ لە حەسرەتی کۆمار بووی.
تۆ دەزانی و باوەڕ دەکەی گەر گلێنەی چاویشم بای هەر هێندە خۆشم دەویست، تۆ هەر یەکی و نابی بە دووان .

# پۆلووی خەمەکان دەگەشێنەوە

■ ئەحمەد ڕەحمانی

ئێرە گڵکۆی شەهیدانی دێموکرات و داوێنی باوجی و هەیبەت سوڵتانە، لەم تەپۆلەکەیەدا دەیان دڵی شەیدای ئازادی لە دوا ترپە کەوتن، ئەم تەپۆڵکەیە گوڵخانەیەکە لە هەرە گوڵە نایاب و جوانەکانی ئەم گەردوونە، سەردەمانێ ئێرە چەقڵەستانێک بوو ، بەڵام ئێستا باغستانێکە لە کێلی گڵکۆی نەمران !

**دەوەرە حاجی قادر!**

لە پەڕەمووچی دەست و بیروهزرتدا وشە بە باڵای مەرگە کوێستانیەکانی گەرمین هەڵ بدە، بیانلاوێنەوە لە نێو دێڕی هۆنراوەتدا ، ئەوان غەریبن و هەست بە غەریبی دەکەن...

**خاڵە تایەر!**

چەهچەهەی بولبوولان و شیرین بەهارەت بۆ چییە ئیتر، دەوەرە ژێی دەنگت با بۆنی کێلی گڵکۆکانی شەهیدستانی دێموکراتی لێ بێ...

دەوەرە مامۆستا سەردار لە نالەی فلووتی جارانی تەنیشت فێرگەوە تێی توڕێن ، ئاوازی غەریبییان بۆ بژەنە و مەهێڵە هەست بە دڵتەنگی بکەن، میوانی ئەم سەردەمە نامۆیە، ئەم جیهانە فانییە، خودان حەوت دەیە لە خەباتە، بیرت نایەتەوە مامە بەدەم لێدانی فلووتەکەتەوە هەوای سامڕەند و کوێستانی نیشتمانی دەکەوتە جەستەوە؟

**مامە سێوە!**

هەستە و دەمەو سەحەرە، هەستە تەرمی بێ گیانی مامە گیان لەسەر شانانە و کەژاوەی خەمانی لە دوادایە ...مامە زۆر غەریبە، کام کێل هەیە لەم مەزارگەیە دەستی مێهرەبانی مامەگیانی بەسەردا نەهاتبێ، کام گۆڕ هەیە مامە گیان فرمێسکی لەسەر هەڵنەوەراندبێ ...

**پشووە بایە گەرمەکانی دەم ڕەشەبای دەشتی کۆیە!**

دە هێور بن ئەمڕۆ تەرمی مامە لە سەر شانانە ، با بزە و خەندەکانی بە تینی گڕی ئێوە هەڵنەپرووکێ، دەوەرن شنەبایەکی فینک بن ، با خەندەکانی مامەی شەیدانی ژیان هەڵنەوەرن...

باواجی، هەیبەت سوڵتان ئێوە دەمێک ساڵە پرچی چەرمووی خۆتان بۆ کوێستانیەکانی گەرمێن دەڕننەوە، دەمێک ساڵە هەوری ئاوسی فرمێسکتان گل دەدەنەوە، ناهێڵن ڕەو بکەن و بە سەر مەزاری شەهیدانی دیموکراتیدا دەبارێنن، بۆ ئەوەی گوڵی سەر گڵکۆی شەهیدان تینوو نەبن و بژێنەوە...

**گۆڕستانی غەریبی شەهیدان!**

زۆر ئێواران مامەی هەموومان بە چەپکە گوڵێکەوە دەهات بۆ لاتان ، ئاخۆ ئەمجار کێ ئێواران بە کۆڵێ خەمەوە چەپکە گوڵێ بێنێ بۆ سەر گڵکۆی مامە گیانی سۆما و گلێنەی چاوان .

# پێم بڵێ تۆ کێی گەورەم!

■ هەمزە ئاگوشی

تۆ کێی گەورەم؟
تۆ کێی کە بە فرمێسکی چاوی جەزیرە و بۆتان دەتشۆن،
مەلای گەورە تەڵقینت دەدات و
کچانی کوبانێ مێخەکرێژت دەکەن و
تابووتت لەسەر شانی چوارچرایە؟
دە پێم بڵێ
خەڵکی کام باژێڕ و گوندی؟
لوتکەی کام چیا و کام دوندی؟
ماڵ بە ماڵ و پیر و جوانی ئەو وڵاتە خۆرنەدیوە،
چرپەی پێت و
سۆزی دەنگ و
خرمەی چەک و فیشەکدان و پڕمەی ئەسپی «شێ»ی مرادت
دەناسنەوە،

لەناو دڵ و ناو گلێنەی چاوەکانیان دەتشارنەوە؟
دەپێم بڵێ
تۆ کێی گەورەم...
تۆ بەندیی کام بەندیخانەی؟
نرکەی ژێر کام دار و قامچی؟
ئاخر، قەفەس نییە شەرمەزارت نەکردبێ...
کەلەپچە نێ تۆ ئابڕوو و حەیات نەبردبێ.....!
دەپێم بڵێ
تۆ کێی گەورەم...
تۆ زادەی کام مانگ و ڕۆژی،
وێنەی کامە وەرزی ساڵی، کە گەلاوێژ بە سەرماوەزت دەبەخشێ،
سەرماوەز ڕێبەندانت پێ دەنەخشێنێ و
خاکەلێوە هزر و بیرت دەخەملێنی؟
دەپێم بڵێ،
تۆ کێی گەورەم؟
سوێندت بە کام کتیبی پیرۆز خواردووە،
دەستنوێژی وەفا و بەڵێنت لە کام کانی هەڵگرتووە،
لەسەر تات و لە ئەشکەوتی کامە چیا،
خوای چاکی و پاکیت دواندووە؟
تۆ کێی گەورەم؟
یەکێ دەڵێ لە دیوانی ئەحمەدی خانی جێ ماوی
یەکێ دەڵێ حاجی قادر بە شێعری خۆی فرچکی داوی
یەکێ دەڵێ دەگەڵ باراندا باریوی، پێشەوا ناوی لێ ناوی
یەکیش دەڵێ خۆت وڵاتی، ئەتۆی کە چوار بەش کراوی!
تۆ کێی گەورەم

# بۆ ڕۆحی مامۆستا گادانی

■ هاوژین سڵێوە

سیمای خەبات و کۆڵنەدان
ئاشکرابوو لە ڕووخسارت،
نوێژی عیشقی کوردبوونت بوو
مێژووی حەوت دەیەی کردارت،
دڵت مەشخەڵی ئەوین بوو
لەڕێی عیشقی نیشتماندا،
مەرگت خەزانە مەرگ بوو
وا لە ڕۆحی گشتماندا،
ئاواتەخواز بووی لە ژیان
شاد ببیەوە بە شادییەکان،
بچییەوە زێدەکەی قازی و
ڕزگاری ببێ کوردستان

# جەلیل گادانی

■ **فەرەیدوون سامان**

خودێ ئاسمانی بە چەتری زەوی ئەفراند
دواتر زەویی کردە بەرگی زەریاکان و
کێوەکانیشی کردە پێخەفی دەشت و دارستان،
پاش ئینس و جن
ئەوجا خودێ کوردی بێ خودانی ئەفراند
لێ برا دوژمنەکانی
لێی هەڵگەڕانەوە
لە پلانێکی هۆڤییانەدا
جەستەی کوردستانیان ونجڕ ونجڕ کرد
یەکێک لەو شەڕڤانانەی کە خودێ
بە کوردیی خوڵقاندبوو
عومری درێژی بۆ کورد نەزر کرد
گادانی بوو..

# سیمایەك لە کاڵنەبوونەوە

## (بۆ کۆچی تێکۆشەری ناسراوی ڕێگای ئازادیی کورد و کوردستان کاك جەلیل گادانی)

■ ئاکۆ ئەلیاسی

سیمایەکی هەڵکەندراو
لە کاڵنەبوونەوەی تۆخیی
ڕەنگێکی سوور،
بەسەر تەختی توێڵی مێژووی
شاخێکی بەرز ... ڕەقەن و ڕژد،

کڵاوقوت و سەرپێچراو
بە جامانەی ناسکی هەوریی
هەورێکی ئاوس بە باران،
بڵند ... بڵند
بە بنمیچی غورووڕەوە.

نووکی تیژی قوڵەنگێک لە بەردەوامیی،
بۆ کەندنی گابەردی تابەنی کەژی سینگی سەبر،
تا گەیشتن بە کڵاوڕۆژنەی ئاوەدانی

بڕیارێک بۆ دانەچرمین
بڕینی زمانی ڕووخان
بە پێوەمان،
هەتا مردن ... بۆ دواڕۆژێک،
شیلەی خەندە،
بڕژێتە سەر کەمەی لێوان!

گفتێکی پاک،
ڕەوان وەکوو ڕۆشنایی ئاو
لە قارقارەی دەم لافاوی ڕۆژێکی گەش
لەسەر سینگی بەهارێکی نێو ڕێبەندان،
جیاوازترلە گشت وەرزێکی
ڕۆژژمێری ساڵ و سەدەی نێو کوردستان.

بانێژەیەک لێوانلێو لە گوڵەگەنمی تازە لە باقەدەرهاتووی
تێراو لەبەر تیشکی هەتاو!

ئەو،
«ئەی ڕەقیب» و
چەند سروودێکی چیایی و
«خۆر و ئاسۆ و گوڵەگەنم و
پێنووسێکی مەیلەو سوور و
کتێبێکی نێوچاپخانەی سوێند و وەفای»
لەو شەوەتاریکەی ترسا،
لە تریفەی ڕۆحی سپیی
پێچابووەوە،
کە «چوارچرا» کردبوویە
گەردەن بەندێک،
بەگەردەنی
سەری لە بن پەڕێندراوی
مێژووەوە!

ئەو ڕۆیشت و
وەکوو ڕووبار ... لە پێنەکەوت،
دوودڵی قەت،
ئاوڕێکی پێنەدایەوە
چەشنی هەڵۆ،

نە هەڵکشان بەرەوبەرزی پشووی پێدا و
نە کوێرەڕێ،
لە تابووتی تۆزی خۆیدا
شاردییەوە
نە خلیسکان، لە هەڵچوونەوەی دابڕی و
نە زەمانیش،
لە کفنی بێدەنگیی خۆیدا،
پێچایەوە!

# سپاسنامەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە شەپۆلێك لە هاوخەمی بە بۆنەی کۆچی دوایی کاك جەلیل گادانی

لە کاتێکدا تێکۆشەرانی دێموکرات لە بەرەبەری ٢٥ی گەلاوێژدا بە بۆنەی یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبەکەیان، حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆیان بۆ چۆنیەتی بەرزڕاگرتنی ئەم یادە ئامادە دەکرد، بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتیی دیاری بزووتنەوەی

سیاسیی کوردستان و تێکۆشەری دێرین و سیمای ناسراوی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاک جەلیل گادانی هەموومانی خەمبار کرد. هەموو ئەوانەی لە نزیکەوە کاک جەلیلیان دەناسی و ئاشنا بە ڕۆڵ و پێگەی ئەم کەسایەتییە لە بزووتنەوەی گەلەکەمان و حیزبی دێموکراتدا بوون، دەزانن کە لەدەستدانی نەمریان بۆ بزووتنەوە و حیزبی ئێمە چ خەسارێکی گەورە بوو. بەڵام هەر دوای چەند کاتژمێر تێپەڕین بە سەر بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەم کۆستە گەورەیەدا، هەستێکی پڕ لە غورور و شانازی بە نێو کۆڕی هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی کاک جەلیلدا بڵاو بوویەوە کە دەرخەری بەرزیی و گەورەیی کەسایەتیی ئەم ئینسانە لە نێو دڵی خەڵکدا بوو.

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی کۆچی دوایی کاک جەلیل لە ماوەی کەمتر لە سێ ڕۆژدا، شەپۆلێکی بەرین لە پەیامی سەرەخۆشی و هاوخەمیی ڕووی لە ڕێبەری و ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی حیزب کرد. بە دەیان پەیامی ڕەسمی لە لایەن حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار بەشی کوردستانەوە بۆ ڕێبەرایەتیی حیزب نێردران، بە سەدان کەس لە کەسایەتییە کوردستانی و ئێرانییەکان بە ناردنی برووسکە و بە تەلەفوون و پێوەندیی ڕاستەوخۆ وێڕای دەربڕینی ئەمەگناسی و وەفاداریی خۆیان بۆ کاک جەلیل سەرەخۆشییان لە حیزب و بنەماڵەکەی کرد و بە هەزاران کەس لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی

کوردستان بەتایبەت ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە ڕێگای ئۆرگانەکانی حیزبەوە پەیامی وەفاداری و هاوخەمییان بۆ ناردین.

بۆ ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە خۆشییەوە چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستادا لە حوزور و بەشداریی کەسایەتیی بەرز و ناودارەکانی کورد لە ڕیزەکانمان‌دا دەوڵەمەندین و نەمر کاک جەلیل گادانی یەکێک لەو کەسایەتی‌یە دیارانە بوو، ئەم شەپۆلە لە سەرەخۆشی و هاوخەمی‌یە بە سەرمایەیەکی بەرزی مەعنەوی خۆمان دەزانین. بۆیە بە ناوی سەرجەم هاورێیانمەوە سپاس و پێزانینمان پێشکەش بە؛ کەسایەتییە حکوومی و حیزبی‌یەکانی هەرێمی کوردستان، هێز و لایەنەکانی ڕۆژهەڵات و بەشەکانی دیکەی کوردستان، هێز و کەسایەتییە ئێرانی‌یەکان، کەسایەتییە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی کورد لە هەموو بەشەکانی نیشتمان، بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیی هەرێمی کوردستان و سەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، میدیا و میدیاکارانی کوردستان دەکەین.

بەداخەوە بە هۆی زاڵبوونی دۆخێکی تایبەتی تەندروستی کە بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا بەسەر ئێمە و هەموو دنیای‌دا سەپاندووە، وەک پێویست و شیاوی کاک جەلیل بوو، نەکرا وەک پێویست کۆڕی پرسە و ڕێزگرتن لە نەمریان بەڕێوە بەرین و هیواداریـن لە داهاتوودا بتوانین یادی ئەم گەورە تێکۆشەرە، بە

شـکۆوه بەڕێـوه ببەیـن.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

خالید عەزیزی

١٩ی گەلاوێژی ١٣٩٩

٩ی ئووتی ٢٠٢٠

# سپاسنامەی بنەماڵەی گادانی لە دەرەوەی وڵات

هاونیشتمانییانی بەڕێز لە سەرانسەری کوردستان!

هەواڵی کۆچی دوایی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بنەماڵەمان، جەلیل گادانی، لە ڕۆژی پێنجشەممە ١٦ی گەلاوێژدا، کە زیاتر لە حەوت دەیە و تا دوا چرکەی ژیانی، وەک قوتابییەکی بەئەمەگیی پێشەوا قازی محەممەد لە ڕێبازی کۆماری کوردستاندا بۆ دابینکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا، خەباتی کرد و وەفادار مایەوە، ئێمەشی

وەک ئێوە هاووڵاتییان، هاوسەنگەران و هاوبیرانی لە سەرانسەری کوردستان و جیهاندا ماتەمبار و خەمبار کرد.

شەپۆلی هاودەردی و پرسەی ئێوە، کۆمەڵانی خەڵکی کورد، هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی لە سەرانسەری کوردستان و دەرەوەی وڵات بەگشتی و هەروەها هاوخەمی کەسایەتی و بەرپرسانی باڵای حکوومی و حیزبی لە هەرێمی کوردستان، پەیامی سەرجەم حیزب و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی

کوردستان، کەسایەتییە سیاسی و ئەدەبی و فەرهەنگی و کۆمەڵاتییە کورد و غەیرە کوردەکان، نەیانهێشت ئێمە وەک بنەماڵە بە تەنیا هەڵگری ئەم خەمە قورس و گرانە بین.

پەیامەکان، بڵاوکراوەکان، ڕاپۆرتەکان، دەقەکان، هەستی جوان و وشەکان، لە وەسفی کەسایەتی و خەباتی زیندەیاددا، هاوسۆزی و خەمێک کە ئێمە دەمان بینی و هەستمان پێدەکرد، بۆ ئێمەی ڕوون و ئاشکرا کرد کە» کاک جەلیل» نەک بەتەنیا هەر ملکی بنەماڵە، حیزبێک یان بەشێک لە کوردستان نییە، بەڵکوو، ئازیزمان ئازیزی گەل و کوردستانە و سامانێکی نەتەوەییە.

هاوخەمی هاووڵاتییان لە چوارپارچەی کوردستانەوە، لاوێنەری دڵی پڕ لە خەم و کەسەری بنەماڵەبوون. بۆیە لە وڵامی تێکڕای هاودەردی، هەر وتار و ڕستەیەکدا کە لە یاد و بیرەوەری ئازیزمان «کاک جەلیل» دا گوتراوە، نووسراوە و دەگوترێ، هاوکات دەگەڵ سپاس و پێزانین، سەری کوڕنۆش و نەوازش دادەنوێنین و داوای سەرسڵامەتی تاک تاکی خەڵکی بەئەمەگی کوردستان بەگشتی و سەروەرانمان بەتایبەتی دەکەین و دەڵێین: «ئێوە خۆش و کوردستان خۆش.»

بنەماڵەی گادانی لە دەرەوەی وڵات

# پەیامی پێزانینی خاتوو ئامینە شێخە دێگەیی، هاوژینی کاک جەلیل گادانی

سڵاو لە هەر چوار پارچەی کوردستان، سڵاو لە کوردستانیان لەهەر کوێیەکی جیهان بن.

«جەلیل گادانی» موڵکی هەموو کوردستان بوو، ٢٢ ساڵە هاوژینین. هەم هاوسەر و هەم مامۆستام بووە. هەموومان زۆر شت لە ئەوەوە فێر بووین. تا مردن ڕێبازی حیزبی دێموکرات بەرنادەین و درێژەپێدەری ڕێگاکەی دەبین.

لێرەوە دەستخۆشی لە هەموو دۆست و خزمان و هاوڕێیانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان دەکەم بۆ هاوخەمیتان.

لەگەڵ ڕێزی دووبارەدا
ئامین شێخە دێگەیی

# پەیامەکان

# بەشێک لە پەیامی هاوخەمی حیزبە سیاسییەکان، کەسایەتییە سیاسی، ڕووناکبیری، ئاکادیمی و ئەدەبییەکانی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی

## پەیامی سەرەخۆشیی د. بەرهەم ساڵح، سەرۆككۆماری عێراق بەبۆنەی كۆچی دوایی كاك جەلیل گادانی

بەڕێزان بنەماڵە و هاوڕێ و دۆستانی خوالێخۆشبوو جەلیل گادانی!
بە داخ و پەژارەیەكی زۆرەوە هەواڵی كۆچی دوایی خوالێخۆشبوو جەلیل گادانی، سیاسەتمەدار و تێكۆشەر و كەسایەتیی دیار و نیشتمانپەروەری كوردستانمان بیست.
بەم بۆنە خەمبارەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی خانەوادە و كەسوكار وبنەماڵە و هاوڕێ و دۆستانی خوالێخۆشبوو، دەكەم و داوام لە خودای گەورە ئەوەیە بەر ڕەحمەتی خۆ بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بكات و دوا كۆستی بنەماڵە بەڕێزەكەتان بێت و سەبووری و دڵنەوایی هەموو لایەك بدات.
انا لله و انا الیه راجعون
د. بەرهەم ساڵح

................................................................................................

## پەیامی سەرەخۆشیی بەڕێز مەسعود بارزانی، سەرۆكی پارتی دێموكراتی كوردستان بە بۆنەی كۆچی دوایی كاك جەلیل گادانی

بە ناوی خودای مەزن و دلۆڤان
بۆ خانەوادەی بەڕێزی كاك جەلیل گادانی
بەداخەوە هەواڵی كۆچی دوایی تێكۆشەر و نیشتمانپەروەری ناسراو و ڕۆشنبیری كوردستان، خوالێخۆشبوو «جەلیل گادانیمان

پێگەیشت.

پرسە و سەرەخۆشیی خۆم بە خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و هاوڕێیانی کاک جەلیل و سەرجەم خزم و کەسوکارتان ڕادەگەیەنم و بەشداری خەمتانم.

لە خودای گەورە داواکارم گیانی پاکی کاک جەلیل بباتە بەر دلۆڤانیی خۆی و دڵنەوایی و ئارامییش بە هەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مەسعود بارزانی

٦ی٨ی ٢٠٢٠

## پەیامی سەرەخۆشیی سەرکردایەتیی یەکیەتیی نیشتمانی بەبۆنەی کۆچی دوایی کاك جەلیل گادانی

بەبۆنەی کۆچی دوایی جەلیل گادانی، تێکۆشەر و خەباتگێڕ و سیاسەتمەدار و کەسایەتیی دیاری کوردستان و ئەندامی پێشووی ڕێبەریی حزبی دیموکرات، پرسە و هاوخەمیی قووڵی خۆمان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی لە خانەوادە نیشتمانپەروەرەکەی و سەرکردایەتی و ئەندامانی حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین .

جەلیل گادانی، کەسایەتییەکی دیار و نیشتمانپەروەری کورد بوو. دۆستی دێرینی سەرۆک مام جەلالیش بوو کە لە تەمەنی لاوێتییەوە تێکەڵ بە کاری سیاسەت و خەباتی کوردایەتی بووە. لەو ڕێگایەشدا چەندین جار تووشی ئازار و زیندان و نەهامەتی بووە،

بەڵام پشودرێژانە بەردەوام بووە لە کۆڕی خەبات و، بزووتنەوەی سیاسیی کورد؛ بۆیە لەدەستدانی کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و تێکۆشەرێکی دێرین، داخێکی سەختە و هیوامان وایە ئەمە دواناخۆشی بێت و ڕوحی کۆچکردووش بۆ هەمیشە شاد بێت.

سەرۆکایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
٦ /٨ / ٢٠٢٠

.................................................................................................

## پەیامی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
## بەڕێز «مەسروور بارزانی»
## بە بۆنەی کۆچی دوایی کاك «جەلیل گادانی»

مەسروور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پرسەنامەیەکی بۆ کۆچی دوایی جەلیل گادانی، تێکۆشەری دێرینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو کردەوە.

لە پرسەنامەکەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مامۆستا «جەلیل گادانی»م بیست. پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی دەکەم. هیوادارم خوای مەزن، گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامییش بە کەسوکار و هەڤاڵانی ببەخشێت.

جەلیل گادانی، لە ساڵی ١٩٣٤ لە شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە، یەکێک لەو تێکۆشەرە دێرینانەیە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لە مەهاباد مێرمنداڵ بووە و لەو

کاتەوە تێکۆشانی سیاسی دەست پێکردوە.
ماوەی هەفتەیەک بوو بۆ چارەسەری نەخۆشیی کۆرۆنا لە نەخۆشخانەیەکی هەرێمی کوردستان لەژێر چاودێریی پزیشکیدا بوو، بەڵام ئەمڕۆ بە هۆی تێکچوونی باری تەندروستی، گیانی لەدەست دا.

.....................................................................................................

## پەیامی سەرەخۆشیی بۆردی پێوەندییە کوردستانییەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

بەڕێز دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان!
سڵاوی گەرم!

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی سیاسی و تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاک (جەلیل گادانی)مان پێگەیشت.
بەم بۆنە خەمناکەوە بە ناوی هاوسەرۆکان و ئەنجومەنی سەرکردایەتی و تەواوی هەڤالانی(ی-ن-ک)، پرسە و سەرەخۆشی خۆمانتان پێ ڕادەگەیەنین. لە خودایی گەورە داوا کارین بە بەهەشتی بەرینی شاد بکا.
هەڵبەت کاک(جەلیل گادانی) یەکێک بوو لەو کەسایەتییە سیاسیانەی دۆستی نزیکی سەرۆک مام جەلال بووە و لە زۆر وێستگەی خەباتی سیاسیدا هاوڕا و پشتیوانی یەکدی بوون. هەروەک کاک جەلیل هەموو تەمەنی خۆی خستە خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و لە پێناو بەدیهێنانی هەموو مافە دێموکراسییەکانی گەلەکەمان‌دا بێوچان

تێکۆشـاوه.

دووبـاره هاوخـه‌مـی خۆمانتـان پێڕاده‌گه‌یه‌نین و ئومێدوارین کاروانـی خه‌باتـی پڕ ڕێبوار بێت.

له‌گه‌ڵ ڕێزدا

سالار سه‌رحه‌د خه‌لیفه یونس

لێپرسراوی بۆردی پیوه‌ندییه کوردستانییه‌کان

ئه‌ندامی سه‌رکردایه‌تی(ی. ن.ک)

..........................................................................................

## په‌یامی هاوخه‌میی کۆسره‌ت ڕه‌سووڵ عه‌لی، سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌نی باڵای سیاسی و به‌رژه‌وه‌ندیی یه‌کیه‌تیی نیشتمانیی کوردستان به‌بۆنه‌ی کۆچی دوایی کاك جه‌لیل گادانی

به‌ڕێزان: خانه‌واده‌و بنه‌ماڵه‌ی مامۆستا جه‌لیل گادانیی تێکۆشه‌ر

به‌داخێکی زۆره‌وه هه‌واڵـی کۆچـی دوایـی تێکۆشـه‌ر و سیاسـه‌تمه‌دار و نیشـتمانپه‌روه‌ری کـورد مامۆسـتا جه‌لیـل گادانیـم بیسـت.

ئـه‌و تێکۆشـه‌ره‌ی حـه‌وت ده‌یـه لـه ژیانـی خـۆی ته‌رخـان کـرد بـۆ خه‌بـات و تێکۆشـان لـه پێنـاوی میلله‌ته‌کـه‌ی، به‌داخـه‌وه ئه‌مـڕۆ بـه نه‌خۆشـی کۆچـی دوایـی کـرد.

بـۆ خه‌مـی له‌ده‌سـتدانی ئـه‌م که‌ڵـه پیـاوه هاوخه‌مـی قووڵـی خـۆم ده‌رده‌بڕم، هیواخـوازم خـوای گـه‌وره سـه‌بووری هه‌موومـان بـدات و کۆچکـردوو بـه‌ر دلۆڤانـی و ڕه‌حمه‌تـی خـۆی بخـات.

کۆسرەت ڕەسول عەلی
سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندیی
یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان

..........................................................................................

## پەیامی هاوخەمی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ کۆچی دوایی مامۆستا جەلیل گادانی

بەڕێزان خانەوادە و بنەماڵەی خوالێخۆشبوو
مامۆستا (جەلیل گادانی )

زۆر بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی گەورە سیاسەتمەدار و شۆڕشگێڕی گەلەکەمان مامۆستا (جەلیل گادانی) ـ مان پێگەیشت، بەم بۆنە خەمناکەوە پرسەو سەرخۆشی خۆمان ئاڕاستەی خانەوادەو کەسوکار و ئازیزانی مامۆستاو هاوخەباتەکانی دەکەین.

داواکارین لە خوای گەورە ئارامی و سەبووریتان پێ ببەخشێ و کۆچکردوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.
"انا لله وانا اليه راجعون "

د. ڕێواز فایەق
سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

## پرسەنامەی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی کوردستان

بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!
خانەوادەی بەڕێز مامۆستا جەلیل گادانی!

کۆچی دوایی کەسایەتیی ناوداری گەلەکەمان (جەلیل گادانی) لە دڵەوە نیگەرانی کردین، چونکە ئەو پیاوە هەموو ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ نیشتمان. ئەو ڕۆشنبیرێکی بەئەزموون و دۆستێکی نیزیکی خۆمان بوو، ئێمە لە حیزبی شیوعیی کوردستان بەتەواوی کادر و هاوڕێیانەوە هاوخەمتانین، نیگەرانین و هەست بە لە دەستدانی کەسێکی خۆمان دەکەین.

ئۆمێدمانە ئەوە دوا کۆستی هەموومان بێ. لە ناخەوە دڵتەنگ و خەمبار بووین.

بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان بە ئێوەی بەڕێز ڕادەگەیەنین.

مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعیی کوردستان
٢٠٢٠/٨/٦

## پەیامی هاوخەمیی کەسایەتیی سیاسیی باشووری کوردستان، بەڕێز مستەفا چاوڕەش بە بۆنەی کۆچی دوایی کاك جەلیل گادانی

بۆ کۆچی دوایی تێکۆشەری گەورەی کوردستان
برای گەورەم کاک جەلیل گادانی

بـۆ مـن زۆر قـورس و زەحمەتـە کـە لـە سـەر کاک جەلیـل شـتێک بنووسـم، لەبـەر ئـەوەی لـە تێکۆشـەرە هـەرە گەورەکانـی کوردایەتـی بـووە.

زەمـان و خەبـات و تێکۆشـانی زیاتـر لـە حەفتـا سـاڵ شـاهیدی ئـەوەی بۆ ئـەدەن. ئەگـەر مێـژووی کوردایەتـی هەڵدەینـەوە ئـەوە لـەو ڕۆژەوەی حیزبی دێموکراتی کوردسـتان دامەزراوە یەکێک بووە لە کۆڵەکە گەورە و بەهێزەکانـی، ڕۆژێـک لـە ڕۆژان درێغـی نەکـردوە و دوا نەکەوتـوە، زەمانـی شـا و زیندانەکانی ئێـران شـاهیدیی ئـەوەی بـۆ ئـەدەن، وە لـە خەباتـی نهێنـی لـە شـار و دێهاتەکانـی کوردسـتان جێگایـەک نەمـاوە کاری نهێنـی بـۆ حیـزب نـەکات و لەبـەر ئـەو قۆناغـەی خەبـات دەیـان ساڵ زیندانـی دیوە لـە زەمانـی شـادا. ئـەم پیاوە کەسـێکی گـەورە بـوو لـە ڕووی سیاسـی و ئەدەبی و نووسـینەوە قۆناغەکانی خەباتـی بڕیوە و تاکوو گەیشـتوەتە سکرتێریی حیزبی دێموکراتـی کوردسـتان، دیارە مـن کاری سیاسـییم لەگـەڵ نەکـردوە بـەڵام ئێمـە و مانـان شـاگردی ئـەو بەڕێزەیـن. ناسـینی ئێمـەش لەگـەڵ ئـەو بەڕێـزەدا لـەو ڕۆژەوە دەسـت پـێ دەکات کە حیزبی دێموکرات بارەگاکانی هاتـە کوردسـتانی عێـراق، بەڕێزیـان هاوڕێـی نزیکـی جەنابـی مـام جـەلال بـوون هەروەهـا هاوڕێـی خەباتـی دوکتـور قاسـملوو، فەتـاح کاویـان و مـەلا عەبدوڵـڵای حەسـەنزادە و دەیـان تێکۆشـەری کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات و خـواروو

بوو، خۆیان شاهیدن.

من چەند جارێک لەگەڵ جەنابی مام جەلال چووین بۆ بارەگاکانیان، بە تایبەت ئەو کاتەی کە بارەگاکانیان لە گەورەدێ و هەروەها لە دۆڵە ڕەقەی لای ڕانیە بوون. ئەو کاتەی کە لە گەورەدێ بوون لە دانیشتنەکاندا جەنابی مام جەلال زۆر ڕێزی لە خۆی و هەواڵەکانی دەگرت، مەجلیسەکەیان پاش کۆبوونەوە خۆش ئەبوو، بۆخۆشی شەهید دوکتور قاسملوو ئەیوت: کاک جەلیل تەمەنی زۆرە لە کۆماری کوردستان سروودی نیشتمانیی وتوە.

مەبەستم ئەم تێکۆشەرە گەورەیە لە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتەوە تاکوو ئەمڕۆ کە کۆچی کرد و بەجێی هێشتین، بۆ دەقیقەیەک لە خەبات دوا نەکەوتوە، لەو پێناوەشدا زەحمەت و ئازاری زۆر دیوە. کاک جەلیل خۆی قوتابخانەیەک بوو بۆ پێگەیاندنی سەدان تێکۆشەر کە هاتوونەتە ڕیزی خەباتەوە لە ناو حیزبی دێموکراتی کوردستان. هەر وەک لە پێشەوە وتم کاک جەلیل بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی کوردایەتی و مامۆستایەک دا دەندرێت.

بنوو مامۆستای گەورەم لە ڕۆژی کۆماردا کە سروودی نیشتمانییت وت لەژێر ئاڵای کوردستاندا هەر ئەو ئاڵایەیە کە ئەمڕۆ بە سەر تەرمەکەتەوەیە و پێی داپۆشراوی.

ئاواتەکانت نەهاتە دی، بەو هیوایەی خوێندکارەکانت تەواوکەری ڕێبازەکەت بن.

مامۆستای بەڕێز بە مەردی سەرت نایەوە و زۆربەی ژیانت لە پێناوی داوای ڕەوای میللەکەت بە دەربەدەری و زیندان بە سەر برد. بە گەورەیی سەرت نایەوە.

هەزار سڵاو لە خەباتت و جێگات بەهەشت بێت. سڵاو لە شەهیدانی کوردستان.

لێرەشـەوە سـەرەخۆشـی لـە بنەماڵـە بەڕێزەکـەی و لـە هەڤاڵانـی ئەکەم، بـەو هیوایـەی وەفادارییت ببێتـە مایـەی یەکڕیزییتـان لـە داهاتوو.

مستەفا چاوڕەش
٢٠٢٠/٨/٨

.................................................................................................

## پەیامی کەریم ئەحمەد،
## سکرتێری پێشووی حیزبی شیوعیی کوردستان

بەڕێزان لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان
هەواڵـی کۆچـی دوایـی کەسـایەتیی نـاوداری گەلەکەمـان (جەلیـل گادانـی)م پێگەیـی.
لـە دڵـەوە نیگـەران بـووم، چونکـە ئـەم پیـاوە هەمـوو ژیانـی تێکۆشـان بـوو بـۆ نیشـتمانەکەی، لـە دڵـەوە خەمبـار بـووم و هاوخەمـی خـۆم دەردەبـڕم.

کەریم ئەحمەد
سکرتێری پێشووی حیزبی شیوعیی کوردستان
٢٠٢٠/٨/٦

## پرسەنامەی د. نەجمەدین کەریم
## بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان

بەڕێزان:
خانەوادەی تێکۆشەر جەلیل گادانی!
هاوڕێیان و هاوخەباتگێرانی کۆچکردوو!
هەڤالان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان!

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە، هەواڵی کۆچی دوایی بەڕێز جەلیل گادانی، سیاسەتمەدار و تێکۆشەری دیاری گەلەکەمانم پێگەیشت.. هاوخەمی و سەرەخۆشی خۆم بۆ خانەوادە و هاوڕێی و دۆست و هاوڕێبازانی کۆچکردوو لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دەردەبڕم. هاوکات لە یەزدانی مەزن داواکارم کۆچکردوو بە بەهەشتی ئارامی خۆی ببەخشێ.

بەڕێزان!
خوالێخۆشبوو کاک جەلیل گادانی یەکێک بوو لە تێکۆشەرە دیارەکانی ڕێگای خەباتی ئازادیخوازانەی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە برەودان بە بزاڤی کوردایەتی، جیا لەوەی لە بواری نووسین و مێژووش، دەستێکی باڵای لە ڕەوتی ڕۆشنگەری میللەتەکەمان هەبوو، کە بە کۆچی دوایی خەسارەتێکی گەورە بە بزاڤی ڕۆشنبیری و سیاسی برایانمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت و کوردستان بە گشتی کەوت.
لێرەوە جارێکی تر پرسە و سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆم بۆ خانەوادە و هاوڕێی و دۆست و هاوڕێبازانی کاک جەلیل گادانی لە

حیزبی دیموكراتی كوردستان دەردەبڕم و لە خودای گەورە داواكارم كۆچكردوو بە بەهەشتی ئارامی خۆی شاد بكا.
انا الله وانا الیە ڕاجعون

دكتۆر نەجمەدین كەریم
٢٠٢٠/٨/٦

.....................................................................................................

## پەیامی بەڕێوەبەری ئاسایشی پارێزگای سلێمانی بەبۆنەی كۆچی دوایی كاك جەلیل گادانی

بەناوی بەڕێوەبەری ئاسایشی پارێزگای سلێمانییەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی خانەوادە و تێكۆشەرانی بزافی شۆڕشگێرانی ڕۆژهەلات و هەموو كوردستان دەكەین بەبۆنەی كۆچی دوایی تێكۆشەر و ڕۆشنبیر و نوسەری نەتەوەكەمان كاك جەلیل گادانی.
لەدەستدانی بەڕێزیان زیانێكی گەورە بوو بۆ گەلەكەمان.
لە خوای گەورە داواكارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بكا و دواناخۆشی ئەو خانەوادە سەربەرزە بێت.
انا لله وانا الیە ڕاجعون

بەڕێوەبەری ئاسایشی پارێزگای سلێمانی

## ڕاگەیەندراوی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرینی دێموکرات کاك جەلیل گادانی

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ئەمڕۆ پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی بەرانبەر بە ٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠ی زایینی، تێکۆشەری ناسراو و دێرینی بزووتنەوەی کورد و هاوڕێی دەیان ساڵەی خەبات و خۆڕاگریی تێکۆشەرانی دێموکرات، پاش تووشبوون بە کۆرۆنا و حەوتوویەک بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەم بەڵا هەمەگیرە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان لە تەمەنی ٨٧ ساڵییدا کۆچی دوایی کرد.

کاک جەلیل گادانی یەکێک لەو تازەلاوانەی سەردەمی کۆماری کوردستان بوو کە هەر لەو کاتیەوە ئۆگری ئازادیی نەتەوەکەی و خەبات لە پێناو وەدیهاتنی ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە کوردستانی ئێران بوو.

لە پاش جوانەمەرگبوونی کۆمار، لەو تێکۆشەرانە بوو کە بۆ ڕێکخستنەوەی ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شار و گوندەکان لە هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوامدا بوو، لە ڕەوتی ئەو تێکۆشانەدا چەند جار دەستگیر و زیندانی کرا و هەر جارێک پاش ئازاد بوون بۆ تێکۆشان و درێژەی خەبات تێهەڵدەچۆوە.

پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات بۆ چەند ساڵ وەک یەکێک لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسیی حیزب ماندوویی نەناسانە لە هەوڵ و تێکۆشاندا بوو.

کاک جەلیل جیا لەوەی تێکۆشەرێکی سیاسی بوو، کەسایەتییەکی

کۆمەڵایەتی و خەڵکی بوو، لەدەستچوونی ئەم تێکۆشەرە بۆ هەموو لایەک جێگای پەرۆش و خەمبارییە.

ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی خەم و پەژارەی خۆی بۆ لە دەستچوونی ئەم تێکۆشەرە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی گادانی و هەموو دۆست و ئاشنایان و هاوسەنگەرانی دەکات و هیوا دەخوازین کە ڕووحی ئەم تێکۆشەرە دێرینە بە وەدیهاتنی ئاوات و ئامانجەکانی شاد بێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
ناوەندی سیاسی
١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی
٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠ی زایینی

..........................................................................................

## پەیامی هاوخەمیی بەڕێز عەلی قازی
## بە بۆنەی کۆچی دوایی کاك جەلیل گادانی

بەڕێز عەلی قازی، کەسایەتیی سیاسیی کورد و کوڕی پێشەوا قازی محەممەد بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی پەیامێکی بڵاو کردەوە.

دەقی پەیامەکە:

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە قوتابی بە وەفای کۆماری کوردستان و شۆڕشگێڕی دڵسۆزی نیشتمان، دۆست و برای ئازیزم مامۆستا «جەلیل گادانی» ئەمڕۆ بە هۆی پەتای کرۆنا کۆچی دوایی کرد.

بەو بۆنەوە سەرخۆشی دەکەم لە هەر چوار پارچەی کوردستان، ڕووحی بەرزی شاد، یادی پیرۆز و ڕێگای پڕ ڕێبوار بێ، بژی کورد، بژی کوردستان.

عەلی قازی

..........................................................................................

## پژاك: جەلیل گادانی مێژوویەکی دوورودرێژی لە تێکۆشانی کوردستان‌دا هەبوو و کۆچی دوایی خەمباری کردین

هاوسەرۆکایەتیی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)، بە بۆنەی کۆچی دوایی «جەلیل گادانی»، تێکۆشەری دێرینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیامی پرسە و سەرخۆشیی بڵاو کردوەتەوە و تێیدا، خەمباریی خۆیان بە کۆچی ناوبراو ڕادەگەیەنێ و ئومێدەوارە ئاواتی کۆچکردوو کە ئازادیی کوردستانە بەدی بهێنرێ.

دەقی پەیامەکەی هاوسەرۆکایەتیی پژاک:

هەواڵی کۆچی دوایی تێکۆشەری کورد «جەلیل گادانی» کە مێژوویەکی دوور و درێژی لە تێکۆشان و بەربەرەکانی لەگەڵ ناعەدالەتی و داگیرکاریی سەر کوردستان هەبوو، خەمباری کردین و بەم بۆنەوە سەرەخۆشیی خۆمان بۆ بنەماڵە و دۆستان و هاوبیرانی کاک جەلیل ڕا دەگەیەنین و هیواداریـن ئاواتی کاک جەلیل کە ئازادی بۆ کوردستان بوو، بە هیمەتی شۆڕشگێڕان بەدی بهێنین و کوردستانێکی ئازادیش بۆ هەموو مرۆڤێکی تێکۆشەر ببێتە مەکۆی ئاسوودەیی.

هاوسەرۆکایەتیی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)

# پەیامی سەرەخۆشیی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی کۆچی دوایی کاك جەلیل گادانی

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی، پەیامێکی بڵاو کردەوە.

دەقی پەیامەکە:

بە داخەوە کاک جەلیل گادانی کەسایەتیی دیاری ڕێگەی کوردایەتی و ئازادیخوازی کۆچی دوایی کرد. کاک جەلیل گادانی نزیک بە حەوت دەیە ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ خزمەت بە خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و، خەباتی ڕەوا لە بەرانبەر ڕێژیمی دیکتاتۆریی ئاخوندەکان لە ئێراندا. کاک جەلیل گادانی هەمیشە باوەڕی وا بوو نابێ لەگەڵ دەسەڵاتی ئاخوندەکان لە ئێران وتووێژ و دانوستان بکرێ و باوەڕی بە خەباتی شێلگیرانە بۆ گەیشتنی کورد بە مافەکانی بوو، هەروەها باوەڕی وا بوو، ڕووخانی یەکجاریی دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە ئێران چارەسەرێکی بنەڕەتییە.

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران کۆچی دوایی کاک جەلیل بە زیان بۆ جووڵانەوەی مافخوازنەی کوردستان و شۆڕشی ڕەوا لە بەرانبەر دەسەڵاتی ئێران دەزانێ. بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی تێکۆشەری دێرینی گەلی کورد، «بابەشێخ حوسەینی»، سکرتێری گشتی و سەرکردایەتیی سازمانی خەبات و تێکڕای هاوباوەڕانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی بە خانەوادەی کاک جەلیل و هەواڵانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕادەگەیەنین و لە غەم و پەژارەیاندا بەشدارین.

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی کۆچی خۆری

# پەیامی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
# بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانییەوە

دەقی پەیامەکەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بەم شێوەیە:

بە داخێکی گرانەوە ئەمڕۆ پێنجشەممە ١٦ی گەلاوێژ کاک جەلیل گادانی، کەسایەتیی ناسراو و تێکۆشەری دێرین، بە نەخۆشیی کۆرۆنا گیانی لە دەست دا.

کاک جەلیل بە شانازییەوە خاوەنی ٧٠ ساڵ خەبات بوو لە پێناو ڕزگاری و ئازادییدا. ساڵانێکی زۆر لە زینداندا بوو. لە هەموو ئەو ٧٠ ساڵەدا نەسرەوتوو و کۆڵنەدەر بوو، لە هەموو بوارەکانی خەباتدا دیار بوو. ئینسانێکی پاک و دڵسۆزی گەلی کورد و خەباتەکەی بوو. یەکێک لەو ڕابەر و کار بە دەستانە بوو کە بۆ یەکڕیزیی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بە پەرۆش و خاوەن هەڵوێست بوو. جیا لەوە کە بەرپرس و کەسایەتییەکی دیاری ناو ڕیزەکانی دێموکرات بوو، دۆستی کۆمەڵەش بوو و گرینگیی زۆری بۆ پێوەندیی دۆستانە دادەنا و هەوڵی خۆی زۆر خستە گەڕ تا پێوەندیی ئەو دوو ڕەوتە بەرەو پێش بچێ.

لێرەوە سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی خەڵکی کوردستان، هاوسەنگەرانی و هەموو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و هەموو بنەماڵەی بەڕێزی کاک جەلیل دەکەین.

یاد و ناوی کاک جەلیل، ئەو تێکۆشەرە دێرینە، بەرز و بەڕێز بێ.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩
٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

# پەیامی یەکیەتیی زانایانی کوردستان
# بە بۆنەی کۆچی دوایی کاك جەلیل گادانی

پرسـە و هاوخەمـی «یـزاکا» بـە بۆنـەی کۆچـی دوایـی تێکۆشـەری دێرینـی گەلەکەمـان، کاک «جەلیـل گادانـی»

کل نفس ذائقه الموت ثم الینا ترجعون
بە ناوی خودای دلۆڤان

ئەمـڕۆ پێنـج شـەممە ڕێکەوتـی ١٦ی گەلاوێـژی ١٣٩٩ی هەتـاوی تێکۆشـەری دێرینی حیزبی دێموکرات کاک جەلیل گادانی، پاش نزیک بـە ٧٠ سـاڵ تێکۆشـان لـە ڕیزەکانـی ئـەو حیزبـەدا بـە هـۆی پەتـای کرۆنـا کۆچـی دوایـی کـرد.

کاک جەلیـل گادانـی مرۆڤێکـی تێکۆشـەر و سیاسـەتمەدارێکی گەلـی کـورد لـە ڕۆژهەلاتـی کوردسـتان بـوو، خوداڵێخۆشـبوو چەندین پۆسـتی گرنگی وەک ئەندامی دەفتـەری سیاسـی و کۆمیتـەی ناوەندی لـە حیزبی دێموکراتـی کوردسـتاندا هەبـوو، لـەم دواییانەش وەک سیاسـەتمەدارێکی پـڕ تەجرووبـە درێـژەی بـە خەباتـی ڕەوای گەلەکـەی دەدا. بەداخـەوە پاش ٧ ڕۆژ بەربەرەکانـی لـە گـەڵ پەتـای کرۆنـا کۆچـی دوایـی کـرد.

یەکیەتیی زانایانی ئایینی کوردستانی ئێران وێڕای هاوخەمـی لەگەڵ بنەماڵـەی بەڕێزیـان و تێکۆشـەرانی دێموکـرات پرسـە و سـەرەخۆشـی لـە هەمـوو لایەکیـان دەکا و لـە خـودای مـەزن دەپاڕێینـەوە ڕۆحـی بـە بەهەشـتی بەریـن شـاد بـکا.

انا لله وانا الیه راجعون
١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی

## پەیامی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان
## بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی

سکرتێری گشتیی «پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان»، «باپیر کامەلا»، پرسەنامەیەکی بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانییەوە، ئاراستەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەی گادانی کردوە.

دەقی پرسەنامەکە بەم جۆرەیە:

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی گیان سپاردنی خوا لێ خۆش بێت ڕێزدار کاک «جەلیل گادانی»مان پێ گەیشت و چووە کاروانی نەمرانەوە، بە گەیشتنی هەواڵی گیان سپاردنی گەورە تێکۆشەر و دێرینی گەلەکەمان هەمووومان دڵتەنگ و خەمناک بووین. کاک جەلیل گادانی لە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی لە شار و لە شاخ، ڕۆڵی کارا و کاریگەری هەبووە. هەمیشە لە ڕیزی پێشەوە ڕۆڵی ڕێبەرایەتیی بینیوە و سومبولی خۆڕاگری بووە لە بەندیخانە و، تێکۆشەرێکی پشوودرێژ بووە لە خەباتی پێشمەرگایەتی و شاخ. سەرەڕای ئەوەی چەندین نەوەی پەروەردە کردوە و پێ گەیاندوە بۆ بەشداری کردن لە کۆڕی خەبات، بە لە دەست دانی ڕێبەرێکی مەزن و تێکۆشەرێکی دێرین لەو قۆناغە هەستیارەدا زیانێکی گەورە بە نەتەوەکەمان و بزووتنەوەی سیاسی دەکەوێت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئێمەش برایەکی ئازیز و دۆستێکی نزیک و خۆشەویستێکی بێوێنەمان لە دەست چوو. ڕۆیشتنی ڕێزدار کاک جەلیل گادانی بە جەستە ڕاستە بەڵام یادەوەرییەکانی لە ناو دەروونماندا بۆ هەمیشە جێگیرە.

بەم بۆنە خەمناکەوە بە ناوی تێکڕای هەڤاڵانمان پرسە و

سەرەخۆشیی خۆمانتان پێ ڕادەگەیەنین و، لە یەزدانی مەزن داواکارین بـە بەهەشـتی بەرینـی شـاد بکات و دوا کۆسـت و دوا ناخۆشـی بێت و تەمـەن درێـژی بـۆ کـەس و کار و هاوڕێیانـی دەخوازیـن، کاروانـی خەباتـی پڕ سـەروەریی نەپسـاوە و بـەردەوام بێت. خـودا سـێبووریی هەمـوو لایەکمـان بـدات.

انا لله و انا الیه راجعون

براتان

باپیر کامەلا

هەولێر ۲۰۲۰/۸/٦

........................................................................................................

## پەیامی سەرەخۆشیی مەکتەبی سیاسیی «پارتی کۆماری کوردستان» بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک «جەلیل گادانی»

بۆ بەڕێزان: دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دڵگـران بوویـن بـە هەواڵـی کۆچـی دوایـی ڕەوانشـاد سـەرکردە و خەباتگێـڕی میللەتەکەمـان «جەلیـل گادانـی»، بـەم بۆنـە خەمناکـەوە پرسـە و سـەرەخۆشـی لـە خانـەوادە بەڕێزەکـەی و دۆسـت و هەڤاڵانـی لـە حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان دەکەیـن و لـە پـەروەردگاری مـەزن دەپاڕێینـەوە ڕەوانشـاد «جەلیـل گادانـی» بـە بەهەشـت شـاد بـکا و سـەبرو سـوکنایی بـۆ خانـەوادە و دۆسـت و هەڤاڵانـی.

مەکتەبی سیاسی پارتی کۆماری کوردستان

# ڕاگەیەندراوی «کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران» بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک «جەلیل گادانی»

ماڵئاوایی لە ژیان کردنی تێکۆشەری دێرین کاک «جەلیل گادانی»
بە داخێکی زۆرەوە ئاگادار بووین کە تێکۆشەری دێرینی کوردایەتی و ئەندامی پێشووی ڕێبەری حیزبی دیموکرات، دوای حەوتوویەک بەربەرەکانێ لەگەڵ وایرۆسی کۆرۆنا، ئەمڕۆ بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە ژیان کرد.
لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی بنەماڵەی بەڕێزی، ڕێبەری و ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەین و خۆمان بە شەریکی غەمیان دەزانین.
بێگومان کاک جەلیل کەسایەتییەکی دیاری بزووتنەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو و چەندین دەیە تێکۆشانی سیاسی و حیزبی ناوبراو شایەتی بۆ ئەوە دەدەن کە چۆڵ بوونی جێگەی ئەو تێکۆشارانە و نەبوونیان لە نێومان چ خەسارێکی گەورە بە بزووتنەوەکەمان دەگەیەنێ، بەڵام دڵنیاین سەنگەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد هەر ئاوەدان دەمێنێ و ڕێبوارانی ئەو ڕێگایە تا گەیشتن بە ئامانجەکانی هەموو تێکۆشەرە دێرینەکان هەر بەردەوام دەبن.

بەرز و بەڕێز بێت یاد و ناوی کاک جەلیل گادانی

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
سکرتاریەتی کۆمیتەی ناوەندی
٦ی ئاگۆستی ۲۰۲۰ی زایینی

## پەیامی سەرەخۆشی «وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان» بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک «جەلیل گادانی»

بۆ خانەوادە و بنەماڵەی خەباتگێڕ و نووسەر و وەرگێڕ مامۆستا « جەلیل گادانی»

بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا «جەلیل گادانی» خەباتگێڕو نووسەر و وەرگێڕمان پێگەیشت کە بە نەخۆشی کۆرۆنا ژیانئاوایی کرد.
بەو بۆنە خەمناکەوە، بە ناوی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، هاوخەمی خۆمان دەردەبڕین و سەرەخۆشی لە ئێوە و نووسەران و ڕووناکبیرانی کوردستان دەکەین.
ڕۆحی مامۆستا گادانی شاد و ئارام بێ و دوا خەم و ناخۆشی خانەوادە و بنەماڵە نیشتمانپەرەرەکەتان بێت.

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
٦ی ئابی ٢٠٢٠

## بەیاننامەی کانوونی نووسەرانی کوردستان
## بە بۆنەی کۆچی دوایی کاك جەلیل گادانی
## تێکۆشەر و نووسەری کورد

هاونیشتمانیانی کوردستان!

نووسەران و دڵسۆزانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی!

هەر وەک هەموو لایەک ئاگادارن، ئەمڕۆ پێنجشەممە ١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی جەلیل گادانی، کەسایەتیی سیاسیی ناسراوی بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نووسەر و وەرگێڕی بەتوانا، بەهۆی نەخۆشییەوە لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

کاک جەلیل گادانی، جیا لەوەی زیاتر لە حەوت دەیەی ژیانی خۆی لەپێناو خەبات و بزاڤی سیاسی و دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەرخان کردبوو، لەم بوارەدا ئەمەگناسانە و خاکەڕایانە و بە پشوودرێژییەوە هەنگاوی هەڵگرتووە، هاوکات کەسایەتییەکی ناسراوی کۆمەڵایەتی و نووسەر و وەرگێڕێکی خاوەن ئەزموونە و خاوەن چەندین پەرتووکی بەنرخە.

کاک جەلیلی تێکۆشەر لەپێناو بیروباوەڕەی کوردانە لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی بۆ ماوەی ١٣ ساڵ زیندانی کراوە، بەڵام گرتن و بەندکران کۆڵیان پێ نەداوە و زیندانیشی کردووەتەوە قوتابخانەیەک بۆ فێربوون و لەوێ فێری زمانی فەڕەنسی بووە.

ساڵی ١٣١٢ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لەدایک بووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە مەهاباد تەواو کردووە، ساڵی ١٣٥١ بڕوانامەی لیسانسی زمانی فەرەنسی لە زانکۆی تاران وەرگرتووە، هاوکات جیا لە زمانی دایکی، زمانەکانی فارسی و فەڕەنسی و هەتا ڕادەیەکیش تورکی زانیوە.

تێکۆشـەری ماندوویی‌نەنـاس کاک جەلیـل گادانـی، خەمخۆرێکـی زمـان و ئەدەبی کـوردی و پاراسـتنی بەهـا نەتەوەییـەکان بـوو و لـەم بوارەشدا خاکەڕایانە و بە پشـوودرێژییەوە هەنگاوی جیدی هەڵهێناوە، لە پاراستنی بەڵگە و دیکیۆمێنتەکانی شۆڕشـی کوردسـتان و بەتایبـەت سـەردەمی کۆمـاری کوردسـتانەوە بگـرە، هەتـا نووسـینەوەی بەشـێک لـە مێـژووی حیزبـی دێمۆکـرات و ئاوڕدانـەوە لـە خەبـات و تێکۆشـانی پێشـمەرگە وەک بڕبـڕەی بزووتنـەوەی کـورد لـە کارە بەنرخەکانـی کاک (جەلیل گادانـی) دێنـە ئەژمـار کـە لەمبـارەوە دوو کتێبـی بەنرخـی نووسـیوە.

بەشێک بەرهەمەکانی لە بواری وەرگێڕان و نووسیندا بریتین لە:

١- هاونەتەوەیی‌بوونی قەومی کورد و ماد - (وەرگێڕان)

٢-پەنجا ساڵ خەبات (کورتەیەک لە مێژووی حیزبی دێمۆکرات)

٣- ڕاستیی ڕووداوەکان

٤- با نەبێتە درۆی پاش مردوو

٥- کەشکۆڵی پێشمەرگە

٦- وڵامدانەوە و ڕوونکردنەوە

٧- انسان چگونه غول شد

٨- داستان یک پیشمرگ قهرمان (ئامادەکردن و کۆکردنەوە)

ئێمـە وەک کانوونـی نووسـەرانی کوردسـتان، وێـڕای بـەرز نرخاندنـی خەبـات و تێکۆشـانی سیاسـی و فەرهەنگـی و ڕۆشـنبیریی تێکۆشـەری پێشـەنگ کاک جەلیـل گادانـی کـە لەپێنـاو ئـازادی و سـەربەسـتیی نەتەوەکەیـدا هەڵیگرتـووە، هـاوکات بـە بۆنـەی کۆچـی دوایـی ئـەم نووسـەرە ئازادیخوازەوە، سەرەخۆشـی و هاوخەمیی خۆمان ئاراستەی بنەماڵـە و کەسـوکاری بەڕێزیـان و هەمـوو تێکۆشـەرانی بزووتنـەوەی

کورد و نووسـەر و ئەدیبانـی نیشـتمان دەکەیـن و خۆمـان بـە شـەریک و هاوبەشـی خەمیـان دەزانیـن.

پێمـان وایـە ڕەهەنـدی ئەخلاقـی و ڕەفتـاری کۆمەڵایەتـی و خاکەڕایـی کاک جەلیلـی تێکۆشـەر، نموونـە و سەرمەشـقێکە بـۆ لـێ فێربـوون و لێبووردەیی و یەکتر قەبووڵکردن لـە مەیدانی بزووتنـەوەی سیاسـی و فەرهەنگیـی کوردسـتاندا.

کانوونی نووسەرانی کوردستان
١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی
٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠ی زایینی

.............................................................................................

## پەیامی سەرەخۆشیی «پارتی لیبراڵ دیمۆکراتی کوردستان» بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک «جەلیل گادانی»ـیەوە

بەڕێـزان: دەفتـەری سیاسـیی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان و بنەماڵـەی بەڕێـز گادانـی

بـەداخ و پەژارەیەکـی زۆرەوە هەواڵـی کۆچـی دوایـی سیاسـەتمەدار، کەسـایەتیی دیـاری سیاسـیی کـورد و تێکۆشـەری دێرینـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان بەڕیـز کاک «جەلیـل گادانی»ـمان پێگەیشـت.

بـە نـاوی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتیی پارتـی لیبـڕاڵ دیمۆکراتـی کوردسـتان سـەرەخۆشـی خۆمـان ئاڕاسـتەی بنەماڵـەی خوالێخۆشـبوو، دەفتـەری سیاسـیی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان و هەمـوو هاوڕێیـان و هاوسـەنگەران و گەلەکەمـان دەکەیـن و هاوبەشـی خەمتانیـن.

«کاک جەلیل گادانـی» مرۆڤێکـی ئـارام و قسـەخوش و کەسـایەتییەکی

دیـاری بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلەکەمـان بـوو کـە هەمـوو تەمەنـی لـە پێنـاو مافـە ڕەواکانـی گەلەکەیـدا خەباتـی کـرد و کۆڵنـەدان و نەسـرەوتنی کاک جەلیـل گادانـی خۆشەویسـت لـە ڕیـزی حیزبـی دێموکراتدا و بۆ ڕزگاری نەتەوەکەی ئیلهام بەخشە و فێری بەردەوامی و پاراسـتنی بەهـاکان و مانەوەمـان دەکا، لەدەسـتدانی تێکۆشـەرێکی وەک کاک جەلیل گادانی کۆستێکی گەورەیە بۆ حیزبی دێموکرات و بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازانـەی کـورد و کوردسـتان.

ڕوحی شاد و ڕێگای پڕ ڕێبوار بێ

پارتی لیبڕاڵ دێموکراتی کوردستان
ئەنجومەنی سەرکردایەتی
١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٠کوردی

.................................................................................................

## پەیامی سەرەخۆشیی کاک شەوقی (باکووری کوردستان) لە حیزبی دێموکرات سەبارەت بە کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی

بەڕێز کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

خەبـەری کۆچـی دوایـی تێکۆشـەری نەسرەوتوو کاک جەلیـل گادانـی بـۆ مـن جەرگبـڕ و دڵهەژێـن و پـڕ لـە پـەژارە بـوو. کاک جەلیـل بـۆ مـن وەک کوردێکی باکووری کوردسـتان هەڤاڵیکی لەمێژینەی ڕێزدار و گـەورە و ئازیـز بـوو. لـە چاوپێکەوتنەکانمانـدا لەکاتـی سـەفەر بـۆ پاریـس دنیایـەک ورە و هیـوای لـێ دەردەکـەوت، کۆمایـەک شـادیی لەنێـو چاوانـدا بـوو. کاک جەلیـل کوردێکـی پـاک و ڕاسـتەقینە بـوو.

نەمانی کاک جەلیل لەسەر مەیدانی خەبات کۆستێکی گەورەیە بۆ کورد و بۆ کوردستان. من لێرەدا پرسە و سەرەخۆشیی خۆم ئاراستەی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەم و پێتان ڕادەگەیەنم کە لەگەڵ ئەم خەمە گەورەی ئێوە و نەتەوەی کورددا بەتەواوی بەشدارم.

شەوقی

پاریس ٦ی مانگی ئووت ٢٠٢٠

.................................................................................................

## پەیامی سەرەخۆشیی فاڕووقی مەلا مستەفا بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی

برای زۆر خۆشەویست و تێکۆشەر، جەنابی هاوڕێ مەلا عەبدوڵڵا!

بە دڵێکی پڕ لە خەمەوە بەشداریی خەمتان لە کۆچی دوایی تێکۆشەری ناسراوی کورد و حیزبە نەبەزەکەتان دەکەم.

هەموو ئەندامانی بنەماڵەی ئێمە خۆشەویستییەکی مێژووییمان هەیە بۆ ئێوە و شانازیتان پێوە دەکەین، بە ڕۆژانی ناسیاوەتی و هاوڕێیەتیمان لەگەڵتان بە گشتی و بە شەهیدی گەورەی لەیادنەچوومان دوکتور قاسملوو، و جەنابت بەتایبەتی لە ساڵانێکی زووەوە، ئەوە بۆخۆمان بە سەربەرزییەکی گەورە دادەنێین لەمیانی خۆشەویستیمان بۆ گەلەکەمان.

نەمری بۆ تێکۆشەری گەورە جەلیل گادانی و لەگەڵ سڵاوم بۆ کەسوکاری و گشت هاوڕێکانی.

براتان

فاڕووق مەلا مستەفا

# پەیامی سەرەخۆشیی وەلید محەممەد، سکرتێری گشتیی بزووتنەوەی نوێبوونی کوردستان

بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان
بەڕێز خێزان و خانەوادەی خوالێخوشبوو مامۆستا جەلیل گادانی
سڵاوی سەربەخۆیی و شۆڕشگێڕی،

بەنیگەرانییەکی قووڵەوە هەواڵی کۆچی دوایی سەرکردە و تێکۆشەر و سیاسەتمەدار و خەباتگێڕی گەلەکەمان (جەلیل گادانی)مان بیست. بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی لە خۆمان و بەڕێزتان و خێزان و منداڵەکانی و دۆست و هاوڕێکانی دەکەین و خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین.

لەخوای گەورە داواکارین ئەوە دواناخۆشیتان بێ و خوای گەورە سەبوری و ئارامی بخاتە نێو دڵ و دەرونتان و خوالێخۆشبووش بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکا.

سیاسەتمەداری گەلەکەمان جەلیل گادانی دلسۆزی گەلەکەی بوو، خەباتگێڕ و تێکۆشەر بوو، لە هەموو ژیانیدا بۆ یەک چرکەش لە خەبات و تێکۆشان نەوەستا، هەموو ژیانی خۆی کردە قوربانی گەلەکەی، بۆیە لەدەستدانی ئەم قارەمانە ئەرکەکەمان قورستر دەکا و لەسەر هەموو پێویستە بەتەبایی و یەکڕیزیی و یەکهەڵوێستی خەبات و تێکۆشان بکەین تا ئاواتەکانی مامۆستا (جەلیل گادانی) بەدی بێنین.

لەگەڵ ڕێزماندا
دڵسۆزتان
وەلید محەممەد
سکرتێری گشتیی بزوتنەوەی نوێبوونی کوردستان
١٠ - ٨ - ٢٠٢٠

# پەیامی هاوخەمیی کەنداڵ نزان،
# سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی، سیمای مەزنی خۆڕاگریی گەلی کورد لە ئێرانمان پێگەیشت.
کاک جەلیل کەسایەتییەک بوو کە لە هەموو کوردستان و لەنێو دیاسپۆرای کوردی ئورووپادا زۆر خۆشەویست بوو. ئەو لە فەڕانسە زۆر دۆستی هەم لەنێو کوردەکاندا و هەم لەنێو ئەو پزیشکە خێرخوازە فەڕانسەوییانەدا کە لە کوردستان خزمەتیان کردبوو، هەبوو. هەموو لایەک بۆ لەدەستدانی ئەو پیاوە ئیستسناییە کە هەمیشە ڕووخۆش و مێهرەبان و گەششبین بوو بەغەمن.
ئەو هەر لە مێرمنداڵییەوە و لەژێر سایەی کۆماری کوردستاندا ژیانی خۆی بۆ خەباتی گەلی کورد لەپێناو ئازادی و مافە نەتەوایەتییە ڕەواکانی تەرخان کردبوو و تا سەر بوو بە بەشێک لە کاروانی دوور و درێژی خەباتگێڕان و شەهیدانی کوردستان.
لەم کات و ساتە بەئازارەدا، بەناوی ئەنستیتۆی کوردەوە کە ئەو دۆستێکی وەفاداری بوو، هاوسۆزی و هاوخەمیی هەرە سادقانەی خۆمان بۆ بنەماڵە و نزیکان و هاوڕێیانی حیزبیی کاک جەلیل دەنێرین. باشترین شێوەی بەرزڕاگرتنی بیرەوەریی وی درێژەدانی خەباتی ئەو بۆ ئازادیی کوردستانە.

کەنداڵ نزان سەرۆکی ئەندیستۆی کورد لە پاریس
پاریس، ١٠ی ئووتی ٢٠٢٠

## پەیامی هاوخەمیی محەممەد حەمەباقی،
## ئەندامی کارای ئاکادیمیای کوردی
## بۆ دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

دوای ڕێز و سڵاوی دڵسۆزانە،

بەخـەم و کسـپەیەکی زۆرەوە، هاوبەشـی خەمـی مەرگـی تێکۆشـەری ناسـراوی حیزبەکەتـان و گەلەکەمـان، مامۆسـتا جەلیـل لـە هەمـوو ئەندامانـی سـەرکردایەتی و سـەرلەبەری ئەندامـان و لایەنگرانـی حیزبـە تێکۆشـەرەکەتان و لـە هەمـان کاتـدا لـە خۆمیـش دەکـەم، کـە شـانازیی ئـەوەم بەرکەوتبـوو، دۆسـتایەتی دێرینـەم لەگـەڵ مامۆسـتا جەلیلدا هەبێ; ئەو مرۆڤەی بە جەستە و بە قەڵەم، هەموو تەمەنی لاوێتـی و سـەرومڕی ژیانـی، بـۆ کێشـەی ڕەوای نەتـەوە ژێردەسـتە و بەشـخوراوەکەی تەرخـان کـرد و لـەو تەمەنـە پـڕ لـە خەباتەیـدا، کـە زۆر بـە دژواری، بەسـەریدا زاڵ ببـوو، بـەڵام عەگیدانـە و یـەک بیـن و یـەک پشـوو، ئاوقـە و ئاوێتـەی کێشـەی نەتەوەکـەی ببـوو، بەجۆرێـک هـەر کەسـێک ناسـیاویی نزیکـی لـە خزمەتیدا بووبێ، هەسـتی دەکـرد مامۆسـتا جەلیـل ئاوێنەیەکـی پـاک و بێگـەرد و نوێنـەری ڕاسـتەقینەی کێشـەی نەتەوەکەیەتـی و لـە هەمـوو هەڵسـوکەوتیدا، هەسـت دەکـرا، کێشـەی نەتـەوەی کـورد، کێشـەیەکی هەمیشـە زیندووە، هەمیشـە ڕەوا و هەمیشـە بەپێوە ڕاوەسـتاوە، وەک ڕاوەسـتانی جوامێرانـەی مامۆسـتا جەلیـل، لەگـەڵ کاروانـی خەباتگێڕانـی نەتەوەکەیـدا، بـۆ گەیشـتن بـە ئـازادی و ئاشـتی.

هەر بژین بۆ خەبات.

دڵسۆزتان محەمەد حەمە باقی
ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی
هەولێر ١١.٨.٢٠٢٠

.................................................................................................

## پەیامی هاوخەمیی د. شوکریە ڕەسووڵ بەبۆنەی کۆچی دوایی کاك جەلیل گادانی

جەلیل گادانی پتر لەنیو سەدە خەبات وتێکۆشان و کۆڵنەدان!

ڕۆژی٦-٨-٢٠٢٠ بەکۆچی مامۆستا جەلیل گادانی تووشی شۆک بووم. هەرگیز باوەڕم نەکرد خوای ئەهریمەنی سەرزەوی بە نەخۆشیی کۆڕۆنا گیانی لێبسێنێتەوە. ئاخر کەسایەتیی ناوبراو هەموو ژیانی لە تێکۆشان و خەباتدا بووە، پتر لە دەساڵی تەمەنی لە بەندیخانەی ڕێژێمی شادا بەسەر بردوە و ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجەی بەندیخانە و خۆڕاگرییە لەپێناو وەدەستهێنانی مافی خودموختاری بۆ کورد چەشت؛ کەچی بەرگەی نەخۆشی و پەتای ئەم سەردەمەی نەگرت. ئاخر ئەمە چ بەڵایەکە تووشی گێتی بووە و پشکیشی بەر کورد کەوتوە. ئەمە بەڵایەکە کەس ناناسێ لە دەرگا دەدا ئازار و ئەشکەنجە ناوەوەی گیانی مرۆڤی داگیرکردوە و جیهانی بەخۆوە سەرقاڵ کردوە و هەموو جیهان لێی دەترسن. تەمەن ناناسێ، لەگەڵ گەنج وکاڵ و پیر لە زۆرانبازیدایە. هەموو ئەندامانی لەش لە ناوەوە تێک دەشکێنێ، دەنگ دەگۆرێ. هەربۆیە ئەم ئازارەی مامۆستا تەواو جیاواز بووە لەو ئازار و ئەشکەنجەی ڕێژێمی شا و ئەهریمەنی سەر زەوی گیانی لێسەندەوە و و ئازارێکی گەورەی خستە دڵ و دەروونی دۆست و خزم و حیزبەکانەوە.

کاک جەلیل کەسایەتییەکی سیاسەتمەدار و تێکۆشەرێکی ئازا و خاوەن قەڵەم بوو. زۆرجار هاتۆتە ماڵم و لەگەڵ خۆی کتێبی «پەنجا ساڵ خەبات» بە قەڵەمە ڕەنگینەکەی پێشکەش کردووم، چچای کتێبی وەرگێرانی لەسەر مێژوو و ڕەچەڵەکی کورد. ئەو ماوە کەمەی لە ماڵمان بوو نیمچە کۆڕێکی پڕسوود و بەرەکەت بوو. بیرمە باسی تێکۆشانی غەنی بلوریانی بۆ کردم کە نیوەی تەمەنی لە سجندا بردبووە سەر. کاتێ ئازاد کرا لە ماڵی جەلیل گادانی لە تاران بە ئاپورای جەماوەر بۆ کوردستان بەڕێ کرا. لە هەموو شارەکانی پێیدا تێدەپەری، گوڵباران کراوە و ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی نراوە و چووەتە نێو دڵی میللەتەوە و نامرن ئەوانەی لە دڵی میللەتدا دەژین. ئاپووڕای جەماوەر خۆی لە شەست هەزارکەس داوە. باس و خواسی «چل ساڵ خەبات»، کتێبەکەی د. قاسملۆمان هێنایە گۆڕێ. بەڕاستی شارەزای هەموو مێژووی هاوچەرخی کورد و هەموو پیلانەکانی نێودەوڵەتی و شەڕەکانی یەکەم و دابەشکردنی کوردستان و شەری دووەمی جیهانی و دامەزراندنی ژ. ک و حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان لە مەهاباد بوو. ئیتر ئەم بابەتانە بوونە هەوێنی نووسینی پەنجا ساڵ خەبات. ئەو لە نیزیکەوە هەموو تەمەنی لاوی لە حیزبی دێموکراتدا تا پلەی سکرتێری حیزب، بە شەرەف و سەربەرزی بەسەر برد وکۆڵی نەدا، بەڵام پەتای نەعلەتیی کۆرۆنا گیانی لێ ستاند و خۆم و حیزب بەلەدەستدانی ئەم سەرکردەیە تووشی شۆک بوو.

بەڵێ کورد تێکۆشەرێکی گەورەی لە کیس چوو، دڵی برینداز کردم، چونکە ئەم پیاوە مەزنە کۆڵنەدەرە باوەڕی بە مێژوو و فەلسەفەی مێژوو بوو. بەلایەوە کەرەستەکانی مێژوو مرۆڤ بووە کە گۆڕانکار و تێکدەریش بووە و توانیویەتی حیزب و ڕێکخراو دامەزرێنێ و ماف

بەدەست بێنێ. بەڕاستی لەدەستدانی سەرۆک شکستێکی کاتییە بۆ جەماوەرەکەی، بەڵام ئەمە مێژووە. حیزبی دیموکرات وەک کۆنترین حیزب لە کوردستان بە لەدەستدانی تێکۆشەرانی ڕاهاتوە و بە هەزاران هەزار شەهیدی داوە و کۆڵ نادا هەڵدەستێتەوە. هەربۆیە ئەم برینە بەئاسانی سارێژ نابێ و هیچم لەدەست نایە.

هاوخەمی خۆم ئاراستەی حیزبی دیموکرات و خانەوادەکەی و تەواوی گەلی کورد دەکەم و دەڵێم: کاک جەلیل گادانی کۆڵنەدەر! خەوی خێرت بێت و جێگات بەهەشت بێت. دڵنیابە ئەم بارە ناخۆشە نەبوایە بە هەزاران لە ڕۆڵە کوردپەروەرەکان تەرمی تۆیان بەشکۆوە بەرەو مەزارت دەبرد. ڕەحمەت لە گۆڕت، سەربەرزانە ژیایت و بە بێدەنگی ماڵئاواییت کرد، خوات لەگەڵ و ماڵئاوا....

د. شوکریە ڕەسووڵ

........................................................................................

## پەیامی هاوخەمیی هونەرمەند نازێ عەزیزی

ئەمنیش بە نۆرەی خۆم سەرەخۆشی لە حیزبی دێموکرات و تەواوی ئەندامانی ئەم حیزبە خۆشەویستە و هەموو گەڵ و چین‌وتوێژەکانی کۆمەڵگەی شار و لادێی کوردستان و، بنەماڵەی نەمر جەلیل گادانی، پێشمەرگەی دێرین و ماندوویی نەناسی گەلەکەمان دەکەم و سەری ڕێز و نەوازشی بۆ دادەنەوێنم. پێی دەڵێم ماندوو نەبی کاکە گیان. ماندوو نەبی لەوەی کە بێ‌وچان تەمەنت بەخشی لە ڕێی ئازادی، لەوەی کە شاخەکانی کوردستانت هەمووی بە هەنگاوەکانت پێوا. بۆ خوێندنەوەی سروەی ئازادی دڵی شار وەستا، لە تەمی ڕۆیشتنت کوردستان ڕەشپۆشە شۆرەسوارەکەی یادکاری کۆماری کوردستان.

لێ ڕۆیشتنت دڵی هەزاران هەزار کوردی شکاند، دڵی دێموکراتمان خوێنی لێ تکا. ماندوو نەبی. دڵنیام کاتی سەربەخۆیی و ئازادیی کوردستان دێیتەوە و لەگەڵ هاوڕێ شەهیدەکانت لە چوارچرا ناوت بەرز دەکرێتەوە.

نازی عەزیزی

........................................................................................

## پرسەنامەی مامۆستا کاروخ پڵنگانی (شاعیری ئەیلول) بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی

بۆ بنەماڵە و کەسوکاری بەڕێز و پایە بەرزی خوالێخۆشبوو جەنابی کاک جەلیل گادانی.

سڵاو و حورمەتی تایبەتیم قبوڵ بفەرموون.

بە هەستێکی پڕاوپڕ لە خەم و کەسەر و بە پەژارەوە ماتەمێکی زۆرەوە، سەرەخۆشی لە ئێوەی بەڕێز و تەواوی هەڤاڵان و هاوسەنگەرانی ئەم زاتە گەورەیە دەکەم.

کۆچی دوایی جەنابی کاک جەلیل گادانی بە زیانێکی زۆر گەورە دەزانم بۆ ڕێڕەوی خەبات و پێشڤەچوونی بزاڤی ئازادی و ڕزگاری خوازی نەتەوایەتیمان.

وەکوو کوردێکی نەتەوە و نیشتمانپەروەر، بە ڕێز و پێزانینی زۆر و هەرگیز لە بیرنەکراو دەڕوانمە ڕۆڵی بەرز، حاشا هەڵنەگری کوردانە و جوامێرانە ئەو مەزنە پیاوە، کە هەر لە سەرەتای تەمەنی لاویتییەوە تا دوا هەناسە، هەموو ژیانە خۆی بەخشی و تەرخانی کرد بۆ خزمەتی کورد و گەیشتن بە ئامانجە ڕەواو و پیرۆزە

نەتەوایەتیەکـەی.

یەکێکی دیکە لـە خسڵەتە جوانەکانی جەنابی کاک جەلیل ئـەوە بـوو کـە خۆپەرەسـتی و خۆبەزلزانـی لـە فەرهەنگـی بیرکردنـەوەی ئـەودا جێگا و شـوێنەوارێکی نەبـوو، بۆیـە دۆسـت و ناسـیاو و هاوەڵەکانـی هەمیشـە شانازییان بـە دۆستایەتی و هەبوونـی پەیوەندی لـە خزمەتیدا دەکـرد، کـە مـن خـۆم یەکێـک بـووم لـەوان.

لـە کۆتاییدا لـە بەرامبـەر گیانـی پیـرۆز و نـاوی بـەرزی کاک جەلیـل سەری ڕێزگرتن و حورمەتامێز دادەچەمێنم و ئەم چەند دێڕە شێعرەش کـە هەڵقـوڵاوی هەسـتی خۆشەویسـتی و دۆسـتایەتی بێبڕانەوەمـە بـۆ گیانـی بێگـەرد و پاکی جەنابیـان دەکـەم بـە دیـاری.

بژی کورد بژی کوردستان، سەرساغی بۆ بەڕێزتان.

پەیامی من لەسەر پرسە و ماتەمی ئەو شێرە مەردانە
بەڵێن نوێ کردنەوە و سۆزی خەباتی بێ ووچاندانە

قەزاواتی قەدەر وایە سزای عومری درێژی من
بڵێم چی دیتنی مەرگ و لە دەست چونی ئەزیزانە

لە مەزرای پڕ تەپوتۆزی ژیانی بێ ئومێدیدا
بە ناچاری دەبێ هەڵکەم لەگەڵ ئەو کارەساتانە

دەبا بێنم وەکوو (هێمن) لەگەڵ نەی ناڵە تێکەڵ کەم
هەتا شینێکی شایستە بگێڕم گۆشە گیرانە

دەزانم خۆ شەهید هێندە مەزن بێ شیوەنی ناوێ
لە ماڵ و سەروەتیشمدا کە هەرچی ناوی سامانە

لە شێعری (شاعیری ئەیلول) بەدەر چیدیکە شک نابەم
کە وەک تاجە گوڵینە بیکەمە هێمای شەهیدانە

شاعیری ئەیلول
١٠/ئابی/٢٠٢٠

.......................................................................................

## پرسەنامەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی بزوتنەوەی نوێبوونی کوردستان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان

بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان!
بەڕێز خێزان و خانەوادەی خوالێخوشبوو جەلیل گادانی!

بەداخ و پەژارەیەکی مەزنەوە هەواڵی کۆچی دوایی سیاسەتمەدار و سەرکردە و تێکۆشەر و خەباتگێڕی گەلەکەمان جەلیل گادانیمان بیست. بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان و تەواوی گەلی کوردستان دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین. لەخوای گەورە داواکارین ئەوە دوا ناخۆشیتان بێ و خوای گەورە سەبووری و ئارامی بخاتە نێو دڵ و دەروونتان و خوالێخۆشبووش بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکا .
مامۆستا جەلیل گادانی هەموو تەمەنی خۆی لەپێناو گەلەکەی بەڕێ کرد، بۆیە لەدەستدانی نەک تەنیا زیانێکی گەورە بوو بۆ حیزبی

دێموکراتی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو خەسارەتێکی گەورە بوو بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان.

ئەنجومەنی سەرکردایەتیی بزوتنەوەی نوێبوونی کوردستان
٧ی ٨ی٢٠٢٠ی زایینی

.................................................................................................

## پەیامی هاوخەمیی د. خورشید شەوکەت ڕەواندزی

کۆچی دوایی هاوخەبات و هاوبیرم هەڤاڵ جەلیل گادانی بۆ هەموو کوردپەروەرانی کوردستانی ڕۆژهەلات و لە پێشاندا ئەندام و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆستێکی گەورەیە.

من د. خورشید ڕەواندزی یەکێکم لەوانەی دەوری ٣٠ ساڵە ئەم کەڵەپیاوە کەم نموونەییەم ناسیوە. بەر لەویش سەرکردە بەناوبانگەکانی ترم لە پراگ – چیکوسلوفاکیا د. عەبدولڕەحمان قاسملوو هەروەها د. شەرەفکەندی لە پاریس ناسیبوو. بێ پەردە ئەتوانم هەر سێکیان وەکوو یەکدا شانازی بە ناسینیان بکەم و حەزمە وەک یەکتریش ڕێزیان لێ بگیرێ. بەڵام برا و مامۆستای زێدە ڕێزدارم نەئەبوا لە پێش مندا و دوور لە من ماڵئاوایی بکردایە.

بەڵام وادیارە تەمەندرێژی من بۆ خۆشی و لەزەت لە ژیاندا نییە و لاشم گران نییە و ئەرکی سەرەکیشمە بۆ کۆچکردو و قارەمانانی کوردستان خەمبار بم و لە هاوبەشی بنەماڵە و حیزبەکەیان لەم ساتە ناڕەحەتانەدا بکەم. چەندین جار داوام لە کاک جەلیل کردوە لە خانووەکەی من لە هەولێر ژیان بەسەر بەرێ، هەردەم جگە لە

سوپاس کردنم ڕەتی ئەکردەوە و ئەیوت دەبێ لەگەڵ هاوڕێیانی خۆماندا بە یەکەوە بژین و بمرین.

بەم بۆنەیەوە پرسە و سەرەخۆشی بە ناوی خۆم و زیاتر لە (٣٠٠) ئەندامانی بنەماڵەمان ئاراستەی بنەماڵەی جەلیل ڕەحمەتیی خۆشەویستم و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ڕۆژهەلات و هاوبیر و خەباتکارانی لە ئەودیو وتایبەت لە شاری مهاباد دەکەم و ئاواتمە لاو و گەنجان چاو لەو بکەن لە ڕەفتار کردنا و ببێتە نموونە بۆیان هەروەکوو بۆ منیش ئەرک دەبێت.

دڵسۆزتان

د.خورشید شەوکەت ڕەواندزی

باڵوێزی خۆبەخشی کوردستان لە ئوروپا

..........................................................................................

## پەیامی هاوخەمیی پارتی شەپیلا پاشەڕۆژێ سووریە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی سیاسەتمەداری کورد کاك جەلیل گادانی

بەڕێزەوە بۆ برای ئازیز کاک خالید، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بۆ برایانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

وە لە کۆتاییدا بۆ کاک جەلیل گادانی

گەلی کورد لە هەموو کوردستان هەواڵی کۆچی دوایی تێکۆشەر و سیاسەتڤانی دێرینی کوردستان، کاک جەلیل گادانی‌یان لە دوای تەمەنێک ئازار و چەرمەسەریی لە پێناو نەتەوەکەیدا لە ڕۆژهەلاتی

کوردستان لە ڕۆژی پێنجشەممە ١٦ی گەلاوێژی ٩٩دا، بیست.

گەلی کورد کاک جەلیل گادانی، پێشمەرگەیەکی گەورە و یەکێک لە دیارترین ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە دەست دا کە شایەدی دامەزرانی کۆماری کوردستان بوو. کاک جەلیل لەو کاتەوە لە داکۆکی لە پرسی کورد بەشدار بوو و، بۆ ماوەی نیزیک بە پازدە ساڵ لە زیندانەکانی ڕێژیمی (پاشایەتی) و ئێراندا بوو، ڕێبەرێک کە ماندوویی‌نەناس بوو، ئەو بەڵێنی بە خۆی دابوو هەتا دوا ساتەکانی ژیانی وەفادار بێ بە مانەوەی لە جەرگەی خەبات لە پێناوی گەلەکەیدا.

ئێمە لە لقی بەڕێوەبەرایەتیی پارتی شەپیلا پاشەڕۆژێ سووریە بەشداری ئازار و خەمی ئەم خەسارە گەورەین و، هەستی هاودەردی و هاوخەمیی خۆمان بۆ هەموو ئەندامان و کادرەکانی حیزبی دێموکرات دەر دەبڕین. خوای گەورە بیخاتە بەر دلۆڤانیی بێ‌پایانی خۆی و جێگەی بەهەشت بێ.

قامیشلوو
باڵی بەڕێوەبەرایەتیی پارتی شەپیلا پاشەڕۆژێ سووریە
٢٠٢٠/٨/٧

# پەیامی سەرەخۆشیی کۆمیتە ناوەندی کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی

بەڕێز: دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان
سڵاوێکی گەرم،

زۆر بە داخەوەین بۆ کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی، کەسایەتیی ناسراوی کۆمەڵگای کوردستان، زیندانی سیاسی بە ناوبانگی دەستی رژیمی پاشایەتی و ئەندامی دێرینی سەرکردایەتی حیزبی دێموکرات. بەم بۆنەوە پڕ بە دڵ سەرەخۆشی دەکەین لە ئێوە، لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە هەموو ئەندامانی بنەماڵەی ئەو ئازیزە و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین.

کۆمیتە ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران
١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ هەتاوی

## پەیامی سەرەخۆشیی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی کاك جەلیل گادانی

بەڕێز، دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان تێکۆشەر
بەڕێزان، خانەوادەی سیاسەتمەدار و تێکۆشەری گەلەمان مامۆستا جەلیل گادانی

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هاوخەمی خۆمان ڕادەگەیەنین بۆ کۆچی دوایی شۆڕشگێڕ و تێکۆشەری گەلەکەمان کاک جەلیل گادانی.

کاک جەلیل گادانی سیاسەتمەدار و کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیری دیاری کوردستان هەر لە تەمەنی لاوێتییەوە ژیانی تەرخان کرد بۆ ڕێگای ڕزگاری و ئازادی و لەم پێناوەدا قوربانیی زۆری بەخشی و هەرگیز سڵی نەکردەوە. هەربۆیە دیرۆکی خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان گەواهیدەری خۆڕاگری ئەم کەڵە پیاوەن.

لە دەستدانی ئەم تێکۆشەر و سیاسەتمەدارە لەم هەلومەرجەدا کە ناوچەکە و کوردستان چاوەڕوانی گۆڕانکارییە زیانێکی گەورە بوو بۆ سەرجەم بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد و حیزبی دێموکرات.

ئێمە وەک بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵەی بەڕێزیان و کەس و کارو هاوسەنگەرانی دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەم و شیوەنتان دەزانین.

یادی هەردەم لە یادمانە و گیانی بەرزەفڕی لە ئاسمانی کوردایەتیدا بە نەمری دەمێنێتەوە.

مەکتەبی سیاسی
بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان

# پەیامی کوڕانی ئەنوەربەگی بێتواتە بەبۆنەی کۆچی دوایی کاك جەلیل گادانی

بۆ، دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان
سڵاو و ڕێز

بەبۆنـەی کۆچـی دوایـی سـەرکردە و تێکۆشـەری گەلەکەمـان بەڕێـز جەنابـی مامۆسـتا جەلیـل گادانـی پرسـە و سـەرەخۆشـیی خۆمـان بـە بەڕێزتـان و خانـەوادەی کۆچکـردوو ڕادەگەیەنیـن.

لـە دەسـتانی شۆڕشـگێڕ و سـەرکردەکان خەسـارەتێک و بۆشـایەکی گـەورە لـە مەیدانـی خەباتـدا درووسـت دەکـەن. لـە یەزدانـی مـەزن دەپاڕێینـەوە بـە بەهەشـتی پـان و بەرینـی خـۆی شـاد بکا و سـێبووری هەمـوو لایـەک بـدات.

انالله و انااليه راجعون

کوڕانی
ئەنوەربەگ بێتواتە
٢٠٢٠/٨/٧

## پەیامی سەرەخۆشیی پارتی سەربەخۆیی کوردستان
## لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان
## بەبۆنەی کۆچی دوایی کاك جەلیل گادانی

بەناوی کوردستانی گەورە
بەڕێز دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان!
سڵاو و ڕێزی تایبەت!

خوشک و برایانی خۆشەویست زۆر بە داخەوە ئاگادار کراینەوە کە تێکۆشەری دیرین و شۆڕشگێڕی بە ئەزموونی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاک جەلیل گادانی کۆچی دوایی کرد. بەم بۆنەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی هەڤاڵانی دەفتەری سیاسی و هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات بە گشتی و بنەماڵەی کۆچکردوو کاک جەلیل گادانی دەکەین و هیوای سەبووری بۆ گشت لایەک دەخوازین.

پارتی سەربەخۆیی کوردستان خۆی بە شەریکی خەمتان دەزانێ و ئازاری کۆچی کەسایەتیی دیار و شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان، تەنیا بە سەرکەوتن و دەستەبەرکردنی ویست و خواستی ڕەوای گەلەکەمان سارێژ دەبێت، بۆیە ئێمە وەک پارتی سەربەخۆیی کوردستان دەستی برایەتی و هاوکاریتان بۆ درێژ دەکەین و بە ڕۆحێکی نەتەوەیی دەڕوانینە ئەم کۆچە ناوەختە و دڵ بەخەمین بە کۆچی ناوەختەی کاک جەلیل گادانی، لە کۆتاییدا هاوخەمی و پەژارەی خۆمان ئاراستەی هەموو هاوخوێنانمان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەین.

دەفتەری سیاسی
پارتی سەربەخۆیی کوردستان ٢٠٢٠/٨/٦

# پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی یەکگرتوی خەڵکی ئێران

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هاوڕێی دێرینم کاک جەلیل گادانیمان پێگەیشت.

برا جەلیل یەکێکە لە ڕزگاربووەکانی نەوەیەک کە لە تەمەنی گەنجیدا کۆماری کوردستانی ئەزموون کردووە، هەرچەندە کورت و پوخت بێت. ئەو بە قووڵی باوەڕی بە مافی مرۆڤ و ڕەوای گەل هەیە، لە هەمان ساڵانی نوێی گەنجێتی هەوڵی داوە و شەڕی کردوە بۆ بەدیهێنانی ئەم داواکاریانە. زیندان و ئەشکەنجە، ڕاکردن و مەترسی تیرۆر لە لایەن بکوژ و جاشەکانی حکومەتی ئیسلامیەوە، نەک هەر کێشەیەکی نەخستە سەر بیروباوەڕی ئەم شەڕکەرەی لە ڕێگای ئازادی و مافی گەلەوە، بەهێزتر کرد لەم دژوارەدا ڕێچکە.

برا جەلیل باوەڕی بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی و هەوڵدان بۆ دروستکردنی بەستەڵەکێک لە نێوان خەباتی نەتەوایەتی لەگەڵ بزووتنەوەی جیهانی لە ئێران، لەنێو هاوڕێ نزیکەکانی تێکۆشەرانی ئازادی و دیموکراسیدا. ڕەفتاری بێفیزی ئەم شەڕکەرەی بێفیز وای لێکرد کە ڕوخسارێکی بەناوبانگ و خۆشەویست و بەڕێز بێت، نەک هەر لەناو حزب بەڵکو چالاکوانانی تری سیاسی پێشکەوتنخوازانە.

خەممان هەیە بۆ نەبوونی ئەم تێکۆشەرە بەنرخ و تێکۆشەرە بۆ هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات کە چەند ساڵە ڕابەریەتی، هاوڕێ، هاوڕێ، خێزان، هەموو هاوڕێ و دۆست و خزمان ، و بە قووڵایی باوەڕمان وایە کە مرۆڤ و ئامانج و ئاواتەکانی، لە ئێرانییە ئازاد و دیموکراتەکان ، عەلمانی و فیدراڵییەکان جێبەجێ دەکرێن.

کۆمیتەی ناوەندی ڕێکخراوی یەکگرتوی خەڵکی ئێران

هەینی ١٧ مۆرداد ١٣٩٩ ی ئۆگۆستی ٢٠٢٠

## پەیامی هاوخەمی کومیتەی هاوئاهەنگیی ڕێکخراوە دێموکراتیکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی کۆچی دوایی کاك جەلیل گادانی

هاونیشتیمانیانی بەڕێز!

بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە، ڕۆژی پێنجشەممە ١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی کاك جەلیل گادانی، کەسایەتیی نیشتمانپەروەر و تێکۆشەری ناسراوی دێرینی دێموکرات بە هۆی نەخۆشیی کرۆنا گیانی لە دەست دا و تێکەڵ بە کاروانی نەمرانی ڕێبازی ڕزگاریی نیشتمان بوو.

کاك جەلیل گادانی کەسایەتییەکی ناسراوی نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکرات بوو کە کاروانی خەباتی نەسرەوتوانەی خۆی لە هەڕەتی مێرمندالّی و لە سپێدەی یەکەم هەڵهاتنی خۆری هیوای کوردان واتە کۆماری کوردستانەوە دەست پێکرد و سەرەرای هەموو هەوراز و نشێوەکان، تا دوایین ساتەکانی ژیانی سیاسیی خۆی ئۆگری ئەو ڕێبازە پیرۆزە مایەوە و لە هەوڵ و تێکۆشانی ماندوویی نەناسانە بۆ خزمەتکردن بە ئامانجە ڕەواکانی گەلەکەمان نەوەستایەوە.

لە پاش جوانەمەرگ بوونی کۆمار، بە شێوەی نهێنی لە ڕێزەکانی حیزبدا درێژەی بە چالاکییە سیاسییەکانی دا و هەر بەم هۆیەشەوە چەندین ساڵ لە تەمەنی خۆی لە زیندانەکانی ڕێژیمی پەهلەویدا بە سەر برد، بەڵام لەو هەلومەرجەشدا وازی لە پێگەیاندنی خۆی نەهێنا و هەر لەوێشدا فێری زمانی فەرانسەوی بوو.

پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و قۆناغی نوێی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، کاك جەلیل بۆ چەند دەورە وەکوو

ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات لە ڕەوتی ئەو خەباتەدا چالاکانە بەشدار بوو.

ئۆگری بۆ نووسین و وەرگێران و بەشداریی بەردەوام لە کۆڕ و چالاکییە فەرهەنگییەکاندا لایەنێکی دیکەی کەسیاتیی کاک جەلیل بوو کە کۆمەڵێک نووسین و وەرگێڕانی بەنرخی لە دوای خۆی بۆ کتێبخانەی کوردی بە یادگار هێشتووە.

هەروەها کاک جەلیل وەکوو کەسایەتییەکی دیار و شوێندانەری نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، یەکێک لەو کەسانە بوو کە بەردەوام پاڵپشت و هاندەری لاوان و تازەپێگەیشتوان بۆ فێربوون و داکۆکیکارێکی شێلگیری ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان بوو و هەوڵ و خەباتی بێوچانی ئەو لەم پێناوەدا بۆ هەموو ئەو خەباتکارانەی کە لە ڕیزی ڕێکخراوەکانی نێو حیزبدا پێگەیشتوون، ئاشکرایە.

ئێمە ڕێکخراوەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای بەداخبوون لە کۆچی دوایی ئەو تێکۆشەرە دڵسۆزەی نێو ڕیزەکانی خەباتی نەتەوایەتیی کورد و قوتابخانەی دێموکرات، پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی داخداری کوچکردوو و هاوسەنگەرانی و هەموو خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان دەکەین و خۆمان بە هەڵگری خەمی لەدەستدانی دەزانین و خۆمان بە ئەرکدار دەزانین بۆ وەدیهاتنی یەکیەتیی ڕیزەکانی دێموکرات و یەکخستنی هەوڵەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجی بەرزی ڕزگاریی نەتەوایەتی کە خەونی گەورەی کاک جەلیل لە دوایین ساتەکانی ژیانیدا و ئاواتی هەموو دڵسۆزانی ئەو ڕێبازە پیرۆزەیە، تێبکۆشین.

کۆمیتەی هاوئاهەنگیی

ڕێکخراوە دێموکراتیکەکانی حیزبی کوردستانی ئێران

١٣٩٩/٥/١٨ی هەتاوی

## پەیامی ڕێکخراوی جیهانیی کورد لە ئاڵمان
## بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک جەلیل

نامرن ئەوانە، وا لە دڵی میللەتا دەژین

هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی ناوداری کورد و تێکۆشەری ڕێگای ڕزگاری و ئازادی کوردستان، بەڕێز کاک جەلیل گادانی بە هۆی پەتای کۆڕۆنا، خەمباری کردین.

بەڕێز کاک جەلیل گادانی، یەکێک لەو دەگمەن خەباتکار و تێکۆشەرانە بوو کە لە هەرەتی لاوییەتی و لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە لە مەیدانی خەبات دژی داگیرکاری و کۆنەپەرستی و لە پێناو دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکان و هەروەها سەروەری و سەربەستی نەتەوە و نیشتمان دا، ماندوویینەناسانە و بێوچان لە هەوڵدا بوو.

ناوبراو کەسایەتێکی پایەبەرزی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو کە شوێنپەنجەی بەسەر ڕووداوەکانی زیاتر لە نیو سەدەی کوردستاندا دیارە و کار و تێکۆشان و بەرهەمە بە نرخەکانی کاریگەریی لەسەر گەنج و لاوەکان و هەروەها نەوەی داهاتوو، دادەنێ و مێژووی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان بە بایخەوە دەڕوانێتە هەوڵ و تێکۆشانەکانی.

ڕێکخراوی جیهانی کورد بە بۆنەی کۆچی دوایی نەمر کاک جەلیلی گادانی پرسە و سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی بنەماڵە و دۆستان و هاوسەنگەرانی دەکا و خۆی بە هاوبەشی خەمی ئێوەی بەڕێز و هەموولایەک دەزانێ.

ڕێکخراوی جیهانی کورد لە ئاڵمان

٦/٨/٢٠٢٠

# پەیامی شیرین یونس
# پارلمانتاری هەرێمی کوردستان
# بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان

بەڕێزان

حیزبی دیموکراتی کوردستان

هاوڕێ و خۆشەویستانم لە حیزبی دیموکرات

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوای مامۆستا جەلیل گادانی تێکۆشەری دێرینی ڕۆژهەڵات و پێشمەرگە و یادگارەشیرینەکەی کۆماری مەهاباد و ڕێبەری نزیک بەحەفتا ساڵ خەبات و تێکۆشان لە ڕۆژهەڵاتم بیست لە دڵەوە خەمبار و دڵتەنگین بۆ ئەم کۆستەگەورە.

مامۆستا هەر خۆشەویستی ڕۆژهەڵات و دێموکرات نەبوو، بەڵکو بۆ باشوور و لای ئێمەش لە شاری کۆیە ئەزیز و مایەی شانازیمان بوو.

بەم بۆنەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاڕاستەی دفتەری سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتی و تەواوی ئەندامان و پێشمەرگەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان و هاونیشتمانیان لەڕۆژهەڵات دەکەم. لەخوای گەورە داواکارام جێگەی مامۆستا بەهەشتی بەرین بێت و سەبوری ئێمە و ئێوە و گشت لایەک بدا.

شیرین یونس

ئەندامی پەڕلەمانی کوردستان

## پرسەنامەی مەڵبەندی کەرکووك

بەبۆنـەی کۆچـی دوایـی تێکۆشــەر و سیاسـەتمەداری کوردسـتانی (مامۆسـتا جەلیل گادانی) پرسـە و سەرەخۆشـی لـە هـەر چوار پارچـەی کوردسـتان و بنەماڵـە و هاوڕێیانـی خوالێخۆشـبوو دەکەیـن.

مامۆسـتا جەلیـل گادانـی هەڵگـری پەیامـی سـەرکردەکانی (قـازی، قاسـملوو، بارزانـی و هەڤـاڵ مـام جـەلال) بـوو، وە بەشـی زۆری تەمەنی لـەو پێنـاوەدا پێشـکەش بـە خاکی کوردسـتان کـرد کـە زیاتـر لـە ٧٠ سـاڵ بێوچـان لـە خەبات و تێکۆشـان لـە پێنـاو ئـازادی و دێموکراتـی و ئاشـتی و پێکەوەژیانـی گـەلان تەرخـان کردبـوو.

فشـار و ڕاوەدونـان و زینـدان چۆکـی نـەدا لـە زەوی، وەک کێوێـک لـە ورە لـە بەرزیـدا مایـەوە تـا ئەمـڕۆ ٢٠٢٠/٨/٦ بـە نەخۆشـی کۆڕۆنـا دڵـە گەورەکـەی لـە لێدان کـەوت.

هـەر بـەم بۆنـەوە و دووبـارە سـەرەخۆشـی خۆمـان لەخەڵکـی کوردسـتان و لـە کەسـوکار و هاوڕێیانـی حیزبی دیموکراتـی کوردسـتان دەکەیـن .

مەڵبەندی ڕێکخستنی کەرکووک
یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان
٦ی ئاب/٢٠٢٠ کەرکوک

## پەیامی سەرەخۆشی و هاوخەمیی دەفتەری سیاسیی پارتی دێموکراتی پێشکەتنخوازی کورد لە سووریە ڕوو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەی بەڕێزی گادانی بە بۆنەی کۆچی دوایی کاك جەلیل گادانی

پارتی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی کورد لە سووریە وێڕای ئاماژە دان بە پێگەی کاک جەلیل گادانی لە ڕەوتی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد، بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەم کەسایەتییەوە هاوخەمیی خۆی لەگەڵ بنەماڵەی کاک جەلیل و حیزبی دێموکراتی کوردستان دەر بڕیوە و؛ لە کۆتاییدا هیوای سڵامەتی بۆ گەلی کورد خواستوە.

دەقی پەیامەکە بەم شێوەیە:

Berêz: Partiya dîmoqrata kurdistanî

Berêzan: Binemala xwedê jê razî Celîl Gadanî

Silav û rêz

Bi dilekî xemgîn me nûçeya koça dawî ya têkošerê kurd û an (2020/8/7) xebatkerê navdar Celîl Gadanî bihîst, ku di de bi êša korona li bajarê Hewlêr canê xwe ji dest da û koça dawî kir, pištî jiyaneke dirêj ji xebat û têkošanê ji bo bi destxistina mafê miletê Kurd li kurdistana îran

Bi vê boneyê, deftera siyasî ya partiya me (partiya demoqrata pêšverû ya kurdî li sûriya), sersaxiyê ji malbata rehmetî re û ji Partiya dîmoqrata kurdistanî re di xwaze

Ciyê wî buhišta berîn bê
Serê miletê Kurd sax bê
2020/8/8 Qamišlo
Deftera siyasî ya
Partiya demoqrata pêšverû ya kurdî li sûriya

........................................................................................................

## پەیامی هاوخەمیی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان لە نێوخۆی وڵات بە بۆنەی کۆچی دوایی کاك جەلیل گادانی سیاسەتڤان و تێکۆشەرە ماندوونەناسەکەی دێموکرات

خەڵکی دڵسـۆز و ئەمەگناسـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـە نێوخـۆی وڵات بـە ناردنـی نامـە و ڕاگەیەنـدراو، داخ و پـەژارەی یەکجـار زۆری خۆیـان بـۆ کۆچـی دوایـی مامۆسـتای کۆڵنـەدان و کوردایەتـی کاك جەلیـل گادانـی ڕاگەیانـد و وێـڕای بەداخبوونیـان بـۆ ئـەو کۆسـتە گەورەیـە پەیمانـی درێژەدانـی ڕێـگا و ڕێبـازی ئـەو نەمـرە و هەمـوو شـەهیدانی حیزبـی دێموکـرات و کوردسـتانیان دووپـات کـردەوە.

هـەر لـەو پێوەندییـەدا لـە شـارەکانی کرماشـان، سـنە، سـەقز، بـۆکان و مەهابـادەوە پەیامـی هاوخەمیـی خەڵکـی خۆشەویسـتی کوردسـتان بـە ناوەنـدی ڕاگەیاندنـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان گەیشـتوە کـە سـەرجەم ئەندامـان و لایەنگـران و دڵسـۆزانی بزووتنـەوەی کـورد لـەو شـارانەدا وێـڕای بەداخبوونیـان بۆ کۆچـی دوایـی ئـەو مرۆڤـە مەزنـەی کـە ئەزموونێکـی زیاتـر لـە ٧٠ سـاڵ خەبـات و تێکۆشـانی سـەخت و دژوار و خۆشـی و ناخۆشـییەکانی ئـەو ڕێگایـەی پێمـان بەخشـی و پـڕ بـوو لـە ورە و وزەی سـەرکەوتن و سـەربەرزی، پەیمانییـان لـە گـەڵ

ڕێبازەکەی کاک جەلیل و ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان تا گەیشتن بە لووتکەی ئاوات و ئامانجەکانی هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان دووپات کردەوە.

لە لایەن کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەسخۆشی و پێزانینی خۆمان بۆ هەڵوێست و ئەو پەیامە دڵسۆزانەی هاوڕێیانمان لە نێوخۆی وڵات ڕادەگەیەنین، دڵنیایان دەکەینەوە کە هاوسەنگەرانی کاک جەلیل ڕێبازەکەی بەرنادەن و ئەو تێکۆشەرە مەزنەی گەلەکەمان بۆ هەمیشە لە دڵماندا دەمێنێتەوە.

..........................................................................................

## پەیامی ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستان
## بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانییەوە

بە ناوی خودای بەخشندەی مێهرەبان

هەواڵمان بیست کە بەرەبەیانی پێنجشەممە ١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ بە داخەوە تێکۆشەری دێرین و کەسایەتیی سیاسیی کوردستان، کاک جەلیل گادانی، کۆچی دوایی کردوە.

کاک جەلیل گادانیی یادگاری سەردەمی کۆمار، خەباتگێڕی خاوەن دەیان ساڵ خەباتی زیندان و شار و شاخ، لە کەسایەتییە ناسراوەکانی نێو ڕیزی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات و لە ڕێبەرانی دیاری حیزبی دێموکڕات بوو. ئەو شۆڕشگێڕێکی نەسرەوتوو، کوردێکی سادق، ئاشقی ئازادیی، دژبەری دیکتاتۆرییەت و لاگری ئاشتیی و تەبایی بوو. بە کۆچی دوایی کاک جەلیل کورد لە ڕۆژهەڵات ڕۆڵەیەکی دڵسۆز و خۆنەویست و، حیزبی دێموکڕات ڕێبەرێکی

بەئەزمـوون و ئێمـەش دۆسـتێکی دێرینمـان لـە دەسـت دا. بێگومـان لەدەستدانی کەسایەتییەک بەو هەموو تایبەتمەندییانەوە، ئەویش لەم کات و دۆخـەی ئێسـتادا، داخێکی گـران و برینێکـی بـەژان بـۆ هەمـوو لایەکمانـە.

ئێمـە لـە ڕێکخـراوی خەباتـی شۆڕشـگێڕی کوردسـتان بـە بۆنـەی ئـەم کۆسـتە گـەورەوە سـەرەخۆشـیی گـەرم لـە خەڵکـی کوردسـتان، لـە تێکۆشـەرانی ڕیـزی شـۆڕش، لـە هاوسـەنگەرانی کاک جەلیـل لەنێـو حیزبی دێموکڕات و لە ئەندامانی بنەماڵە تێکۆشـەر و کوردپەروەرەکەی دەکەیـن و خۆمـان بـە شـەریکی غـەم و کەسـەر دەزانیـن.

لـە خـودای گـەورە دەپاڕێینـەوە کاک جەلیلـی کۆچکـردوو بخاتـە بـەر ڕەحمەتـی خـۆی و سـەبر و ئارامییـش بـە هەمـوو لایـەک بـدا.

انا لله و انا الیه راجعون

ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان

کومیتەی ناوەندی

١٧ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاویی

٢٠٢٠/٨/٧ی زایینیی

## ڕاگەیەندراوی ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس
## بەبۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرین کاك جەلیل گادانی

کۆچیدوایی جەلیل گادانی، گەورە کۆڵنەدەری کورد

بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە کۆچیدواییی جەلیل گادانی، کەسایەتیی خۆڕاگریی کورد کە لە ٦ی ئووتی ٢٠٢٠، لە تەمەنی ٨٦ ساڵیدا و لە نەخۆشخانەی شاری سلێمانی کوردستان تەسلیمی کۆڕۆنا بوو، ڕادەگەیەنین.

کاک جەلیل لە مانگی مارسی ١٩٣٤ لە شاری مەهاباد، پێتەختی کۆماری کورتماوەی کوردستان(ژانوییە تا نوامبری١٩٤٦)، لەدایک بووە.

ئەو ڕووداوە، ژیان و دەروەستیی سیاسیی کاک جەلیل نیشان دەدا.

ساڵی ١٩٤٩، کاتێ تەنیا ١٤ ساڵی تەمەن بوو، بە نهێنی پەیوەست بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان(PDK) دەبێ کە بە درێژایی تەمەنیان، ئەندامێکی بەوەفا و چالاکی ئەو حیزبە بوون.

کاک جەلیل، ١٣ ساڵ لە ژیانی خۆی لەنێو زیندانەکانی ئێراندا تێپەڕ کرد. بەتایبەت لە بەرازجان، بە هۆی پشتیوانی و لایەنگری لە دۆزی ڕەوای کورد و ئەندامەتی لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان(PDK) و تەنانەت لە دادگا نیزامییەکانی ڕێژیمی شاهەنشاهی بە ئیعدام مەحکووم دەکرێ و لە کۆتاییدا بە حەپسی هەتاهەتایی دەشکێتەوە.

لە ماوەی ئەو ساڵانەی دەستبەسەر بوو، دەست دەکا بە فێربوونی زمانی فەڕانسەوی کە پاش ماوەیەک ئەو زمانە لە ئێراندا وەک زمانێکی فەرهەنگی نێوبانگ خۆش دەکا.

هەر لە زیندان، چەندین کتێبی «کۆنتس سێگۆڕ» وەردەگێڕێتەوە.

پاش ئازادیی لە زیندان، درێژە بە خوێندن دەدا و لە ساڵی ١٩٧٢ بڕوانامەی «زمان و فەرهەنگی فەڕانسە» لە «کۆلێژی زمانە بیانییەکانی تاران» وەردەگرێ.

لە مانگی ژۆئەنی ساڵی ١٩٧٨، کاک جەلیل دەستگیر و زیندانی دەکرێ، چون لە ڕێوڕەسمی بە خاکئەسپاردنی «عەزیز یۆسفی» وتاری دابوو.

عەزیز یوسفی، زیندانییەکی سیاسیی کورد بوو کە پاش ٢٥ ساڵ زیندان، لەژێر گوشاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئازاد دەکرێ و ساڵێک پاش ئازادی، کۆچ دەکا. کاک جەلیل، ڕۆڵگێڕێکی سیاسی و کەسایەتییەکی گرنگی کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان بوو و لە شۆڕشی گەلانی ئێراندا ڕۆڵی سەرەکی بووە.

بەڕێزیان بە یارمەتیی چەند کەسایەتییەکی کورد، وەک: وەکیلی کۆچکردوو و بەناوبانگی کورد،»صارمالدین صادق وزیری»، ئەنجوومەنی کوردەکانی دانیشتووی تارانی بەمەبەستی پاڵپشتیی لە خەباتی سیاسی کورد و سەبارەت بە سەربەخۆییی ئیداری و فەرهەنگی ڕێک خست.

هەروەها لەگەڵ ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە پاریس، لە پێوەندیدا بووە و بەشداری ئامادەکاریی گەڕانەوەی سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکرات و ئەندامانی کۆمیتە مەرکەزی بووە.

کاک جەلیل، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە مانگی مارس و مەی ١٩٧٩ دوو جار هاوڕێ لەگەڵ لێژنەیەکی کوردی، بەشداری وتوویژێک لەگەڵ ئایەتوڵڵا خومەینی دەکا.

کاک جەلیل، ئەکتەر و شایەتی دەروەستی پرسی کورد، زیاتر لە

٧٠ ساڵ لە ژیانی خۆی، تەرخانی خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافی سیاسی و فەرهەنگی کورد کرد، دەروەستییەک کە کاک جەلیل لە چەندین کتێبی خۆیدا سەبارەت بە «مێژووی هاوچەرخی کورد لە ئێران» سەلماندوویەتی.

جەلیل گادانی، هەروەها دۆستی بەئەمەگی» ئەنستیتۆ کورد» بوون، هەرکات ڕێگایان لە پاریس دەکەوت بۆ گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی کوردستان و هەروەها لێدوان لەسەر پرۆژە و بەرنامەکانیان، سەری ئەنستیتۆیان دەدا.

ساڵی ٢٠١٥ کاتێ ئەنستیتۆ تووشی قەیرانی ماڵی ببوو، بەڕێزیان لە» کەمپەینی پشتیوانی لە ئەنستیتۆ» بەشداریان کرد و پێشنیاری فرۆشی ئوتۆمبێلی شەخسیی خۆیان دا، کە ئاشکرایە لەلایەن ئێمەوە قەبووڵ نەکرا.

کاک جەلیل کەسایەتییەکی یەکجار خۆشەویست بوو کە لە یادەوەریی هەموو کوردێک و لە زەینی هەموو ئەو فەڕانسەویانەی بۆ یارمەتی ڕۆژێک ڕێیان لە کوردستان کەوتووە، بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

هۆش و بیرمان لای بنەماڵە و کەسوکار و خۆشەویستانی کاک جەلیل-ە کە بە هۆی هەلومەرجی تەندروستییەوە نەیانتوانیوە لە مەراسیمی بەخاکئەسپاردنی تەرمی کۆچکردوودا بەشدار بن.

ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس

## پەیامی پرسە و سەرەخۆشیی غەفار پالآنی_کەلار

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان
بەرێز کومیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکرات
بەرێز خانەوادەی خوا لێخۆشبوو کاک جلیل گادانی

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی برای گەورە و دڵسۆز خوالێخۆشبوو کاک جلیلم بیست.

کاک جلیل سیاسەتمەدار و تێکۆشەر و شۆڕشگێر و ڕووناکبیر و نوسەر و مامۆستا و زانای گەلی کورد و سیمای ناسراوی حیزبی دیموکرات بوو.

خوالێخۆشبوو ٧٥ ساڵ لە تەمەنی پڕ لەسەروەری خۆی تەرخان کرد بۆ خزمەت بە گەل و نیشتمان لە ڕیزەکانی دیموکراتدا و ماندونەناسانە تا توشبوونی بەم نەخۆشییە نەفرەتییە لە هەوڵ و تێکۆشان بوو بۆ بەدەست هێنانی مافی رەوای گەلەکەی.

بەم بۆنەوە سەرەخۆشی لە ئێوەی بەرێز و بنەماڵە سەربەرزەکەی و هەموو کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و دۆستانی حیزب دەکەم و خۆم بە بەژداری غەم و پەژارەتان دەزانم.

لە خوای گەورە داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد کا و ئارامی و سەبووری ببەخشێ بە هەموو لایەک.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی سەرکردە کاک جلیل
انالله وانا الیە راجعون
٨ /٨ / ٢٠٢٠
غفار پالانی ـ کەلار

## پەیامی پرسە و سەرەخۆشیی یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستا بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی

بەڕێزان ئەندامانی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!
بنەماڵەی بەڕێز کاک جەلیل گادانی!

وەک یەکێتیی دیموکراتی کوردستان، زۆر بە داخەوەین بە بۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەر و خەباتگێڕ و ڕێبەرێکی شۆڕشی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران کۆچکردوو کاک جەلیل گادانی و پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و سەرجەم گەلەکەمان دەکەین لە کوردستانی ئێران.

دیارە کاک جەلیل گادانی نیزیک بە حەوت دەیە خەبات و تێکۆشانی پسانەنەهاتووی هەبووە بۆ ڕزگاری و ئازادی و چەسپاندنی دیموکراسی بۆ گەلەکەی و کاراکتەر و ڕێبەرێکی دیاری نێو ڕیزەکانی حیزبی دیموکرات بوو و تا دوا هەناسەی ژیانی لە ڕیزی خەباتدا مایەوە و لە تێکۆشان بۆ گەلەکەمان ڕانەوەستا، مەخابن لە دۆخێکی ناهەموار و پەتایەکی کۆشەندەی جیهانی کۆچی کرد و گیانی سپارد بە کاروانی نەمرانی ڕێگای ئازادی کوردستان،

وەک یەکێتیی دیموکراتی کوردستان سەری ڕێز بۆ چەندین دەیە خەباتی کاک جەلیل گادانی دادەنوێنین و پڕ بە دڵ خەمبارین بۆ لە دەستدانی ئەو تێکۆشەرە ئازادیخواز و یادگارەی کۆماری کوردستان، دووبارە خۆمان بە هاوخەمی هاوڕێیان و بنەماڵەی کوچکردوو دەزانین و پرسە و سەرەخۆشی خۆمانتان پێ ڕادەگەیەنین.

یادی لە دڵان بێت و هەمیشە زیندوو.

یەکێتیی دێموکراتی کوردستان

٢٠٢٠/٨/٧

## سەرەتا بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەرێز مامۆستا عەبدوڵڵای مەزن
کەسوکاری مامە جەلیل و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی!

بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی ناوادەی سەرکردە و پێشمەرگەی ماندوونەناسی ڕێبواری ڕێبازی پێشەوا، نووسەر و خەباتگێر، کەسایەتیی دیاری نێو بزوتنەوەی ڕزگاریگەلی کورد مامە جەلیل ـمان پێ گەیشت. بەو بۆنە ناخۆشەوە پرسە و سەرەخۆشی دەنیرمە خزمەتتان و هاوبەشی شەریکی خەمتانم.

کۆچی ناوادەی بۆ گەلی کورد و تەواوی گەلانە ناوچەکە زیانی مەزنە و، کۆستەکەی زۆر مەزنە. هەروا ئاسان نییە جێگایی پڕ بکرێتەوە، بەڵام بێهیواش نیم گەلی کورد ئەو جۆرە موسیبەتەی زۆر دیوە و کاروانی بەردەوامە.

دوبارە سەرخۆشی دەنێرمە خزمەتان.
انا لله وانا الیه راجعون

مەولود تەلانی
٢٠٢٠/٨/٧

# پەیامی پرسە و سەرەخۆشیی
# بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

(کاک جەلیل گادانی چووە ڕیزی کاروانی نەمرانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردەوە)

پەیامی پرسە و سەرەخۆشیی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان ڕوو لە:

تێکۆشەرانی ڕێگەی ئازادیی کورد و کوردستان!

هاوبیران، پێشمەرگە و ئەندامانی ڕێبەری و دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

بنەماڵەی سەربەرز و شۆڕشگێڕی گادانی!

بە داخەوە ئاگادار کراینەوە کە مامی کوردان، مامە جەلیل گادانی پاش حەوت دەیە خەبات و تێکۆشان لە پێناو ئازادی و سەربەستیی نەتەوەی کورد، دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لێکردین.

کاک جەلیل گادانی سیمای ناسراو و سیاسەتمەداری نەتەوەی کورد، پڕاوپڕ بوو لە ورە و خۆشەویستی بۆ خەبات و گەیشتن بە ئازادی و ئەگەرچی ئەمڕۆ بە جەستە لە ناوماندا نەماوە و بە جێی هێشتووین، بەڵام بە ڕوح و ڕێگە و ڕێبازەکەی بۆ هەمیشە لە ناوماندا زیندوو و هەرمانە.

کاک جەلیل گادانی لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە تا دوایین هەناسە وەفاداریی خۆی بە ڕێبازی کۆمار و پێشەوای نەمر سەلماند و بیری ئازادیخوازی و سەربەخۆیی نیشتمان هەمیشە ئاوێتەی وتە و کردارەکانی بوو و ئەو بە حەق درێژە پێدەر و سیما و هێمای کۆماری کوردستان بوو.

کۆچی ناوادە و لە ناکاوی کاک جەلیل پەرۆش و خەمباری کردین و لە دەستدانی خەسارێکی گەورەیە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.
بۆیە لە ڕێگەی ئەو پەیامەوە سەرخۆشی لە خۆمان و لە سەرجەم ئەندامانی حیزبی دیموکرات و تێکۆشەرانی ڕێبازی کوردایەتی و بنەماڵەی بەڕێزی دەکەین و خۆمان بە هاوبەش و شەریک و بەشداری ئەم خەمە قورس بەژانە دەزانین .
بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان بۆ ڕێزلێنان لە خەبات و تێکۆشانی نەمر مامە جەلیل گادانی ڕۆژی ١٧ی گەلاوێژ وەک ڕۆژی ماتەمینی گشتی لە کوردستان ڕادەگەیەنێ.

بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان
١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی
٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠ی زایینی

# پەیامی سەرەخۆشیی ئەنجومەنی سیاسیی بزوتنەوەی یەکێتی گەنجانی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی کاك جەلیل گادانی

بۆ:
خانەوادەیی تێکۆشەر مامۆستا جەلیل گادانی!
بۆ بەرێزان حزبی دیموکراتی کوردستان!

بەداخ و پەژارەیەکی قۆڵەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی تێکۆشەر و سیاسەتمەدارمان پێگەیشت.
پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بەرێزتان و کەسوکاری خوالێخوشبوو دەکەین.
کۆچی دوایی کاک جەلیل دڵگرانی کردین. خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین و لەخوای گەورە داواکارین ئەوە دوا ناخۆشیتان بێ و خوای گەورە سەبوری و ئارامی بخاتە نێو دڵ و دەرونتان و خوالێخۆشبووش بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله و انا الیه ڕاجعون .

ئەنجومەنی سیاسی
بزوتنەوەی یەکێتی گەنجانی کوردستان
٢٠٢٠/٨/٦

## پەیامی سەرەخۆشیی نما و چیا نەوشیروان مستەفا بەبۆنەی کۆچی دوایی کاك جەلیل گادانی

بەرێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان!
بنەماڵەی تێکۆشەری گەورەی گەلەکەمان مامۆستا جەلیل گادانی!
بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا جلیل گادانی تێکۆشەری دێرین و خەباتێگری شار و شاخ و زیندانیی سیاسیمان پێگەیشت و ئەو هەواڵە لەناخەوە خەمباری کردین.
بەناوی بنەماڵەی نەوشیروان مستەفاوە خەم و پەژارەی خۆمانتان پێ ڕادەگەیەنین و لە ڕێگەی ئێوەشەوە سەرەخۆشی خۆمان بە تەواوی ئەندامانی حیزبە تێکۆشەرەکەتان و گەلەکەمان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دەگەیەنین.
هیوادارین ئەم بۆنە غەمگینە ببێتە هۆی یەکریزی تەواوی گەلەکەمان لەبەرامبەر ئەو ئالنگاریانەی ڕووی نیشتمانەکەمان بووەتەوە.
ڕۆحی شاد و ڕێگەی بەردەوام بێت.

نما و چیا نەوشیروان مستەفا
٦/٨/٢٠٢٠

## پەیامی کۆنسەی بەڕێوەبەریی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ك ن ك بەبۆنەی کۆچی دوایی جەلیل گادانی

گەلی کوردستان!
خانەوادەی بەڕێز جەلیل گادانی!

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی بەڕێز جەلیل گادانی ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستانمان پێگەیشت. بەڕێز جەلیل گادانی هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە و هەتا ئێستا لە نێو خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستاندا بوو. لە سیاسەتی کوردستاندا جێگایەکی دیاری هەبوو. جەلیل گادانی بەهۆی خەبات و تێکۆشانی سیاسییەوە کەوتە بەر پەلاماری ڕژێمی ئێران و ١٣ ساڵ لە زینداندا بوو. دوای ڕووخانی ڕژێمی شای ئێرانیش، لە ئاستی هەرە سەرەوەدا لە سەنگەرەکانی شۆڕشدا، چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی نیشتمان، تێکۆشانێکی فراوانی بەڕێوەبرد.

بەڕێز جەلیلی گادانی تەمەنی درێژی خۆی لە خەبات و تێکۆشانی کوردستاندا بەڕیکردو کاری زۆریشی بۆ یەکێتی و یەکڕیزیی نەتەوەیی کرد. چەندین جاریش بەشداری کۆنفرانس و کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان -ک.ن.ک – بوو.

لەدەستدانی جەلیل گادانی بۆ ئێمە، بۆ گەل و شۆڕشی کوردستان زیانێکی گەورەیە.

کۆچی دوایی بەڕێز جەلیل گادانی ئێمەی زۆر خەمبار کرد. هاوبەشی خەمی خانەوادەو دۆست و هاوکارانی بەڕیزیانین. بەو بۆنەوە سەرەخۆشی خۆمان لە گەلی کوردستان، لە خەباتکارانی شۆڕش و خانەوادەی بەڕیزیان ئەکەین.

کاک جەلیل خەمت نەبێ، ئێمە لەسەر ڕێی ئێوە بەردەوامین و وەسیەتی ئێوە بەدی دێنین.

کۆنسەی بەڕێوەبەریی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ک ن ک
برۆکسل
٢٠٢٠/٨/٦

.......................................................................................

## پەیامی سەرخۆشی بزووتنەوەی کۆماریخوازان بە بۆنەی کۆچی دوایی کەسایەتی گەورەی کورد و حیزبی دێموکرات جەلیل گادانی

بەڕێزانی سەرکردایەتی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات (حدک و حدکا)
کادر و پێشمەرگە و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات
بەڕێزانی بنەماڵەی سەربەرزی کۆچکردوو کاک جەلیل گادانی

هەوالی کۆچی دووایی کەسایەتیی سیاسیی خۆشەویست و سیمای ناسراوی کورد و یەکێک لە کۆڵەکە گەورەکانی حیزبی دێموکرات، تێکۆشەری ماندوونەناسی ڕێگای ڕزگاریی کورد و کوردستان، جەنابی کاک جەلیل گادانی کە جێگای ڕێز و خۆشەویستی گشت لایەکمان بوو، بوو بە مایەی خەمباری و دلگرانیمان.
کاک جەلیل بەدرێژایی مێژوویی تەمەن و خەباتی بێووچانی، قوناغگەلێکی پڕ لە هەوراز و نشێوی لەپێناو دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد تێپەرکردوە، خوالێخۆشبوو نزیک بە ٧٥ ساڵ تەمەنی پڕ لە سەرەوەری خۆی لە ڕێزی تێکۆشەرانی بزووتنەوەی

نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستاندا تەرخان کرد.

زیندان و گرتن و ڕاودوونان و دەربەدەری، تا ڕێکخستن و ژیاندنەوەی شانە نهێنییەکانی حیزب لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ کەسایەتییە دیمۆکرات و ئازادیخوازەکانی ئێران و شۆڕشگێرانی بەشەکانی تری کوردستان بەشێک لەئاراستەی خەباتیماندوونەناسانەی پێکدێنن.

نەمر کاک جەلیل گادانی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و کادر و پێشمەرگەگانی حیزبی دێموکرات بوو، بۆ لاوان پشتیوان و ئۆلگوو و هەوێنی خۆراگری و وڵاتپارێزی و شۆڕشگێری بوو. هەر بۆیە کۆچیدوایی کاک جەلیل گادانی وەک کەسایییەتێک،، کە خەمخۆری یەکریزی و یەکگرتوویی ناوماڵی کورد لە ڕۆژهەڵات و بە تایبەتی حیزبی دێموکرات بوو، وەک خەسارێکی گەورە و قەرەبوونەکراوە دێتەنرخاندن کە گشت لایەکی تووشی شوک و هەژاندن کردوە،

بۆیە لەم پەیوەندییەدا، بزووتنەوەی کۆماریخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەخۆشی لە ئێوەی هێژا و بنەمالە و کەس و کاری خوالێخۆشبوو و گشت بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکرات دەکا، خۆمان بە شەریکە غەم و پەژارەتان دەزانین و لە بەرزە ناوی بێ هاوتا داواکارین، ڕوحی نەمر کاک جەلیل بەهەشتی بەرین شاد بکا و هاوسەنگەران و ئەزیزان و یارانی لە بەلا و مووسیبەتی عەرزی و ئاسمانی بەدوور ڕابگرێ.

سەبووری و سەعادەت و لەشساغی و سەرکەوتنی گشت لایەکتان ئاواتەخوازین

دەگەل ڕێزمان
شووڕای هاوئاهەنگی
بزووتنەوەی کۆماریخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٠ی کوردی
(١٣٩٩)ی هەتاوی
٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠ی زایینی

.............................................................................................................

## پەیامی سەرەخۆشیی دکتور عومەر نورەدین
## جێگری سەرۆکی زانکۆی لوبنانی فەرانسی

نەتەوەی کورد وگەلی کوردستان سیاسەتمەدارێکی سەنگین و ڕۆشنیرێکی لێهاتو و ئازادیخوازێکی هەڵکەوتەی لەدەست دا.
ڕوحت شاد کاک جلیل گادانی و یاد و ناوت هەمیشە بەزیندویی دەمێننەوە.

دکتور عومەر نورەدین
جێگری سەرۆکی زانکۆی لوبنانی فەرانسی

# پەیامی مومتاز حەیدەری
# بەبۆنەی کۆچی دوایی کاك جەلیل گادانی

کۆستێکی نەتەوەیی

بەداخ و پەژارەیەکی هەرە زۆرەوە، ئەمڕۆ ڕێکەوتی ٦/٨/٢٠٢٠ گەورە نیشتیمانپەروەر و تێکۆشەری دێرین کاک جەلیل گادانی بەهۆی پەتای کۆڕۆناوە، کۆچی دوایی کرد.

کاک جەلیل گادانی، بە یەکێ لە گەورە تیکۆشەرانی ڕێگەی ئازادیی نیشتمان، ئازادیی مرۆڤ بۆ ماوەی زیاتر لە حەفتا ساڵ دەژمێردرێ بۆیە، کۆچەکەی زێدە زیان بەخش بوو و، بە هیچ جۆرێ شوێنی تێکۆشەرێکی نموونەیی وەک کاک جەلیل پڕ نابێتەوە.

بەکورتی کۆچەکەی کۆستێکی نەتەوەییە.

نەمری و سەربەرزی بۆ کاک جەلیل و تێکرای تێکۆشەرە نەمرەکانی ڕێگەی ئازادی کورد و کوردستان.

مومتاز حەیدری

٦/٨/٢٠٢٠

## پەیامی سەرەخۆشیی کاک هاشم کەریمی

بەڕێز ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان
لەگەڵ سڵاو
ئەمرۆ خەبەری کوچی دوایی برا و دوستی گەورە و تێکۆشەری دێرێن کاک جەلیلی گادانیم پێگەشت.
کۆچی دوایی کاک جەلیل کە نیزێکەی ٧٠ ساڵ لە تێکوشانی سیاسی و حیزبیدا بوو بۆ خزمەت بە گەلەکەی، خەسارێکی گەورە بوو بۆ بزووتنەوەی نەتەوەکمان، بەم بۆنەوە پر بەدڵ سەرەخۆشی لە ئیوەی بەڕێز و بنەماڵەی گادانی دەکەم.
هیوادارم ڕێگەی پر ڕێبوار بێت.
هاوڕێتان
هاشم کەریمی

.................................................................................................

## پەیامی سەرەخۆشیی سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان

زۆر بە داخەوە بەڕێز کاک جەلیل گادانی، سەرکردە و کەسایەتیی دێرینی گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان کۆچی دوایی کرد.
بەداخەوە ئەمڕۆ ١٦ ی گەلاوێژی ٢٧٢٠ی کوردی ٢٠٢٠٧ زاینی، مێژووی لە دەستدانی کەسایەتیەکی دیکەی وڵاتە داگیرکراوەکەمان تۆمارکرا، ئەویش بەڕێز کاک جەلیل گادانییە، کە بەهۆی نەخۆشی پەتای کۆرۆنا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان کۆچیێ دوایی کرد.
کاک جەلیل زیاد لە ٧٠ ساڵ بەبێوچان و ماندوونەناسانە لە خەبات

و تێکۆشـاندا بـووە، لـەو ٧٠ سـاڵەی خەباتیدا زیاد لـە ٥٠ سـاڵ ئەرکی سـەرکردایەتی و چەند سـاڵێکیش سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی لەئەسـتۆ بـووە. مـام جەلیلـی خۆشەویسـت لـەو زیـاد لـە ٧٠ سـاڵەی مێژوو ئەزموونـی خەباتیدا: دەکرێت بڵێین٧٠ هـەزار ڕووداوی ناخۆش و ئاسـتەنگی نێونەتەوەیـی و پەلامـار و تێرۆرکـردن و شـەهیدکردنی هاوسـەنگەرانی، زیندانـی درێژخایـەن، کـە ڕووبەڕووی خۆی و گەلەکەی بووەتـەوە بـە چـاوی خـۆی بینییوە. بـەڵام هیـچ کام لـەو ڕووداوانـە بـە چۆکیـدا نەهێنـاوە، کـە لـە خەبـات وتێکۆشـاندا بکشـێتەوە و یـا دڵسـارد بێتـەوە، بگـرە هەمیشـە ورەبـەرز و هانـدەری هاوسـەنگەرانی بـووە.

بـەو هیوایـە کـە ئەزموونـی ئـەم کەڵـە پیـاوە ببێتـە وانەیـەک بـۆ هەمووومـان لـە مێـژوودا.

هەروەها هیواخـوازم کە ئەم پیاوە گەورە لە دیرۆکی جووڵانەوەکانی گەلـی کـوردا حەقـی خـۆی پێبدرێـت و لـە نووسـینی مێـژوودا غـەدری لـێ نەکرێ.

مـن بـۆ خـۆم لـە نزیکـەوە لـە سـادقی و پاکـی ورە بـەرزی ئـەم پیـاوە بەڕێـزە ئـاگادار بـووم، لـە سـاڵی ١٩٩٤ بـۆ یەکەمجـار لـە ناوچەیەکـی سـەر بـە ڕانیـەی باشـووری کوردسـتان بـە خزمەتـی گەیشـتم، دواتـر لـە سـەردانەکانی بـۆ وڵاتـی نەرویـج لـە سـالی ١٩٩٧ بـۆ سـەرەوە چەندیـن جـار بـە خزمەتـی گەیشـتم، لـە سـاڵی ٢٠٠٧ کـە لـە مراسـمی بـە خـاک سـپاردنی کاک موحەممـەد گادانـی بـرای لـە ئۆسـلۆی پایتەختـی نەرویـج بەشـداربوو، لـە مەجلیسـی سـەرەخۆشـییەکەی بـە خزمەتـی گەیشـتم، ئـەو کات سـاڵێک بـوو بـە سـەر دامەزراندنـی پارتـی سـەربەسـتیی کوردسـتاندا تێپـەڕ بـوو، وێـری پیرۆزبایـی لێکردنـم، داوای لێکـردم کـە نابێـت لـە بەرامبـەر قسـەو پڕوپاگەنـدەن و پێشـهاتە ناخۆشـەکانی ئابـوری و ئاسـتەنگیدا سـاردبیتەوە.

ئەو ئامۆژگارییەی کاک جەلیلی هەمیشە زیندوو، یەکیک بوو لەو پەندانەی کە تا ئێستا ١٥ ساڵی بە سەر دامەزراندی پ س ک دا تێپەڕدەبێت، من بە هەندم وەرگرتووە.

سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی بنەماڵەی بەڕێزی گادانی و گشت و هاوڕیی و هاوسەنگەرانی لە ڕیزەکانی حدک و حدکا دەکەم.

ڕۆحت شاد مامی بە ئەزموون و ماندوو نەناسی گەل.

سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان

عارف باوەجانی

١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٠ی کوردی، ٦ / ٨ / ٢٠٢٠ی زایینی.

........................................................................................

## پەیامی سەرەخۆشیی سکرتێری حیزبی ڕزگاریی کوردستان

بۆ بەرێزان دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دڵگران بووین بە هەواڵی کۆچی دوایی ڕەوانشاد سەرکردە و خەباتگێری میللەتەکەمان کاک جەلیل گادانی.

بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێزەکەی و دۆست و هەڤاڵانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەین.

لەپەروەردگاری مەزن دەپاریێنەوە تیکۆشەر جەلیل گادانی، بە بەهەشت شاد بکا و سەبر و ئارامیش بۆ خانەوادە و دۆست و هەڤالانی

براتان هەژار زراری

سکرتێری حیزبی ڕزگاریی کوردستان

٢٠٢٠/٨/٦

## پەیامی سەرەخۆشیی یەکیەتیی شۆڕشگێڕان

(تەمەنێکی پڕ بەها بوو لە مێژوو و یادگاری کۆماری کوردستان)

پەیامی ماتەمینی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان بە بۆنەی کۆچی تێکۆشەر جەلیل گادانی

بەڕێزان کادرو ئەندام و لایەنگەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان!

گەلە شۆڕشگێڕەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

پیری سیاسەت لە خۆرهەلاتی نێوەڕاست، تێکۆشەرە دێرینەکی ڕیزی خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردستان بە کۆچی دوایی ماتەمێکی تەواوە بۆ کوردستان و زیاتر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ کۆچی تێکۆشەر جەلیل گادانی خەسارەێکی گەورەی شۆڕش و خەباتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

بە بۆنەی ئەم ڕووداوە دڵتەزینە و سەرخۆشیی خومان بە تایبەت ئاراستەی بنەماڵەی بەڕێزیان و گەلی کورد و سەرکردایەتی و ڕیزەکانی حزبی دێموکراتی کوردستان دەکەین.

یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان

# پەیامی سەرەخۆشیی بزووتنەوەی گۆڕان
# بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان
# سەبارەت بە کۆچی دوایی کاك جەلیل گادانی

بزووتنەوەی گۆڕان لە پەیامێکدا بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان هاوخەمیی خۆی سەبارەت بە کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی دەربڕیوە.

دەقی پەیامی بزووتنەوەی گۆڕان:

بەڕێز: حیزبی دیموکراتی کوردستان

بەداخەوە، هەواڵی کۆچی دوایی سیاسەتمەداری کورد و تێکۆشەری دێرینی حیزبی دیموکراتی کوردستان خوالێخۆشبو (جەلیل گادانی) مان پێگەیست.

بۆ ئەم کۆستە، پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان بۆ حیزبە تێکۆشەرەکەتان و مو

خەبات و ماندوبوونی ئەم سیاسەتمەدارە دێرینەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرز دەنرخێنین و لە خوای گەورە داواکارین رۆحی کۆچکردو بە بەهەشتی بەرین شاد بێت.

بزوتنەوەی گۆڕان

٦ی ٨ی ٢٠٢٠

## پەیامی سەرەخۆشیی مەکتەبی سیاسیی «حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان» بە بۆنەی کۆچی دوایی کاك «جەلیل گادانی»ـیەوە

مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی پەیامێکی بۆ سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان ناردوە. لەو پەیامەدا وێڕای هاوخەمی بەبۆنەی لەدەستدانی کاک جەلیل گادانی، هاتوە: ماڵئاوایی کردنی کاک جەلیل گادانی، ئەو خەباتگێڕە دێرین و سیاسەتوانە دیار و ناسراوە، نەک هەر بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڵکوو بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کورد بە خەسارەتێکی گەورە دەزانین.

دەقی پەیامەکە بەم شێوەیە:

بەڕێز: دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بابەت: پرسەنامە

بە داخێکی گرانەوە هەواڵی ماڵئاوایی، کەسایەتیی دیاری سیاسیی کورد و تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاک جەلیل گادانیـمان بیست، لەو پێوەندییە خەمناکەدا، پرسە و هاوخەمیی خۆمان بە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و ماڵباتە بەڕێزەکەی ڕادەگەیەنین.
کاک جەلیل گادانی، یەکێک لەو تێکۆشەرە دێرینانەیە، کە شاهیدی سەردەمی کۆماری کوردستان بووە و لەو کاتەوە تێکۆشانی سیاسیی

دەست پێکردوە،لە سەردەمی حەمە ڕەزاشا، ١٣ ساڵ لە زیندان بووە، تەمەنێکی دوورودرێژی لە خزمەتی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و بەرەنگاربوونەوەی ستەمی نەتەوایەتی بەڕێ کرد.

ماڵئاوایی کردنی کاک جەلیل گادانی، ئەو خەباتگێڕە دێرین و سیاسەتوانە دیار و ناسراوە، نەک هەر بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڵکوو بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کورد بە خەسارەتێکی گەورە دەزانین.

ڕۆحی کاک جەلیل گادانی شاد و کاروانەکەی پڕ لە ڕێبوار، سەبر و ئارامی بۆ هەموو لایەک.

مەکتەبی سیاسیی
حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
٦ی ئابی ٢٠٢٠

.....................................................................................................

## پەیامی سەرەخۆشیی پارتی سۆسیالیستی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی کاك جەلیل گادانی

پارتی سۆسیالیستی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی پرسەنامەیەکی ئاراستەی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان کردوە.

پارتی سۆسیالیستی کوردستان، وێڕای ئاماژە دان بە کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی بە پێناسەی «بە تەمەنترین تێکۆشەری ڕێبازی پێشەوا، ئەندامی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان، نووسەر و لێکۆڵەر و سیاسەتوانی هەڵکەوتووی کورد»، خەم و پەژارەی خۆیانیان لەم بارەیەوە دەربڕیوە.

لە درێژەی پەیامەکەیاندا ئاماژەیان بە چەند تایبەتمەندییەکی کاک جەلیل کردوە و ناوبراویان بە کەسێکی «ئەویندار ی کوردستان، دێموکرات، ڕووخۆش و زمان شیرین» و هەروەها بە «دۆستی دێرینی پارتی سۆسیالیستی کوردستان» ناو بردوە.
لە بەشی کۆتایی پەیامەکەدا هاوخەمیی خۆیان دەربڕیوە و سەرەخۆشییان لە هاوسەنگەرانی کاک جەلیل، ئەندام و کادر و پێشمەرگەی هەر دوو دێموکراتەکان، گەلی کورد بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بنەماڵەی ناوبراو و هاوژینی ئەو واتە دادە ئامین کردوە.
دەقی پەیامەکە بەم شێوەیە:

PSK: Kak Celîl Qadanî Nemir E

Xeberekê gelek nexweş û xembar gihîşt. Yek ji bi tementirin tekoşerên rêka azadiya Kurdistanê, tekoşerê gernas a rêbaza Pêşava, endam û xebatgerên derîn a Hizba Demokrata Kurdistana Îranê, nivîskar û lekolîner û siyasetmedarên jêhatî Kak Celîl Qadanî çûye dilovaniya xwe
Kak Celîl evindarê Kurdistan, demokrat, mirovekê rûxweş, zimanşîrîn û mirovhez bû
Kak Celîl dostê derîn û dilsozê Partiya me bû
Em serxweşiya xwe Pêşkeşê hevsengerên Kak Celîl, endam û kadr û peşmergeyên PDK (Rojhilat) û HDKI, li gelê Kurdistan, bi taybeti a Rojhilatê û malbata Kak Celîl, bi

taybetî hevjîna wî Dadê Amîn dikin
Şirikê xema wan in
Kak Celîl û şehîdên Kurdistanê nemir in
Rûhê wî şad be
PSK-Partiya Sosyalîst a Kurdistan
6 Ağustos 2020

..........................................................................................................

## پەیامی سەرەخۆشیی ڕێکخراوی ئاشتیی خێرخوازیی (C.P.O)

ڕێکخراوی ئاشتیی خێرخوازیی (C.P.O) پرسەنامەیەکی ئاراستەی خانەوادە و خۆشەویستانی مامۆستا جەلیل گادانی دەکا. لەو پەیامەدا هاتووە کە بە بە مەرگی کاک جەلیل گادانی سیاسییەکی ئاشتیخواز و داکۆکیکارێکی مافی نەتەوە ژێردەستەکانمان لە دەست دا.

دەقی پەیامی سەرەخۆشیی
ڕێکخراوی ئاشتیی خێرخوازیی (C.P.O)

هەواڵی ژیانئاوایی مامۆستا جەلیل گادانی سیاسەتمەداری ئاشتیخواز و تێکۆشەری گەورەی خەباتی ڕزگاریی گەلی کوردستان، نیگەرانی کردین. کۆچی دوایی ئەو کەڵە نووسەر و سیاسەتمەدارەی کورد کە حەوت دەیە لە خەباتی بێوچاندا بوو بۆ چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ و بەرەنگاربوونەوەی ستەمی نەتەوەیی، خەسارەتێکی مەزنە و لە گۆڕەپانی خەبات بۆ ئازادی، ئاشتی، مافی مرۆڤ، بۆشاییەکی گەورە دروست دەکات.

لە ڕێکخراوی ئاشتیی خێرخوازی پرسە و سەرەخۆشی خۆمان

ئاراستەی خانەوادە و دۆست و خۆشەویستان و گەلی ئاشتیخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین، گیانی مامۆستا گادانیش ئارام و یادی هەمیشە بەرز و پیرۆز بێت .

ڕێکخراوی ئاشتیی خێرخوازی (C P O)
٢٠٢٠/٨/٦

.................................................................................................

## پەیامی سەرەخۆشیی مستەفا ئۆزچەلك، سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی کاك جەلیل گادانی

سەرۆکی گشتیی «پاک»، مستەفا ئۆزچەلک بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانییەوە، سەرەخۆشیی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان کردوە

ناوبراو لەم پەیامەدا وێڕای دەربڕینی خەم و پەژارەی خۆی و هەموو هاوڕێیانی لە ڕێبەری و ئەندامانی حیزبەکەی، بە کورتی باسێکی لە ژیان و خەبات و فیداکارییەکانی کاک جەلیل گادانی وەک « پێشمەرگە، کادر، ڕێبەر و ئەندامی ڕێبەریی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان» کردوە و بە چاوی ڕێزەوە لە تێکۆشانی ناوبراوی ڕوانیوە و لە کۆتایی پەیامەکەیدا، هیوای سڵامەتی و سەرساخی بۆ نیشتمانەکەمان، کوردستان خواستوە.

دەقی پەیامەکەیان بە زاراوەی کورمانجی لە خوارەوە هاتوە:

Em Bi Koça Dawîya Kak Celîl Gadanî Xemgînin

Ma Wefatkerdişê Kek Celîl Gadanî Ver Xemgîn ê

Em Bi Koça Dawîya Kak Celîl Gadanî Xemgînin

Kadro , pêşmerge, rêber û serkirdayekî dêrîn yê têkoşer, 06.08.2020 dilsoz, fedakar, Kurdistanî kak Celîl Gadanî roja an jiber nexweşîya coronayê koça dawî kirîye
Kak Celîl Gadanî pêşmerge, kadro, rêber û endamê serkirdayetîyê yê dêrîn ê Hizba Demokrat a Kurdistana Îranê ye
70 saliya xwe de koça dawî kir, lê eve ۸۷ Kak Celîl Gadanî di sale li Rojhilatê Kurdistanê her wek rêber, kedkar, serkirda, xizmetkar û têkoşerekî doza azadîya Kurdistanê xebitîye

Em bi wefata kak Celîl Gadanî gelekî xemgînin

Xwedê bi rehma xwe şad bike. Cîhê wî biheşt be. Li ser navê xwe û li ser navê hemû rêvebir û endamên PAKê, sersaxîyê ji malbat û heval û hogirên kak Celîl Gadanî re dixwazim Serê gelê Kurdistanê sax be
Mustafa Özçelik
(Serokê Giştî yê PAKê) Partîya Azadîya Kurdistanê
06.08.2020

## پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران به بۆنەی کۆچی دوایی کاک «جەلیل گادانی»

پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ پێنجشەممە، ڕێکەوتی ١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ بڵاوبوونەوەی هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتیی ناوداری بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و یەکێک لە سیما دێرین و ناسراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاک جەلیل گادانی، هەموو لایەکمانی غەمبار کرد.

کاکە جەلیل گادانی خەباتکارێکی شێلگیر و بە باوەڕی بزووتنەوەی سیاسی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بوو کە هەڵگری پەیام و یادەوەرییەکانی مەزنترین ڕووداوی مێژووی هاوچەرخی خەڵکی کوردستان، واتە کۆماری کوردستان بوو. ئەو کە زیاتر لە حەوت دەیە لە تەمەنی، بۆ سەربەستی و وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەکەی تەرخان کردبوو، تا دوایین ساتەکانی ژیانی بە بێ‌وچان و لێبڕاوانە لەم ڕێگایەدا بەردەوام بوو. کاک جەلیل جیا لە سیما حیزبی و سیاسییەکەی، وەک کەسایەتییەکی خاوەن جێگە و پێگەی قورسی کۆمەڵایەتی، جێی ڕێز و ئێحترامی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و سەرجەم لایەنەکان بوو. نەمر گادانی وەک کەسایەتییەکی خاوەن بۆچوونی تایبەتی سیاسی، لە بواری نووسین و وەرگێڕان و تۆمارکردنی لاپەڕەکانی مێژووی نەتەوەکەیدا کەسێکی بە توانا و خامەڕەنگین بوو کە کتێبخانەی کوردی بە چەندین بەرهەمێکی نەمریان ڕازێندراوەتەوە.

یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی کاک جەلیل کە بەردەوام لە کۆڕ و کۆبوونەوە و لەگەڵ لایەنە سیاسییەکاندا پێداگری لە سەر دەکرد، یەکگرتووخوازیی بوو. ئەو نایەکگرتوویی و لێک دووریی

هێزە سیاسییەکانی کوردستانی بە یەکێک لە کەمایەسییە بەرچاوەکانی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان دەزانی. بۆیە بەردەوام لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا یەکیەتی و یەکگرتوویی نێوان حیزبەکانی بە زەرووری و پێویست دەزانی و لەم پێوەندییەدا بە چاوی هیوا و هومێدەوە لە پێکهاتنی ناوەندیی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی دەڕوانی.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانییەوە سەرەخۆشی لە تێکڕای خەڵکی کوردستان، بنەماڵە بەڕێزەکەی و هاوسەنگەرانی دەکات.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی

..........................................................................................

## پەیامی سەرەخۆشی بەڕێز «شالاوی عەلی عەسکەری» لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی

بەڕێز شالاوی عەلی عەسکەری، لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی پەیامێکی پرسە و سەرەخۆشیی ئاراستەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەی گادانی کردوە.

دەقی پەیامەکە

بەڕێزان خانەوادەی تێکۆشەر و خەباتگێڕی جلیل گادانی
بەڕێزان سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی تێکۆشەر، خەباتگێڕ، سیاسەتمەدار و کەسایەتیی دیاری کوردستان و ئەندامی پێشووی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات کاک «جلیل گادانی»م بیست، بەم بۆنە خەمناکەوە هاوبەشی خەمتان و پرسە و سەرەخۆشیم ئاڕاستەی خانەوادە و بنەماڵە تێکۆشەر و خەباتگێڕەکەتان و سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات دەکەم، خوازیارم دوا کۆستی بنەماڵەکەتان بێ و ڕۆحی پاکی کاک جلیل گادانییش بە بەهەشتی بەرین شاد بێ، خوای گەورە ئارامی و سەبووری بە خانەوادەکەتان بدا.

تێکۆشەر، خەباتگێڕ و سیاسەتمەدارکاک جلیل گادانی تێکۆشەرێکی کۆڵنەدەر و خەباتگێڕێکی ڕووناک فکر و سیاسەتمەدارێکی بە توانا و پڕ ئەزموون بووە و کەسایەتییەکی دیار و نیشتمان پەروەرێکی کورد بوو، ئەو هەموو تەمەنی بەخشییە کورد و کوردایەتی، مێژوویەکی پڕ سەروەری بۆ خۆی و بنەماڵەکەی وگەلەکەی تۆمار کردوە و یەکێک بووە لە دۆستە دێرین و نزیکەکانی سەرۆک «مام جەلال»، بۆیە لەدەستدانی جلیل گادانی داخێکی قوڵ و پڕئازاری خستە دڵی هەمووومان.

شالاوی علی عەسکەری
لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستنی
یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان

## پرسەنامەی د. هیمداد مەجید عەلی مەرزانی بەبۆنەی کۆچی دوایی کاك جەلیل گادانی

پرسەنامەی دادوەری گشتیی کۆیە، دوکتور «هیمداد مەجید» بۆ دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک «جەلیل گادانی»ـیەوە.

دەقی پرسەنامەکە:

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی تێکۆشەرێکی گەلەکەمان و حیزبەکاتانمان بیست، کە مامۆستا «جەلیل گادانی» بوو، کە هەموو تەمەنی خۆی لە پێناو ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان بەخت کرد. بۆیە لە خوای گەورە داواکارین بە بەهەشتی خۆیی شاد بکات و سەبووریی هەڤاڵ و هاوڕێ و هاوسەنگەران و کەس و کاری بدات. درێژە دان بە ڕێگای ئەو نیشانەی وەفاداری و ڕێزگرتنە لە خەباتەکەی.

انا لله و انا الیه راجعون

پرۆفیسۆر د. هیمداد مەجید عەلی مەرزانی
دادوەری دادگای کۆیە
٢٠٢٠/٨/٦

## بنەماڵەی مۆرادی لە هۆزی مەنگوڕی باشوری کوردستان

بەنێوی خانەوادەی مۆرادی لە هۆزی مەنگوڕی باشوری کوردستان پرسە و سەرەخۆشی خۆمان و خانەوادەکەمان بە خانەوادەی مامە جەلیل گادانی و حزبی دیموکرات و هەموو تێکۆشەران و هاوسەنگەرانی مامە جەلیل ڕادەگەیەنین.

داواکارین لە خودای گەورە رۆحی پاکی مامە جەلیل بەبە هەشتی بەرینی خۆی شاد بکات، سەبووریش بدا بە خانەوادەکەی و هاوسەنگەرانی.

إنا لله وإنا اليه راجعون

خانەوادەی مۆرادی

تایفەی باب رەسوە هۆزی مەنگوری باشوری کوردستان

.......................................................................................

## پەیامی سەرەخۆشی بەڕێز عەلی دۆڵەمەری، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پاریس، بە بۆنەی کۆچی دوایی کاك «جەلیل گادانی»

بە ناوی خۆم و تەواوی کارمەندانی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە فەڕەنسا، پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی خانەوادە و تەواوی ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەین بە بۆنەی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو جەلیل گادانی.

ناوبراو مێژوویەک پڕ لە شانازی هەیە بۆ خزمەتی گەلەکەی و تەواوی ژیانی خۆی بەخت کردووە بۆ کورد و کوردایەتی.

ڕۆحی شاد و یادی هەمیشە بەخێر بێت، هەزاران سڵاو و درود بۆ گیانی پاکی و تەواوی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان.

عەلی دۆڵەمەری
نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پاریس

..........................................................................................

## پەیامی تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری کرماشان بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک «جەلیل گادانی»یەوە

دەقی پەیامەکە:
پەیام تەشکیلات مەخفیی حزب دموکرات کوردستان
لە شار کرماشان

«ماڵئاوایی لە ژیان کردن تێکۆشەر دیرین کاک «جەلیل گادانی»
وە داخێکی فرەوە خەوەردار بومن کە تێکۆشەر دیرینێ کوردایەتی و ئەندام قەبلی ڕێبەریی حزب دموکرات، وە دوای هەفتەیک دەسو پەنجە نەرم کردن وەرد ویرۆسێ کۆرۆنا، ئیمرو ئەرای هەمیشە ماڵئاوایی لە ژیان کرد.
وە لایەن تەشکیلات مەخفیی کرماشانەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی بەرێزیان، ڕێبەری و ڕیزەکان حزب دموکرات کوردستان کەیمن و خۆمان وە شەریک خەمیان زانیمن.
بێ گومان کاک جەلیل کەسایەتیێ نام ئاشنای جونبش ئازادی خوازیی کوردستان ڕۆژهەڵات بویە و چەندین دەیە تێکۆشانی سیاسی

و حزبییـان شـایەتی ئەیـەن ک چـۆڵ بوینـیَ جـیَ ئـەو تێکۆشـەرانە و نەبوونیـان وە نێوانمـان چ خەسـارەتێک گـەورە وە جونبـش ئـازادی خـوازی ڕەسـێنیَ، وەلـیَ دڵنیایـن سـەنگەر جونبـش ئـازادی خوازیـی کـورد هـەر ئـاوەدان مینێـدیَ نـو ڕێبـواران ئـەو ڕێیـە تـا ڕەسـین وە ئامانجەیـل هەرچـیَ تێکۆشـەرە دیرینـەس هـەر بـەردەوام مینـن.

بەرز و بەڕێز بودن یاد و ناو کاک «جەلیل گادانی»
تەشکیلات مەخفیی حزب دموکرات کوردستان -کرماشان

.......................................................................................

## پرسەنامەی ناوەندی هاشتاگ فۆڕ کورد

نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا دەژین

ڕۆژی پێنجشەممە ١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٠ی کوردی، کەسایەتی ناودار جەلیـل گادانـی، نووسـەر، سیاسـەتڤان و تێکۆشـەری ناسـراوی کـورد، یـادگاری کۆمـاری کوردسـتان و یەکێـک لـە ڕێبەرانـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازیـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـە نیـو سـەدەی ڕابـردوودا، پـاش زیاتـر لـە حەفتـا سـاڵ خەباتـی بیَ وچـان، لـە نەخۆشـخانەیەکی شـاری سلێمانی کۆچـی دواییـی کـرد.

بـەم بۆنەیـەوە، وەک ناوەنـدی هاشـتاگ فـۆڕ کـورد، سـەرەخۆشـی لـە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان، سـەرجەم تێکۆشـەرانی ڕێگای ڕزگاریی کوردسـتان، کەسـوکار و هاوسـەنگەرانی دەکەین و هیوادارین کاروانی خەبـات و تێکۆشـان بـۆ ڕزگاریـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، هەرچـی زووتـر بگاتـە مەنـزڵ.

#JalilGadani

# پەیامی سەرەخۆشی کۆمەڵە کەسایەتییەکی سیاسیی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی کاك جەلیل گادانی

## مەحموود عوسمان:

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی «جەلیل گادانی» سیاسەتمەداری کوردستانی ڕۆژهەڵاتمان بیست. پرسە و سەرەخۆشی خۆم ئاڕاستەی خانەوادەکەی و حیزبی دێموکراتی کوردستان و نەتەوەی کورد دەکەم.

ناوبراو تێکۆشەرێکی ناسراوی ماندوویی‌نەناس بوو لە شاخ و لە شار و لە دەرەوەش، لە نزیکەوە ناسیبووم و چالاکییەکانی جێگای ڕێز و پێزانین بوون. چەندین ساڵ زیندانی بوو لە ئێران بە هۆی چالاکی نەتەوایەتیی خۆی، لەدەستدانی لەم کاتە هەستیارەدا بە پەتای کۆرۆنا جێگای داخێکی گەورەیە .

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی.

سەرکەوتوو بێ خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵات و هەموو پارچەکانی تر بۆ بەدیهێنانی مافی چارەنووسی نەتەوەکەمان.

مەحموود عوسمان
٢٠٢٠-٠٨-٠٦

## ئازاد جوندیانی:

بەڕێزان و خۆشەویستانی دەفتەری سیاسی و ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!
بەڕێزانی ماڵباتی مامۆستا و تێکۆشەری کۆچکردوومان کاکە «جەلیل گادانی»
بە خەمباری و دڵتەنگییەوە هەواڵی دوامالّئاوایی تێکۆشەری دیار و ماندوونەناسی کوردایەتیی کاکە جەلیلی گادانیمان بیست، بەڕاستی هەواڵێکی خەفەتهێن بوو، لە دڵەوە هاوبەشی خەمتانم و هاوبەشی پرسەدارییەکەتانم . کاک جەلیل دنیایەک دەرس و ئەزموونی بۆ نەوەکانی کوردایەتی جێهێڵاوە، کە هەر ئەوە بە تەنیا بەسە بۆ ئەوەی تێکۆشەرانی وەک ئەو بە زیندوویی لە دڵ و لە یادەوەریماندا و لە نێو تۆمارەکانی کوردایەتییدا بە درەوشاوەیی بمێننەوە.
ئێوە سەلامەت و تەمەن درێژ، کوردایەتییش بەردەوام و پەرەسەندوو و پڕاوپڕ بێ لە ڕێبوارانی بە ئەمەکی وەک مامۆستا و شەهیدانی کوردستان. هەر سەرفراز بن.

ئازاد جندیانی
٦ ی ئابی ٢٠٢٠
هەولێر

**د. عەلی دۆڵەمەڕی:**

بە ناوی خوم و تەواوی کارمەندانی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرەنسا پرسە و سەرەخوشی خومان ئاراستەی خانەوادە و تەواوی ئەندام و لایەنگرانی حزبی دیموکراتی کوردستان دەکەین بە هوی کوچی دوایی خوالێخوشبوو جەلیل گادانی.

ناوبراو میژوویەک پر لە شانازی هەیە بۆ خزمەتی گەلەکەی و تەواوی ژیانی خویَ بەخت کردووە بۆ کورد و کوردایەتی.

روحی شاد و یادی هەمیشە بە خێر بێت ، هەزاران سڵاو و درود بۆ گیانی پاکی و تەواوی شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان.

.......................................................................................

**عیدو باباشێخ:**

زۆر بەداخەوە خەبەری کۆچی دوایی سیاسەتمەدار و نووسەر و ڕووناکبیر، بەڕێز «جەلیل گادانیم» بیست، بەشداری غەمتانم، خودای گەورە لێی ڕازي بێ و گەلی کورد خۆش بێ.

عیدو باباشیخ

٢٠٢٠/٨/٦ ایسن-المانیا

.......................................................................................

**عەلی سمکۆ**

کاک عەلی سمکۆ لە وڵاتی سوێد، پەژارە و خەمی خۆی بۆ کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی دەربڕیوە و، داوای لە خوای گەورە کردوە بیخاتە بەر بەزەیی خۆی و جێگای بەهەشت بێ. لە کۆتایی پەیامەکەیدا ئاواتی ساخی و سلامەتیی بۆ بنەماڵەی گادانی و حیزبی دێموکرات خواستوە.

دەقی پەیامەکەی عەلی سمکۆ:

Bo koça dawî a Celîl Gadanî

XWeda rehmatê lê biket, birastî gelek hayf bû. ciyê wî biheşt bît û serê malbata rahmati û hizba demukrat sax bît

Alî Simko/ Swêd

06-08-2020

.......................................................................................................

**بەهادور ئازەری**

بەهادور ئازەری بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک «جەلیل گادانی«ـیەوە لە لایەن خۆی و بنەماڵەکەی و هەروەها خەڵکی ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە لە پەیامێکدا پرسە و سەرەخۆشیی لە دەفتەری سیاسی و ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کردوە.

دەقی پەیامەکەی بەم جۆرەیە:

Bo koça dawî a Celîl Gadanî

XWeda rehmatê lê biket, birastî gelek hayf bû. ciyê wî biheşt bît û serê malbata rahmati û hizba demukrat sax bît.

Alî Simko/ Swêd

2020-08-06

## پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی نەمر کاك جەلیل گادانی

لە کاتێکدا ئێمە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، بەرەوپیلی پیرۆز کردنی یووبیلی ئەڵماس و ٧٥مین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەچووین، بەداخەوە هەواڵی ناخ‌هەژێنی کۆچی‌دوایی سیمای ناسراوی کورد و تێکۆشەری دێرینی دێموکرات، هەموومانی ماتەمبار کرد.

زۆر بەداخەوە ڕۆژی پێنجشەممە ١٦ی گەلاوێژی ٩٩ی هەتاوی، کەسایەتیی سیاسی ناودار و تێکۆشەری ماندوویی‌نەناس و نیشتمانپەروەری دێموکرات، بەهۆی نەخۆشی، دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە هاوڕێ و هاوسەنگەرانی کرد.

کاک جەلیل گادانی، خەباتگێڕێکی بەورە و کەسایەتییەکی ڕاستگۆ و هێمای بەرزی کۆڵنەدان و خۆڕاگری بوو و زیاتر لە حەوت دەیە بوو لە پێناو دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد، لە خەبات و تێکۆشانی بێوچاندا بوو.

نەمر کاک جەلیل جیا لەوەی سیاسەتڤان و شۆڕشگێڕێکی نەسرەوتوو و پشوودرێژ بوو، لە هەمان کاتیشدا کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی، خەڵکی و خاکەڕا بوو، هەربۆیە لەدەستچوونی ئەو بەرزەمرۆڤە بۆ هەموو لایەک جێگای داخ و پەژارەیە.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، وێڕای دەربڕینی پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێز گادانی و هەموو تێکۆشەرانی دێموکرات، بەڵێن دەدا کە پشوودرێژتر لە پێشوو بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکانی نەمر کاک جەلیل گادانی و هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان، تێدەکۆشێ.

هیواخوازین کە ڕوحی ئەم تێکۆشەرە دێرینە بە وەدیهاتنی ئاوات و ئامانجەکانی شاد بێ

یەکیەتیی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان
١٧ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی

.......................................................................................................

## پەیامی هاوخەمیی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان لە نێوخۆی وڵات بە بۆنەی کۆچیدوایی کاك جەلیل گادانی سیاسەتڤان و تێکۆشەرە ماندوونەناسەکەی دێموکرات

خەڵکی دڵسۆز و ئەمەگناسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوخۆی وڵات بە ناردنی نامە و ڕاگەیەندراو، داخ و پەژارەی یەکجار زۆری خۆیان بۆ کۆچی دوایی مامۆستای کۆڵنەدان و کوردایەتی کاك جەلیل گادانی ڕاگەیاند و وێڕای بەداخبوونیان بۆ ئەو کۆستە گەورەیە پەیمانی درێژەدانی ڕێگا و ڕێبازی ئەو نەمرە و هەموو شەهیدانی حیزبی دێموکرات و کوردستانیان دووپات کردەوە.
هەر لەو پێوەندییەدا لە شارەکانی کرماشان، سنە سەقز بۆکان و مەهابادەوە پەیامی هاوخەمیی خەڵکی خۆشەویستی کوردستان بە ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان گەیشتووە کە سەرجەم ئەندامان و لایەنگران و دڵسۆزانی بزووتنەوەی کورد لەو شارانەدا وێڕای بەداخبوونیان بۆ کۆچی دوایی ئەو مرۆڤە مەزنەی کە ئەزموونێکی زیاتر لە ٧٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی سەخت و دژوار و خۆشی و ناخۆشییەکانی ئەو ڕێگایەی پێمان بەخشی و پڕ بوو لە ورە و وزەی سەرکەوتن و سەربەرزی، پەیمانییان لە گەڵ

ڕێبازەکەی کاک جەلیل و  ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان تا گەیشتن بە لووتکەی ئاوات و ئامانجەکانی هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان دووپات کردەوە.

لە لایەن کۆمیسیونی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەسخۆشی و پێزانینی خۆمان بۆ هەڵوێست و ئەو پەیامە دڵسۆزانەی هاوڕێیانمان لە نێوخۆی وڵات ڕادەگەیەنین دڵنیایان دەکەینەوە کە هاوسەنگەرانی کاک جەلیل ڕێبازەکەی بەرنادەن و ئەو تێکۆشەرە مەزنەی گەلەکەمان بۆ هەمیشە لە دڵماندا دەمێنێتەوە.

..............................................................................................

## پرسەنامەی سەرۆکی PAK بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا جەلیل گادانی

بە ناوی خوای گەورە و دلۆڤان

بە داخ و کەسەری زۆرەوە، ئەمڕۆ مرۆڤێک ماڵاوایی لە ژیان کرد کە گەنجینەیەک بوو لە مێژووی تێکۆشانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان.

مامۆستا جەلیل گادانی لە یادگارەکانی نەوەی سەردەمی دەوڵەتی جمهووری کوردستان و تێکۆشەری تاڵی و سوێری و ئازارچێشتووی ڕێگای ئازادیی کوردستان و سەرکردە و سیاسەتکاری ناسراوی ژیانی حیزبایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بە کۆچی دوایی مام جەلیل، کوردستان خەباتگێڕێکی پاک، سەرڕاست و شێلگیر و ئێمەش دۆستێکی بەوەفا و قەدرگرانی خۆشی و ناخۆشییەکانمان لە دەسدا.

تەرمی مام جەلیل گادانی دەبوو وەک ئەمەک و وەفا بۆ ڕەنج

و مەینەتەکانی لە ڕێگای ئازادیی و، ڕێزلێنان لە کەسایەتیی و سیفەتە جوانەکانی ژیان و و خەبات و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، بەسەرشان و بە هاوڕێیەتی ئەوانەی خۆشیان دەویست بەرەو دوا مەنزڵ، بگوێزرێتەوە و کۆڕی پرسەی یارانی بە ڕۆژان بەردەوام بایە. بەڵام داخمان ناچێ کە پەتای کۆڕۆنا، حەسرەتی بەجێهێنانی ئەو ئەرکانەی لە سەر دڵ دانایین.

سەرەخۆشی دەکەم لە خۆمان؛ لە بنەماڵە بەڕێزەکەی ، لە حیزبی دێموکرات، لە هاوڕێ و دۆستانی و گشت ئەوانەی بە مەرگی خەفەتبارن.

بەهەشتی بەرین بۆ مام جەلیلی خۆشەویست و سەبر و ئۆقرە بۆ تازیەبارانی لە خوای گەورە داواکارم.

حسێن یەزدانپەنا

١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٠ک

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠ ز

.........................................................................................

## پەیامی سەرەخۆشی سکرتێری گشتیی YNDK بۆ کۆچی دوایی تێکۆشەری ناسراوی گەلەمان (جەلیل گادانی)

برای بەڕێزمان کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

برای بەڕێزمان کاک مستەفای مەولوودی جێگری سکرتێری گشتیی حزبی دێموکراتی کوردستان

بەڕێزان لە دەفتەری سیاسیی حزبی دێموکراتی کوردستان

بەڕێزان بنەماڵەی تێکۆشەری ناسراوی گەلەمان خوالێخۆشبوو جەلیل گادانی
سڵاوێکی برایانەی گەرم!

بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی نووسەرو ڕۆشنبیر و تێکۆشەری ناسراوی گەلەکەمان کاک (جەلیل گادانی) مان پێگەیشت، کاک جەلیل گادانی هەموو ژیانی خۆی وەقفی بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان کردبوو، تێکۆشەرێکی خاکەڕاو هێمن و پشوودرێژ بوو، چ وەک پێشمەرگەیەکی سسەنگەری بەرخودان و چ وەک نووسەرێک بەردەوام لە خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان دابوو، کەسایەتی کاک جەلیل وایکردبوو ببێتە خۆشەویستی هەموو لایەکمان.

بەناوی خۆمان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتی و تەواوی ئەندامانی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK پرسەو سەرەخۆشی گەرمی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و تەواوی هەڤاڵانی حزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەو خزم و کەسوکاری خوالێخۆشبوو دەکەین و خۆمان بە هاوخەمتان دەزانین و، ئومێد دەکەین ئەوە دواناخۆشیتان بێت و، لە یەزدانی مەزن دەپاڕێینەوە دڵنەوایی و ئارامی بە هەموو لایەکمان ببەخشێت و خوالێخۆشبوویش بخاتە بەر ڕەحمەت و دلۆڤانی خۆی.

براتان
غەفوور مەخمووری
سکرتێری گشتیی
یەکێتی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان YNDK
٦ / ٨ / ٢٠٢٠

# پەیامی پرسە و سەرەخۆشیی مەکتەبی سیاسیی پارتی کوماری کوردستان

بۆ بەڕێزان دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دل گران بوین بەهەوالی کۆچی دوایی ڕەوان شاد سەرکردە و خەباتگێری میللەتەکەمان کاک جەلیل گادانی.
بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێزەکەی و دۆست و هەڤالانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەین.
لە پەروردیگاری مەزن دەپارێینەوە ڕەوانشاد جەلیل گادانی بە بەهەشت شاد بکا و سەبر و سوکنایی بۆ خانەوادە و دۆست و هەڤالانی

مەکتەبی سیاسیی پارتی کوماری کوردستان
٢٠٢٠/٨/٦

....................................................................................................

## پەیامی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان به بۆنەی کۆچی دوایی کاك جەلیل گادانی

بەداخـەوە ڕۆژی پێنجشـەممە ١٦ی گەلاوێـژی ١٣٩٩ کەسـایەتیی نـاوداری بزووتنـەوەی سیاسـیی کوردسـتان و تێکۆشـەری دێرینـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان، کاک جەلیـل گادانـی داوی حـەوت دەیـە خەبـات و تێکۆشـان بـە هـۆی نەخۆشـیی کۆرۆنـا لـە یەکێـک لـە نەخۆشـخانەکانی هەرێمـی کردسـتان بـۆ هەمیشـە ماڵاوایـی لـە هـاوڕێ و هاوسـەنگەرانی کـرد.

کاک جەلیل یەکێـک لـەو لاوە خوێنگەرمانـە بـوو کـە هەر لە سـەرەتای دامەزرانـی کۆمـاری کوردسـتان لـە شـاری مەهاباد دەسـتی بـە خەباتـی سیاسـی کـرد. دوای ڕووخانـی کۆمـاری کوردسـتانیش کۆڵـی نـەدا و لـە ڕوونکردنـەوە و ڕێکخسـتنەوەی تێکۆشـەرانی دێموکراتـدا ڕۆڵـی بەرچـاوی گێـڕا. هـەر بۆیـە لـەو پێناوەشـدا چەندیـن جـار لـە لایـەن هێـزە ئەمنییەتی‌یەکانـی ڕێژیمـی پاشـایەتییەوە دەسـتگیر دەکـرێ و ڕەوانـەی سـیاچاڵەکانی ئـەو ڕێژیمـە دەکـرێ و بۆمـاوەی نزیـک بـە ١٥سـاڵ لـە تەمەنـی پـڕ لـە سـەروەری خـۆی لـە زیندانەکانـی ڕێژیمـی شاهنشـاهیدا بەسـەر دەبـا. لـەو مەیدانەشـدا کاک جەلیـل بـە حـەق هێمایـەک بـوو لـە خۆڕاگـری و بەرخـۆدان و دوای ئازادبوونـی لـە بەندیخانـە گـەرم وگوورتـر لـە جـاران دەسـتی بـە خەبـات و تێکۆشـان کـردەوە.

دوای هاتنە سـەر کاری کۆماری ئیسـلامی و دەسـتپێکردنی خەباتی ئاشـکرای حیزبـی دێموکـرات لـە زۆربـەی هـەرە زۆری کۆنگرەکانـی حیزبـدا بـە ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی و دواتـر بـە ئەندامـی دەفتـەری سیاسـی هەڵبژێـردرا و لـەو مەیدانەشـدا ماندوونەناسـانە بەوپـەڕی سـەداقەت و دڵپاکییـەوە ئەرکەکانـی بەجـێ گەیانـد.

ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوی دوای دامەزرانی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کاک جەلیل یەکێک لە خەمخۆرانی دامەزرانی ئەو ڕێکخراوە بوو و هەر لە سەرەتاوە بوو بە ئەندام و بۆ ماوەیەکیش بەرپرسایەتیی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە سەر شان بوو. هەر بۆیە کەسایەتی و تایبەتمەندییەکانی کاک جەلیل کاریگەری لە سەر کار و چالاکییەکانی ئەنجومەن هەبوو و بە خەمخۆرییەوە کاری بۆ سەرخستنی کارەکان دەکرد.

ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێڕای بەداخ بوون بۆ کۆچی دوایی ئەو مرۆڤە مەزنە، هاوخەمی خۆی ئاڕاستەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هاوڕێ و هاوسەنگەران و بنەماڵەی بەڕێز گادانی و هەموو خەڵکی کوردستان دەکا.

ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
١٦ی گەلاوێژی١٣٩٩

## پەیامی هاوخەمی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان به بۆنەی کۆچی دوایی کاك جەلیل گادانی

کۆچی دوایی مرۆڤێکی دادپەروەر!

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی سەرکردە، تێکۆشەر، ئەدیب و نووسەری نەتەوەکەمان پێگەیشت. ئەو مرۆڤە ڕووناکبیرانەی هەموو ژیانیان بە خەبات بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و دادپەروەی تەرخان دەکەن، ژەکی هەرمانیان چێژتووە و قەت نامرن.

ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩

.............................................................................................

## پەیامی بەشێك لە دۆستان و هاوڕێیانی کاك جەلیل گادانی له وڵاتی ئاڵمان

یادی کاک جەلیل گادانی تێکۆشەری دێموکرات
بەرز و هەتاهەتایی بێ!

بە داخ وکەسەرێکی زۆر ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢/٨/٦ کاک جەلیل گادانی تێکۆشەری ماندوویی‌نەناس وکۆڵنەدەری گەلەکەمان کۆچی دوایی کرد و تەواوی ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی وسەرفرازی نیشتمانی ماتەمبار کرد.کاک جەلیل زیاتر لە حەفتا ساڵ تەمەنی پڕ

لە شانازی خۆی لە پێناو ئازادی و سەرفرازی کورد وکوردستان بەسەر برد و هەتا دوایین هەناسەی بەو ڕێگایە وەفادار مایەوە.

ئێمە وەک بەشێک لە دۆستان و هاوڕێیانی کۆچکردو لە وڵاتی ئاڵمان، بە خەم وپەژارەیکی زۆرەوە سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی بەڕێزی گادانی، هەروەها هاوڕێ وهاوسەنگەر و تەواوی تێکوشەرانی ڕێگای ئازادی دەکەین.

یادی بەرز و بەڕێز بێت.

ئیلاهە میتران، فەریدون میتران، ڕۆیا میترا، د. ڕەزا فەرووخ، شەهین فرومەند، خەلیل حەواری نەسەب، یەدی بەلەدی، ناسر ئەمین‌نژاد، بەهمەن دەرویشیان، سەدیق شوهەدایی، د. هومایون شەعبانی، فەرهاد سارایی، سەدیق ئەحمەدیی، جەهانبخش ڕۆستەمی، تاهیر بەرهون، مۆحسن مەسروریی، عەلی محەمەدی، جەماڵ زارع، گوڵنار زارع، د. سروور مەولەویی، حەسەن ماوەڕانی، سەتار میتران، جەعفەر ڕۆستەمی بۆکانی، د. کامران ئەمین ئاوە، تۆفیق سۆهرابی، نەوید موعینی، عەبدوڵڵا کوردپوور، هەورامان هەورامی، ئەحمەد حوسێنی.

# بخشی از پیام‌های تسلیت احزاب و شخصیات سیاسی بمناسبت درگذشت کاك جلیل گادانی، از رهبران تراز اول حزب دمکرات کردستان

## بیانیه مشترك به مناسبت درگذشت
## مبارز خستگی ناپذیر آقای جلیل گادانی

درگذشت مبارز گرانقدر جناب جلیل گادانی، مایه تاسف و تاثر است.

جلیل گادانی از مبارزان قدیمی جریان آزادی‌خواهی ایران و کوردستان بوده که ۱۳ سال از عمر خود را در زندان‌های رژیم پهلوی گذراند و بعد از انقلاب مردم در سال ۱۳۵۷ نیز در صفوف مبارزات مردم کوردستان به مبارزه علیه ظلم و بیداد ادامه داد، وی یکی از چهره‌های پرسابقه تاریخ مبارزات مردم ایران بود که قریب ۷۰ سال از زندگی خود را در صفوف مبارزات آزادیخواهی کوردستان ایران طی کرد و سالها عضو کمیته مرکزی و دفتر سیاسی حزب دمکرات کوردستان بوده است.

جناب کاک جلیل گادانی در روز ٦ آگوست ۲۰۲۰ در بیمارستانی در شهر سلیمانیه در سن ۸۷ سالگی درگذشت.

ما امضاء کنندگان این بیانیه از دست دادن چهره مبارزی همانند جناب جلیل گادانی که سمبل مقاومت مردم کورد بوده و از عنفوان جوانی مبارزه علیه بیدادگری های حاکمیت های تمامیتخواه ایران را تا آخرین لحظات زندگی ادامه داد ه اند را ضایعه ای جبران ناپذیر دانسته و به تمامی مبارزان حقوق ملی و دموکراتیک مردم کوردستان تسلیت میگوییم. امید که راهشان پررهرو باد تا هر چه زودتر مردمان ایران از شر رژیم نکبتبار جمهوری اسلامی نجات یابند و جمهوری دموکراتیک سکولار و فدرال در ایرانی آباد با انسان هائی آزاد همراه با صلح و ثبات استقرار یابد.

پر رهرو باد راهش !

کنگره ملیت های ایران فدرال
شورای دموکراسی خواهان ایران
همبستگی برای آزادی و برابری در ایران
جمعه ۱۷ مرداد ۱۳۹۹ ـ ۷ آگوست ۲۰۲۰

.............................................................................................

## پیام کمیته مرکزی سازمان اتحاد فدائیان خلق ایران

یاد مبارز خستگی ناپذیر، کاک جلیل گادانی همواره زنده خواهد ماند.

با اندوه و تاثر فراوان از درگذشت رفیق دیرینه، کاک جلیل گادانی با خبر شدیم.

کاک جلیل یکی ازمعدود بازماندگان نسلی می باشد که در سنین نوجوانی جمهوری کردستان را هرچند کوتاه مدت، زندگی وتجربه کرد. او با اعتقاد عمیق به حقوق انسانی و عادلانه ملت کرد، از همان سالهای نوجوانی، پیگیرانه در راه دستیابی به این خواسته ها، بی وقفه، تلاش و مبارزه نمود. زندان و شکنجه، تبعید و خطر ترور از جانب آدم کشان و مزدوران جیره خوار حکومت اسلامی، نه تنها خللی بر اعتقادات این رزمنده راه آزادی وحقوق ملت کرد وارد نکرد، بکله عزم او را در این مسیر دشوار، راسخ تر نمود.

باورعمیق کاک جلیل به برقراری عدالت اجتماعی و تلاش برای ایجاد پیوند بین مبارزات ملت کرد با جنبش سراسری در ایران، او را در شمار یاران نزدیک مبارزان راه آزادی و دمکراسی قرار داده بود. رفتار فروتنانه این مبارز خستگی ناپذیر از او چهره ای محبوب، دوست داشتنی و قابل احترام، نه تنها در میان هم حزبی

ها بلکه  فعالان سایر جریانات سیاسی مترقی ساخته بود.
ما فقدان این مبارز ارزشمند و ثابت قدم را به  همه صفوف حزب دمکرات که وی سالها در رهبری آن قرار داشت، یاران و همسنگران و خانواده و تمامی دوستان و آشنایان،  صمیمانه تسلیت می گوییم وعمیقا باورداریم که اهداف و آرمانهای انسانی و عادلانه او، در ایرانی آزاد و دمکراتیک، سکولار و فدرال ، تحقق خواهند یافت.

کمیته مرکزی سازمان اتحاد فدائیان خلق ایران
جمعه ۱۷ مرداد ۱۳۹۹ / ۷ اوت ۲۰۲۰

..........................................................................................

پیام تسلیت حزب التضامن الدیمقراطی الاهوازی

خبر درگذشت آقای جلیل گادانی یکی از رهبران برجسته حزب دموکرات کردستان در اثر بیماری کرونا همه ما را شوکه کرد.
این ضایعه بزرگ را به خانواده محترم آن آزادیخواه ، حزب دموکرات کردستان و مردم رنج دیده کردستان و ایران تسلیت عرض می کنیم  و امیدواریم جوانان کوردستان با اقتداء به این شخصیت نستوه برای احقاق حقوق خویش راسخ تر و ثابت قدم به مبارزه خویش ادامه دهند به امید آزادی هر چه زودتر ملت های دربند!

حزب التضامن الدیمقراطی الاهوازی

## دلنوشته‌ی یوسف عزیزی بنی طرف

جلیل گادانی از مبارزان قدیمی خلق کرد بر اثر کرونا درگذشت.

جلیل گادانی را در خرداد ۵۸ در تهران شناختم. جبهه دموکراتیک ملی، پذیرای همه گروه‌ها و سازمان‌های ملیت‌های مختلف بود. دکتر متین دفتری، پاک نژاد، دکتر پاکدامن و دکتر هزار خانی از گردانندگان جبهه بودند. روانشاد گادانی و روانشاد قاسملو هم به آنجا می آمدند و بچه‌های عرب هم بودند. گادانی حدود چهل و خورده‌ای سن داشت و نشریه «دموکرات» را در تهران چاپ و در جلسات جبهه شرکت می‌کرد و از افراد موثر حزب دموکرات کردستان ایران بود.

طینتی صاف و روستایی داشت و با بچه‌های عرب گرم می‌گرفت. نماینده کانون فرهنگی خلق عرب در جبهه، روانشاد هاشم هلالات بود و من نیز گاهی از اهواز به تهران می‌رفتم و در جلسات جبهه شرکت می‌کردم. بهروز سلیمانی(کرد) نماینده سازمان فداییان خلق هم بود که بعدها برای پرهیز از دستگیری، خود را از پشت بام خانه‌اش در تهران به زمین پرتاب کرد و درگذشت.

گادانی در سمینار بررسی قانون اساسی به نمایندگی از حزب دموکرات کردستان ایران شرکت کرد، چون دکتر قاسملو نتوانسته بود شرکت کند. در این سمینار که در تیر ماه ۵۸ به همت دکتر عبدالکریم لاهیجی و حسام الدین صادق وزیری در باشگاه دانشگاه تهران برگزار شد، من و محمد جواهر کلام و صالح نیکبخت و بهروز سلیمانی ( هر دو کرد) و دکتر جواد هیات و دکتر نطقی و پیفون ( همگی ترک) و طواق واحدی ( ترکمن) و یک گیلک و شماری دیگر از فعالان شرکت داشتیم. واحدی و دو تن دیگر از رهبران

خلق ترکمن را خلخالی در زمستان همان سال اعدام کرد که سپاه، جسدشان را زیر پلی در جاده قوچان انداخت. اما چه سرنوشت شگفتی دارد این انسان؟! گلوله ها و بمب های ج ا ا در میدان‌های نبرد حریفش نشدند اما یک ویروس توانست او را از پای در آورد.

با درگذشت جلیل گادانی، کردستان یکی از شخصیت‌های آزموده و رزمدیده‌اش را از دست داد. و من به این مناسبت به ملت کرد تسلیت می گویم.

یوسف عزیزی بنی طرف

۲۰۲۰/۸/۶

............................................................................................

## پیام تسلیت مجید مشیدی

دوستان حزب دمکرات کردستان خبر درگذشت آقای جلیل گادانی را امروز دریافت نمودم. جلیل گادانی فعال سیاسی که فعالیت خود را از سال ۱۳۲۷ در حزب دمکرات کردستان آغاز نمود. بیش از هفتاد سال علیه دو نظام شاه و شیخ مبارزه و همواره رهرو این حزب بودند. وی حدود ۱۳ سال از عمر خودشان را در زندان های مختلف رژیم ستم شاهی بسر برده و دو بار تا پای اعدام رفتند. چندین بار ایشان را از نزدیک در جلسات سوئیس دیده بودم و چقدر شیفته تواضع و فروتنی ایشان شدم که خصوصیت شخصیت های موفق و مردمی است.

درگذشت جلیل گادانی را به خانواده، دوستانش در حزب دمکرات کردستان و همه آزادیخواهان تسلیت می‌گویم.

مجید مشیدی

ششم آکوست ۲۰۲۰

## جناب آقای خالد عزیزی دبیر محترم
## حزب دمکرات کردستان و دفتر سیاسی حزب

احتراماً درگذشت آقای جلیل گادانی از اعضاء و مسئولین حزب و مبارزی قابل احترام و فراموش نشدنی را به شما تسلیت عرض می‌کنیم.

تاریخ مبارزات حزب دمکرات کردستان در کنار احزاب دیگر و نقش میدانداری آقای گادانی در مقطع زیادی از تاریخ حزب شما بر همگان روشن است. لذا درگذشت این عزیز برای همه‌ی ما ضایعه‌ای ناگوار است.

ما احزاب حاضر در شوارای دموکراسی خوهان ایران نهایت تأثر خود را به حزب شما، خانواده عزیز گادانی و همه‌ی مردم کردستان و ایران ابراز می‌نماییم و خود را در غم از دست دادن این بزرگوار شریک می‌دانیم.

با احترامات ویژه

شورای دموکراسی خواهان ایران
احمد مرتضایی

# ئاڵبۆمی وێنە



شەهید دوکتور قاسملوو و کاک جەلیل





کاک فەتاح کاویان و کاک جەلیل



کاک جەلیل لە کۆنگرەی ٥ی حیزب


کاک جەلیل



کاک جەلیل و هاوسەنگەرانی – قەڵاسەیدە



کاک جەلیل لە بەندیخانە – سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی




لە ڕاستەوە: مەسعوود ڕەجەوی، کاک جەلیل و دوکتور قاسملوو



لە ڕاستەوە؛ حەسەن قادرزادە، کەماڵ کەریمی، جەلیل گادانی،
عەبدوڵڵا حەسەنزادە، ئاسۆ حەسەنزادە و عومەر باڵەکی




کاک خالید عەزیزی و کاک جەلیل لە ڕێوڕەسمی تایبەت بە
ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی کاک جەلیل



کاک جەلیل



لە ڕاستەوە؛ کاک حەسەن رستگار، مام جەلال و کاک جەلیل



کاک جەلیل و مام جەلال



لە ڕاستەوە؛ سەعید بەگزادە، جەلیل گادانی، مامۆستا حەسەنزادە و عوسمان ڕەحیمی



مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە و کاک جەلیل گادانی –
هەوڵدان بۆ وەسەریەکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزب



لە ڕاستەوە: کاک جەلیل، کاک عەزیز محەممەد و کاک حوسێن مەدەنی




کاک جەلیل و مامۆستا حەسەنزادە - کۆنگرەی چاردەهەمی حیزب



کاک جەلیل لە نێو کۆڕی منداڵانی شۆڕشدا




کاک جەلیل لە ڕێورەسمی ٢٥ی گەلاوێژدا



کاک جەلیل و بەشێک لە تێکۆشەرانی حیزب – قەڵاسەیدە



لە ڕاستەوە: نەبی قادری،  ئەبووبەکر ڕاد، ڕەحیم محەممەدزادە،
حەسەن ڕستگار، دوکتور قاسملوو و جەلیل گادانی




کاک جەلیل لە ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە نەمر کاک سارمەدینی سادق وەزیری



کاک جەلیل



کاک جەلیل لە گەڵ دایکی و بنەماڵە




لە ڕاستەوە؛ مریم قازی (کچی پێشەوا قازی محەممەد)، خاتوو ئامین (هاوسەری دووهەمی کاک جەلیل)، فەوزییە قازی (کچی پێشەوا) و کاک جەلیل



لە ڕاستەوە؛ شەهید محەممەد حەسەنپوور، کاک خالید عەزیزی و کاک جەلیل



کاک جەلیل و کاک محەممەدی برای لەگەڵ منداڵەکانیان



کاک جەلیل لە تەمەنی لاویدا




کاک جەلیل و خاتوو ئامینەی هاوسەری



لە ڕاستەوە؛ نەمران: خەلیل گادانی (براگەورەی کاک جەلیل)،
محەممەد گادانی (براچووکەی کاک جەلیل) و کاک جەلیل



لە ڕاستەوە؛ کاک مستەفا هیجری، کاک جەلیل و مامۆستا حەسەنزادە



کاک جەلیل




کاک جەلیل لەنێو کۆڕی شایی و خۆشیی پێشمەرگەکاندا



کاک جەلیل لە نێو کۆڕی تێکۆشەرانی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات



کاک مەسعوود بارزانی و کاک جەلیل



لە ڕاستەوە؛ کاک جەلیل، مام جەلال و کاک مستەفا شەڵماشی



کاک حەسەن شیوەسەڵی و کاک جەلیل



کاک بابا عەلی مێهرپەروەر و کاک جەلیل



کاک مستەفا مەولوودی، کاک جەلیل و شەهید عوسمان عوسمانی



کاک جەلیل



کاک جەلیل لە ڕێوڕەسمی تایبەت بە یادی ٤٠ ساڵەی دامەزرانی حیزب - گەورەدێ



کاک حەسەن شەرەفی، کاک جەلیل گادانی و مامۆستا حەسەنزادە



لە ڕاستەوە؛ کاک عوسمان ڕەحیمی، کاک جەلیل، کاک حوسێن مەدەنی



کاک جەلیل لە کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبدا



دانانی چەپکەگوڵی ڕێزلێنان لە یاد و بیرەوەریی
نەمر کاک جەلیل لە لایەن ڕێبەریی حیزبەوە



کاک جەلیل و کاک مەسعوود بارزانی



کاک جەلیل و کاک نەبی قادری



لە ڕاستەوە؛ شەهید شاپوور فیرووزی، مامۆستا حەسەنزادە، حوسێن
مەدەنی، دوکتور قاسملوو، ئەبووبکر ڕاد، جەلیل گادانی و حەسەن ڕستگار



کاک جەلیل




کاک جەلیل و مەسعوود ڕەجەوی



# Pîrî Dêmukrat

له دەفتەری یادنووسەکانی پێشانگای
شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات:



چاپ و بڵاوکردنەوەی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی
حیزبی دێموکراتی کوردستان
١٣٩٩ی هەتاوی